PDF4Kurd

# ئەوێستا

## نامەی مینەوی زەردەشت



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکە شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ئەوێستا

## نامەی مینەوی زەردەشت

مەتنی فارسی: جەلیل دوستخواه
لە راپۆرتی ئیران شناس: ئیبراهیم پورداوود

وەرگێڕی بۆ کوردی:

**عومەر فارووقی**



ناوی کتێب: ئەوێستا - نامەی مینەوی زەردەشت
مەتنی فارسی: جەلیل دوستخواه
لە راپۆرتی ئیران شناس: ئیبراهیم پورداوود
وەرگێڕی بۆ کوردی: عومەر فارووقی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٤٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: شکار شێخ عەفان نەقشبەندی
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پیت لێدان: دلاوەر سادق - عەزیز عەبدولخالیق
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل- لوتفی عەبدولفەتاح
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٤٣)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

## بەناوی بەرزی ئەهورامەزدا

خوێنەری هێژا و زانا...

بۆ هەمووومان ڕوونە ئێمەی کورد لە وڵاتێکدا ژیان دەبەینە سەر کە نیشتگای باووباپیرانمان بووە و هەزاران ساڵە ڕەگەز و نەتەوەی خوێنپاکی کورد لەم نیشتمانە موقەددەس و پیرۆزەدا ژیان دەبەنە سەر و هەرگیز لە داب و ڕەوش و نەریتی پێشینیان لایان نەداوە، ئەگەرچی هێرشی داگیرکەران بەزۆری شمشێر و گوللە و کۆت و بەند و گەمارۆی ئابووری و فەرهەنگی توانیویەتی تا ڕادەیێک ئایین و دابی خۆیانمان بەسەر داسەپێنن، بەڵام ڕەوشی پیرۆزی هەرەکۆنی کوردەواری هەروا لە کوێستانەکان و کوخەکان و گوندەکان و سینگی پیرە پیاوان و پیرەژناندا پارێزراو و دەست بەدەست و سینە بەسینە گەیشتە دەستی ئەم نەسلە و ئەرکی سەرشانی ئێمەیشە کە بەئاودێری درەختی هەرەکۆنی فەرهەنگ و زانستی نەتەوەی کورد تێبکۆشین، شاخ و بەرگی ئەو دارە زۆرتر و بەدەنەکەی ئەستوورتر کەین. یەکێ لە شوێنەوارە کۆنەکانی میللەتی ئێران کە کورد لە ڕۆژگارانی کۆندا خاوەن و دامەزرێنەری ئایینی شاریاری و شارداری و مەدەنییەت لە وڵاتی ئێراندا بووە نامەی پیرۆز و موقەددەسی ئەوێستایە کە وەکو کتێبی ئاسمانی حەزرەتی زەردەشتی مادی جێگای ڕێز و حورمەتی باقی ئایینەکانی ئاسمانی بووە تا ئەمڕۆکەیش کە چەند سەدە بەسەر هاتنی دینی ئیسلامدا تێپەڕیوە یەشتا ئەو کتێبە بەشێوەی ڕەسمی ڕێزی لێ دەگیرێت و بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، دینی زەردەشت وەکو دینی ئیلاهی و ئاسمانی هاوڕێ لەگەڵ ئایینەکانی مەسیحی و یەهودی و موسڵمان جێگای حورمەت و ڕەسمییەتی هەیە.

من بۆ خۆم لەسەر ئەو باوەڕەم کە عینوان و ناوی کتێبی زەردەشت، کوردی پەتییە و (ئەوێستا) بەمەعنای ئێستاکەیە و لە کوردستانی ئێران و ئێراقڕا دێتەکار، بۆ وێنە:

چەلان قەندیل مەلای مەندیل بەسەر بوو

(ئەوێستا) شێخی سەرسەوزە و کەواشین (حەقیقی)......

نموونەی ئەمانە لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا فرەوانن، بەڵام بەداخەوە قەڵەم بەدەستانی عەجەم کوردی نازانن.

مامۆستا شێخ محمد قانع، شاعیری هەرە مەزن و هێژای کورد کە بۆ هەتا هەتایە وەکو ئەستێرەیێکی پرشنگدار لە ئاسمانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردستاندا جێگیر بووە و شیعرەکانی وێردی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و چین و توێژەکانی نیشتمانی پیرۆزی ئێمەیە، سەبارەت بەئایینی زەردەشت و کتێبی پیرۆزی ئەوێستا فەرمووویەتی:

کتێبی زەردەشت کە ئەوێستایە
وەک باقی کتێب خەڵاتی خوایە
بەزمان هەورامی هاتە سەر بەشەر



یانی های زەردەشت بووی بەپێغەمبەر
تا دەورەی خۆی بوو وەک باقی دینان
بەڵام نەسخ بوو ئەویش بەقورئان
ماریفەت و پیر وتەی شاڵیارە
کە پیرشاڵیار لە گشت دیارە
شاخی هەورامان، هەرچەند ڕەنجەڕۆم
زۆر چاک بزانە کە مەمنوونی تۆم
چونکە پاراستت تۆ ئەو زمانە
تێکەڵت نەکرد... لە گەڵ بێگانە

بەڕاستی، فەرموودەی مامۆستا قانع سەبارەت بەوەی ئەوێستا بەکوردی بووە زۆر جێگای بایەخ و سەرنجە و، من بۆ خۆم بەزۆر وشە و ناو گەیشتووم کە لەو مەبەستە نزدیکمان دەکاتەوە... جێگای سەرنجە، هەر کات لە کوردستان و زەردەشت ناودەبەن، لەگەڵ ئەویشدا ناوی پیری شاڵیار دێتە ئاماژەوە و ئەویش ڕیشەی وا لە مێژوودا و هیچ لەوەدا گومان نییە کە نیشتمانی ئێمە و بەتایبەت شاخەکانی هەورامان، مەڵبەندی پیرۆزی ئایینی زەردەشت بوون، زۆر جێگای داخ و حەسرەتە کە مامۆستایانی غەیرە کوردی ئێرانی هەرگیز ئامادەی ئەوە نەبوون لەسەر بنەڕەتی ئەم دینە و کوردبوونی زەردەشت لەگەڵ ئێمەدا باس و گوتوبێژ بکەن و هەر کاتێ پای کەوتبێت و لەگەڵیان سەبارەت بەم مەبەستە دوابێتم بەزووترین کات و زۆر تەنگنەزەرانە وەڵامیان داومەتەوە کە ئێوەی کورد خۆتان دەخڵەتێنن و ئەویندارى کەسایەتی خۆتانن و لەم چەشنە قسە و گوتارانەی کە هیچ بنەڕەتیان نییە، کەچی ئێمە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین زەردەشت کورد بووە و کتێبەکەی کوردییە و کوردستان مەکۆی ئەو ئایینە پیرۆزە بووە؛ بەڵگە و شوێنەوارمان فرەوانە، بۆ وێنە... هەموو ئەو مامۆستایانەی دەیانەوێت خۆیان بدەن لەم بوارە و بپەڕێنەوە ئەوپەڕی باسەکە.. دەبێ بزانن کە زەردەشت تاقە کەس نەبووە.

زەردەشت ناوی پیاوێکی زانا بووە لە خێڵی سپیتەمان و، هەروەکو چۆن بەدینەکانی تر دەبێژن مەسیحی و بودایی و موسڵمان، بەم دینەیش دەبێژن زەردەشتی و ئەوە دەلیلی ئەوە نییە ناوی پێغەمبەرەکەی زەردەشت بێت.

بەحەکایەت و ڕوایەتی ئەوێستا کە مامۆستا پورداوودلی کۆڵیتەوە لە ئایینی زەردەشتدا مەقاماتی دینی چەند کەس بوون و لەپاش پێغەمبەری مەزن ئەوانەی لە چوار قوڕنەی عالەمدا بوونەتە خەلیفە و جێگەداری ئەو. هەر بەزەردەشت ناویان بردوون... جەرەیانی پێغەمبەری گەورە (زەردوشترە) خاوەنی وشتری زەرد، (حەزرەتی زەردەشت) کە تەواو بووە، خەلیفەکانی بەناوی (زەردەشتۆم) بوونەتە جێنشینی و هەر کاتێ ئەویش وەفاتی کردبێت ئەوەیە شوراییکی ئایینی وەکو چۆن ئەمڕۆکە لە واتیکاندا عەمەل دەکەن، بەو شێوازە خەلیفە و جێگاهداریان تەعین کردووە و ناوی مەقامی ئەو بەرێزە (زەردەشتۆم) بووە

و هەر ئەوەیە هەندێ کەس تووشی هەڵە و نالەباری بوون و یەک دەبێژێ زەردەشت کوردێ بووە لەناوچەی ورمێ و، یەکێ دەڵێت ئەو یەکێ تر بووە لە هامون و سیستان و بلوچستان و... لە ڕاستیدا هەموویان حەقیانە و لە تەواوی ناوچەکانی ئێرانی مەزندا، هەتا سنوورەکانی چین و تورکستان (زەردەشت) بووە و یەک لە پاش یەک تا کاتی ساسانیان ژیاون کە لەو کاتەدا موبەدی گەورە بەناوی (کورتێر) مەقامی موبەدی موبەدانی دانا و ئیتر ناوی (زەردەشتۆم) نابینین.

وەکو لە کتێبی کۆنی هەورامان دا، سید عبدالصمد توداری نووسیویەتی، پەیڕەوانی دینی زەردەشت تا سەدەی حەوتەمی کۆچی مانگی لە شاخەکانی هەوراماندا ژیاون و دژ بەموسوڵمانان شەڕیان کردووە و یەکێ لە مشایەخی تەریقەتی شازلی بەناوی شێخ عبدالرحمن ئەهدەل لە کاتی شەڕ دژی زەردەشتییەکانی هەورامان کوژراوە.

سید عبدالصمد لە کتێبی خۆیدا کە ناوەکەی (نور الانوار)ە نووسیویەتی، سەرکردەی زەردەشتییەکان (قوبادی مەزدەک)ی ناو بووە و لە شاخەکانی هەورامان دا چالاکی نواندووە.

دیارە مامۆستای زانا ئایت‌الله شێخ محمد مەردووخ کوردستانی (علیه الرحمە) لە مێژووی خۆیدا نووسیویەتی کە جەدی مەزنی ئەو بەناوی مەولانا گشایش هاتە هەورامان و پەرەی بەئیسلام داوە، بەڵام وەکو دەزانین بەر لەو، پیرخدری شاهۆ هاتووە و هەروا (کائوسای هەجیج) کە سوڵتان عبیدالله کە بۆ خۆی لە ڕیزی بنەماڵەی نەبووەتی ئیسلام بووە هاتووەتە ناوچە و بەپلەی (کەی ئوس) گەیشتووە و لەگەڵ خەڵکی سازاوە و هەمە چەشنەنەرمی و مەدارای کردە، هەر بۆیە ئێستاکەیش ڕێزی لێ دەگرن و خۆشەویستی خەڵکی موسوڵمانی ناوچەکەیە و مەقامی (کەی ئوسی) بووە.

-کەی ئوس- کاک ئوسا- کاک کاووس... مەقامێ بووە کە هەورامییەکان بەپێشەوای خۆیان وتووە و بەناوی (ئوسا) کە ڕیشەکەی لە کەی ئوس و ئەویش برای نەچیرەڤانی ساسانی و کوڕی قوباد و باوکی پاو بووە و ئێستا کە بەهەڵە کەی ئوسیان کردووەتە (کۆسە) و، ئەمەیش هەڵەیێکی گەورەیە کە محاوەرەوای لێ کردووە. سەیر لەوەدایە تا ئێستا باس نەکراوە کە لە شاری سەقزدا مەزاری پیری شاڵیار هەیە و گۆڕەکەی لە قەراخی خەندەقی قەڵای مێژوویی سەقز ماوەتەوە و لەسەر دەرگاکەی نووسراوە ئارامگای (پیرشەلاڵی) و ئەمەیش هەر هەڵەی محاوەرەی ئەم و ئەو هۆز و تایفەیە کە لە ناوچەکەدا فرەوانن و بەهەمووان ڕادەگەینم کە ئەم مەزاری پیرشەلاڵی سەقزیش هەر مەزارێکی کۆنی پیرانی زەردەشتییە و بۆمان دەسەلمێنێت کە پیری شاڵیار واتە (وەزیر) لە ناوچەکانی کوردستاندا ژیاون و ئەرکی خۆیان ئەنجام داوە و، ئەمەیش ڕوون کردنەوەیەکی زۆر باشە بۆ داهاتووان کە بەیاری یەزدان، بەشوێنیدا بڕۆن و هەرچی مەبەستە ڕوونی بکەنەوە.

خوێنەری هێژا... لێکۆڵینەوە لە ئایینی زەردەشت و مێژووی کورد نیازی بەکتێبێکی جودا و پڕ ناوەڕۆک هەیە و ئێمە لە مەبەستی ئەسڵی و سەرەکی خۆمان کە وەرگێڕانی ئەوێستای پیرۆز بەزمانی کوردییە دوور دەخاتەوە، بەڵام پێویست بوو تا ڕادەیەک لە وەڵامی ئەوانەدا کە خۆیان لە تەمەدونی کورد لا ئەدەن بەکورتی ئاماژە بکەم.



هیوادارم ئەهورای مەزن یارمەتیم بدات و بتوانم بەوەرگێڕانی وشە بەوشەی ئەو کتێبە موقەددەسەی کە چەند هەزار ساڵ تەمەنی هەیە و لەم شکڵ و شێوەدا لە دەست تۆفان و شەڕ و هێرش و ئاگر تێبەردان و قەتڵ و بڕ و قەلاچۆی دوژمنانی کورد و ئێرانی ڕزگار بووە و کەوتووەتە دەستی ئێمە، خزمەتێکم بەزمان و مێژوو و فەرهەنگی دێرساڵی کوردستان کردبێت و ئەمەیش هاندەرێ بێ بۆ ئەویندارانی شارستانیەتی نەتەوەی خوێنپاکی کورد کە لە مێژووی پڕ لە شانازی و سەروەری خۆیان غافڵ نەبن و بۆ خۆپێشخستنی لە کێبەرکێی فەرهەنگی گەلانی جیهاندا تێبکۆشن، لە هەمان حاڵدا و لەم پێشەکییەدا دەخوازم بەرپرسانی ئەو بنکە و مەڵبەند و دامودەزگا ڕۆشنبیرییانەی کە لە چوار پارچەی کوردستان و هەروا لە وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکایی و ئیسکاندیناوی تێکۆشانیان هەیە، گۆشەیێک بکەنەوە بۆ کۆکردنەوە و نووسینی کولتوور و مێژووی کوردەواری و بەوەرگێڕان و نووسینەوەی شوێنەواری مەکتوب و سەرزارەکی کوردستان، خزمەتێکی شایان بکەن و کتێبخانەی نیشتمان دەوڵەمەندتر بکەن.

*سەقز-عومەر فارووقی*
*١٣٨٠ کۆچیی مانگی*

## دەستپێک

ئەم دەفتەرەی کە گەیشتوەتە دەستی خوێنەرانی هێژا، بەهەوڵ و تێکۆشانی زانای پایەبەرز (جلیل دوستخواه) ئەسفەهانی کۆکراوەتەوە. چەند ساڵ بەر لە ئێستا کاتێ کە لە زانستگای تاران (کۆلیجی ئەدەبیات)(١) وانەم دەوتەوە، لەگەڵ ئەو بەڕێزە ئاشنا بووم. لە کاتی ڕابواردنی پلەی ماجستێر و دوکتۆرا تێگەیشتم کە مرۆڤێکی زانا و بەهەستە و ئەو هیوایە لە مندا بووژایەوە کە ئەم لاوە خوێندەوارە دەتوانێ لە گۆڕەپانی ئێرانشوناسیدا هەنگاو هەڵگرێت و خزمەتێکی شایان بکاتە فەرهەنگی نەتەوایەتی و دێرساڵی ئەم سەرزەوینە.

گومانی تێدا نییە خوێنەرانی هێژا بەر لەمە، وتارەکان و مەقالاتی ئەو بەڕێزەیان لە گۆڤارەکاندا خوێندوەتەوە و شاهیدی ئەوەن کە تێگەیشتنی من و هیوای من بەو لاوە زانایە بێهودە نەبووە، ئەویش لە کاتێکدا لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند کەس لە بەساڵاچووانی بێ مایە و بێ سەواد دەستیان داوەتە کاری ئێرانشوناسی و کتێبی پیرۆزی ئەوێستایان کردووەتە شەمامەی یاریی و دەست بەدەست کایەی پێ دەکەن، جا بۆیە من لە دەست بەکاربوونی لاوان پێشوازی دەکەم کە بەر بەم ناهەمواریانە بگرین.

زۆر چاکە ئەوێندارانی دەست بەتاڵ ئاگاداربن کە بەخۆشییەوە فرەیک لە لاوانی زانا لە ئەمریکا و ئەوروپا و ئێراندا بەخوێندنی ئەوێستا و فارسی کۆن و پەهلەوی و هەروا زمانی سنسکریت کە لە بنەماڵەی زاراوەکانی کۆنی ئێمەیە خەریکن و لە بیست و پێنج ساڵ لەمەو پێشەوە تا بەئێمڕۆکە دەگات هەزاران کەس لە قوتابیانی زانستگاکان، کەم تا کورت، لەگەڵ ئەم زمان و زاراوانەدا ئاشنا بوون و ئێستایش لە سێ چوار جێگای تاران و لەناو زانستگاکاندا ئەم زمانانە بەشێوەی دەرس بەقوتابییان فێر دەکرێن.

ئێستاکە ئیتر کەس ناتوانێ بڵێت (ئەوێستا) بەزمانی (بزماری) بووە و، ئەگەر ئەو بەساڵاچووانەی کە ڕێگای ڕاستیان لێ ونبووە ئەم ئیدیعایە بخەنە بەرباس و لێکۆڵینەوە، دەبنە جێگای گاڵتە و تەحاتەحای زانایانی لاو و پسپۆڕانی ڕاستەقینە و، بەرهەمی ئەوانە غەیری بەرد و کلۆنییە کە بەم لا و ئەولای خۆیاندا فڕێ دەدەن.

هەمووان دەزانن کە زمانە کۆنەکانی ئارییایی وەکو (ئەوێستا) و (پارسی کۆن) و (سنسکریت) دژوارترین زوانە کۆنەکانی جیهانن و یەکجار لە زمانەکانی یۆنانی و لاتینی و عیبری قورلتر و سەختترن. ئەو بەساڵاچووە گومڕاهانە گومان دەکەن دەتوانن بەوەپێشهێنانی چەند کتێبی بێ ناوەرۆک و پەڕەدڕاو، خۆیان بخەنە زومرەی ئێرانشوناسان، لە حاڵێکدا ئەو کەرەستەگەلی ئێستا وەبەردەستی ئەوان کەوتووە لەپێشدا لەلایەن زانایانی ڕاستەقینەوە فڕێ دراون، چونکە ئەوانە دروستکراوی هیندوستان و فەڕەنسەن و دانەرانی ئەو بەرهەمانە، هەرگیز ئێرانیان نەدیوە و لەگەڵ فەرهەنگی ئەم وڵاتە ئاشنانین.

(١) ناوی ئەم بەساڵاچووانە لە سەرەتای یەکەم بەرگی یەسنا (چاپی دووهەم تاران ١٣٤٠) نووسراوە.



ئەمڕۆکە لە مەیدانی ئێرانشناسیدا، بەتایبەت ئەوێستا، سەدان بەرگ کتێب بەزمانە مەزنەکانی ئەوروپایی وەکو ئاڵمانی و ئینگلیسی و فەڕەنسە و ڕووسی و ئیتاڵیایی بەقەڵەمی زانایانی ناودار و ڕۆژهەڵاتناسانی پایەبەرز کەوتووەتە بەردەستی ئێمە و ئیتر هەر کەس بیهەوێت لەم ڕێگایەدا هەنگاو هەڵگرێت پێویستی بەڕێنوێنی ئەوانە. ئیتر هیچ کەس بەقسەی کانگا Kanga و دارمستتر -Dar mesteter و هەڤاڵانی ئەوان ناکات.

هیربود (کانگا) کە لە مانگی مارسی ١٩٠٤ی زایینی و لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، لەناو ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژئاوادا نێوبانگی نەبوو. دارمستتر کە لە ساڵی ١٨٩٤ی زایینی کۆچی دوایی کرد، توانی بگاتە ناوونیشان، بەڵام پاش ماوەیەکی زوو، هەڵەکانی کەوتنە ڕوو، نووسراوەکانی بێ بایەخ بوون. بیستوومە یەکێ لەو بەساڵاچووانە وتوویەتی مەعنای (ئەوێستا) لە فەرهەنگی کانگادا دۆزیوەتەوە. دەی با بزانین ئەم فەرهەنگە بۆ خڵەتاندنی مرۆڤی ساویلکە چی تێدایە.

(کاولجی ئی دلجی کانگا) لە پارسیەکانی هیندوستان، ساڵی ١٩٠٠ی زانینی بەرهەمێکی بەناوی فەرهەنگی ئەوێستایی گجراتی –ئینگلیسی– لە شاری بەمبەیی چاپ کرد کە بەشێوەی ئەوێستایی یان (دین دەبیرە) نووسراوە. کەچی ئەو کە لافی زانینی ئەوێستای لێئەدا تەنانەت لەگەڵ ئەلف و بێی ئەوێستاییش ئاشنا نییە. ئیتر من نازانم کابراکە خەت و شێوەی نووسینی ئەوێستایی نازانێت، چۆن هاتووە و فەرهەنگێکی بەو شێوە چاپ و بڵاو کردووەتەوە.

ئەو کتێبانەی کە بەناوی پێداچوونەوەی (یەسنا) و غەیرە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، هەر ئەو شەرحەن کە بۆ خۆم لەسەر ئەوێستام نووسیوە، بەڵام هاتوون، نووسینەکەی منیان مەسخ کردووە. فەرهەنگی ئەوێستایی کانگا کتێبێکە لە شێوەی (فەرهەنگی ئەنجومەن ئارای ناصری) کە بایەخی شوێنەوارەکەی کانگا، هەر بەقەدەر بایەخی فەرهەنگی ناوبراوە. بێجگە لەوە کانگا، بەیارمەتی هیربودی زانا (دهابر) Dahabar ساڵی ١٩٠٩ی زایینی فەرهەنگێکی ئینگلیسی ئەوێستایی چاپ و بڵاو کردەوە و چاپکەرەکەی کە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی بەرانبەری دیسامبری ١٩٥٢ی زایینی کۆچی دوایی کرد، دیباچەیێکی بۆ ئەم فەرهەنگە داناوە و نووسیویەتی.

بۆ چاپی ئەم فەرهەنگە لە نووسراوەکانی گیگر Geiger و جەکسون gackson و بەتایبەت فەرهەنگی ئێرانی کۆنی بارتولە Bartholomae کە ئاغای کانگا نەیانیدیبوو کەڵکم وەرگرتووە.

لەم دیباچەدا بۆمان دەردەکەوێت کە فەرهەنگی ئەوێستایی گوجراتی ئینگلیسی کانگا، دەبێ چۆن بەرهەمێک بێت.

بەداخەوە ئەم بەرهەمە لە هەڵە و غەڵەتوپەڵەت خاڵی نییە و، هەروا (کانگا) لەنێو ساڵەکانی ١٨٨٠ - ١٩٠١ی زایینی لە بەمبەیی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (کاوسجی ئی دلجی کانگا) هیربودێکی زانابوو کە ماوەی چل ساڵ لە فێرگەی مەلا فەیروز لە شاری بەمبەیی هیندوستاندا وانەی دەوتەوە و ئەو کتێبانەی کە دایناون و ناوم بردن بەغەیری شەرحی ئەوێستا بەزمانی گوجراتی، هەموویان لەلای من هەن و سوودیان لێ وەردەگرم، ئەڵبەتە ئەوە، ئێستا کۆچی دوایی کردووە و نابێ ناوەکەی لەگەڵ هیربود (مانک

فریدونجی کانگا) که حەمدی خودا هەر ماوە و زانایێکی پایە بەرزە بەسەهو بگرین. ئەمانەی نووسیم لەبەرئەوە بوو ئەگەر ناوی فەرهەنگی کانگاتان ژنەفت، بزانن کێ بووە و بەرهەمەکەی چۆنە، چۆن بەو شێوە بەلای منەوە جێگای سەرنج نییە. ئیتر بەکوردی و کرمانجی ئەڵێم. ئەوانەی کە دەعیەی زانایی لەم بوارەدا لێئەدا هیچیان پێ نەبوو و قولابی و بەدەڵی و کەشکین.

هەر لەم عەوامانە، بەسالاچوویێکی دی هەیە کە بەوتەی تورکەکان زمانی (ئەجنەبی)ش دەزانێ و خۆیشی ئەڵێت کە ئەزانیت و دی وەرگێڕاوێ ئەوێستای (انکتی دوپرون) و وەرگێڕاوی (زەندئەوێستا)ی (دارمستتر) بەڕووی مندا دەکێشێت.

باشە... وەرگێڕاوی ئەوێستای دوپرون لەپاش دوو سەد ساڵ بەکاردێ؟ یان کتێبی فیزیک و کیمیای سەدو دوسەد ساڵ لەمەوپێش، ئێستاکە بۆ خەڵکی جێگای سوودن؟ دەی با بزانین (انکتیل دوپرون)کێیە و وەرگێڕاوی ئەوێستای ئەو چۆنە؟

یەکەم جار لە ساڵی ۱۷۰۰ی زایینیدا کتێبێک سەبارەت بەدینی پیرۆزی زەردەشت لە ئەوروپا بەقەڵەمی ڕۆژهەلاتناسی بریتانیایی بەناوی توماس هاید tomashayde چاپ و بڵاوکرایەوە کە ئەویش ناوەرۆکی بەرهەمەکەی لە سەرچاوە نووسراوەکانی یۆنانی و ڕۆمی و ئێرانی و عەرەبی کۆ کرابوو، لەوانەیە چەند کاتی تر یەکی لەو بەسالاچووانە تامەزرووانەی تریان خودا نەخواستە لاوێکی ساویلکە و بەتەمای ناو بێت و ئەم بەرهەمە بۆ من قوت کاتەوە، چۆن زانینی زمان مەرجی تێگەیشتن لە کتێب نییە و ئەم کتێبەیش بەزمانی لاتین نوسراوە.

هەر ئەم کارە وای کرد کە (ئەبراهام انکتیل دوپرون Abraham Anquetil du Perron) فەڕانسی لەگەڵ ئایینی زەردەشت ئاشنابوو و لەبەر ئەمە ڕێگای هیندوستانی گرتە بەر و لەگەڵ پارسیەکاندا گوتوبێژی کرد. لە۲٤ی فەوریەی ۱۷۵۵ی زایینی لە بەندەری لوریان (Lorient) سواری پاپۆڕ بوو و لەو کاتەدا بیست و شەش ساڵ تەمەنی بوو و لەبەر ئەوە خەرجی ڕێگای پێنەبوو، لەناو کەشتی دەستی کرد بەکاروئیش و پاش شەش مانگی لە دەهەمی مانگ ئوتی ئەو ساڵەدا گەیشتە (پوندیشریPondichery ) لە قەراخی ڕۆژهەلاتی هیندوستان و خەلیجی بەنگالەوە پاش ڕەنج و کوێرەوەری فرەوان، بۆ ۲۸ی ئاوریلی ۱۷۵۸ی زایینی خۆی گەیاندە سورت (Surt) کە بەندەرێکی هەرێمی بەمبەییە و ماوەی سێ ساڵ تا ساڵی ۱۷٦۱ لەوێ مایەوە.

مامۆستای دوپرۆن لەوێ بەناوی (دەستورداراب) لەگەڵ ئەوەی خۆیشی زۆر شارەزا نەبوو، بەڵام هەر چۆن بوو، ئەمی تێگەیاند، چونکە پارسیەکانی هیند بەشێوەی سوننەتی و نیژادی و پشتاوپشت مەزدیەسنایان، یادگرتووە و هەرچەند ئەمە میراتێکی مەزن و پیرۆزە، بەڵام لەباری عیلمیەوە ئەرزشی ئەوێستای ئەلعانی نییە کە بەشێوەی عیلمی و زمانشناسی دانراوە.

لەوەدا گومان نییە کە دەستورداراب، ڕۆژگاری خۆی یەکێ لە پێشەوایانی زانای ئایینی زەردەشت بووە لە هیندوستان کە دەستپەروەردەی (دەستورجاماسبی کرمانی) بوو و ئەویش کەسێ بوو کە بۆ سەرکەشی پارسیەکان و گەیاندنی دابونەریتی ئایینی زەردەشت بەهاوکێشانی خۆی چوو بووە هیندوستان و پێیان



دەگوت ولایەتی.

لەو ماوە کەمەیدا کە لە (سورت) بوو دوو سێ کەس لە پارسیەکانی هیند زانستی ئایینی لەو فێربوون کە یەکێ لەوانە هەر ئەم دەستورداراب، مامۆستای انکتیل دوپرون بوو، ئەوی تریان دەستورکاوس بوو. دەستورجاماسب کرمانی لە ڕۆژی ئەنیران (سێهەمین ڕۆژ)ی مانگی گولانی ساڵی ۱۰۹۰ی یەزدگردی: ۲٦ی نوامبری ۱۷۲۰ی زایینی لە کرمانەوە چووە هیند و پاش هەشت یا نۆ مانگ، ساڵی ۱۷۲۱ گەڕاوە بۆ کرمان.

دەستورداراب کوڕی موبەدزۆراب کوڕی موبەد بەهمەن کوڕی موبەدبارام کوڕی موبەدفرامەرز کوڕی موبەدشاپور کوڕی موبەد کەی قوباد لە بەهمەنی ڕۆژ (ڕۆژی دووهەم) لە مانگی سپندارمەز (ڕەشەمە) ساڵی ۱۱٤۱ی یەزدگردی: ئوتی ۱۷۷۷ زایینی وەفاتی کرد و حەفتا و پێنچ ساڵ تەمەنی بوو.

من بۆ خۆم لە بەرواری ڕۆژی حەوتەمی مانگی ژانویەی ۱۹۳٤ لە شاری (سورت) بووم. دەستور بەهرام ئیرەج کومانا (Kumana) لەو کاتەدا پەنجا و پێنج ساڵ تەمەنی هەبوو و حەوتەمینی نەتەوەی (دەستورداراب) مامۆستای (یینکتیل دوپرون) بوو، هاتە بەرەوپیری من و ئەو کتێبەی کە ئێستا لە کن منە سەبارەت بە (دوپرون) و (دەستورداراب) دانراوی (جیوانجی جەمشیدمەدی) بەرەسمی یادگاری دایە دەستی من ئەو کاتە من لەگەڵ ئەو موبەدی پاک نیژادەدا چووینە ئەو میوانخانەی کە دەستورداراب لەوێدا بۆ، ماوەی سی ساڵ زەند و ئەوێستای فێری ئەنکتیل دوپرون کرد. ئەو هۆدەی کە دەرس و باسی ئەو دوانەی لێ دەکرا، سووتا بوو، باوکی دەستوربەهرام ئیرەج کومانا کە بەدەستور (بەهمن نەوشیروان) مەشهور بوو هێشتا زیندوو و هەشتا و چوار ساڵ تەمەنی بوو.

(انکتیل دوپرون) کە زمانی فارسی دەزانی ئەوەی کە لە مامۆستای خۆی دەستووردارابی دەژنەوی، دەینووسییەوە و ڕاپۆرتی زەند و ئەوێستای لە دوای سێ ساڵ تەواو کرد. سەرنجی ئەم نووسینانە پێمان دەڵێن کە بەداخەوە لە وتەکانی مامۆستای خۆی تێ نەگەیشتووە. انکتیل دوپرون، لە پازدەی مارسی ۱۷٦۱ی زایینی سورتی بەجێهێشت و چووە ئەوروپا و لە زانستگای ئەکسفورد خەریکی موقابیلە و بەرانبەرکردنی ئەو کتێبە دەستنووسانەی ئەوێستا و پەهلەوی بوو کە لە هیندوستان دەستی خستبوون و لەگەڵ نوسخەکانی نامەخانەی (بودلیان) بەرانبەری کردن و، ئەنجا لە بەرواری ١٤ی مانگی مەی۱۷٦۲ی زایینی چووە پاریس و سەد و هەشتا بەرگ کتێبی دەستنووسی خۆی کە بەزمانەکانی ئەوێستا و پەهلەوی و پارسی و سنسکریت بوون بەنامەخانەی نەتەوایەتی ئێستای پاریس، ئەسپارد. پاش ئەوەبوو، سەر ئەنجام لە ساڵی ۱۷۷۱ی زایینیدا وەرگێڕاوی ئەوێستای خۆی بەناوی (زەند ئەوێستا) (Zand Avsta) لە دوو بەرگدا چاپ و بڵاو کردەوە و بۆ خۆیشی لە ساڵی ۱۸۰۵ی زایینی کۆچی دوایی کرد.

لەپاش ئەو بۆ ماوەی شەست ساڵ کەس لە ئەوروپادا قەرەی ئەوێستا نەکەوت بەغەیری کلکر: Kleuker کە زەند و ئەوێستای ئەنکتیل دوپرونی کردە ئاڵمانی و ساڵی ۷۷-۱۷۷٦ی زایینی بڵاوی کردەوە.

پێی ناوێ بڵێم و دیاره کە ئیتر ئەو شوێنەوارەی دوپرونەیەک سەدە زیاترە لە زومرەی ئەوێستا شوناسی داناوی نییە و بایەخی پێ نادرێت. ئەو سەربەرزییە بۆ ئەو بەسەکە لە پێشاهەنگانی ئەم ڕێگا سەخلەتە بووە و سەفەری ئەو لەو هەلومەرجەدا بۆ وڵاتی هیندوستان، ماجەراییێکی سەرنج ڕاکێش و جێگای ئافەرینە. ئێستایش لەو کتێبە ئەستورە تەنها دیباچەکەی کە باسی پارسیەکانی وڵاتی هیند دەکات جێگای سوود و سەرنجە، ئەگەرچی لەو دیباچەیشدا هەڵەی فرەوان دەکەوێتە بەرچاو و، هەرچی کە لەوێدا باسی کرابێت نابێ بەتاقانەی بزانین. ئەو هەڵانەی لە کتێبەکەی (مدی): (Mudi) خراوەتە بەر باس.

زانا (ئوژون بورنوف Eugene Burnouf) ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی بناغەی زانستی بۆ ئەوێستاشناسی دامەزران و ئەویش وەکو زۆربەی زانایانی سەدەی نۆزدەی فەڕانسە تێگەیشت کە زمانی سنسکریت لە بنەماڵەی زمانی ئەوێستایە و دەبێ بۆ لە یەکدانەوەی ڕووبکەینە کتێبی مەزنی هیندوەکان بەناوی (ودا) (Veda) و، بەم شێوە ئەوێستای لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی کۆنی پێشوو هێنایەدەر (هات) لەگەڵ یاداشت گەلێکی زۆردا لە ساڵی ١٨٤٠-١٨٤٦ی زایینی بەشی نۆهەمی یەسنای چاپ و بڵاوکردەوە.

یاوەری بورنۆف بۆ وەرگێڕان و ئامادەکردنی سنسکریت، نریوسەنگ (Neryosang) کوڕی (دهاول:Dhavel) موبەدی پارسیەکانی لە پایانی سەدەی دوازدەهەمی زایینی بوو.

کاتێ بورنوف سەرنجی سنسکریتی، نریوسەنگی دا و تەرجەمەکەی دوپرۆنی چاو پێکەوت، زانی کە ئەو تەرجەمە بناغەیێکی باشی نییە و لە ڕووی وەرگێڕاوێکی کۆنی سوننەتیوو ئەنجام دراوە و ئەوانەیە کە لە موبەدانی سورتی بیستووە.

پاش وەفاتی بورنوف لە ساڵی ١٨٥٢، تاقمێ لە زانایانی پەهلەوی و ئەوێستاشناسی و سنسکریتناس هاتنە مەیدان و هەر کام بەنۆرەی خۆیان ئاسەواری بەنرخیان خوڵقاند و بۆیان بەجێ هێشتین کە ئەگەر لەسەریان بڕۆین باسەکەمان دوور و درێژ دەبێ.

دارمستتر Darmesteter لەناو ئەمانەدا کەسێکە کە تەرجەمەی ئەوێستای خۆی لە سێ بەرگدا ساڵەکانی ١٨٩٢ - ٩٣ بڵاو کردەوە و ئەوەی ئاسان بووە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەڕانسی و ئەوەی نەختێ دژواربوو، کردوویەتی بەزەند و ڕاپۆرتی پەهلەوی. لەبەر ئەمە زمانناسی ناودار بەناوی میە meillet کە مانگی سپتامبری ١٩٣٦ی زایینی فەوتی کرد گوتوویەتی: وەرگێڕاوی گاتهای دارمستتر کە لە ڕووی ڕاپۆرتی پالەوی کراوە کارێکی هەڵەیە چونکە بنەمای ڕاپۆرتی سەرەکی پالەوی دروست نییە.

لەنێو دوو سەد و سی و هەشت بەندی گاسەکاندا، کەمتر بەندێکم دیوە کە دروست بن و بەداخەوە دارمستتر لە مانا و کاکڵی ئەو بەندانە تێ نەگەیشتووە و ئەوەی ئەو نووسیویەتی لەگەڵ شوێنەواری باقی ئەوێستاناسەکاندا ناخوێنیتەوە و باقی کارەکانیش بەداخەوە هەروایە و ئەم مەعنایە دەگرێتەوە.



دارمستتر لەگەڵ ئەم کەم کاریەیشدا، لە زانایانی هۆشیار و زیرەکی ئەم چاخە بوو و، زۆری پێ مەلولم کە ساڵی ١٨٩٤ی زایینی و لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا وەفاتی کرد.

دارمستتر لە٢٣ی فەوریەی ١٨٨٦ تا یازدەی فەوریەی ١٨٨٧ی زایینی لە وڵاتی هیندوستان بوو و شارەکانی پارسینشینی بەمبەیی و (پونەونەوساری) و (سورت) و پێشاوەری دیبوو و لەگەڵ چەندکەس لە دەستوران و سەرگەورەکانی پارسی هەڤاڵ و دۆست بوو، بەڵام لەوە دەچێ پارسیەکان پێشوازیان لێ نەکردبێت، کەچی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسانی وەکو (وست West) بریتانیایی و هۆگ (Havg) ئاڵمانی و منان Menant فەڕانسی و جکسن gackson ئەمریکایی و زۆر کەسی تر زۆرباش بوون و لە نووسراوەکانیاندا بەخێر و خۆشی ئاماژەیان پێ کردوون.

کەم کەس دەناسم وەکو دارمستتر بکەوێتە بەر لۆمە و گاڵتەی توێژکاران، ڕای ئەو سەبارەت بەمێژووی کۆنی ئەوێستا بوو بەهۆی هەڵوێستی چەندکەس لە زانایان، چونکە دەیەویست مێژووی ئەوێستا ببەستیتەوە بەمێژووی یەهودەوە.

ئەوانەی کە ئێرانیان خۆش دەوێت و لە ناکاو چاویان دەکەوێت بەئەوێستای (دوهارلە:Deharle)یان دارمستتر و، غەیری ئەم دوو بەرهەمە ناجۆر و بێ مەسرەفە، بەرهەمی تر ناناسن، وا باشە لە نێوان سەدان کەس ئەوێستاناسانی مەزن و زانادا ئەم دووانە بخەنە ئەولاو و، بەتانەوتەشەر و قسەی بێ سەروبن لۆمەی من نەکەن، چونکە من ئەو دوانە و هەڤاڵەکانیان زۆر چاک دەناسم و ئەگەریش بەم بۆنەوە توانج و تەشەر لێبدەن و هێرش بکەنە سەر من، تەنها بۆ وەدەستهێنانی تیکەنانێکە و ڕەزایەتی ئەربابەکانیان و بۆ ناو دەرهێنانە.

ئەمڕۆکە وڵاتی ئێمە بەر لە هەموو شتێ پێداویستی بەلاوانی خوێندەوار و غیرەتمەند هەیە کە بتوانن میراتی پیرۆزی باپیرانی خۆیان ڕابگرن و ئیزنی ئەوە نەدەن ئەم بەساڵاچووانەی بێ سەواد و تووڕە و تەوەزل و هیچ نەزانانە، کە نامەوێ ناویان ببەم، دەست بکەن بەعەوامبازی و ببنە هۆی دڵساردی و ناهومێدی خوێندەواران و زانایانی.

جەوان لەکۆتاییدا، دەخوازم یەزدانی مەزن یارمەتی لاوی تێکۆشەر و زانا و پاکتینەت جەلیل دوستخواه بدات و ڕێگای ڕزگاری بێنێتە بەرپای.

*تاران گەلاڕێزانی ١٣٤٢ی هەتاوی*

*ئیبراهیم پورداوود*

نووسینی فارسی ئەم نامە پیرۆزە پێشکەش دەکەم بەهەموو پاکان و ڕاستان و ئازادەکان و بەوانەی بیرکردنەوەیان چاکە و ئاخاوتنیان چاکە و ڕەفتاریان چاکە و بەو مرۆڤە ئازادانەی کە ئاواتیان سەرکەوتن و شادمانی و ژیانی خۆش و سەربەستە بۆ دانیشتوانی ئەم بووم و بەرەو بەوانەی ئامانجی ئاخری و بیر و کردەوەیان، ژیانێکی شاد و بەختەوەرانەیە بۆ دانیشتوانی سەر ئەرز و زەوین بەتێکڕایی.

پێشکەشە

*جلیل دوستخواه*

*(تاران)*

## پێشوتار

ئەوێستا کۆنترین نووسراوەی ئێرانیانە، کاتی ئەم بەرهەمە ئەگەرچی بەدروستی ڕوون نییە، بەڵام بەلانی کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ دە سەدە بەر لە زایینی مەسیح.

ئەوەی کە ئەمڕۆ وا لە بەردەستی ئێمەدا و ناومان ناوە (ئەوێستا)، هەموو ئەو کتێبە مەزنە نییە کە لە ڕۆژگارانی هەرە کۆنی ڕابردوودا کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە ڕاستیدا بەشێکی فرەوان لەم کتێبە مەزنە لە کاتی هێرشی دوژمنان و گێرەوکێشەی جۆر بەجۆری ڕابردوودا تێداچووە و بووەتە قوربانی نەزانی و دڕندەخوویی ئەهریمەن سروشتان.

لە ڕوایەت و نووسراوەکانی زەردەشتی دەبێژن ئەوێستایان کە بەدێڕی زێڕین نووسیبوو و لە دژی نپشت، واتە لە دەبیرخانەی پادشاهیدا دەیانپاراست.

ئەوێستای ڕۆژگاری ساسانیان ٣٤٥٧٠٠ وشە و زەند (شێوەی پالەوی) ٢٠٩٤٢٠٠ وشە بوو، کەچی ئەمڕۆکە لە مەتنی ئەوێستا ٨٣٠٠٠ واژەمان بۆ بەجێ ماوە.

ئەسڵی ئەوێستا ٢١ نەسک واتە کتێب بووە بەرانبەر ٢١ واژە نیایشی... یە تائەهووئیریوو... کە لە دوعا و نزا گرنگەکانی ئایینی مەزداپەرستی بووە و شەرحی ئەو دەنووسین.

بەڵکو دەمەوێت، هەڵبژێراوێکی ئەوێستا، بەزمانێکی سادە و ساکار و ڕوون بخەمە بەردەستی فارسی زمانەکان و چەشمەیی لەبیر و باوەڕ و جیهانبینی قەدیمی ئێرانییەکان بەخوێنەران بناسێنم.

هەر بۆیە لە وتاری دوور و درێژ سەبارەت بەئەوێستا و سەرنجی ورد لە چەند و چۆنێتی بەشەکانی ئەو خۆم لائەدەم و تەنیا ئاچەرێک ئەدەمە دەستی خوێنەران تا خۆیان هەنگاو هەڵگرن و لەو سەرچاوانەی کە بەختەوەرانە لە ڕۆژگاری ئێمەدا فرەوانن سوود وەرگرن.

ئەو زمانەی کە ئەوێستای پێ نووسراوە و بەزمانی ئەوێستایی ناوی دەرهێناوە، یەکێ لە زمانە قەدیمەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە کە زەمانی ڕەواج و برەوی ئەومان بۆ دەرنەکەوت و هەرچەند قسەی زۆری لێکراوە، بەڵام من نامەوێ لێرەدا ئەوانە بهێنمە گۆڕ.

لە هەر حاڵ زمانی ئەوێستایی یەکێ لە زمانە مەزنەکانی ئێرانی قەدیم بوو و لەگەڵ زمانە کۆنەکانی وەکو سنسکریت و پارسی کۆن قەومایەتی نزدیکی هەیە و زۆربەی واژەکانی ئەوێستا بەکەمێ ئاڵوگۆڕ، لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا هەن.

شێوەی نووسین و خەتی ئەوێستایی یەکێ لە شێوازە گرنگەکانی نووسین لە دنیادایە کە دین دەبیرەی ناو بووە و، بەمەعنای خەتێ کە لەچاخی ساسانیاندا ئەوەی لە ئەوێستا مابوو، بەشێوەی قەدیم بەشیان کرد بە٢١ نەسک (نوسخە) کەناوەکان و شەرحی ئەم نوسخانە لە کتێبی پالەوی (دین کرد) و کتێبەکانی تر نووسراوە.

نەسکەکانی بیست و یەکانەی ئەوێستا سێ بەش بوون بەم شێوە.



١- نەسکەکانی گاسانیک لە زانست و کاری مینەوی.

٢- نەسکەکانی داتێک لە زانست و کاری جیهانیدا.

٣- نەسکەکانی هاتک مانسریک لە باسی کردەوەکانی جیهانی خاکی و جیهانی هەتاهەتایی.

ئەوێستای ئێستاکانە شەش بەشە، بریتین لەگاساکان، یەسنا، یەشتەکان، وردەئەوێستا، ویسپرو، وەندیداد، کە لە جێگای خۆیدا سەبارەت بەهەرکامیان قسە دەکەین.

***

ئەوێستا لە یەک زەمان و بەدەست یەک نەفەر نەنووسراوە، گاساکان کە قەدیمیترین بەشی ئەوێستان بەبێگومان لە هەڵبەستەکانی زەردەشتن و تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ دە سەدە بەر لە زایینی مەسیح، بەڵام بەشەکانی تر لە ڕۆژگارانی پاش زەردەشت و بەدەستی کەسانی تر نووسراون و زۆر شتی وا هەن کە لەگەڵ ئایینی زەردەشت نەبوون، بەڵام پاشان تێکەڵی بوون.

من نامەوێ لێرەدا سەبارەت بەئەوێستا تەحقیق بکەم و باسێکی تەواو و لێکۆڵینەوە بخەمە بەرچاوی خوێنەران لەو شێوەی کە نووسراوەکانی دینی پێ دەنووسن.

سەبارەت بەچلۆنایەتی پەیدابوونی ئەم شێوە نووسینە گوتار فرەوانە کە لێرەدا باسی ناکەین، تەنیا لەبەر ئەوەی خوێنەرانی ئەم کتێبە نموونەیان هەبێت، چەند دێڕ بەشێوەی ئەوێستایی و دین دەبیرە کە بەندێکە لە گاساکان، لێرەدا دەنووسین بێگومان هەر ئێرانی ئازادیخواز و زانا، کاتێ لە مەزنایەتی ئەوێستا و تێداچوونی بەشێکی مەزنی ئەو بەرهەمە موقەددەسە ئاگادار دەبێ، بەتوندی دادەچێت و غەم و پەژارە دایدەگرێت و ئەمە بەسیاچارەگی و ڕۆژە ڕەشی دەزانێ، بەڵام ئیتر ئەمڕۆکە دەبێ باوەڕکەین، کارێ لە دەست ئێمە نایێت و ناتوانین ئەو فەڕ و شەوکەتی دێرینە وەدەست خەینەوە، بەڵام دەتوانین دەست بدەینە دەستی یەک و ئەو کۆڵەکە شکاو و دیوارە قڵیشاوانە ڕابگرین و لە تەواوی ئەمانە، تۆشەیک بۆ سەفەری ئەمڕۆ و بەیانیمان بخەینە لا.

ئەم ئەوێستایە، ئێستاکەش ئەوەندە مەزنە کە ئێمە بەسەرنجی ئەو بتوانین ڕابردووی پڕ لە سەروەری و سەربەرزی باووباپیرانمان بناسین و پێی بنازین. لەم ئاوێنە ساف و بێ گەردەدا ئەتوانین تەماشاکەین کە چۆن ئەوانەی بەر لە ئێمە لەم نیشتمانەدا ژیانیان بردووەتە سەر، خاوەنی بیروباوەڕی پاک و خاوێن و بەرز بوون.

لە باوەڕی پێشینیانی ئێمەدا، جیهان و هەرچی لەودایە دڵڕفێن و جوان و خاوێن و هەموویان بەدەستی ئەهورامەزدا خەڵق کراون و بەسپەندی مینەوی، خیرەدی پاکی مینەویش ناوبراون.

هەروا بەبڕوای پێشینیانی ئێمە، هەرچی ناپاکی و پیسی و ناخاوێنی و چەپەڵی و تاریکی و چارەڕەشی هەیە بەرهەمی کاری ئەهریمەن یا ئەنگەرەمینو یا مەنشی ناپاک و پیسە.

ئادەمیزاد، لەم ناوەدا بێ ئەوەی بەچارەنووسێکی نادیارەوە بەستراوێتەوە و بێ ئەوەی ناچاربێ دەتوانێ

لە نێوان دوو هێزی ڕووناکی و تاریکیدا یەکیان هەڵبژێرێت و لەگەڵیدا پێوەندی هەبێت.

ڕێنوێنی ژیان لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ ڕووبکاتە (سپەندمینو) و لە پەیکار و شەڕ لەگەڵ ئەهریمندا یارمەتی بدات و تا دوا هەناسەی ژیان دەست لە پەیکاردژی ئەهریمەن هەڵنەگرێت.

لە ئایینی زەردەشتدا، مرۆڤ ئازاد و سەربەست خەڵق کراوە و هیچ چارەنووس و زۆر و تەقدیرێ ناتوانێ ئەو بەرەو ڕێگای نادیار بەرێت. مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە بەشێوەی ئازاد، لەم سەر زەوینەدا بژی و لەوانەی دڵی دەخوازێت و لەگەڵ پاکی و جوانیدا سازگارن بەرخوردار بێت.

ژیان لای مرۆڤی ئەوێستایی سیاچاڵ و بەندیخانەی ترسناک نییە، بەڵکو بەهەشتێکی ڕۆشن و سەرسەوز و دڵڕفێنە. ئەم بەهەشتە بەدەستی مرۆڤ خەڵق دەکرێت و ئەرکی ئەوەیە لە هێرشی ئەهریمەن بیپارێزێت.

دونیا بەهەشتی کافرەکان و بەندیخانەی پارێزکاران نییە، بەڵکو مەیدانی تەلاش و تێکۆشان و جموجۆڵی خەڵکی پاک دڵ و ڕووناکبین و ڕاستی پەرستە و هەر کەس لەم مەیدانە پانوبەرینە دووری بکات و خۆ لەقوژبن بهاوێت و لە خۆشییەکان و پەستی و بولەندیەکانی ئەو بەرکەنار بێ... ئەوە بۆ وێرانی دنیا یارمەتی ئەهریمەنی داوە هەرچی دەروێشی و سواڵکەری و سەرداخستن و گریان و ماتەم و غەم و پەژارەیە هەمووی کردەوەی ئەهریمەنی و ناڕەوان و، مرۆڤی مەزداپەرست هەرگیز ڕوو لەو کارانە ناکات و ژیانی ئەو بەسەربەرزی و شادمانی تێدەپەڕێت. سپەندمینو و ئیمشاسپەندان و ئیزەدەکان نوێنەری پاکی و کردەوەی چاک و ژیانی ئازاد و پڕ لە ئاوەدانین، لە بەرانبەردا ئەهریمەن و دێوەکان و درۆزنان و درۆپەرستان، نوێنەرانی سیاچارەگی و تاریکی و پەلیدین.

ژیان لە ئەوێستادا بەمەعنای گۆڕەپانی خەبات و زۆرانی سپەندمینو و ئەهریمەن، پاکی و ناپاکی، جوانی و ناشیرینی، خۆشبەختی و بەدبەختییە و لەم مەیدانەدا ئەوەی ڕزگار دەبێ و سەردەکەوێت سپەندمینو و پاکی و سەربەستییە.

مرۆڤ لە ئەوێستادا، قارەمانی ئەم مەیدان و پاڵەوانی خەباتکار لە شەڕی پاکی و ناپاکیدایە و پلەوپایەی ئەوەندە بەرزە کە وەکو یاریدەدەری سپەندمینو، ڕیشەی غەدری ئەهریمەن دەکەنێت و جیهانێکی پاک و خاوێن و ڕووناک بونیاد دەنێت. ئەهورامەزدا نە خودای بەخشەندە و دلۆڤان و پاڕانەوەیە و، نە خودای زۆر و تووڕە و قین و ڕق و مەکرە. بەڵکو ئەو خودای ڕاستی و پاکی و ڕاستگۆیی و پەیمان دۆستان و وەفاداران بەعەهد و بەڵێنە و پەیڕەوانی ئەهورایش دەبێ وابن.

ئەهورامەزدا خواست و ئیرادەی خۆی بەبالاترین و ڕاستترین نازانێت، بەڵکو لە ئەمشاسپەندان و ئیزەدان و فرەوهەر و ئادەمیزادان بۆ پەیکاردژی ئەهریمەن، داوای یارمەتی دەکات و زۆربەی ئەوانە لە قورب و پایە و پلەدا، دەهێنێتە پاڵ خۆی و لەم ناوەدا تەفاوەتێ لە بەینی ژنان و پیاواندا نییە و بەو جۆرەی حورمەتی (ئاناهیتا)دەگرێت، حورمەت و ڕێزی مێهریش وا دادەنێت.

ژن لە هەموو ژیاندا هاوشانی پیاوە و هەمیشە ناوی کەیبانو و کیژەکان لە کن ناوی پیاواندا هاتووە.



ئەوێستا بەپیاوان دەڵێت، لە ژنانی پاکدامەن و جوان و ڕازاوە سوود وەرگرن و بیانکەنە هاوژینی خۆتان و، ئەمەیش لە زۆربەی پەڕەکانی ئەوێستادا دووپات کراوەتەوە.

لە گاساکاندا دەبینن کە زەردەشت، کیژی خۆی بەناوی (پوروچێست) بۆ هەڵبژاردنی مێرد بەدڵی خۆی سەربەست و ئازاد دادەنێت و، مەجبوری ناکات لەگەڵ چ کەسێکدا زەماوەند بکات. بەکورتی، سەرانسەری ئەم نامە کۆن و باستانییە، پیشاندەر و گۆیای پاڵەوانی و پاکی و ڕاستی و شادی و ئازادەگی و دلاوەری باو و باپیرانی سەربەرزی ئێمەیە و، ڕێگا و ڕەوشتی ژیانێکی باشە بۆ ئاوەدانی و سوڵح و پێکەوە ژیان بەخۆشی و کامەرانییەوە.

ئاوایە چەند نموونە لە ئایینی پیرۆزی زەردەشت، قەدیمترین هۆزانوانی ئێرانی و پەیامهێنەری پاکی و ڕاستی.

***

لە ڕوایەت و سوننەت و نەقڵی زەردەشتییەکاندا و نووسراوی مێژوونووسانی یۆنانیدا دەبێژن: کاتێ زەردەشت لەدایک بوو، بزەی پێکەنینی لەسەر لێوان بوو.

ئەم نووسراوانە دەیسەلمێنێت کە ئایینی ئێرانی، لەسەر بناغەی شادی و کامەرانی و ئازادی و خۆش ڕابواردن دانراوە و غەمباری و پەرۆشی و ماتەمین لەم ئایینەدا نییە.

ئایا ئەمە هۆی چییە کە (داریوش) پادشاه لە بەردەنووسەکەی بێستووندا نووسیویەتی... بەغی مەزنە ئەهورامەزدا کە ئەم زەوینەی بەدی هێناوە و ئاسمانی خەڵق کردووە و مرۆڤی بۆ شادی خەڵق کرد؟

نە... ئەمە بێهودە نەنووسراوە، بەڵکو ئەوە مایە و پایەی بیروڕای پێشینیانی ئێمەیە و هەر بۆیە بەئەژماری ئەو ڕۆژانەی کە ئێستا ئێمە پرسمان هەیە و ڕەشپۆشی دەکەین، ئەوان جەژنیان هەبوو و هەمیشە بڵێسە و شۆڵەی ئاگری پیرۆز و جاودانی لە بەرانبەریاندا گڕی دەسەند.

گەر وڵاتی ئێمە کە زەمانێک شەوچرای ڕۆژگاران بوو هەمووان ئافەرین و نیایش بوو و سروودی ئاگر و هەتاو و باران بوو ئەگەر تیر و ئەگەر دەی... هەرکامیان، کەی، بەفەڕی سوور و ڕازاوە بەهاران دەر بەهاران بوو. ئەمڕۆکە لەم بەهرەی ئەهورایییە بێبەشە و ئاوێنەی دڵمان ژەنگی خەفەت و پرسەی گرتووە، دەبێ هۆکارەکانی نەک تەنیا لە ژێر بینای جەماوەردا، بەڵکو دەبێ لەناو بەد ئاموزی خۆیی و بێگانەکان و لە یادبردنەوە و بێپەروایییمان سەبارەت بەگەنجینەی درەوشاوەی فەرهەنگی نیاکانمان بدۆزینەوە. بەداخ و کەسەری فرەوان... دێر زەمانێکە باوەشمان بۆ فەرهەنگی هەندەران ئاوەڵا کردووە و هەرچی دێ و دەهێنن، قەبووڵی دەکەین و هەرگیز لە خۆمانمان نەپرسیوە کە ئێمە کێین؟ لە کوێدا وێستاوین؟ با لێی نەدوێین، چونکە سەری ئەم گوریسە زۆر درێژە.

***

یەکجار مایەی شادییە کە لەمەولا، ئێرانییەکان، ئەوێستایان هەبێت و ڕێزی لێ بگرن، نەک بەناوی کتێبێکی ئایینی، بەڵکو بەبۆنەی ئەوە کە ئەم بەرهەمە، یەکێ لە ئەستوندەک و پایەکانی فەرهەنگی

ئێرانزەوینە و جێگای خۆیەتی کە سەرنجی بدەن و بەوردی و لەسەرەخۆ بیخوێننەوە و، لەو سەرمایە مەزنیی فەرهەنگیەوە پەی ببەن بەفەڕ و شەوکەتی پێشینیانی سەربەرز و ئازادی خۆیان و بۆ داهاتوو دەرسی لێ وەربگرن.

من ئەگەر بزانم ئەم بەرهەمە جێگای خۆی لە نامەخانەی ئێرانیان داگرتووە، ئیتر ماندوویی لەشم دەردەچێت و پاداشی زەحمەتەکانی خۆم وەرگرتووە، چونکە بەڕاستی منیش وەکو هەر ئێرانییێکی بێدار و لە خەو هەستاو، تووشی غەم و پەژارە دەبم کە دەبینم هەندێ لە هاونیشتمانەکان و ئەندامانی بنەماڵەی کۆنی ئێرانی دوچاری بێ موبالاتی بوون و ڕابردووی خۆیان پێ گرنگ نییە و لە یەزدان دەخوازم ئەم چەشنە بیر و ئاکارەمان لێ دوورخاتەوە و هەموومان لەگەڵ ڕابردووی سەر شار لە شانازی خۆماندا ئاشت بینەوە و بیکەینەدەستمایەی کار و تێکۆشانی بێ وچان بۆ داهاتووی پڕ لە هیوای خۆمان... با وابێ.

***

نێوبانگی ئەوێستا ئەوە نەبووە هەر لە ڕۆژگارانی پێشوودا بووبێت، بەڵکو لەم سەردەمەیشدا و لە پاش ڕابووردنی چەند سەدە تاریکی و غەدری سەدەکانی ناوەڕاست، زۆر کەس لە زانایان و زانست دۆستانی ڕۆژئاوا ڕوویان کردووەتە ئەم ئەستێرەی نورانی و تیشکهاوێژە بەبێ موزایەقە و بێ دریغ کات و تەمەنی خۆیان کردووەتە فیدای ئەوێستا و ژەنگ و تەپ و تۆزی قەدیمیان لە سەروچاوی سڕی و کردیانە ئاوێنە و جامێکی خاوێن و نوورانی و نایانە بەردەست ئەویندارانی فەرهەنگ و زانست لە جیهاندا و، ئەمڕۆکە بەرهەمی زەحمەتەکانی ئەوانە لە دوورترین وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لە بەردەستی لێکۆڵەران و خوێنەوەراندا هەیە.

ئەگەر کۆگای نووسراوەکانی (گلدنر)[1] Geldner و یوستی Justi و بارتولمە Bartholomae و ئیشپیگیل Spiegel و دارمستتر Darmester و میە Meillet و جەکسون Jackson و ئەوانەی دی سەبارەت بەئەوێستا بخەینە بەردەست و هەرپەڕەیان لێ بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە چ خزمەتێکیان بەئێرانییەکان کردووە و چەندە مافیان بەسەرمانەوە هەیە. لێرەدا جێگای خۆیەتی بەپێچەوانەی ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا تێدەکۆشن ڕەنج و مەرارەتی زانایانی ڕۆژهەڵات نادیدە بگرن، ئێمە بێین و لەو هەموو تێکۆشان و زەحمەتە سوپاس بکەین و لە هەموو جێگاییێکدا بەگوێرەی خۆی ڕێزیان لێ بگرین.

مامۆستا ئیبراهیم پورداوود لە ئێراندا پێشگامی دووبارە زیندووکردنەوەی ئەوێستا بەشێوەی عیلمیە و کاری جوامێرانەی ئەو کە چڵ ساڵ لەمەوپێش دەستی پێکرد، ئەوێستای لە کتێبێکی دوعا و نزای عامیانەی دەستی موبەدەکانی زەردەشتی کرد بەکتێبێکی مەزن و سەرنج ڕاکێشی عیلمی.

بەر لە کارەکەی پورداوود، ئەوێستا وەکو بەیتە کۆنەکانی ئێرانی دەم بەدەم نەقل دەکراوە ئەگەر بنووسم پورداوود گیانی تازەی کرد بەلەشی ئەوێستادا؛ درۆم نەکردووە.

وەکو مامۆستا نووسیویەتی، بەرهەمی کارەکەی ئەو بە لە بەرچاوگرتنی تێکۆشانی مامۆستایانی

(١) ئەم مەقالە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی نووسراوە کەوابێ نووسینەکەی پورداوود دەکاتە هەشتا ساڵ لەمەوپێش.



ڕۆژئاوا و شوێنەوارەکانی ئەوان بووە و تەقالا و شەونخوونی مامۆستا پورداوود و زانستی خۆی و بەرهەمی کاری ئەو زانایانە، بووەتە ئەم دەفتەرە و کەوتووەتە بەردەست هەموو خوێنەران و ئاشقانی فەرهەنگی دێرساڵی ئێران.

مامۆستا پورداوود، هاوکات لەگەڵ نووسینی ڕاپۆرتەکەی خۆی، لە هەرجێدا بەشێوەی دانانی پەراوێز، گوتارگەلی کورت و درێژی بۆ ڕوون کردنەوەی باسەکە و سەبارەت بەمێژوو و فەرهەنگی قەدیمی ئێرانی نووسیوە و لە ڕاپۆرتی پارسی ئەوێستای پورداوود تا ئێستا حەوت بەرگ چاپ و بڵاو کراوەتەوە و دوو بەرگی ماوە بەناوی (وێسپێر دووەندیداد) کە لە داهاتوودا چاپ دەکرێن و، بەڕاستی گەنج و خەزێنەیێکی مەزنن کە خوێنەران لە سەرچاوە و کتێبگەلی تر بێ نیاز دەکات. چونکە کارەکەی مامۆستا پورداوود عیلمیە و وێدەچێ هەندێ کەس نەتوانن بەو چەشنەی پێویستە سوودی لێ وەربگرن و لەولایش ئەوانەی چاپی کردوون لە بازاڕدا نەماون و درەنگ دەست دەکەون، منی کرد بەمەئمووری نووسینی ئەم کارە مەزنە و دەستووری پێدام کە هەرچەند لە خۆمدا نابینم و سەواد و زانستی ئەوەم نییە و زۆرێش بەکاری خوێندنەوە سەرم قاڵە، بەڵام نەمتوانی فەرموودەی ئەو مامۆستایە کە حەقی بەسەر منەوە فرەوانە قەبووڵ نەکەم، بۆیە بەڕێنوێنی و فێرکردنی ئەو زانا بلیمەتە، دەستم دایە کار و قۆڵم لێ هەڵماڵی و نووسینەوەی ئەوێستام گرتە ئەستۆی خۆم، بەڵام لە هەموو کاتی نووسیندا هەر لەگەڵ مامۆستاکەم پێوەندیم هەبوو، هەموو بەشەکانی ئامادەکراوم بۆ دەخوێندەوە و ئەویش بەوردی گوێڕایەڵ بوو و لەهەر جێگایەکدا بەشێوەی ڕێنوێنی و نووسین و ئاماژە و لابردنی کەژییەکان دەستی دایە باڵم و تا ئاکامی ئیشەکە لە خزمەتیدا سوودم وەرگرت.

جارجاریش لەسەر وشەیک وەیان مەعنای ڕستەییێک لەگەڵ مامۆستادا دەمەتەقێم دەکرد و جاری وا بوو بەناچار دەچوومە سەر ئەو شتانەی سەبارەت بەئەوێستا لە هیندوستان و ئەوروپادا چاپ کرابوون و چارەی کارەکەم دەکرد. بەڕاستی من شانازی دەکەم بەوەی کە مامۆستای وا زانا و پایەبەرزم هەبوو.

لە وەرگێڕانی مەتندا بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر سوودی لێ وەربگرێت بەئیجازەی مامۆستاکەم، وشەکانم جێبەجێ کردووە و ئەوانەی پێ زیادکراون لەناو گیومەدا بەم شێوە { } دیاری کراون پەراوێزەکانی ژێرە وەرەقە، یەکجار کۆتا و جەم و جۆرە بۆ قازانجی گشتی وام لێ کردووە و ئەگەر بتانەوێت زیاتر بزانن وا باشە سەرنجی یاداشتەکانی مامۆستا پورداوود بدەن.

زۆرم هەوڵداوە لە وشەی بێگانە سوود وەر نەگرم و بەزمانی پارسی بنووسم و پێم وایە تەنیا لە چەند واژەی بێگانە، بەقەدەر قامکەکانی دەست کەڵکم وەرگرتووە، کە ئەمەیش بۆ خۆی بەچەشنی ئەدای ئیحترامە بەزمانی نەتەوایەتی ئێرانییەکان، جودا لەوەیش شێوازی نووسینەکە بەلەونێکە نووسەر بەرەو زمانی فارسی و نووسینەوەی ڕادەکێشێت.

گەورەترین هۆی ئەوەی ئینسان ڕوو دەکاتە ئەوێستا ئەوەیە کە مرۆڤی ئێرانی بەشێوەی نیژادی، فەرهەنگ و زمان لە ناو ڕەگەکانی لەشی و لەنێو خوێنیدا ڕەوانە. من بۆ خۆم بەنیشتمانپەروەردە دەزانم و ئەویش نەک ئەو چەشنە نیشتماندۆستییە کە هەموو چاکییەکان بەماف و ماڵی وڵاتی خۆم و هەموو

نالەباری و تاریکییەکان بەماف و ماڵی بێگانەکان بزانم، بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕەم کە دەبێ مرۆڤی ئێرانی چاوی دڵی بکاتەوە و بەسەرنجدانی فەرهەنگی پڕ شەوکەتی دێرساڵی خۆی، تێبکۆشێت، بنەماڵەکەی و کۆمەڵەکەی بۆ ئەستوورترکردنی و ڕەواجی ئەوهان بدەن و لە زرق و برق و جلفی و بەدرەفتاری کە دەستاوەردی تەمەدونی ڕۆژئاوایە خۆی لابدات چونکە دڵبەستن بەفەرهەنگی غەرب. بۆ ئێمەی ئێرانی کە خێوی فەرهەنگی دێرینی وەکو ئەوێستاین و لانی کەم دوازدە هەزار ساڵ لەمەوپێش خاوەنی بەرهەمی ئاوا ئەخلاقی بووین، دەبێتە مایەی نەنگ و زەبوونی و ڕسوایی.

ئەوێستا و یان هەر بەڵگەیێکی مێژوویی لەو چەشنە نابێ وەکو مەدرەکی نیژاد پەرستانە سەرەنجی بدرێتێ و بێتە ئاوازی لایەلایە بۆ خەونێکی قورس و یان سیحر و جادوو بۆ بێخەبەری، بەڵکو دەبێ ببنە سروود و ئاهەنگ بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی قورس و قایم و بتوانێ کاروانی پاشکەوتووی گەلانی ئێرانی بەرەوپێش بخات و بگەینە مەڵبەندی شارستانییەت.

نووسەر لە هەموو مامۆستایان و خاوەنڕایان و قوتابییان و ئەوانەی ئەم بەرهەمە بۆ خوێندنەوە هەڵدەبژێرن، دەپاڕێتەوە و چاوەڕوانە کە لە ناتەواوی کارەکەم چاوپۆشی نەکەن و هەرچەشنە عەیب و ئیراد و کەژی و نابارییان تێدا دۆزییەوە ئاگادارم بفەرموون، چونکە هەرگیز یەک تاکە کەس ناتوانێ بەبێ یارمەتی کەسانی تر کارێکی باش و دروست ئەنجام بدات.

*جەلیل دوستخواه*
*تاران دەی جۆزەردانی* **١٣٤١** *هەتاوی*
*بەرانبەری* **٣٦٧٧** *ئێرانی کۆن*

## سروودی مەزدیەسنا

بەیان ئەنگوت و سەڵای دا خروس
لە ماڵی شاریار، بەرزۆ بوو دەنگی کوس
چەرخ شۆردییەوە ڕەنگی تاریکی شەو
ئەی موبەد هەڵسە و ڕاچەنێ زوو لە خەو
بخوێنە، ئەشەم وهو... ببێژە یەتائەهو
ببێژە یەتائەهو... بخوێنە ئەشەم وهو
ڕاچەنە موبەدا... ئاگرت هەڵکەرۆ
پەردەی ڕەشی شەو زوو بسوتێنە
دینی باپیران زیندووە هێشتا
ڕوو لە تاو و خۆر وەرمەگەڕێنە
بخوێنە، ئەشەم وهو... ببێژە یەتائەهو
ببێژە یەتائەهو... بخوێنە ئەشەم وهو
لە سەردا هاتووە دەورە و ڕۆژگار
دینی فەرەهی ماوەتەو یادگار
ئەم نامەی کۆ نەمیراتی تۆیە
گوتاری پێشووی باوانی تۆیە
بخوێنە، ئەشەم وهو... ببێژە یەتائەهو
ببێژە یەتائەهو... بخوێنە ئەشەم وهو
تا جیهان بەمێهر شادە و خوڕەمە
تا زولفی نیگار ئاڵۆز و دەرهەمە
تا گوڵی لالە... پڕ لە شەونمە
ڕێگای لار مەچۆ... بۆ لای چاە مەچۆ
بخوێنە، ئەشەم وهو...ببێژە یەتا ئەهو
ببێژە یەتا ئەهو... بخوێنە ئەشەم وهو
گەرخۆشیت دەوێت، لەشت ماندووکە



تێکۆشە و ئەهریمەن سەرەونخوون کە
تا لە ئەهریمەن ڕزگار بێ وڵات
ئەمجار دەبیتە خاوەن ئابڕوو
بخوێنە ئەشەم وهو... ببێژە یەتائەهو
ببێژە یەتائەهو... بخوێنە ئەشەم وهو
گەر لەنا خی دڵ میهرت شاردوە
گەر لە دوژمنان دڵت خوێناوە
گەر عیشقی وڵات وا لە سەری تۆ
لەم کوپەی کۆنە ساغەری بخۆ
بخوێنە ئەشەم وهو... ببێژە یەتائەهو
ببێژە یەتائەهو... بخوێنە ئەشەم وهو
تۆ دەبێ ڕاست بیت، هەروەها پیاوی کار
بەشێوەی پاڵەوان لە ڕۆژی کارەزار
دەبێ شەڕ بکەیت لێڵ دێوی نابەکار
وەک ئەجدادی خۆت بەپاکی و چاکەکار
بخوێنە ئەشەم وهو... ببێژە یەتائەهو
ببێژە یەتائەهو... بخوێنە ئەشەم وهو
ڕوو مەچەرخێنە قەت لەم گەنجی شایەگان
سەر مەپێچە تۆ لەم پەندی باستان هەر
ڕاست ببیستە و ڕاستی بخۆینە
کەوە شوین ڕاستی و بەڕاستی بێژە
بخوێنە ئەشەم وهو... ببێژە یەتائەهو
ببێژە یەتائەهو... بخوێنە ئەشەم وهو

هەر چەند لە کاتی وەرگێڕانی مەتنی پارسی ئەوێستادا، مەعنای وشەکان و ناوی کەسایەتییەکانی دینی پیرۆز و ئیزەدەکان نووسراوە و لە پای وەرەقەی خۆیاندا هەن، بەڵام بەپێویستم زانی کورت و کوتاە، لەم بەشەیشدا هەندی لەو ناوانەی کە ئەمڕۆکە بۆ ئێمە نائاشنان بنووسم کە خۆینەر لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا لەگەڵ ئەوانە ئاشنا بێت.

(ئەشەم وهو)، یەتائەهو... سەرەتای دوعاکانی هەرە بەرزی ئایینی پیرۆزن و بەدوای ئەواندا بەم شێوە

ستایش و نیایش دەکەن.

ئەلف: ڕاستی، چاکترین پاشەکەوت و هەوێن و هۆی سەرکەوتنە و ڕۆژگاری خۆش و ڕابواردنی باش بۆ ئەو کەسەیە کە خوازیاری چاکترین ڕاستییە.

ب: زەردەشتی مەزن لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژێراوە، ئەوە سەروەری مینەوی و پیرۆزکە لە خەزێنەی کردەوەکانی خۆیدا، کردارە باشەکانی مرۆڤ دەپارێزێت هەتا ڕۆژی پەسڵان دەگات و ئەوانە دەباتە خزمەتی (مەزدا) بۆ داوەری.

پ: شاریاری و شکۆی مەزدایی دەبێتە بەشی کەسێ کە نیگاهدار و لایەنگر و پاسداری هەژاران بێت.

کەوی: بەسەرداران و سەرانی دێوپەرستان دەبێژن.

سرووش: مەلاییکەی فەرمانبەردار و گوێ بیستی مەزدا و لە شەوانەدا مەخلوقاتی پاکی مەزدا دەپارێزێت.

خورداد: مەلاییکەی پەنجوم و نیگاهبانی ئاو لە دونیادا.

ئەمورداد: ناوی مەلاییکەی شەشومی ئەهورا و نیگاهبانی گژوگیای جیهان.

مەیەزد: بەپێشکەشی وشک و غەیرە ئاوی دەبێژن کە دینداران دەیان هێنایە شوێنی پیرۆز.

سوشیانت: بەمەعنای (نەجاتدەر) و ناوی ئەوەیە کە لە پایانی جیهاندا دێت وەکو چۆن مەسیحییەکان بەتەمای هاتنی عیسان وەیان موسوڵمان چاوەڕوانی هاتنی موحەممەدی مەهدین، زەردەشتییەکانیش چاوەڕوانی هاتنی سوشیانتن و، لێرەدا باوەڕ و ئیمانی هەموو دینەکانی ئاسمانی بەهاتنی نەجاتدەری ئاخر زەمان یەک دەگرنەوە.

پردی چین وەت: وەکو پردی سیرات لە دینی ئیسلامدا کە لە ڕۆژی قیامەتدا ئاییینداران و پارێزکاران لەو پردە دەپەڕنەوە و تاوانکاران دەکەونە خوارێ.

هەمەستەکان: واتە بەرزخ... جێگای بەینی جەهەننەم و بەهەشت.

گەرزەمان: بەهەشتی هەتاهەتایی و عەرشی ئەعلا.

موغان: بەئۆمەتی زەردەشت دەبێژن.

بەرسەم: سفرەی ڕاخراو لەو پێشکەشیانەی کە دەیبەن بۆ ئاورگا.

باژ: دوعا و نزای کورت.

چەکاد: لوتکەی چیا.

فرەوەهەر: بەکوردی دەبێتە فرەبەهرە خاوەنی قازانجی فرەوان، لە ئاییینی زەردەشتدا بەڕۆحی ئینسان دەڵێن لە عەینی حاڵدا بەڕەوانی هەموو گیانلەبەران دەبێژن فرەوەهەر.

ئەهورامەزدا: سەروەری زانا.



سپەندمینو: فریشتەی خێرەدی پاکی ئەهورا.

ئوردی بەهەشت: ناوی فریشتەی دووهەم و نوێنەری ئەهورایە لە ڕاستی و پاکیدا و لەم جیهانە، پارێزەری ئاگرە.

بەهمەن: ناوی یەکەم مەلایکەی بەرزی یەزدانە و نوێنەری بیری پاک و زانایی و خێرەدی ئەهوراییە و لەم دنیادا کاری ئامۆژگاری وتاری چاکەیە.

گوشورون: ناوی فریشتەی پارێزەری ئاژەڵ و چوارپایانی بەسوودە.

سپەندارمز: ناوی مەلاییکەی چوارەم ونیگاهبانی ئەوین و خۆشەویستی ئەو دنیا و نیگاهبانی ئاوەدانی و سەرسەوزی جیهانە و هاندەری مرۆڤە بۆ کشتوکاڵ و بەرهەم هێنانی دەغڵودان.

سپیتەم، یان سپیتەمان یان ئەسپیتەمان یان سپەنتمان کە لە هەموویان سوودیان وەرگرتووە بۆ ناوی بنەماڵەی زەردەشتی یەکەم.

شەهریوەر: ناوی مەلاییکەی سێهەمە و پاسداری ئاسن و یاریدەدەری هەژاران و بێ نەوایانە لەسەر زەوین.

ئەشی: فریشتەی دەسەڵات و توانایییە.

گەری همە: یەکێ لە پێشەوایانی دژبەدین.

کەرپەن: تاقمێ لەوانەی دژی زەردەشت بوون.

زور: بەو پێشکەشانەی دەبێژن کە ئاوی و تەڕ بوون و دەیانبرد بۆ ئاورگای پیرۆز لە بەرانبەری ویدا (مەیەزد) هەیە کە پێشکەشی غەیرەی ئاوەکی وشکە.

تیشتەر: ناوی ئەستیرەیێکی پیرۆزە، ئەز، پێموایە ناوی ڕاستییەکەی (تیژپەڕ) بێ.

مێهر: فریشتەی نوور و ڕووناکی و پاسداری عەهد و پەیمان و هەرکات ناوی دەبەن پێی دەبێژن، خاوەنی دەشتەکانی پانوبەرین... واتە هەموو ئەو پێدەشت و چۆل و بیابانەی لە جیهان هەن گۆڕەپانی هاتوچۆی ئەستێرەی شکۆداری مێهرن.

ئازەر: ئاتر: ئاگر: ئاور واتە فریشتەی پارێزەری ئاگری پیرۆزە.

هاوەنان: هاوەنبان: ناوی مەقامێ بووە لە ئاورگەی پیرۆزکە بەرپرسی ئاوەنە و دەستەبوەە و هەومی موقەددەسیان کوتاوە و ئامادەیان کردووە.

زەردەشتوم: بەجێگەدارانی زەردەشت دەبێژن و پورداوود لە تەفسیری کوردەی ۲۹ ژمارە ۱۱۵ مێهریەشتدا سەبارەت بەوە نووسیویەتی.

ئەنیران: دوو مەعنای هەیە... لە فەرهەنگدا، ئەنیران واتە... (هەندەران) وەکو دەبێژن ئێران و ئەنیران... ئێران و هەندەران، بەڵام لە ئەوێستادا ئەنیران بەمەعنای جێگا و مەکانی تیشکی بێ زەواڵە.

زامیاد: زام ئیزەد: واتە مەلاییکەی نیگاهبانی زەوین.

هەوم: ناوی چەشنێ گیایە کە لە زمانی فارسیدا (ریش بز) واتە ڕیشی بزنی پێدەڵێن.

مامۆستای زانا و فەرهەنگ نووس دوکتور موعین لە فەرهەنگی بەنرخی خۆیدا نووسیویەتی، هەوم گیایێکی تایبەتە کە لە شیرەی ئەو شەرابی تایبەتی (ئیندره) ئیزەدی هەورە تریشقە (ڕەعد) سازدەکەن. شەرابی سازکراو لە گیای هەوم، لەکن ئاریائیيەکان زۆر پیرۆزە و خواردنەوەی ئەو شەرابە وەکو عیبادەت وا بووە.

*وەرگێڕی کوردی*
*عومەر فاررووقی*

زەردەشت، سەڵادەر و خوێنەری سروودی یەک بوونە... ئەز، کە بۆ خۆم هۆنەر و سروودسازم، لە حان وی دا ناتوانم خۆم ڕابگرم و نەغمەکانی زەردەشت وەکو سروودی ئاسمانی بۆ لای خۆیان ڕامدەکێشن.

*(ڕابیندرانات تاگور)*

*پیتۆڵ وهۆزانوانی مەزنی هیندوستان*

## دەفتەری یەکەم- گاتاکان

### (گوتەکان)

گاتاکان یان هۆنراوەکانی زەردەشت قەدیمیترین بەشی ئەوێستان، کە ئەوانیش بەشێکن لە (یەسنا) و لەبەر ئەوەی هەڵبەستەکانی زەردەشتن، گرنگی و تایبەتمەندی فرەیان هەیە و لەبەر ئەمە بەشێوەی جیا ناویان بردووە و لە دەفتەری تایبەتدا نووسیویانە... جگە لەمانە، گاساکان، هەڵبەستنی وەشێوازی ئاخافتنی لەگەڵ بەشەکانی دی ئەوێستا و یەسنادا تەفاوەتیان هەیە و جیاوازی و شەکان وشێوەی دارشتنی پیتەکان و وشەکان، ئەو دەفتەرە لە بەشەکانی ئەوێستا، جیا دەکا تەواو دەیسەلمێنی کە لەوان قەدیمیترە.

بەهەر کام لە بەشەکانی (یەسنا) دەڵێن (هات)[1] و گاساکان بریتین لە حەڤدە هات و ئەوانە لە حەفتا و دوو هاتی یەسنا جیا دەبنەوە.

هەرکام لە (هاتەکان) چەند بەندیان هەن و لە ڕووی ئەژمار و شێوەی هەڵبەستنی ئەو هۆنراوانەی کە لەم بەندانەدا وێژراون، بە پەنج دەستە بەش کراون بەهەر دەستە دەڵێن یەک (گاسا) و ناوی جودایان لێ ناون.

ناوی هەر کام لە پەنج هۆنراوەی (گاساکان) لە وشەی دەستپێکی ئەو گاسە وەرگیراوە، غەیری گاسای یەکەم (ئەهونود) کە نێوەکەی لە دوعا و نزای (یەتائەهۆ و ئیرئو) کە ڕۆژگارێ لە سەرووی ئەم گاسا نووسرا بوو ئێستا لە بڕاوەی ١٣ هاتی ٢٧ی یەسنا جێگای گرتووە، وەرگیراوە.

وشەی گاسا، لە ئەوێستادا بەمەعنای (سروود) نووسراوە لە زمانی سنسکریت دا ئەم وشە هەر بەو مەعنایە و لە زمانی پارسی نێوەڕاستدا (پالەوی) بە Cas و لە جەمعدا بە(Casan) نووسیویانە. لەوێدا نامەی ئایینی بڕەهمەنەکان، گاساکانیان بەهەڵبەستی پاش نەزم نێو بردووە و لە نووسراوەکانی دینی بودایش دا هەر بەو جۆرە باسی کراوە.

سەرنجی گاسەکانی زەردەشت بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ئەمە لە درێژەی وتارەکان و ئامۆژگارییەکانی زەردەشت نووسراوە، کە بەشێوەی (نەزم) بوون، بەڵام ئەمڕۆکە، لەو وتارانە هیچمان بۆ نەماوەتەوە و ئەگەر بەشێ لەم سروود و هەڵبەستانە بێ سەروبن نابێ سەرمان سوڕبمێنێ، چونکە بەرهەمی ئەو هۆکارانەن وتمان کە هەر کام لە پەنج هۆنراوی گاساکان خاوەنی چەند (هات) و، هەر (هات) خاوەنی چەند (بەند)ە جا، لێرەدا، ژمارە و چۆنیەتی ئەو هات و بەندە بەخوێنەران ڕادەگەینین:

(١) بۆ هەموو کوردێ کە بەهەر زاراوەیێک لە زمانی کوردی قسان دەکات مەعنای (هات) دیارە (ئامەدەن) بەفارسی و (گێلدی) بەتورکی و ئازەری و بەگشتی مەعنای بەخت و شانس دەدات بۆ وێنە دەبێژن... فلانە کەس هاتیەتی. ع.ف



١- ئەهەوەنو گاسا (ahunavanw gatha) خاوەنی حەوت هات (یەسناهات ٢٨-٣٤) و سەد بەندی هەیە و هەر بەندێکی سێ هەڵبەستی شازدە هەجائیە و تامڵ بوون لە نێو هەجاکان دا، لەپاش حەوتەمینی هەجایە (٧+٩).

٢- ئوشتە وەدگاسا (Ostavad gatha ) خاوەنی چوار هات (یەسنا هات ٤٣-٤٦) و ٦٦ بەندە و هەربەند پەنج شیعری یازدە هەجائیە و تاملّی بەینی هەجاکان لەپاش هەجای چوارەمە (٤+٧).

زەردەشت- پێغەمبەری مەزدیەسنا، لەم هەڵبەستە دلڕفێن و هەست بزوێنانەدا، بەزمانێکی شاعیرانە و لەڕوانگەی خۆیەوە بەوێنەی هەڵبەستەوانێکی بیر فرەوان و فرەزانا و داهاتووبین و خاوەنی هەستی مرۆڤایەتی بێ غەل و غەش توانیویەتی ئامانجەکانی ئایینی پاکی خۆی بەشێوازێکی کورت و پڕ ناوەڕۆک بەهەمووان ڕابگەینێت.

خوێنەری گاساکان ناتوانێت بەسەرنج و خوێندنەوەی ئەو هەڵبەستانە لە هەموو چەم و خەمی ئایینی پیرۆزی زەردەشت بگات، بەڵام دەتوانێ بەئاسانی لە پاکی و ڕاستی و ئازادەگی ئەو تێبگات و تامەزرۆ و تێنوی یادگرتنی ئەم ئایینی پاک و پیرۆزەی ئێرانی ببێت و لە سێبەری لق و گەڵای ئەم هۆنراوە جوانانەدا حەز دەکات خۆی بهاوێتە باوەشی فەرهەنگ و ئایینی ئێرانی و وەکو ڕێبوارێک بەرەوپێش هەنگاو بنێت.

گاساکان، قەدیمترین دەفتەر یا دیوانی هەڵبەستی ئێرانە کە توانیویەتی لە گێژاوی تۆفانی کارەسات و هێرشی سوپای ئەهریمەن و چنگاڵی ڕەش و چەپەڵی دێوەکان و هەڵمەتی ئەوانەی دژی مرۆڤایەتی و فەرهەنگی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتەن ڕزگاری بێت و بگاتە دەستی ئێمە.

ئەو هەڵبەستانەی لەم دەفتەرە دێرینەدا نووسراون هەموویان پیشاندەری پاکی و چاکی و بەئازادی ژیان و ڕۆژەباشی و کامەرانی جەماوەرن.

## ئەهۆ نۆد گاسا

## یەسنا . هات . ٢٨

١

ئەی مەزدا(١)... لەکاتی پەرستش و پاڕانەوەدا، دەستەکانم بەرەو تۆ هەڵدێنم و داوای ژیان و بەرهەم هێنان (سپەندمینو)(٢) لە تۆ دەکەم و خوازیاری پەنا و ئارامی و شادومانیم لە بۆ هەمووان.

ئەی (ئوردی بەهەشت)(٣) من ئاواتم ئەوەیە کە (بەهمەن)(٤) و (گوشورون)(٥) شادومان کەم.

٢

ئەی (مەزدائەهورا) بەهاریکاری ئوردی بەهەشت کە یارمەتیدەری پاکان و چاکانە، داوا دەکەم و دەخوازم هەردوو جیهانی (خاکی و مینەوی)(٦) ئاوەدان کەیت و بیانبەخشیت بەمن، کە لە ڕووی ڕاستی و پاکی دەروونەوە ڕووم تێکردوویت.

٣

ئەی ئوردی بەهەشت، تۆ و بەهمەن و مەزدا ئەهورا و (سپەندارمەز)(٧) داهێنەری وڵاتی جاویدان و

١- مەزدا و (ئەهورا) و (ئەهورامەزدا) هەموویان نێوی خودا و یەزدانی مەزنی ئایینی زەردەشتن کە ناویان لە سەرووی هەموو فرشتەکان و ئیزەدەکانەوە (مەلایکە) دێت. لە گاساکاندا، تەنیا بە سێ شێوە ناوی لێ براوە، ئەهورا مەزدا بەمەعنای سەروەری زاناییە.

٢- سپەندمینو واتە خیرەدی خاوێنی خودا کە زۆرتر ناوەکەی لە سەرووی ناوی فریشتەکانەوە دەنووسرێت (شایەد ناوی جبرییل بێ...).

٣- ئوردی بەهەشت، ناوی دووهەمین فرشتەی مەزن لە ئایینی زەردەشت دایە و نوێنەری ڕاستی و پاکی ئەهورا لە جیهانی مینەوی و چاوەدێر و پارێزەری ئاگرە لەسەر زەوین دا.

٤- بەهمەن، ناوی فرشتەی یەکەمە و نوێنەری بیری خاوێن و زانایی ئەهورامەزدا و بەرپرسی فێرکردنی ئاخافتنی چاکە بەمرۆڤ.

٥- ڕەوان- فرشتەی چاودێر و پارێزەری چوارپایانە و بەرپرسی پاراستنی ئەو چوارپایانەیە کە بۆ مرۆڤ سوودیان هەیە.

٦- جیهانی مینەوی- واتە دنیایێکی تر و یان جیهانی بەرز و ئەو جیهانەی کە مرۆڤ پاش مردن و کۆچکردن لە جیهانی خاکییەوە دەگاتە ئەوێ.

٧- سپەندارمەز- کە لە پارسیدا بە (ئەسفەند) دەوترێت ناوی فرشتەی چوارەم و نوێنەری پارێزکاری و عیرفانە و لە جیهانی مینەویش دا نوێنەری تاقەت و سەبر و لەخۆبوردوویی ئەهورامەزدایە و لە جیهانی خاکیدا چاودێر و پارێزەری زەوین و ئاوەدانی و سەرسەوزییە و بەفرشتەی مێویان داناوە و لەبەرئەوەی وەرزێران و جوتیاران بەکاری خۆیان دڵگەرم بن و کشتوکاڵ بکەن وتوویانە ئەم فرشتە کچی ئەهورایە و لە بەرانبەری ئەودا (ئازەر)یان داناوە کە دەڵێن ئەویش کوڕی ئەهورایە.



مینەوین بۆ پاکان و ئاییینداران، من بەو چەشنەی شیاوی ئێوەیە بۆ ئەو ئایین و باوەڕە خاوێنە دەخوێنم و دەهۆنمەوە و سڵاو دەنێرم... ئەوجار داوای یارمەتیتان لێ دەکەم و دەخوازم یارمەتیم بدەن.

٤

من دەمەوێت بەهاریکاری بەهمەن ببمە چاودێر و پارێزەری (ڕەوان)(٨)ی خەڵکی، چونکە باش دەزانم ئەهورامەزدا پاداشی کردەوە چاکەکان چۆن دەداتەوە.

تا ئەو کاتەی هێز و هەناوم هەبێت، دەبمە ڕێنوێن و ڕاهنمای جەماوەری خەڵک، بەرەو ئایینی ڕاستی و ڕاستەقینە.

٥- کەی دەگاتە بەرۆ ئەو ڕۆژی کە من بتوانم بەچاوانی خۆم (ئوردی بەهەشت) و (بەهمەن) و بارەگای شکۆداری (ئەهورا) و پەیڕەوان و فەرمانبەرانی (مەزدا) ببینم؟

من بەم وتارە بەرزانە، تاوانکاران و دێو پەرستان دەهێنمە سەر ڕێگای ڕاست و وایان لێ دەکەم کە بێنە سەر دینی ڕاستەقینەی ئەهورایی.

٦

ئەی مەزدا... کردەوەی چاک و دلۆڤانی و لێبوردوویی دائیمی و ڕاستی وتەکانی خۆت بە(زەردەشت) عەتا بفەرموو.

ئەی ئەهورا... یارمەتیدەرێکی بەتوانا و بەهێز و دەسەڵاتدارمان بۆ بنێرە تا بتوانین بەیارمەتی ئەو بەسەر دوژمندا زاڵ بین.

٧

ئەی (ئوردی بەهەشت) داوات لێ دەکەم پاداش و هێز و کامەرانی و بیری چاک بەیارمەتیدەری ئێمە (گوشتاسب)(٩) عەتا بفەرموویت.

ئەی (سپەندارمەز)، تکات لێ دەکەم، نیاز و داواکارییەکانی ئەو، بەرئاوەردە بکە.

ئەی (مەزدا) ئەی پادشای خاوەن شکۆ، بەمن کە پێغەمبەری تۆم توانا و هێز بدە کە بتوانم بەهۆنراوە و سروودی بەرز و جوان، ستایشت بکەم.

٨

ئەی چاکترین، من داوای چاکە دەکەم لە تۆ، ئەی ئەهورا کە تۆ باشترین و ڕاستترینی، لە تۆ دەخوازم چاکەی (فەرشوشتەر)ی(١٠) دلاوەر بدەیتەوە و بەمن و بەو کەسانەی لێیان دەبووریت، ڕەفتار و خو و

٨- ڕەوان- یەکێ لە هێزەکانی مرۆڤە کە پاش مردنیش هەر دەمێنێتەوە.

٩- گوشتاسب، یەکێ لە پادشاکانی کیان بووە کە وەکو شاهنامە و ئەوێستا نووسیویانە یارمەتیدەری زەردەشت بووە و ئایینی پیرۆزی ئەوی قەبووڵ کردووە و پەرەی پێداوە.

١٠- (فەرشوشتەر Farasustar) وەزیری گوشتاسب و یەکێ تر لە یاریدەدەرانی زەردەشت بووە.

خدەی چاک بدەیت بۆ هەتاهەتایە.

٩

ئەی مەزدا ئەهورا! ئەی ئوردیبەهەشت، ئەی بەهمەن نامەوێ بەوەی داخوازی دەروونی خاوێنی کردەوەی چاکتان لێ دەکەم، بتان بێزینێم.

ئێمە دەبی حەوڵ بدەین و تێبکۆشین کە سروود و ستایشی خۆمانتان پێشکەش بکەین.

ئێوەن کە بانترین هێزن و دەتوانن کامەرانی هەر دوو جیهان بەمن و پەیڕەوانم ببەخشن.

١٠

ئەی مەزدا ئەهورا! داوات لێ دەکەم ئاواتی ئەوانەی کە کرداریان باشە و ڕاست دەکەن بهێنیتە دی و کامڕەوایان کەیت.

چون دەزانم وشە و پاڕانەوە بۆ ڕزگاری و لێبوران لای تۆ قەبووڵ دەکرێت. سوودی هەیە.

١١

ئەی مەزدا چون ئەز پارێزەری کردەوەی چاک و ڕاستیم و تا هەتاهەتایە ڕایان دەگرم، تۆیش بەو زانابییەی کە هەتە، بەمن یادبدە و بەزمانی خۆت پێم بڵێ و ئاگادارم بکە کە جیهانی سەرەتایی چۆنە.

## یەسنا . هاتی ٢٩

١

(گوشورون) ڕووی کردە بارەگای ئافەریدەگار و هاواری بەرز کردەوە و خرۆشانی کە:

منت بۆچی خولڵقاند؟ کێیە ئەو کەسەی کە منی دروست کرد؟ ڕق و ئەستەم و دڵڕەقی و غەدر و بێ شەرمی منیان تووڕە کردووە، ئەی ئافەریدەگار تۆ یەگانە پارێزەری منی، بێ و لە کامەرانی و بەختیاری وەرزێرەکان بەمنیش بدە.

٢

ئەو کاتە ئافەریدەگاری چوارپایان پرسیاری کرد لە ئوردی بەهیشت کێ دەناسی کە بتوانێ بۆ چوارپایان مێرغوزار و ئاڵفجار و کێڵگەییێکی چاک و سوودبەخش دروست کات و ئەوانەیش بپارێزێت؟

چ کەسێ هەڵدەبژێری بۆ پاراستنی چوارپایان کە توانای ئەوەی هەبێت بەر بە ڕق و درۆ بگرێت؟

٣

ئوردی بەهەشت وەڵامی ئافەریدەگاری بەم جۆرە دایەوە: لە دنیادا بۆ چوارپایان، پارێزەری بێ ئازار و دیندار نابینم جەماوەری خەڵک ناتوانن بەو قەناعەتە بگەن کە دەبێ لەگەڵ ژێردەستەکانیاندا ڕەوش و کردەویان چاک بێ.

لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا، بەهێزتر لە هەمووان ئەوەیە کە هاوار کات و من بخوازێت و منیش



بەهاواریەوە دەچم.

٤

مەزدا چاکتر لە هەمووان دەزانێ کە بەر لەمە کۆمەڵانی خەڵک و دێوەکان چیان کرد و لە دواڕۆژیشدا چ دەکەن. هەر ئەهورایە دەتوانێ لە جیهاندا دادگەری و عەدالەت دابنێت و ئێمەیش ئەوەمان دەوێت کە ئەو، دەی هەوێت.

٥

ئێستا ڕەوانی من و چوارپایانی بزۆک و ئاوس دەستمان هەڵیناوە و نیایشی ئەهورا دەکەین و دەخوازێم و لێی دەپاڕێمەوە. کارێ بکات لە لایەن درۆپەرستان و دێوەکانەوە زیان و چەرمەسەری تووشی شوانەکان و مرۆڤی دیندار و پارێزکار نەبێت.

٦

مەزدا ئەهورا کە بناغەدانەری ئایینە و فرەزانایە بە (گوشورونی) فەرموو لەناو چوارپایاندا کەس نییە ببیتە پارێزەری ئەوان چونکە ئافەریدەگار ئەوانی خەڵق کرد و دایە دەست شوانەکان و وەرزێرەکان، تا ڕزق و پێداویستی فرەوانیان ببێ و ژیانی باش بەرنە سەر.

٧

مەزدا ئەهورای هاودەمی ڕاستی، لەم جیهانە کەرەسەی ژیانی بۆ چوارپایان دابین کرد و فرەی کردن، تا مرۆڤەکان بەئیرادە و فەرمانی ئەهورا بتوانن لەوان سوود وەربگرن و بەهرە بەرن. ئەمجار گوشورون ڕووی کردە بەهمەن و پرسیاری لێ کرد.

٨

ئەی بەهمەن... تۆ لە نێو جەماوەری خەڵکدا، کێ دەناسیت کە بتوانێ پارێزەری چوارپایان بێت؟

بەهمەن وەڵامی دایەوە: (تاقە نەفەرێ کە من دەیناسم و ئایینی ئێمەی قەبووڵ کردووە زەردەشتی سپیتەمانە.)(١) ئەی مەزدا، هەر ئەوە کە پەرەی داوە بەدین و ئەندێشە و بیری ڕاستینی ئێمە لە جیهاندا و هەر لەبەر ئەوەیە کردمان بەخاوەنی ئاخافتن و وتاری جوان و دڵنشین.

٩

گوشورون ناڵانی و وتی: چون دەتوانم بەپیاوێکی لاواز بەناوی پارێزکاری چوارپایان دڵخۆش بم لە حاڵێکدا چاوەڕوانی پادشاهێکی خاوەن شکۆ و بەدەسەڵات بووم؟ کەی دەگات ئەو کاتەی کە یاریدەدەرێکی توانا و بەهێزم هەبێت؟

(١) سپیتەمان... ناوی بنەماڵەی زەردەشت بووە و بەسپیتەمان و سپیتەمەیش نووسراوە واتە هۆزی سپیتەم.

١٠

زەردەشت وتی ئەی ئەهورا... ئەی ئوردی بەهەشت... ئەی بەهمــەن... بێن توانایی بدەن بەچوارپایان و پیاوێکی خاوەن هێز و بەتوانایان بۆ بکەن بەپارێزکار بەڵکو بتوانێ هێمنایەتی و ئاسوودەگی و ئارامی بەرقەرار بکات.

ئەی مەزدا ! من ئیمانم هەیە کە تۆ یەکەم داهێنەر و خاڵقی پیاوێکی وایت.

١١

کوا ڕاستی و کردەوەی چاک و شاریاری؟ ئاهای... ئەی کۆمەڵانی خەڵک... بێن و ئیمان بهێنن بەمن و بێنە سەر ئەو ئایینە مەزنەی من تا ڕاستی و کردەوەی چاک و دەسەڵاتداری ڕووتان تێ بکات.

ئەی ئەهورا

ئێستا بۆ پاراستنی ویستەکانی تۆ، ئامادە و ڕاوێستاوم.

## یەسنا . هاتی ٣٠

١

لێرەدا ئەوەی کە بۆ هەر پیاوێکی زانا پێویستە و دەبێ لەیادی بکات و خوازیاری ژنەفتنی ئەوە دەبێژم.

سەبارەت بەیاد و ستایشی ئەهورا قسە دەکەم(١) ئافەرین بۆ بەهمەن دەنێرم، سەبارەت بەو مرۆڤە دەبێژم کە وتەکانم دەژنەوێت و لە یادیان دەکات و هەروا بەوانە عەمەل دەکات. ئەگەر ئەوەی ئەم وتە و ئامۆژگاریانە دەژنەوێ، عەمەلی پێ بکات، دەگاتە دیداری ڕۆشنایی ئەبەدی و کامەران دەبێت.

٢

بەرلەوەی ڕۆژی ئاخری بگات، چاکترە ئەوانەی دەبێتە هۆی ڕزگاریتان بژنەون و جیاوازی نێوان دوو ئایینی مەزدایی و ئەهریمەنی بناسن و هۆش و بیری خۆتان بخەنە کار و بزانن کە لە ئاکامدا گەردوون بەقازانجی ئێمەیە.

٣

سەرەتا، دوو گەوهەری لفە و دوانە لە بیر و گوتار و کردەوەی چاکدا پەیدا بوون. لەم نێوەدا ئەوانەی بیری باشیان هەبوو گەوهەری ڕاستییان هەڵبژارد و هەڵیان گرت و، ئەوانەی چەوت و بەدفەڕ بوون گەوهەری درۆیان هەڵگرت.

---

(١) لێرەدا زەردەشت قسە دەکات.



٤

چونکە ئەم دوو گەوهەرە بەیەک گەیشتن، کۆشکی شکۆداری ژیان لە گەوهەری یەکەمەوە سازکرا و سەدای تاریکی و نەمان، لە دووهەمی هاتەدەر.

لە پایانی جیهاندا، لایەنگران و ئەویندارانی ڕاستی و چاکی لە بارەگای مینەوی دەکەونە بەر لێبوردن و نووری ئەهورایی و کامرەوا دەبن و ئەوانەی کەوتنە شوێن درۆ و خراپی لە دۆزەخی ڕەش و تاریکی ئەهریمەندا نوقم و گرفتار دەبن.

٥

لەم دوو گەوهەرەی سەرەتایی (سپەندمینو) کە ئاسمانی بێ سنوور و بێ بڕانەوە وەکو باڵاپۆشی ئەو وایە و، هەموو ئەوانەی کە شاد و خەندان ئایینی چاکییان هەڵبژاردووە و بەکردەوەی باشی خۆیان ڕەزامەندی مەزدا ئەهورایان وەدەست هێناوە کامەران دەبن و ئەهریمەن و درۆپەرستەکان و درۆپەروەران بەکردەوەی خراپی خۆیان شەرمەزارن.

٦

دێوە(*) کانیش نەیانتوانی چاکی و خراپی و ڕاستی و درۆ لەیەک جیا بکەنەوە و ئەوکاتەی سەبارەت بەوانە کەوتنە لێدوان و هەڵخەڵەتاون، بووە هۆی ئەوە کە کردەوەی ناپەسەندیان هەڵبژارد. ئەوکات، هەموویان پێکەوە ڕوویان کردە دێوی (قین)، تا بەیارمەتی ئەو، ژیانی خەڵک تێکبدەن.

٧

ئەو کەسەی ڕووبکاتە گەوهەری ڕاستی و چاکی، شەهریوەر(١) و بەهمەن و ئوردی بەهەشت و سپەندارمەز، یارمەتی ئەدەن و لە تێکۆشان بۆ ڕێگای ڕاست و لابردنی درۆ، دەبنە پشت و پەنای، بەچەشنێ کە لە ڕۆژی پەسلاندا بەسەربەرزی ئازموونی ئاسن(٢) تەواو دەکەن و لە بەرانبەر خێڵی درۆ پەرستاندایە کەم کەس دەبێ کە بەرەو بەهەشتی جاویدان هەنگاو دەنێ.

٨

ئەی مەزدا

ئەو زەمانە کاتی سزای تاوانبارانە و پەیڕەوانی دینی درۆ، سزا ئەدرێن، بەهمەن، وڵاتی جاویدانی و

---

(*) دێو بەمەعنای خودا و ئافەریدەگار بەڵام زەردەشت بەر لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی بەر لە خۆی ئەوانەی کە لەگەڵ ئەو سازگار نەبوون بەدێو ناوی برد.

(١) شەهریوەر ناوی سێهەمین فرشتە یا (ئیمشاسپەند)ە و نوێنەری توانایی ئەهورایە و ئەرکی پاراستنی ئاسنەکان و یارمەتی بێ نەوایانی لەسەر شانە.

(٢) ئازموونی ئاسن، بۆ ڕۆژی پەسلان و ناسینی مەزداپەرست و دێوپەرستە و دەڵێن ئەوەی مەزداپەرست بێ لەو ئیمتحانە دەردێ.

مـینەوی تۆ بـۆ پاداشی ئەوانەی لە گـوناه لایان داوە و پەیڕەوی ڕاسـتی و پاکی بوون، ئامـادە دەکـات و هەموو ئەوانەی کردار و ئاکاریان چاک بووە لە خوانی تۆ بەهرە دەبەن.

٩

ئەی مەزدا

ئێـمە خـوازیاری ئەو کـەسانـەین کـە لە ژیاندا ئاڵوگـۆڕ وەدی دێنن ئەی ئوردی بەهەشت، ئەی بـەرزترین فـریشـتەکان بێن و هاریکاریمان بکەن و یارمـەتیـمـان بدەن بەو چەشنەی کە بیر و بـاوەڕمـان یەک بن و لە گومانی و دوودڵی لامان بدەن و هەمووان بتوانن چاک و خراب بناسن.

١٠

بەڵێ... ئەو کاتە کە ڕاستی سەرکەوێت و درۆ تێبشکێت، ئەوانەی کە وەشوێن ناوی چاک کەوتن بەو پاداشـەی کـە نەویدیان پێـدراوە دەگـەن و لە کـۆشکی چاکی بەهمـەن و مـەزدا و ئوردی بەهەشـتـدا یەک دەگرنەوە.

١١

ئاهای... خەڵکینە

ئەگـەر ئەو ئایینە نێـردراوەی مـەزدا قـەبووڵ بکەن ئەوە دەکـەونە ئاسـوودەگی و ئـاسـایش و ئـارامی جاویدانی، لە ڕەنج و زیانی درۆپەرستان ئاگاداربن، داهاتوو بەدڵی ئێوە دەبێ.

## یەسنا هاتی ٣١

١

{ئەی مەزدا، ئەی گەورەترین و مەزنترینی فریشتەکان}: من بەیادی تۆ، ئەو وتانەی بۆ درۆپەرستان و تێکدەرانی جیهانی ڕاستی تاڵ و ناگەوارە و بۆ ئەویندارانی (مەزدا) خۆش و گەوارایە دەڵێمەوە.

٢

ئاهای... خەڵکینە

لەبەر ئەوەی ئێوە ناتوانن ڕێگای ڕاست بۆ خۆتان بدۆزنەوە و هەڵی بژێرن... (مـەزدائەهورا) منی کـرد بەداوەری هەر دوو دەسـتـەی (مـەزدا پەرسـتـان و دێوپەرسـتـان) و هەڵیسـانم و ناردمی بۆ لاتان، بەڵکو بتـوانم ڕێگای ڕاست بەئێـوە پیشـان بدەم و هەمـوومـان پێکەوە، لەسـەر بناغـەی دینی ڕاسـتین، ڕەوتی ژیانمان دابمەزرێنین.

(مەزدائەهورا) بۆ خۆی من دەناسێت و شاهێدی دروستی ئایینی منە.

٣

ئەی مـەزدا، داوات لێ دەکـەم بەزبـانی خـۆت ئەو سـزای کـە لە ئایینی ڕاسـتـیدا بۆ تاوانبـاران و



دروستکارانت داناوە بفەرموویت تا منیش بزانم و لە هەموو گیانداران بخوازم بێنە سەر دینی تۆ.

٤

ئەی بەهمەن، لە هەر کاتێ کە (ئوردی بەهەشت) و (مەزدا) و (سپەندارمز) و (ئەشی)[1] و هەمـوو فریشـتـە مـەزنەکان، بۆ یارمـەتی بانگ دەکرێن، من بۆ خۆم خوازیاری شـاریارێکی بەتوانا و بەهێزم تا بتوانم لە پەنای هێز و توانای ئەودا بەسەر سوپای درۆدا زاڵ ببم.

٥

ئەی بەهمەن، لە باشترین بەهرە و پاداشی دینی ڕاستین ئاگادارم بکە تا بزانم و لە یادی کەم و حاڵی بم، چونکە بەمن بەخیلی دەبەن.

(ئەی مەزدا ئەهورا)، بە من خەبەر بدە لەوەی ڕوو دەدات و لەوەی نابێ ئاگادارم بکە.

٦

باشـترین پاداش پیـرۆزی ئەو زانایێ کـە من لە وتاری دینی ڕاسـتین سـەبارەت بەهەتاهەتایی بوونی وڵاتی مەزدا کە بەهمەن بۆ فەراهەم دەکات و هەڵی دەدات ئاگادارکات.

٧

ئەوەی کە سەرەتا بەجوان کردن و ئارایشی بەهەشتی پڕ لە نوور کە جوانترین و باشترین سروشتی هەیە، بیر بکاتەوە، ئەو کەسەیە کە بەزانایی خۆی دەبێتە ئافەریدگاری ڕاستی.

ئەی مەزدا

تۆ بەهێزی مینەوی خۆت بەهەشتی جوان دەڕازێنیتەوە.

(ئەی ئەهورا):

تۆ لە پاش تێداچوونی جیهان هەر بەو چەشنەی دەمێنیتەوە کە لە سەرەتای ئافەرینشدا بووی.

٨

ئەی مەزدا، ئەو کاتەی کە بەچاوانی خۆم لە تۆ حاڵی بووم، لە کانگای دڵمەوە بیرم لە تۆ دەکردەوە و زانیم کە تۆ ئەوەڵ و ئاکامی هەر شتی و باوکی کرداری چاک، کە تۆی داداری ڕاستین و دروستی و تۆی داوەر و فەرماندەری هەموو کردەوەکانی جیهان.

٩

ئەی مـەزدا ئەهورا، ئەو کـاتە کە ئاژەڵەکـانت نارد و عـەقڵت پێدان بێنە یـاری وەرزێران یان بچنە نێـو خێوەت نشینان، (سپەندارمز) و زانایی بەدیهێنانی چوارپایان، لە تۆوە بوو.

١٠

ئەی مـەزدا، بەفـەرمـانی تۆ بوو کـە چوارپایان، وەرزێرەکان و ئاژەڵدارەکـانیـان وەکو پـارێزەری کردەوەی

(١) asi: ئەشی... ناوی فرشتەی تاوانگەری و سزایە

چاک بەخاوەنی خۆیان زانی.

(ئەی مەزدا)، خێوەت نشینی کۆچەر (کە کشتوکاڵ نەکات) هەرچی تێ بکۆشێت ناتوانێ لە پەیامی چاکی و بەرەکەتی تۆ بەهرە ببات.

١١

ئەی مەزدا، ئەوکاتە کە لە سەرەتای جیهاندا، ڕەوانی ئێمەت خوڵقاند لە عەقڵ و زانایی خۆت بەشت داین، ئەوکاتە کە گیانت کرد بەلەشماندا، پەیامی کردەوەی باشت بەئێمە یاددا تا هەر کەس ئازادانە بۆ خۆی دین قەبووڵ کات.

١٢

هەر ئەوکاتە درۆزن وەکو ڕاست وتار و نەزان وەکو زانا لە دەروونەوە هاواریان کرد و هەرکام خەڵکیان بۆ لای ئایینی خۆیان بانگهێشت دەکرد. (سپەندارمز) بۆ خۆی ئاگای لە ڕەوانی سەرگەردانە، یا بەوانەی دوودڵن و نازانن ئاییبنی باش هەڵبژێرن یارمەتی دەدات.

١٣

ئەی مەزدا، تۆ ئاگا و بینایت و لەوەی لە ئاشکرا و پەنا و نیهاندا دەکرێت خەبەرداریت و لە ڕۆژی پەسلاندا لەوانە دەپرسیتەوە. بەکردەوەی چاک خۆشنود دەبیت و بەکردەوەی خراپ نیگەرانیت و جەزای هەمووان بەتۆیە.

١٤

(ئەی ئەهورا)، لە تۆ پرسیار دەکەم، لەوەی ڕۆیشت و لەوەی دێت، لە سلاو و پاڕانەوەی پاکدینان و لەو پاداشە کە بەپاکان و ناپاکان عەتای دەفەرموویت.

ئەی (مەزدا)، ئەم هەمووە، لە ڕۆژی پەسلانا چۆن دەبێ؟

١٥

ئەی (مەزدا)

لە تۆ پرسیار دەکەم، سزای ئەو کەسەی کە یارمەتی درۆزن و درۆ پەرستێ بدات ، ئەو ناپاکە، یارمەتی بدات و بیکاتە شاریار، چییە؟

ئەی (ئەهورا)، {لە تۆ پرسیار دەکەم} جەزای ئەو بەدفەڕ و بەدکردارەی کە دەستمایە و پێداویستی ژیانی لە ئازادی وەرزێرانی دروستکردار و چوارپایان پەیدا دەکات چییە؟

١٦

ئەی (مەزدا) ئەهورا، لە تۆ پرسیار دەکەم... ئایا ئەو نیک خوڵق و چاک نیهادەی کە بەڕاستی بۆ زیادکردنی هێزی بنەماڵە و ئاوەدانی گوند و ولات تێدەکۆشێت، دەبێتە وەک تۆ؟(١)

(١) واتە ئایانە و کردەوانە، یەزدانێ و تۆ پێیان شاد دەبیت؟



ئەی مەزدا ئەهورا، ئەو کەسە بەکام کردار و لە کام کاتدا دەبێتە خودایی؟

١٧

ئەی ئەهورا، (پرسیارت لێ دەکەم) مەزنترین پەیڕەوی ڕاستی و گەورەترین لایەنگری درۆ کێ هەیە؟

زانایێک پێویستە (تا) زانیارییەکی بەم چەشنە وەڵام بداتەوە و ئاگامان بکات تا لە مەولا، نەزان نەتوانێت کەسێک بخڵەتێنێ. ئەی مەزدا، تۆ ببە بەئامۆژگار و مامۆستای کردەوەی چاک بۆ ئێمە.

نەکەن هەرگیز یەکێ لە ئێوە بەوتار و ئامۆژگاری درۆپەرست گوێی بدات، چونکە ئەوە (سیاهکار)ە بەکردەوە و وتاری خۆی دەبێتە هۆی وێرانی خان و مان و گوند و ولات.

(ئاهای... خەڵکینە)، بێن یەک بگرن و کەرەسەی جەنگ ئامادە کەن و خێڵی درۆپەرستان بەزەبری شەڕ و پەیکار لە ولاتی خۆتان دەرکەن.

١٩

ئەی (ئەهورا)، بە (وتار)ی ئەو کەسە دەبێ گوێ بدەین کە ڕاستە و لە ڕاستی بیر دەکاتەوە، بەو کەسەی کە زانا و دەرماندەری زامەکانی ژیانە دەتوانێ لە بەرانبەر کۆگای ئاگری پیرۆزدا، بەو چەشنەی کە سزاوارە، گوتاری ڕاست و دڵگیر ئەداکات.

ئەی مەزدا، پاداش و سزای مەزداپەرستان و دێوپەرستان لە کاتی خۆیدا و بەسەری وەخت بدەرەوە و بۆیان بەش کە.

٢٠

ئەو کەسەی کە ڕووبکاتە پەیڕەوی ڕاستی (زەردەشت) لە داهاتوودا دەستەویەخەی تاریکی و چارەڕەشی داییمی و هاواری نەدامەت نابێت.

ئاهای... ئەی پەیڕەوانی درۆ. ئاوایە داهاتووتان. ئەگەر لەو کارانە پەژیوان نەبن و ڕوو نەکەنە کردەوەی چاک و دینداری.

٢١

(مەزدا ئەهورا)! پادشاهی و مەزنایەتی داییمی و توانایی و پارێزکاری و ویژدانی ئاسوودە دەکاتە نەسیبی کەسێ کە لە بیرو کردەوەی چاکدا دۆست و یاری ئەوە.

٢٢

ئەم زاتە (زەردەشت) لە بەرانبەر ئەوانەدا کە خاوەنی هەستی پاک و دەروونی خاوێن، دیارە و ئەوە، کە بەوتار و کردەوەی خۆی، بووەتە پارێزەری ڕاستی و ولاتی جاویدانی و مینەوی (مەزدا).

ئەی (مەزدا ئەهورا)، ئەوە (زەردەشت) کە عەبد و فەرمانبەر و یاوەری ڕاستێن و هەتاهەتایی تۆ دەبێ.

## یەسنا . هاتی ٣٢

١

ئەی ئازادەکـان... ئەی وەرزێران، ئەی پێشـەوایان، ئەی دێوەکـان ئێـوە لەسـەرتانە بۆ شـادومـانی و خۆشنوودی (مـەزدا ئەهورا) گـوێڕایەڵی وتـار و ئامۆژگـارییـەکـانی من بن و لەوانە وەکو فـەرمـانبـەرێک پەیڕەوی بکەن.

(ئازادەکان و وەرزێرەکان و پێشەوایان لە وەڵامی زەردەشتدا دەڵێن):

(ئێمە) هاتووینەتە سەر ئەو ڕاستی و باوەڕە کە وەکو خزمەتکاران و فەرمانبەرانی تۆ، ناپاکان و بەدوێستەکان دوورخەینەوە و دەریان بکەین.

٢

(مەزدا ئەهورا)– ئەو خودای یەگانە، خاوەنی مەنشی چاک ئەو یارە چاکە، ئەو ڕاستییە درەوشاوە. لە توانایی خۆیدا وەڵامی ئەوانی دایەوە و گوتی: ئێوەمان هەڵبژارد لەبەر ئەوەی پارێزکار و بێ دەغەڵە و ڕاستن و ئیتر ئێوە لە بەندەگانی (تایبەتی) ئێمە بن.

٣

ئەی دێوەکـان، ئێـوە لە تۆ و توخمی (کـردەوەی ناحەزن) ئەو کـەسـەی تا درەنگانێ ئێوە پەرەستش دەکات، بۆ درۆو تاریف کردنی بەدرۆیە. ئێوە هەرلە قەدیمەوە بەم کردەوانە لە (حەوتەمین بووم)(١) ناوتان هەیە.

٤

لەو کاتەوە کە ئێوە بوونەتە فەرمانڕەوا، بەخراپترین شێوازی حکومەتی لە فەرمانە نالەبارەکانی ئێوەدا خۆ دەنوێنێ. بەوانەی کە لە کردەوەی چاک دوور دەکەونەوە و پشت دەکەنە عەقڵ و لە (مەزدا ئەهورا) و ڕاستی ڕووی خۆیان وەردەگێڕن دەڵێن: (دۆستان و لایەنگرانی دێوەکان).

٥

ئەی دێوەکان، ئێوە بەبیر و گوتار و کرداری ناحەز و تێکدەری ئەهریمەنی کە شێوەی ئێوە و پەیڕەوانی و درۆیە، کۆمەڵانی خەڵک لە شەقامی ژیانی باش و هەتاهەتایی لادەدەن و دەیان خڵەتێنن.

٦

ئەی ئەهورا، هەرچەند {(گەرهەم)}(٢) لە تاوانباریدا ناوی دەرهێناوە، بەڵام دیارە تۆ پاداش و سزای هەر کەست لەیادە و بەباشترین شێوە لەوانە ئاگاداری.

(١) حەوتەمین بووم... قەدیم دەیان وت دنیا حەوت ئقلیمە یان حەوت وڵاتە و بەئێرانیان دەگوت وڵات یان ئقلیمی حەوتەم.

(٢) پێشەوای درۆپەرستان و لە سەرکردەکانی کەیانی بووە.



ئەی مەزدا!، فەرمانی تۆ و دینی ڕاستین (لە ڕۆژی پەسلاندا) و لە وڵاتی مینەویدا دەردەچێت.

٧

بۆ مرۆڤی زانا سزاوارنییە تاوان بکات، هەمووان دەزانن ڕزگاری لە گوناە و بەهرە وەرگرتن لە پاداشی باش پێویستی بەوەیە مرۆڤ لە ئازمایشی (ئاسنی سۆرکراو)دا ڕزگاری بێت.

ئەی (مەزدا ئەهورا)، تۆ لە هەمووان چاکتر، ئاخر و ئاکامی تاوانباران دەزانی.

٨

یەکێ لە تاوانبـارانی ناودار و ناسـیـاو (جـەم و یوەنگهـان)ە(١) ئەو کـە لەبەر خـۆشنوودی مـرۆڤ، گۆشتخواردنی بەوان فێر کرد.

ئەی مەزدا، کارێکی وا بکە، من، لە زومرەی تاوانباران نەبم و بەڕەحمی خۆت لە وان دوورم کەرەوە.

٩

ئەو ئامۆژگارییەی کە بەوتاری خراپە، مرۆڤ فێری کردەوەی نالەبار دەکات و جەماوەری خەڵک لە ئاکاری باش دوور دەکاتەوە و ناهێڵێت ئەوان بن بەخاوەنی قەدر و قیمەت.

ئەی مەزدا ئەی (ئوردی بەهەشت)، من بەم وتانەی کە لە ناخی دڵ و گیانمەوە دێن لە کن ئێوە گازندە دەکەم.

١٠

ئامۆژگاریی خراپە کە وتاری خراپ پەرە پێدەدات و ناوی هەتاو و ئاژەڵەکان بەخراپی دەبات و بەوانەی سەڵادەری ڕاستی و ئازادین دژنام دەدات و لای خەڵک بەدرۆزنیان دەناسێنێ و کێڵگەکان ساف دەکات و دژ بەرێبوارانی ڕێگای ڕاست چەک هەڵدەگرێت.

١١

ئەوانەی ژیان تێکدەرن پەیڕەوانی درۆن و یەکجـار تێـدەکـۆشن و هەوڵ ئەدەن تا کـەی بانووەکـان و کوێخاکان لە ڕەحم و لێبوردنی یەزدان دوور بخەنەوە.

ئەی مەزدا، ئەوان، پەیڕەوانی ڕاستی لە چاکترین کردەوەکان دوور دەخەنەوە.

١٢

ئەوان بەوتاری خڵـەتێنەر، کـۆمـەڵانی خـەڵک لە چاکی دوور دەخـەنەوە. مـەزدا، نەفـرین دەنێـریت بۆ ئەوانەی بەشـادومـانی و خـۆشـیـیـەوە خـوێنی ئاژەڵ دەرێژن. ئەوانە، (گـەرهەم)(٢) و هاوەڵانی ئەو (کەرپەن)(٣) و شاریاری خوازیاری درۆیان هەڵبژارد و لەسەر خۆیان داناون.

(١) Vivanghan نێوی بابی جەمشیدە کە زەردەشت بەخراپی یادی دەکات.

(٢)garham: پێغەمبەری درۆ پەرستان بووە.

(٣)karapan: ناوی تاقمێ لە پێشەوایانی دێو پەرستن.

۱۳

له ڕۆژی پەسلاندا، (گەرهەم) و هەموو وێرانکاران و خراپکارانی جیهان، دەکەونە دۆزەخ و بەسزای خۆیان دەگەن.

ئەی (مەزدا)، دەبینن ئەو کاتەی کە ئەم ناپاکانە دێنە ناڵە و هاوار لەو کاتەی پێغەمبەری تۆ (زەردەشت) ئیزنیان پێ نادات، تەنانەت سەرنجی بەهەشتیش بدەن.

۱٤

زۆرلە مێژە کە (گەرهەم) و (کەوی)یەکان(۱) دەستیان داوەتە دەستی یەک و عەقڵ و زانایی خۆیان لەدەست داوە و خەریکن یارمەتی درۆپەرستان دەدەن.

ئەوان، پەیڕەوانی خۆیان هان دەدەن بۆ کاولکردنی ئاورگەکان و پێیان وایە بەم پێشکەشە خوێناویە دەتوانن (هەوم)(۲) بۆ وەدرەنگ خستنی مەرگ، بێرنە یارمەتی خۆیان.

۱٥

کەرپەنەکان و کەوییەکان لە ڕۆژی پەسلاندا دەکەونە بەر تۆڵەی ئەوانەی کە ئەمرۆکە ئازاریان ئەدەن و ناهێڵن بەئازادی بژین. ئەو ستەمدیدانەی کە ئەمرۆ ئازار دەبینن لە جیهانی ئەولادا، دەکەونە سەرای خۆشی و کامەرانی.

۱٦

چاکترین شت ئەوەیە، پیاوی پارێزکار و هۆشمەند فێرتان بکات.

ئەی (مەزدا ئەهورا)، دژ بەوەی بەئازار تووشی ترسم دەکات، توانا و هێزم پێبدە و بەسەریدا زاڵم بکە، بەو چەشنەی کە بتوانم دۆستان و لایەنگرانی خۆم لە ئازار و خۆفی پەیڕەوانی درۆ، بپارێزم.

## یەسنا . هاتی ۳۳

۱

بەو چەشنەی کە لە ئایینی سەرەتایی ژیاندا هاتووە، لە ڕۆژی پەسلاندا، داوەر لە بەینی پەیڕەوی ڕاستی و پەیڕەوانی درۆدا و لەوانەی ئەو دوانەیان لەگەڵ یەک تێکەڵاو کردووە، بەدروستترین شێوە ڕەفتار دەکات.

۲

ئەو کەسە دەتوانێت بەختەوەر بێ کە بەبیر و زانایی و کردەوەی باشی خۆی، زیان بگەیێنێت

(۱) کەوی: کیا... واتە سەرانی ناوداری ئاریایی.

(۲) haoma: ناوی شەربەتێکە کە لە گیای هەوم دەیانگرت و دەیاننۆشی.



بەدرۆپەرستان و ئەوان هیدایەت بکات بۆ قەبووڵ کردنی دینی ڕاستی و بیبێتە هۆی شادومانی ئەهورا مەزدا.

۳

ئەو کەسەی کە بۆ پەیڕەوانی ڕاستی، واتە ئازادەگان و پێشەوایان و وەرزێران و شوانەکان، خوازیاری چاکی و بەختەوەری و داهاتووی چاک بێ، لە ئاکامدا خۆیشی پای دەکەوێتە سەرای خۆشبەختی و بەهەشتی مینەوی.

٤

ئەی (مەزدا)! ئەوە منم کە بەپەرستشی تۆ ژەنگی نافەرمانی و خراپەکاری لە دڵان پاک دەکەمەوە و مرۆڤی ئازادە لە چنگ خیرەسەر و کەشاوەرز لە دەست هاوسێی درۆپەرست و پێشەواکانیان لە دەست لۆمەکەران و چیمەن و مێرگە و ئاژەڵەکان، لە دەست گزیرەکان و کاربەدەستانی زاڵم و غەددار خەلاس دەکەم.

٥

ئەی (مەزدا)! لەو کاتەیدا کە بەپێوانی ڕێگای ڕاست و دانایی وڵاتی باش و خاوەنی کرداری چاکە، دەستم دەگاتە ژیانی هەتاهەتایی لە خزمەتی ئەهورامەزدادا... ئەی سرووش(۱) کە لە هەمووان مەزنتری. داوای یارمەتیت لێ دەکەم.

٦

منم ئەو پێشەوا کە بەهێنانی ئایینی ڕاستی، ڕێگای دروستم پیشانی خەڵک دا، ئیستاکە، لە (بەهمەن) دەخوازم ڕێگای باشتر کردنی کشتوکاڵم پیشان بدات، تا بەو کردەوەی دروستی وەرزێری ژیانی گەل چاک بکەم.

ئەی (مەزدا ئەهورا)! هیوام وایە کە (بەهمەن) و (ئۆردی بەهەشت) ببینم و سەبارەت بەم خوازیارییە، لەگەڵیان دابنیشم و گوتوبێژیان لەگەڵ بکەم.

۷

ئەی (مەزدا) ئەی (ئوردی بەهەشت) ئەی (بەهمەن) ئەی چاکەکان، بێن و بەتیشکی خۆتان ڕووبکەنە من و خۆتانم لێ ئاشکرا بکەن تا هەموو کۆمەڵانی خەڵک بروام پێ بکەن و ئیمانم پێ بێنن. دەبێ هەموو مەزنایەتی و چاکەکان لەناو جەماوەردا ئاشکرا و دیار بن و جگە لە (مۆغە)کان، جەماوەری خەڵک ڕوو بکەنە ئایینی ڕاستی.

(۱) سرووش لە ئایینی زەردەشت دا ییزەدی فەرمانبەری و پاسەوانی چاکانە و (مەزدا) شەوانە لەگەڵ ئەو دەبێت. لە ئیسلامدا هەندێ زانایان سرووش بەحەزرەتی (جبرییل) علیه السلام ناو دەبەن.

٨

ئەی (بەهمەن)، داوات لێ دەکەم دەنگم بناسیت کە بۆ دادخواهی هاتوومەتە لات.

ئەی (مەزدا) ئەی (ئوردی بەهەشت)، داوتان لێ دەکەم سڵاو و دروودی من بژنەون و بیناسن کە پێشکەشتان دەکەم.

ئەی (خورداد)(١) ئەی (ئەمورداد)(٢)، ستایش و نیایش و پاڕانەوەی من بژنەون و لێبوردنی هەتاهەتاییان بکەنە بەشم.

٩

ئەی (مەزدا)، زانایی تۆ و ڕەحم و چاکخوازی دوو یاری تۆ (خورداد و ئەمورداد) پێشکەش بەو کەسە بێت کە ببێتە پەیڕەوی دینی من و ببێتە ڕێبواری ڕێگای چاکی و ڕاستی.

ئێمە (پاکدینان) لە یاوەری ئەو دووانە (خورداد و ئەمورداد) کە خاوەنی ڕەوانی یەگانەن بێبەش مەکە.

١٠

ئەی (مەزدا)، هەموو خۆشییەکان و شادکامییەکانت کە تایبەتی خۆتە، (ئەوانەی کە هەن و ئەوانەی کە دەبن) بەخواست و ڕەزامەندی خۆت بەئێمە عەتا بفەرموو. بەدەستیاری (بەهمەن) خۆشییەکانمان زیاد بکە بەیارمەتی (شاریوەر) و (ئوردی بەهەشت) لەشی ئێمە لە ڕەنج و زەحمەت ڕزگار بفەرموو.

١١

ئەی (مەزدا ئەهورا)ی بەتواناتر... ئەی (سپەندارمز) ئەی (ئوردی بەهەشت)ی گەشەداری گیان. ئەی (بەهمەن) ئەی (شاریوەر) وتارەکانی من بژنەون. ئەو کاتەی نامەی کردەوەی هەر کەس دەکەوێتە بەردەستتان، لە بەخشین و بەزەیی درێغی مەکەن و لێیان ببوورن.

١٢

ئەی (ئەهورا) ڕووم تێبکە و لە (سپەندارمز) هێز و توانام پێ بدە. لە ڕەوانی خاوێن بەپاداشی چاکە هێز و زۆرم پێ بدە، لە هێزی (ئوردی بەهەشت) مەزنترین هێز و ئاوەڵا دەستی و لە هێزی (بەهمەن) بەخشین و دلۆڤانیم پێ بدە.

١٣

ئەی (ئەهورا)... ئەی (سپەندارمز) بەسروشتم ڕاستی یاد بدەن... ئەی ئەوانەی جێگا دوورەکان دەبینن... بۆ ئەوەی بمێنم و ڕێنومایی خەڵک بم لەو نیعمەتانەی کە لە دنیای مینەویدا هەتانە وەکو کردەوەی چاک، بێبەشم مەکەن.

---

(١) خورداد بەمەعنای پێکەوتن و چاکی، (ناوی پەنجەمین ییمشاسپەندە و لە جیهانی خاکی دا نیگاهبانی ئاوە)

(٢) ئەمورداد... بەمەعنای بێ مەرگی و جاودانی ناوی فرشتەی شەشەمە و پارێزەری گیاە



١٤

کرداری پاک، وتاری پاک و بیرکردنەوەی پاک، دروشمەکانی هەڵبژێراوی (زەردەشت)ن بۆ ژیانێکی باش و سەرکەوتووانە و پیرۆز. بەو دروشمانە و بەو کردەوانە و عەمەل کردن بەوانە فەرمانبەری خۆم و ئیتاعەی خۆم بەبارەگای ئەهورامەزدا پێشکەش دەکەم.

## یەسنا . هاتی ٣٤

١

ئەی مەزدا، ئێمە خوازیاری بیر و گوتار و کردەوەی چاکین و داوات لێ دەکەین بەوانەی کە پێمان عەتا دەفەرموویت وڵاتمان ئاوەدان و جاودان کەین.

٢

ئەی (مەزدا)! پیاوی پارێزکار (زەردەشت) کە ڕاستی لە ناخی دەروونیدایە بیر و کردەوەی خەڵکی چاک کردار و پاکدین لەگەڵ سروود و هۆنراوەی شوکری تۆدا، پێشکەشی بارەگات دەکات.

٣

ئەی (ئەهورا)، ئەی (ئوردی بەهەشت) ئێمە (مەیەزد)مان هاوڕێ لەگەڵ ستایشدا بەناوی پێشکەش بۆ ئێوە هێناوە تا هەموو ئەوانەی خاوەنی کردەوەی چاکی هەتاهەتایین، ببنە خێوی وڵاتی جاودانی.

ئەی (مەزدا) ئەوەی بەچاکی و باشی بیر دەکاتەوە، هەمیشە لە پەنای تۆدایە.

٤

ئەی (ئەهورا)، دەخوازین کە ئاگری تۆ، واتە خاوەنی هێزی ڕاستی و ئەو هێزەی کە لە فەرمانی ڕاستیدا یادی کراوە، بەئاشکرا دۆستان شاد و دوژمنان تووشی ڕەنج و ناکامی و مشەقەت بکات.

٥

ئەی (مەزدا) ئەی (ئوردی بەهەشت) ئەی (بەهمەن) ئەوەتا ڕووم کردە ئێوە و لە گەڵتانم... ئێوە بۆ بەخشین بەفەقیران و بێ ئەنوایان چتان هەیە و لە شاریاری و توانایی خۆتان چییان پێ ئەدەن؟

ئێمە، لە زیانکاران و تاوانباران و دێوان و درۆپەرستان دوور کەوتینەوە و لەوان جیابووینەوە. (ڕوومان لە ئێوە کرد).

٦

ئەی مەزدا ئەی (ئوردی بەهەشت) ئەی (بەهمەن) چونکە ئێوە بەڕاستی توانا و خاوەن هێزن ئەوەیش نیشانی ئەوەیە کە دەتوانم کاری دنیا وەرگێڕم و هەڵی شێوێنم. بەچەشنێ کە شادمانتر و لەسەرەخۆتر بەستایش و دوعا ڕووتان تێ بکەم.

٧

ئەی (مەزدا)، پیاوانی هەڵکەوتوو جوامێرانی ئەمەکناس و وەفادارانی چاک کرداری تۆ، کە هەرچەند تووشی ئازار و زەحمەت و کردەوەی خراپی دوژمنانی تۆن، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک بەرەو هۆشیاری و فێربوونی دینی ڕاستی و کردەوەی باش، هان ئەدەن، کامانەن؟

ئەی (ئوردی بەهەشت)، من تەنها تۆ دەناسم. بێ و پەنادەر و پشتیوانی من و هەموو چاکان بە.

٨

ئەی (مەزدا)، (پێشەوایانی دێوپەرستان) گەرەکیانە بەکردەوەی ناپەسەند و هەڕەشەی خۆیان، خۆف بخەنە دڵی (مەزدا) پەرستەکان.

بەداخەوە (پێشەوای دێو پەرستان) لە من بەهێزترە و لەگەڵ ئایینی تۆدا دوژمنە. ئەوانەی کە ڕوو نەکەنە دینی ڕاستین، لە ڕۆژی پەسلاندا ڕێگای بەهەشتیان نادەن.

٩

ئەی (مەزدا)! (سپەندارمز)ی مەزن لە کن زانایان و فرەزانان، پلە و پایەی بەرزە. ئەو کەسانەی بەکردەوەی ناحەز و نالەبار، ئازاری بدەن، هەرگیز ڕووی ڕزگاری و ئاسوودەگی نابینن و چەندی دێوەکان لە ئێمە دوورن، ئەوانیش لەگەڵ ئایینی ڕاستیدا ئەوەندە دوورن.

١٠

ئەی مەزدا ئەهورا، زانای خاوەن ڕا (زەردەشت) ئێمەی بۆ کرداری چاک و دەروونی پاک و پەرستشی (سپەندارمز) واتە ئەو یاری ڕاستەقینەو هیوای وڵاتی مینەوی تۆ، پەندو هان داوە.

١١

ئەی (ئەهورا)، هەتاهەتایی بوون و بەرزیی تۆ لە هەر دوو جیهاندا وەکو (بەهمەن) و (ئوردی بەهەشت) و (سپەندارمز) خاوەنی وڵاتی بەهێز و پایەدارن.

ئەی (مەزدا)! تۆ یاریدەدەر و پشتیوانی ئەوانەی کە دژ بەدوژمنانی تۆن و لە شەڕی بەینی واندا، دۆستانی خۆت وەکو بەهمەن و ئوردیبەهەشت و سپەندارمز، سەردەخەیت.

١٢

ئەی (مەزدا)، ئایینی تۆ کامە؟ خواستی تۆ چییە؟ پەرستش و پیاهەڵدانی تۆ چۆنە؟ ئەمانە، هەمووی بفەرموو، تا هەمووان بیژنەون، ئەو پاداشەی کە (ئەشێ) بەخەڵکی دەدات ناوببە.

لە ڕێگای ڕاست و کردەوەی چاک، ئاگادارمان بکە.

١٣

ئەی ئەهورا، ئەو ڕێگای کردەوەی چاکەی کە بەمنت ئەسپارد و گوتت دووپاتی کەرەوە لەو ڕێگا ڕاست و چاکەی کە دروستت کرد ڕەوانی (سوشیانتەکان) بەئەو جێگای کە پاداشی هەموو بیرمەندانی چاک



کردار ئەدەنەوە و وەعدەت بەچاکان داوە، وەکو کەوی خەرامان دەڕۆن.

١٤

بەڵێ... ئەی (مەزدا)، تۆ پاداش و خەڵاتی سزاوار و لایەق عەتا دەکەیت بەوانەی کە وەرزێرن و ڕەوەو گەلەڕانی چاک بەخێو دەکەن.

ئەمە لە ئایینی ڕاستی و جاویدانی تۆدایە کە بۆ هەتاهەتایە پشتیوان و یاریدەدەری وەرزێران و شوانەکان و ڕەوەدارەکان بێت. چونکە ئەوان خاوەنی کردەوە و ئاکاری چاک و بەسوودن.

١٥

ئەی (مەزدا)، ئاگادارم بفەرموو لە باشترین وتارەکان و چاکترین کردەوەکان.

ئەی (ئەهورا) ئەی (بەهمەن) ئەی (ئوردی بەهەشت) بەتوانایی و هێزی خۆتان، لەو حەمد و سەنا و ستایشەی کە لەسەر شانی عەبدەکانی خودا قەرزە، ئاگادارم بکەن تا من تێبکۆشم ژیان بەکام و مەرامی ئێوە شاد و تازە بکەمەوە.

# ئەشتود گاسا

## یەسنا . هاتی ٤٣

١

ئەی (مەزدا ئەهورا)

تۆی کـە دەتوانی هەمـوو ئاوات و ئارەزووەکـانی مـرۆڤ بەراوەرد کـەیت. لە کـانگای دڵـمـەوە لێت دەپاڕێمەوە ئاواتەکان و ئامالەکانی ئەوانەی خوازیارن قەبووڵ و بەراوەردی بکەیت.

ئەی (سپەندارمز)، یارمەتی من بدە تا بتوانم لە ڕاستی بەهرەوەر بم و فەڕوو پاداش و چاکی ژیانم پێ ببەخشە.

٢

ئەی (مـەزدا)، لێت دەخـوازم ئەوەی کە ئارەزووی بەهەشتی تۆی هەیە بەچاکـترین و پاکـترین شێـوە، لەگەڵ شادومـانی بێ بڕانەوە، پێ عـەتا بفەرمـوویت... شـادی و ژیانی باش و تەمـەنی درێژ بەپەیڕەوانی ڕاستی ببەخشیت.

٣

ئەی ئەهورا، دەخـوازین لە چاک، چاکـتـر بێت ئەو پیـاوەی کـە لەم ژیانی دنیـایی و لەو ژیانی بێ بڕانەوەدا ئێـمەی خسـتە سەر ڕێگای ڕاست و بەسوود و ڕێنوێنی کردین، ئێمەی برد بەرەو ئەو شەقامەی کە دەگاتە ئەهورا و ئافەریدە پاکەکانی ئەو.

ئەی (مەزدا) ئەو جوامێرەی کە پاک و چاکە بوو بە ڕێنوێنی ئێمە.

٤

ئەی مەزدا، تۆمان لە جیهانی مینەویدا بەتوانا و پاک ناسیوە ئەو کاتەی کە سزا و پاداشی پەیڕەوانی ڕاستی ئەدەیتەوە و هەروا تۆڵە لە پەیڕەوانی درۆ دەکەیتەوە، بڵێسەی ئاگری تۆ کە هێزی ڕاستییە، لەگەڵ هێزی کردەوەی چاکدا ڕووو دەکەنە من.

٥

ئەی (مەزدا ئەهورا)، ئەو جارەی بۆ یەکەم جار لە جیهانی بێ بڕانەوەدا چاوم کەوت بەتۆ و سەرنجم دایت، تۆم بەپاکی ناسی و تێگەیشتم کە چۆن پاداشی وتەکان و کردەوەکانی من ئەدەیتەوە و جەزای چاکەم ئەدەیتێ.

دیارە پاداشی وتار و کرداری چاک، چاکەیە و تۆڵەی وتار و ئاکاری خراپ، خراپەیە. هەر تۆی کە لە ڕۆژی پەسڵاندا بەهونەری خۆت چاکە و خراپە دەناسیت و لە یەکیان جیا دەکەیتەوە.

٦

ئەی (مەزدا)، ئەو کاتەی، وەعدەی ئاکام و ڕۆژی پەسڵان دەگات، تۆ هاوڕێی لەگەڵ (سپەند مینو) و (شاریوەر) و (بەهمەن) (کە بەکرداری خۆی لە جیهاندا ڕاستی فرەوان دەکات) دێنەدەر و خۆتان



دەنوێنن. (سپەندارمز) جەماوەری خەڵک لە گەیشتنی ڕۆژی داوەری ئاگادار دەکات. ئەوکاتە (سپەندارمز) داوەری دەکات و دیارە، کەس ناتوانێ لە داوەری ئەودا فەریب و دەغەڵە بکات.

٧

ئەی (مەزدا ئەهورا)، لەو کاتەی دا کە (بەهمەن) هات بۆ لای من، پرسیاری لێ کردم.

ئەتۆ کێیت؟ لەگەڵ چ کەسدا پێوەندیت هەیە و لە ڕۆژی پەسڵاندا بەکامە ناوونیشان خۆت و ژیانی خۆت دەناسیتەوە؟ تۆم بەپاکی ناسی.

٨

ئەوکاتە بەوم وت: ئەزم (زەردەشت) کە دوژمنی درۆپەرست و تەکیەگا و پەنای بەهێزی پەیڕەوانی ڕاستی دەبم تا لە ڕۆژی هەڵساندا، ولاتی دڵخوازی بێ بڕانەوەم بەنەسیب بێت.

ئەی (مەزدا)، تا ئەو کاتەی دەهۆنمەوە و دەپاڕێمەوە، (تا دوا هەناسە) دوژمنی درۆ و یاوەری ڕاستیم.

٩

ئەی (مەزدا ئەهورا)، لەو کاتەیدا کە بەهمەن هاتە لای من پرسیاری لێ کردم. تۆ لە ڕۆژی پەسڵاندا چۆن خۆت دەناسیتەوە؟

تۆم بەپاکی ناسی (وەڵامم دایەوە) ئەز بەدوعا و نزا و ستایش و پێداهەڵدانی ئاگری پیرۆز خۆم دەناسمەوە و هەتا هێز و توانام هەبێت، بیر لە ڕاستی دەکەمەوە و خۆیشم بەدینی ڕاستی دەناسمەوە.

١٠

ئەی (زەردەشت)، سەرنجی دینی ڕاستینی من بدە و تەماشاکە، من و (سپەندارمز) داوای لێ دەکەین تا بێتە لای ئێمە، جا ئێستا هەرچی دەخوازی و هەر پرسیارێکت هەیە، بیپرسە لە ئێمە، چونکە پرسیارەکە لە زاری پیاوێکی بەهێزەوە دێتە دەرێ و ئەو کەسەیش تۆ پرسیاری لێ دەکەیت (هێزی) ئەوەی هەیە و ئەوەندە بەتوانایە کە بتوانێ بەئاسانی وەڵامی پیاوێکی قودرەتمەندی وەکو تۆ بداتەوە.

١١

ئەی (مەزدا ئەهورا)، ئەو کاتەی (بەهمەن) هات بۆلای من بۆ یەکەم جار لە بیرۆکەکانی تۆی فێر کردم، تۆم بەپاکی ناسی... ئایا سەوداسەری و دڵداری من بۆ گەیاندنی پەیامی دینی تۆ بەکۆمەڵانی خەڵک، واتە ئەو ئایینە پیرۆزەی کە بەفەرمودەی خۆت چاکترین و پاکترین ئایینە، دەبێتە هۆی ڕەنج و ئازاری من؟

١٢

ئەوکاتەی کە فەرمانت دا بەمن، ئەی زەردەشت... (هەڵسە بۆ یادگرتنی دینی ڕاستی و ڕوو بکە ڕاستی)، ئەز بەر لەوەی ولاتی مینەوی بڕازێتەوە و بەر لەوەی (سرووش) لەگەڵ (ئەشی) بەتوانادا بێنە

دەرێ و سزا و پاداشی تاوانکاران و چاکەکاران بدەنەوە، بێ ئەوەی نافەرمانیم کردبێت، ڕوووم کردۆتە ڕاستی.

١٣

ئەی (مەزدا ئەهورا)، ئەو کاتە کە (بەهمەن) بۆ ناسینەوەی تکای من لە تۆ، هاتە لای من، تۆم بەپاکی ناسی.

ئەی (مەزدا)، ئەو ژیانە بێ بڕانەوە کە لە توانای تۆدایە و هیچ کەس ناتوانێ وادارت کات بەبەخشینی ئەو، واتە ئەو ژیانە دڵخوازە کە لە وڵاتی مینەویدا وەعدەت داوە، بەنەسیبی منی کە.

١٤

ئەگەر لەم دنیای خاکیدا یاری و پەنای خودایی خۆت لە من درێغ نەکەیت، بەهاوکاری (ئوردی بەهەشت) لە شاریاری و توانایی ئیزەدی تۆ بەشدار ببم، هاوڕێ لەگەڵ پەیڕەوانی خۆمدا هەڵدەستێن چونکە ئەوان گوێڕایەڵی فەرمانی ئاسمانی تۆن، ئەو کاتە دژ بەوانەی ئاییینی تۆیان قەبووڵ نییە و بەدخوای تۆن ڕادەپەڕین و بۆ تێداچوونیان تەلاش دەکەین.

١٥

ئەی (مەزدا)، لەو کاتەی دا کە (بەهمەن) و (توشنامئیتی)(١) هاتنە کن ئەز و فێریان کردم و پێیان یاددام کە مەبادا وا هەڵسوکەوت بکەیت کە ببێتە هۆی شادومانی پەیڕەوانی درۆ و پەرێشانی و پەژارەی پەیڕەوانی ڕاستی...، ئەو کاتە تۆم بەپاکی شناسی.

١٦

ئەی (مەزدا ئەهورا)، (زەردەشت) زانایی پاکی تۆی بۆ خۆی هەڵبژارد. (ئەوانەی ڕووی خۆیان لە درۆ وەردەگێڕن) ڕوو دەکەنە هەڵبژاردەی پاکی، واتە ڕاستی، دەبنە خیوی بەژنی جوان و هێز و توانا و لە ژیان سوود دەبەن و لە وڵاتی (سپەندارمز)دا وەکو هەتاو دەژین.

ئەی (سپەندارمز) دەخوازم پاداشی ئەوانە بدەیتەوە کە خاوەنی کرداری چاک و دەروون پاکن.

## یەسنا. هاتی ٤٤

١

ئەی ئەهورا، سەبارەت بەدوعا، ئەویش ئەو دوعای کە سزاواری پلە و پایەی بەرزی تۆیە پرسیارت لێ دەکەم. وەڵامم بدەرەوە؟

ئەی مەزدا، هەر تۆ سزاوار و لایەقی ئەوەی، دوعا و نیایشی وام فێر بکات تا بەدەستیاری (ئوردی بەهەشت)ی، هێژا ئێمە یارمەتی بدەن کە کردەوەی چاک وڵاتمان داپۆشێت.

(١) tusna maiti توشنامئیتی نوێنەری هێمنایەتی ڕەفتار و مەنش.



٢

ئەی ئەهورا، پرسیارت لێ دەکەم و بەدروستی پێم بڵێ. کۆمەڵانی خەڵک چۆن لەم جیهانەدا دەکەونە بەر ڕەحم و بەزەیی تۆ و پاداشی کردەوەی چاکیان وەردەگرن؟ ئایا بەڕاستی ئەوانەی کرداری باشیان هەبێ. بەختیار و کامڕەوا دەبن؟

ئەی (مەزدا) ئەی (ڕاستی)، ئەو پیاوە پاکە (زەردەشت) ئەو دۆست و دەرمان بەخشی ژیان، دڵ پەرۆشی ڕۆژی پەسلانە (ئەو موژدەی ڕزگاری دەدات بەخەڵکی)

٣

ئەی (ئەهورا)، لە تۆ پرسیار دەکەم. بەمن وەڵام بدەرەوە... لە پێکهاتنی سەرەتای ژیان دا (ئافەرینش) باوکی ڕاستییەکان چ کەسە؟ کێیە کە هەتاو و ئەستێرەکان دەخاتە گەڕان؟(١) ئەوە بەهێزی چ کەسە کە مانگە شەو ئەدرەوشێ و ئەمجار کەم نوور دەبێتەوە؟

ئەی مەزدا، من خوازیاری ئەوەم کە ئەمانە و زۆر شتی تر بزانم...

٤

ئەی ئەهورا، لە تۆ پرسیار دەکەم... چ کەسە زەوینی لەژێر و، ئاسمانەکانی لە سەرۆ ڕاگرتووە و داناکەون؟ چ کەس ئاوەکان و گیاکانی خەڵق کرد؟ چ کەسێ هەور و بای هێنایە حەرەکەت و جۆش و خورۆش و ڕەوتی توند کردن؟

ئاهای... ئەی (مەزدا)... داداری چاک مەنش و چاک کردار...

٥

ئەی (ئەهورا)، لە تۆ پرسیار دەکەم، وەڵامم بدەرەوە، ئەوە کێ هەیە کە ڕووناکایی بەکەڵک و تاریکی خەڵق کرد؟ کێیە کە خەونی خۆش و وەخەبەر کردنەوەی لە خەون دروست کرد؟ کێیە کە سەرلەبەیان و نیوە ڕۆژ و شەوی، واتە ئەوانە کە پەیمان و بەڵێن دەخەنەوە یاد خەڵق کرد؟

٦

ئەی (ئەهورا)

لە تۆ دەپرسم... بەمن بفەرموو... ئایا بەڕاستی ئاوایە کە من موژدە بەخەڵکی ئەدەم؟ ئایا (ئوردی

(١) خوێنەری هێژا... سەرەنجی پرسیارەکانی زەردەشت لەم بەشە و زۆر کامی تر لە وتەکانی زەردەشت ئایەتەکانی قورئانمان بیر دەخاتەوە و پرسیارەکانی حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل (ع) و ئەو پرسیارە دێتە ئارا کە هەندێ لە مێژوونوسان پێیان وایە (زەردەشتی یەکەم) هەمان حەزرەتی ئیبراهیم بووە. ئەوەیش دەزانین شوێنی ژیان و ڕاپەڕینی حەزرەتی ئیبراهیم لە (ئورفە= ڕۆحا) کە لە کوردستانی تورکیەدا هەڵکەوتوو بووە و ناوی باوکی، یان مامی (ئازەر) کە ناوێکی غەیرە عەرەبییە دەی سەلمێنێت کە ئیبراهیم لە وڵاتی ئێراندا بووە و لە زومرەی کوردانە... چ زەردەشت بێ... چ ئیبراهیم.... ع.ف

بەهەشت) و (سپەندارمز) بەکردەوەی خۆیان دێنە یارمەتی پاکدینان؟ ئایا (بەهمەن) لە لایانی تۆ و، ئێمە دەکاتە خاوەنی ولاتی (مینەوی) تۆ؟

ئاهای. ئەی (مەزدا)

تۆ چوارپای ئاووس و بەپیتت بۆ چ کەسێ خەڵق کرد؟

٧

ئەی (ئەهورا)

لە تۆ پرسیار دەکەم، بەمن بفەرموو: چ کەس (شاریوەر) و (سپەندارمز)ی هێژای خەڵق کرد.

چ کەسە کە بەفرەزانییی، خۆشەویستی کوڕی لە دڵی باوک داناوە؟

ئەی (مەزدا)

من دەمەوێت کە تۆ و (سپەندارمز)ی پاک و ئافەریدەگاری هەموو ئەوانە بناسم.

٨

ئەی (ئەهورا)

پرسیارت لێ دەکەم... پێم بلێ. چلۆن ڕەوانی من دەکەوێتە بەر لێبوردوویی هاوڕێ لەگەڵ شادی تۆدا؟

ئەز، ئامۆژگارییەکانی تۆم لە یادە و دابی ژیانیش لە (ئوردی بەهەشت) و (بەهمەن) دەپرسم و بەشێوەی دروست یادی دەگرم.

٩

ئەی (ئەهورا)

پرسیارت لێ دەکەم... بەمن بلێ... ئایا من کە پارێزەری دینی خەڵکی بیرخاوێنم و بوومەتە ڕێنوێنی ئەوان لە شەقامی ڕاستیدا، دەتوانم مژدەیان بدەمێ کە ئەوان دەگەنە سەرای (مینەوی) و دێنە ئەو جێگای کە (مەزدا) و (ئوردی بەهەشت) و (بەهمەن)ی تیا نوستوون؟

١٠

ئەی (ئەهورا)

لە تۆ پرسیار دەکەم. بەمن بلێ... ئایا (خەڵک) بۆ ڕزگاری و ڕاستی و ئیمانی خۆیان ڕوو دەکەنە من و پێیان وایە ئەم دینە بەرەکەت دەخاتە جیهانەوە، یان بەهیوای عەفو و لێبووردنی تۆ ڕووم تێ دەکەن؟

١١

ئەی (ئەهورا)

لە تۆ پرسیار دەکەم... بەمن بلێ... ئایا پارێزکاری و فەرمانبەری ڕوودەکاتە ئەو کەسانەی کە من دینی تۆم فێر کردوون؟



ئەز، یەکەم کەسم کە بۆ پێغەمبەری هەڵبژێراوم و دژ بەوانەم کە دوژمنی دینی ڕاستین و بەدیدی بەدخوازییەوە تەماشایان دەکەم.

١٢

ئەی (ئەهورا)

لە تۆ پرسیار دەکەم و پێم بلێ... لە نیو ئەو دەستەیدا کە قسەیان بۆ دەکەم و لەگەڵیان ئەدوێم، کێیە پەیڕەوی ڕاستییە و کێیە پەیڕەوی لە درۆ دەکات؟ کام یەک لەوان دوژمنن؟ ئەو درۆ پەرستەی کە بۆ لێبوردنی تۆ لەگەڵ مندا شەڕ دەکات کامە؟ ئایا ئەوە نابێ بەدوژمنی من و نابێ حەسابی لەسەر بکەم؟

١٣

ئەی (ئەهورا)

لە تۆ پرسیار دەکەم و پێم بلێ... چلۆن دەتوانم دێوی درۆ لە خۆم دوور بخەمەوە و بینێرم بۆ لای ئەو دڵڕەشانەی کە نافەرمان و دڵڕەقن و نایان هەوێت ڕاست بن و لەگەڵ ڕاستیدا پێوەندیان هەبێت و پەند و ئامۆژگاری چاک ناژنەون و کردەوەی چاکیان نییە؟

١٤

ئەی (ئەهورا)

لە تۆ پرسیار دەکەم. بەمن بلێ... چلۆن دەتوانم درۆ بدەمە دەستی بەهێزی ڕاستی، تا بەفەرمانی تۆ لە ڕیشە هەڵی قەنێ شکەستێ سەخت بدات بەدرۆپەرستان و بۆ ئەوان ڕەنج و شەڕ و نابەسامانی بەدیاری بهێنن.

١٥

ئەی (ئەهورا)

لە تۆ پرسیار دەکەم. بەمن بلێ... ئایا تۆ دەتوانی کە ئەگەر دوو سوپای ناسازگار بگەن بەیەک، بەیارمەتی (ئوردی بەهەشت) بگەیتە هانام.

ئەی مەزدا... بە لەبەر چاوگرتنی ئەو پەیمانەی کە تۆ لە سەری وێستاوی، یارمەتی کامە سوپا ئەدەیت و کامیان سەردەخەیت؟

١٦

ئەی (ئەهورا)

لە تۆ پرسیار دەکەم. بەمن بلێ... کێیە ئەو هێزە پیرۆزە کە پشت و پەنای ئایینی تۆیە؟

ئەی (مەزدا)... بێ و ئاشکرا ئەو سەروەریدەرمان بەخشی ژیانە، ئەو کە کردەوەی چاک و مەنشی باش ڕووی تێکردووە بنێرە بۆ لامان (تا یارمەتی زەردەشت و پەیڕەوانی بدات).

۱۷

ئەی ئەهورا

پرسیارت لێ دەکەم و پێم بڵێ، چلۆن دەتوانم کامی دڵ بۆ گەیشتنی بەتۆ بەرئاوەرد بکەم. چلۆن دەتوانم وتەکانم بخەمە کار و بەهرەیان لێ وەرگرم بۆ تۆ. ئایا دەکرێت زاتی بێ بڕانەوەی و ڕاستی ئایینی تۆ لە گیانی ئەو کەسەدا کە خێوی ڕاستییە، تێکڵاو بکەین؟

۱۸

ئەی (ئەهورا)

پرسیارم هەیە و بەمن بڵێ، ئەو دەست ڕەنجەی کە وەعدەت بەمن داوە، بریتی لە دە سەر مایین و دە سەر ئەسپ و یەک نەفەر وشتر وەکو گەیاندن و بێ بڕانەوەیی دەهش و بەخشینی تۆ بەیارمەتی (ئوردی بەهەشت) دەگاتە دەستی من؟

۱۹

ئەی (ئەهورا)

پرسیارم هەیە. پێم بڵێ... ئەوەی کە وەعدەی دەست ڕەنج و معاش بەکەسێک دەدات و خیلاف دەکات... سزای لەم دنیادا چییە؟ من لە سزای ئەو لە جیهانی ئەولادا ئاگادارم.

۲۰

پرسیارم ئەوەیە... دێوەکان دەتوانن ببنە (خواوەند)ێکی چاک؟ لە حالێکدا ئەوان بۆ خۆیان (کەرپەن) و (ئوسیج) و (کەوی)یان داناوە تاکو ئاژەڵەکانیان بۆ بکوژن. ئەمانە پەیڕەوی دینی ڕاستی نین و ئاژەڵ و چوارپایان بۆ کشتوکاڵ ناوێت و ناکەن پەروەردەی ئاژەڵ بکەن بەڵکو دەیان کوژن.

## یەسنا . هاتی ٤٥

۱

ئێستا قسە دەکەم، ئەوە هاتوومەتە ئاخافتن: ئاهای ئەو کەسانەی کە لە دوور و نزیکەوە هاتوون و دەتانەوێت ببنە پەیڕەوی دینی ڕاستی، گوێم پێ بدەن و وتەکانی من بژنەون و پەندەکانی من لە یادکەن، چونکە ئەوەی من دەبێژم ئاشکرایە.

پێتان ڕادەگەینم... ئیزنی ئەوە مەدەن ئامۆژگاری خراپییەکان، واتە ئەو درۆپەرستەی کە بەزمانی خۆی و گوتاری خڵەتێنەر ئێوە بۆ لای ئایینی نابار و خراپ بانگ دەکات بەئاواتی خۆی بگات و جارێکی تر لێ بشڵەژێنێت.

۲

ئێستا سەبارەت بەدوو گەوهەری سەرەتایی ژیان بۆتان باس دەکەم. گەوهەری پاکی بەگەوهەری



چەپەڵی وت: کردار، ئامۆژگاری، زانست، ئایینی، وتار، ڕەوان و منایەتی ئێمە لەگەڵ یەک سازگارنین.

۳

لەوەی (مەزدا ئەهورا)ی زانا، لە سەرەتای ژیاندا بەمنی گوت باستان بۆ دەکەم. ئەوانەی لە نێوان ئێوەدان ئەگەر ڕوونەکەنە ئەو دینەی کە من سەڵام داوە، لە کۆتایی ژیانی خۆیاندا تووشی نەگبەت و نەدامەت و پەشیمانی دەبن.

٤

سەبارەت بەوەی کە بۆ جیهان چاکترە قسە دەکەم.

ئەی (مەزدا)... من ئایینی ڕاستیم هێنا و ئامۆژگاری خەڵکم کرد. ئەوەی کە جیهانی خەڵق کرد (بەدی هێنا) باوکی وەرزێری چاک کردارە و زەوینیش کیژی باش و باروەری ئەوە.

کەس توانای ئەوەی نییە ئەو (ئەهورا)ی کە بۆ هەمووان پەرۆشە و (چاکەی هەمووانی دەوێ) بخلەتێنێ.

٥

سەبارەت بەوەی (مەزدا ئەهورا)ی پاکتر بەمنی گوت بۆتان دەبێژم. ئەو گوتەی کە ژنەفتنی بۆ هەمووان چاکە.

ئەوانەی کە بۆ شادی من ببنە فەرمانبەری ئەو (زەردەشت) لە سێبەری کردەوەی چاکی خۆیاندا دەگەنە ڕزگاری هەتاهەتایی. لەوەی کە لە هەمووان مەزنترە دەبێژم.

٦

ئەی (ئوردی بەهەشت)

ئەو دەپەرستم و ستایشی دەکەم، ئەو زاتەی کە خوازیاری ژیانی چاک بۆ هەمووانە (مەزدا ئەهورا) بەهێزی نادیار و پاکی خۆی دوعا و نزای من دەژنەوێت، چونکە ئەوانەم لە سەرچاوەی چاکی هێناوە. دەی با ئەو، بەزانای بێ ڕادەی خۆی من لەوانەی کە بۆ خەڵک باشن ئاگادار بکات.

٧

هەموو زیندەوەران و هەموو ئەوانەی کە بوون و لە داهاتوودا دەبن

تێدەگەن و دەزانن کە پەیڕەوانی ڕاستی کامڕەوا و شادومان و پەیڕەوانی درۆ بۆ هەتاهەتایە لە زەحمەت و ڕەنج و نالەباریدا دەژین. ئەمانەن کە (مەزدا ئەهورا) لە وڵاتی بەهەشتی خۆیدا سازانویەتی.

٨

ئەگەر پاداشی چاکت دەوێت، دەبێ کردە و ستایش و پاڕانەوەت لە ئەهورا چاک بێ. بەڵێ: ئێستە دەمەوێت بەچاوی خۆم بڕوانم بۆ ڕێگاکانی وڵاتی مینەوی و هەروا سەرنجی ڕێگای کردار و گوتار و بیری چاک تماشاکەم لەو کاتەی بەیارمەتی (ئوردی بەهەشت) توانیمان (مەزدا ئەهورا) بناسین، دوعا و

پاڕانەوەی خۆمان لە بارەگای ستایشی ئەودا، ڕۆناوە.

٩

بێن و (مەزدا) بە منایەتی چاکی خۆتان خۆشحاڵ کەن. چونکە (مەزدا) توانای ئەوەی هەیە ڕۆژگار و ژیانی ئێمە تاریک یا ڕوون بکاتەوە. دەی با (مەزدا ئەهورا) توانامان بدات بەچاکی بیناسین و ئەمجار بەکردەوەی چاک و لە سێبەری دینی ڕاستیندا بەرەکەت بدات بەکشتوکاڵ و دەخڵ و دان و چوارپاکانمان و ڕزق و ڕۆزی بنەماڵەمان فرەوان بکات.

١٠

بێن و (مەزدا) ستایش کەن و ڕێزی لێ بگرن. ئەو کەسەی هەمیشە هاوار کات و داوای یارمەتی بکات لە (مەزدا ئەهورا) و ڕێزی لێ بگرێت ژیانی باش دەبێت و ئەمەیش (ئوردی بەهەشت) و (بەهمەن) بەمنیان وتووە و مژدەیان داومەتێ کە پەیڕەوانی من دەتوانن داوای ڕزق و هێز و توانای خزمەت و کاری ڕەوا لەو بکەن و بەیاری ئەو، بەهرەمەند دەبن.

١١

دەی ئەی (مەزدا ئەهورا)

ئەو کەسەی کە لەمەبەدوا خەڵکی خراپ و بەد فەڕ و بەد نیهاد بەپەستی سەرنج بدات و نەفرین لە دێوەکان بکات، دەبێتە یاوەری دینی پاکی تۆ و ئەتۆیش وەکو باوک و برای وی دەبی.

## یەسنا . هاتی ٤٦

١

ڕووبکەمە کام سنووری کام وڵات؟ بۆ چ لایێک و بۆ کامە سەرزەوین بچم؟ ئەوەتا، پێشەواکان و سپاهییەکان دووریم لێ دەکەن و وەرزێرەکانیش ئاکارێکی وایان نییە ببنە هۆی شادومانی من. دەسەڵاتدارانی درۆپەرستی وڵات، دژ بەمن و ڕقیان لێمە. (ئەی مەزدا ئەهورا) پێم بڵێ، چۆن دەتوانم تۆ شاد و ڕازی بکەم؟

٢

ئەی (مەزدا)

ئەز هۆی بێ دەسەڵاتی خۆم دەزانم. لە بەر ئەوەی سامانی فرەوانم نییە و هەژارم، قەوم و کەس بەسووک و بێ دەسەڵاتم دەزانن.

ئەی (ئەهورا)

ئەز لە کن تۆ، شکایەت دەکەم و گلەییم هەیە. تۆ بۆ خۆت سەرنجی ژیان و کردەوەی من بدە و هەروەکو دۆستێک کە یارمەتی دۆستەکەی دەدات بێ بەها نامەوە. من لە دینی ڕاستین و لەوەی کە دەبێتە



سەرمایەی ئاکاری چاک، ئاگادار کە.

٣

ئەی (مەزدا)

کەی دەگات ئەو کازیوەی ڕۆژی ڕزگاری کە هەمووان ئامۆژگارییەکانی دینی ڕاستین قەبووڵ کەن؟

ئەوانەی (بەهمەن) دێتە هانایان چ کەسانێکن؟

ئەی (ئەهورا)

ئەز تۆم بۆ بێداری و ئاگاداری خۆم هەڵبژارد.

٤

ئەو بەدفەڕی درۆ پەرستەی تاوانبارە، بەرگری دەکات لەوەی پێشەوایانی دینی ڕاستین، بەپەروەردەی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات لە گوندەکانی وڵات خەریک بن.

ئەی (مەزدا)

خوازیاری هاتنی کەسێکم کە ئەو درۆ پەرستە لە شارياری بخات. ئەوەی وابکات، دەبێتە یەکێ لە پێشڕەوەکانی ژیان و دەتوانێ ببێتە ڕچەشکێن و ڕێگای ئایینی ڕاستی و چاکی بڕازێنێتەوە.

٥

ئەو زانایە کە بۆ خۆی پەیڕەوی دینی ڕاستییە بتوانێت پەیڕەوێکی درۆ پەرستی بۆ لای خۆی، واتە ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی بکات لە سەریەتی جێگای ئەمن و بەمتمانە بۆ ئەو ساز بکات تا دوژمنان و هاودینەکانی پێشووی نەتوانن بەتۆڵەی ئەوەی لە دینی درۆ پەرستی لای داوە سزای بدەن.

٦

هەر کاتێ ئازادەیێک خوازیاری ئەوەی بێ کە پەنای بدەن، بەڵام ئەوەی کە دەتوانێ ئەو کارە بکات یارمەتی نەدات و دریغی لێ بکات بەبێ گومان ئەو ئازادە، هەم دیسان ڕوودەکاتەوە لای ئافەریدەگاری درۆ پەرستان و ئەوەیش یارمەتی نەداوە وەکو یاریدەدەری درۆ پەرستان دێتە ئەژمار.

ئەی (ئەهورا)

هەر لە سەرەتای جیهانەوە، هەر ڕاست پەرستێ یاریدەدەر و دۆستی ڕاست پەرستێکی ترە (پەیڕەوانی ڕاستی وەکو برادەرن).

٧

ئەی (مەزدا)

لەو کاتەی درۆپەرست دێتە شەڕی من و دەی هەوێت ئازارم بدات غەیری (ئازەر) و (بەهمەن) کە پەرەپێدەری دینی ڕاستین چ کەسێ دەبێتە یاریدەدەر و پاڵپشتی من؟

ئەی (ئەهورا)

نیهاد و دەروونی من لەو فەرمانە ئاگادارکە.

٨

ئەی (مەزدا)

دەخوازم ئیزنی ئەوە نەدەن بەوکەسەی کە خەیاڵ ئازاردانی منی لە سەردایە، سەددەمەم لێ بدات.

دەی با ئەو بیرو ئاکارە نابارەی کە بۆمن دەی هەوێت، بیێتە وەباڵی ئەستۆی خۆی و زیانەکە بۆ خۆی بگەڕێتەوە بەلەونێ کە لە ژیانی باش بێ بەهرە و تووشی خراپە بێت.

٩

کێ بوو ئەو جوامێرەی کە بۆ یەکەم جار بەئێمەی یاددا تاکو لە ئافەریدەگاری کارسازو داوەری بێ هاوتا و پاک ڕێز بگرین؟

جەماوەر دەیان هەوێت کە وتەکانی (ئوردی بەهەشت)ی تۆ و ئەوەی (گوشوورون) بە (ئوردی بەهەشت)ی وت و لە (بەهمەن)ی پرسیار کرد بژنەون.

١٠

ئەی (مەزدا ئەهورا)

داوات لێ دەکەم بەهەشتی جاویدان بکەیتە بەشی ئەو پیاوە یان ئەو ژنەی کە لە فەرمانی تۆ و دینی ڕاستی تۆ پەیڕەوی دەکات. ئەز، هاوڕێ لەگەڵ هەممو ئەوانەی کە نیایش و پەرستشی تۆ دەکەن لە پردی (چین وەت)[1] دەپەڕینەوە.

١١

(کەرپەنە)کان و (کەویە)کان، واتە ئەوانەی کە دەگەنە سەر پردی (چین وەت) لەش و گیانیان لە حەیوەتدا دێنە لەرزین، ئەوانەی کە بۆ هەتا هەتایە، هاڤاڵ و لە بنەماڵەی درۆن، بۆ تێدابردنی ژیان ڕێگای خراپە پیشانی خەڵک دەدەن و کاری ناشایستیان پێ دەکەن.

١٢

ئەو کاتەی کە (ئوردی بەهەشت) لە سێبەری تێکۆشانی (سپەندارمز)ی ژیان خۆش ڕووبکاتە ڕۆڵەکان و قەوم و خوێشانی (فەریان)[2]ی تۆرانی، (بەهمەن) لێیان قەبووڵ دەکات و (مەزدا ئەهورا)یش لە ڕۆژی پەسلاندا ئەوان شاد دەکات.

(١) cinvad یا cinvat بەمانای تاقی کردنەوە و لە دینی زەردەشت دا ناوی پردێکە کە ڕۆژی پەسلان لە سەریەوە دەڕۆن و چاکەکان دەپەڕنەوە و خراپەکان لە ئاگری دۆزەخ دەکەون... لە دینی یەهود و دینی ئیسلام دا بەمە دەڵێن پردی سیرات (صرات).

(٢) Faryan ناوی بنەماڵەیێکی تۆرانییە کە پەیڕەوی دینی زەردەشت بوون.



١٣

کێ هەیە لە نیو جەماوەردا کە (سپیتەمان زەردەشت) شادومان بکات بەوەی کە دێتە سەر دینی ڕاستی و پەرەی پێ دەدات؟

ئەو کەسە کە پەرە بدات بەدینی ئەو، سزاواری ئەوەیە کە لە جیهاندا ناودار و سەربەرز بێ و (مەزدا ئەهورا)یش ژیانی جاویدانی دەکاتە قسمەت و (بەهمەن) سامانی ئەو فرەوان دەکات و ئێمەیش ئەو بەدۆستی باش و یاریدەدەری دینی ڕاستی دەهێنینە ئەژمار.

١٤

ئەی (زەردەشت)

کێیە ئەو مرۆڤە پاکدینە کە بۆ پەرە پێدانی ئاییینی مەزنی (موغ) دەبێتە یاریدەدەری تۆ؟

چ کەسە ئەوەی دەیهەوێت بەم شانازییە بگات و ناوی خۆی بەرز بکاتەوە؟

ئەوە کاک (گوشتاسب)ە کە لە ئاکامی کاردا دەبێتە یاریدەدەر و پشتیوانی دینی ڕاستی.

ئەی مەزدا (ئەهورا)

ئەز، بانگەواز دەکەم بەدروشمی وتاری چاک و کردەوەی چاک بۆ ئەو مرۆڤانەی کە دێنە سەر ڕێگای دینی ڕاستی و تۆیش لە پاداشی ئەوەدا کۆشکی جاویدانی پەردیس دەکەیتە قسمەتیان.

١٥

ئەی (هەچەت سپیان)[1] ئەی (سپیتەمانیان)[2]، ئەز لەگەڵ ئێوەمە... زانا و نەزان لەیەک جیا بکەنەوە ئێوە بەم کردەوەتان، ڕاستی دەکەنە بەشی خۆتان، چونکە ڕاستی ماکی یەکەمین ئاییینی ئەهوراییبیە.

١٦

ئەی (فەرشوشتەر هۆگۆ)[3] هاوڕێ لەگەڵ ئەم جوامێرانەدا بەرەو بەهەشتی جاویدان وەرن ئێمە حەز دەکەین کە لەو بەهەشتەدا خۆش و شادکام بن.

ئەوێ جێگای ڕاستان و پارێزکارانە و وڵاتی هەتاهەتایی ئەوانەیە کە لەم جیهانەدا خێوی دەروون و منایەتی و کردەوەی باش بوون و (مەزدا ئەهورا) لەوێدا بە بەرفرەوانی دەتان حەسێنێتەوە.

١٧

ئەی (جاماسب هۆگۆ) ئەز لەجێگای خۆیدا باسی فەرمانبەری و پارێزکاری و لێهاتوویی تۆ دەکەم سەبارەت بەگیانبازی و فیداکاری لە پێناو ئاییینی ڕاستی (مەزدا ئەهورا)دا، کە بەهاریکاری (ئوردی

(١) Hactasp نێوی چوارەمین پشتی زەردەشتە و دیارە بەرەی ئەوانە خزم و کەسوکاری زەردەشت بوون.

(٢) Sapitaman نێوی پشتی نۆهەمین زەردەشتە و بەرەی ئەو خزمی زەردەشت بوون.

(٣) Farasustar وەزیری گوشتاسب و برای جاماسب و یەکێ لە پشتیوانانی زەردەشت بووە.

بەهەشت) واتە ئەو ئامۆژگارە زانایە کە زانا و نەزان دەناسێت، ئەنجام دەبێت. ئەوەی کە بەڕاستی لە ئایینی من پەیڕەوی دەکات سزاواری ئەوە کە چاکترین دارایی و کردەوەی چاکی بدەمێ و ئەو کەسەی دەی هەوێت شەڕ بکات، سزای هەر شەڕە.

ئەی (مەزدا) ئەی (ئوردی بەهەشت)

بەم شێوازە من، خواستەکانی ئێوە بەراورد و شادتان دەکەم، ئەوەیە فەرمانی زانست و خووی من.

١٩

ئەو کەسەی کە لە ڕووی دینی دروستەوە هەنگاو بەرەو من هەڵگرێت و ئەوەی بەکامی منە ئەنجامی بدات، سزاواری پاداشە. ئەو کەسەی کە جیهانێکی تری پێدراوە، لەم جیهانەدا ببێتە خێوی جووتێ چوارپای زگدار و بزۆک و بەهەرچی ئاواتی خۆیەتی بگات.

ئەی (مەزدا)... ئەی کەسێ کە چارەسازترینی، ئەم ئاواتانە بەیارمەتی و فەرمانی تۆ بۆ من دێتەدی.

## یەسنا . هاتی ٤٧

١

ئەو مرۆڤەی کە بێتە لای (سپەندمینو) و دینی ڕاستێن و گوتار و بیر و کرداری چاک پێشکەش بکات، ئەوە (مەزدا ئەهورا) توانایی و پارێزکاری و فرەوانی و جاویدانی پێ دەبەخشێت.

٢

ئەوەی کە بۆ (سپەندمینو) باشترە، دەبێ بەوتار و خووی چاک کردەوەی باش بیخەینەڕوو. هەربە کردار و گوتار و بیری چاکە کە مرۆڤ دەتوانێ خۆی بە (مەزدا ئەهورا) نزدیک بکاتەوە و (مەزدا) بەوانە مرۆڤ دەناسێت.

٣

ئەی (مەزدا)

تۆی بابی پاک و مەزنی (سپەندمینو) ئەوەی کە لە پاش پرسیار و وەڵام لەگەڵ (بەهمەن)دا ئاژەڵی شادی هێنەری بۆ ئێمە خەڵق کرد. ئەو کاتە (سپەندارمز) بۆ کێڵگە ئاسوودەگی پێدا.

٤

ئەی (مەزدا)

ئەوە درۆ پەرستەکان بوون کە خۆیان لە فەرمانی (سپەندمینو) لادا نە ڕاستی پەرستان. ئەوەی کە بەکەم و زیاد شاد و توانایە، دەبێ لەگەڵ ڕاستی پەرستان مێهرەبان و دژی درۆپەرستان بێ.

٥

ئەی (مەزدا ئەهورا)



تۆ بەهاریکاری (سپەندمینو) بۆ هەرچی چاکەیە بەڵێنت داوە بەڕاستی پەرستان، بەڵام ئایا پەیڕەوانی درۆ دەتوانن لە نیعمەت و چاکەکانی تۆ بەهرە وەربگرن؟

٦

ئەی (مەزدا ئەهورا)

فرەوانن ئەوانەی دەیان هەوێت بێنە سەر دینی ڕاستی و خوازیاری ئەوەن بژەون ئەو کاتەی تاقی کردنەوەی ئاگر دێ، بەیارمەتی (سپەندمینو) و (سپەندارمز) و (ئوردی بەهەشت) پاداش و تۆڵەی ڕاستی پەرەست و درۆپەرست چۆن ئەدەیتەوە.

## یەسنا . هاتی ٤٨

١

ئەی (ئەهورا)

کاتێ دەگەینە ژماردنی ڕۆژەکان، ڕاستی بەسەر درۆدا زاڵ دەبێ بەچەشنێ کە گوناهکاران و دێوەکان بەسزای کردەوەی خراپی خۆیان دەگەن و ئەوانەی کە نیایشی تۆیان کردووە لە ڕەحم و بەزەیی تۆ بەرخوردار دەبن.

٢

ئەی (ئەهورا)

داوات لێ دەکەم، ئاگادارم بکەیت لەوەی کە بۆ خۆت دەزانی: پرسیارم ئەوەیە، پێش گەیشتنی ڕۆژی پەسڵان و سزادانی تاوانباران و درۆ پەرەستان، پەیڕەوانی ڕاستی دەتوانن لەم جیهانەی ئێستادا درۆ پەرەست ببەزێنن؟

ئاشکرایە وەڵامی ئەم پرسیارە، پەیامی چاکییە لەم جیهانەدا.

٣

چاکترین ئامۆژگاری بۆ مرۆڤی زانا ئەوەیە کە (ئەهورای)ی پاک و مەزن بۆمان بەیان دەکات.

ئەی (مەزدا)

مرۆڤی زانا دەبێ بەیارمەتی عەقڵ و زانستی خۆی و بیری پاک لە ئایینی تۆ و کاکڵە و ماکی ئەو دینە پیرۆزە تێبگات.

٤

ئەی (مەزدا)

ئەو مرۆڤەی کە تاوێ بیرو گوتار و کرداری چاک و کاتێ لە بیر و گوتار و کرداری نابار پەیڕەوی دەکات و هەرکات بیهەوێت ڕوو بکاتە ئایینی ڕاستی تۆ و هەر زەمان بیهەوێت بێتە لادەر، ئەوە لە ڕۆژی

پەسلاندا لەسەر ویست و خواستی تۆ لە کۆمەڵانی خەڵک جودا دەکرێتەوە و ئاوا مرۆڤی دەبەنە (هەمەستەکان)[١].

٥

ئەی (سپەندارمز)

داوات لێ دەکەم شاریارانی چاک کردار و خاوەنی بیری چاک لەم وڵاتەدا پادشاهی بکەن.

ئەی (ئەهورا)... شاریارانی خرابکارمان بەنەسیب مەکە.

ئەی (سپەندارمز)

تکای من وایە کە جەماوەری خەڵکی ببنە خێوی ماڵ و ژیانی باش و گیاجار و ئاڵفزاری خۆش و بژوێن بۆ ئاژەڵەکان فەراهەم بکەیت.

٦

بەڵێ (سپەندارمز) خێوەت و خانو مانی چاک و هێزی باش بەئێمە عەتا کرد و (بەهمەن) بۆ ئاژەڵەکان چیمەن و مێرگی باشی خوڵقاندووە.

(مەزدا ئەهورا) لە سەرەتای بینای دنیادا بەیارمەتی (ئوردی بەهەشت) گیای لە زەوین ڕواند و ئاڵفزارەکانی پەرە پێدا.

٧

ئاهای... ئەی ئەو کەسانەی خوازیاری پاداشی چاکن، بێن و بەقەبووڵکردنی دینی ڕاستین کە زەردەشت (مرۆڤی پاک) هێناویەتی ڕق و کینە لە خۆتان دوور بخەنەوە و ئەستەم لابەن.

ئەی (ئەهورا)

ئاوا مەخلوقاتێ کە خاوەنی کردەوەی چاکن بۆ هەتاهەتایە لە ماڵی تۆدا بەکامەرانی دەژین.

٨

ئەی (مەزدا)

دابەشکردنی چاکی لە وڵاتی تۆدا چۆنە؟ پاداشی تۆ چۆنە؟ بەڵێ... پاداش بۆ من کامەیە؟ ئەو داوەریەی کە بەناوجێکەری (ئوردی بەهەشت) دەیکەیت و ئەوەی بەیارمەتی (بەهمەن) کردەوەکان هەڵدەسەنگێنی و پارێزکارەکان داوای دەکەن کەیە؟

٩

ئەی (مەزدا) ئەی (ئوردی بەهەشت)

کەی دەینوێنن کە ئێوە بەهێزتر و بەدەسەڵات و تواناتر لەوانەن کە هەڕەشە لە من دەکەن؟

(١) Hamastakan: بەرزەخ: مەکانی لە نێوان دۆزەخ و جەننەت



داوەری (بەهمەن)م بەئاشکرا پێ ڕابگەیێنن.

ڕزگاریدەر(*) دەبێ بزانی کە پاداشی ئەو بۆ پەرەپێدان بەدینی ڕاستی چییە؟

١٠

ئەی (مەزدا)

کەی پەیامی من دەگاتە کۆمەڵانی خەڵکی و کەی دەی ژنەون و دەم ناسن؟ بۆ کەی پیسی و چەپەڵی (کەرپەنەکان) لە وڵات دوور دەخەیتەوە چونکە ئەوان لە ڕووی ڕق و کینە و، بەبڵاو کردنەوەی درۆ و بوختان شاریاران و سەردارانی مەزن دەخلەتێنن کەی ئەوانە لادەبەیت؟

١١

ئەی (مەزدا)

لە چ کات و چ زەمان دا وڵاتمان دەبێتە خێوی مێرگ و زاری بژوێن و ئاوەدانی و سەر و سامان هاوڕێ لەگەڵ پارێزکاری و ڕاستیدا؟ کامانەن ئەوانەی دێنە یارمەتی و ئێمە لە بەرانبەر خوێن خوارانی درۆپەرستدا دەپارێزن؟ چ کەسانن کە سەرئەنجام دەگەنە کرداری چاک؟

١٢

ئەی (مەزدا)

ئەمانەن ڕزگاریدەرانی وڵات کە بۆ شادی و ڕەزای تۆ بەقەبووڵ کردنی کرداری چاک، لە دینی ڕاستی پەیڕەوی دەکەن.

ئەمانەن کە ڕق و کینە دوور دەخەنەوە و دەستی غەدداران و ستەمکاران لە وڵات کۆتا دەکەن.

## یەسنا . هاتی ٤٩

ئێستا لە مێژە کە (بیندوە)[١] گەورەترین شەڕ خوازی دژ بەمنە لە حاڵێکدا من خوازیاری ئەوەم کە لادەرەکان و گومڕاکان بخەمە سەر ڕێگای ڕاست و شادیان بکەم.

ئەی (مەزدا)

داوات لێ دەکەم پەنام بدەیت و پاداشی چاکەم بدەیتەوە!

ئەی (بەهمەن)

مەرگ و نەمان بنێرە بۆ (بیندوە).

(*) ڕزگاریدەر فارسیەکەی ڕهاننده... واتە زەردەشت.

(١) Bandva: یەکێ لە شاریارانی دێو یەسنا و دژی زەردەشت بووە.

٢

له مێژه که (بیندوه) بووەتە ئامۆژگاری درۆ و له ڕاستی و مرۆڤایەتی ڕووی خۆی وەرگێڕاوە و نای هەوێت که (سپەندارمز) قەبووڵ کات و یا لەگەڵ (بەهمەن)دا بێتە پرسیار و وەڵام... ئەو، ڕێگای له من گرتووە.

٣

ئەی (مەزدا)

له ئایینی ئێمەدا ڕاستی بۆ سوود و قازانج و درۆ بۆ زیان دانراون. ئاواتی من ئەوەیە هەموو ئەوانەی ڕێگای ڕاستیان لێ ون بووە بێنەوە سەر ڕێگای ڕاستی.

ئەی خەڵکینە... من داواتان لێ دەکەم لەگەڵ درۆ پەرستەکان ئاموشەو مەکەن.

٤

ئەوانەی بیرو نیهادیان باش نییە له ناو کۆمەڵدا خۆیان وەکو شوان و ڕێبەر داوەتە ئەژمار و بەزمانی خۆیان خەریکی پەروەراندنی ڕق و ئەستەمن. کردەوەی خراپ لای ئەوان فەرەوانە و له ڕۆژی پەسڵاندا مەقام و جێگای دێوەکان که تایبەتی درۆ پەرستانە دەبێتە بەشیان.

٥

ئەی (مەزدا)

کامیابی و دڵاوایی له ژیاندا بکەرە بەشی ئەوە که توانیویەتی ڕۆح و نیهادی خۆی لەگەڵ (بەهمەن)دا گرێ بدات و بەناو بژێوی (ئوردی بەهەشت) ببێتە ئاشنای (سپەندارمز).

ئەی ئەهورا

ئەز لەگەڵ ئاوا کەسانێکدا ڕوودەکەینە وڵاتی مینەوی تۆ.

٦

ئەی (مەزدا) ئەی (ئوردی بەهەشت)

لێتان دەپاڕێمەوە و داواتان لێ دەکەم ئەوەی له تواناتاندا هەیە بۆم بخەنە کار تا بتوانم بەیارمەتی زانست و عیلمی ئێوە پەرەبدەم بەدینی ڕاستی و له جیهاندا بڵاوی بکەمەوە.

٧

ئەی (مەزدا)

ئەم قسە بگاتە (بەهمەن) و (ئوردی بەهەشت) و ئەتۆیش بۆ خۆت ئەی (ئەهورا) لێم بژنەوە و ڕێنوێنم بفەرموو کام پێشەوا و کام سەرداری سوپای دادوەر هەن که بەقەبووڵ کردنی دینی ڕاستی، پەرە بدەن بەکشتوکاڵ و ئاوەدانی وڵات و سەڵای چاکی بدەن.

٨

ئەی (مەزدا ئەهورا) ئەی زاتی هەتاهەتایی



ئەز دەخوازم بۆ هەمیشە شادی بدەیت بە(فرەشوشتەر) و لەگەڵ (ئوردی بەهەشت) پەیوەندییان هەبێت و وڵاتی مینەوی خۆتم بدەیتی.

ئەی (ئەهورا)

من و (فرەشوشتەر) خوازیاری ئەوەین که له زومرەی نێرراوەکانی تۆ بینە ئەژمار.

٩

جاماسب – نیگاهبان و یاریدەدەری دینی ڕاستین که بۆ گەیاندنی قازانج بەدین خوڵقاوە، فەرمانەکان بژنەوێت.

ئەوەی وتاری ڕاستە لەگەڵ درۆ پەرەست تێکلاو نەبێت. هەمووان ئەوە بزانن که له ڕۆژی پەسڵاندا ڕۆح و ڕەوانی پەیڕەوانی ڕاستی، چاکترین پاداش وەردەگرن.

١٠

ئەی (مەزدا) ئەی توانای مەزن

خوو و سروشتی چاکە و ڕەوانی پەیڕەوی ڕاستی و پارێزکاران و تێکۆشەران له بارەگای تۆدا دەپارێزم تا تۆ بەهێزی بێ بڕانەوەی خۆت ئەوە بپارێزیت.

١١

ئەوانەی دەبنە فەرمانبەر و پەیڕەوی شاریارانی خراپ، له زومرەی ئەوانەن که وتار و کردار و بیری چاکیان نییە.

ئەوانە له ئاکامی ژیاندا دەکەونە دۆزەخ و له خواردەمەنی چەپەڵی تاوانباران دەخۆن و بۆ هەتاهەتایە دەچنە زومرەی خان و مانی درۆزنەکان.

١٢

ئەی (ئوردی بەهەشت) یاوەری تۆ کامەیە؟

ئەی (بەهمەن) من که (زەردەشتم) داوای یارمەتیت لێ دەکەم و دەخوازم پشتیوانم بی.

ئەی (مەزدا ئەهورا)

من بەستایش و پاڕانەوەی خۆم، مەدح و ئافەرینی تۆ دەکەم و تکام وایە یاریدەدەرم بیت. تکات لێ دەکەم ئەوەی که لای تۆ له هەرچی بەخشینە چاکترە، بیکەیتە بەشی من.

## یەسنا . هاتی ٥٠

١

پرسیاری من ئەوەیە، پاش تەواو بوونی ژیانی ئەم جیهانە، کەسێ هەیە ڕۆح و ڕەوانی من یاری بدات؟

ئەی (ئوردی بەهەشت) ئەی (بەهمەن) لەو کاتەی کە من داوای یارمەتیتان لێ دەکەم، غەیری (مەزدا ئەهورا) کە بەڕاستی ناسیومە، کێیە دەتوانێ یاوەر و ڕاگری من بێت؟

٢

ئەی (مەزدا)

چلۆنە ئەحواڵی کەسێ کە خوازیاری پەروەردەی ئاژەڵە و بەو چەشنە شادی دەخاتە وڵاتی و ئاواتی ئەوەیە ئاژەڵ و کشتوکاڵی سەرسەوزی هەبێت.

ئەوەی کە بەپەیڕەوی دینی ڕاستین ژیان بەرێتە سەر لەناو زۆربەی ئەوانەی کە چاویان بڕیوەتە هەتاو.

لە ڕۆژی پەسڵاندا، بەهەشت، واتە سەرای هۆشیارانی پێ ئەدەیت.

٣

ئەی (مەزدا)

ئەوەی کە بەیارمەتی و هاریکاری (ئوردی بەهەشت) و بەنێویژێوی (شاریوەر) و (بەهمەن) بەڵێنت داوە بەوی ببەخشە چون ئەوە[١]، ئەو پیاوەی کە بەهێزی (ئەشی) دەتوانێ دینی ڕاستی لە وڵاتی دراوسێی درۆپەرستدا بڵاوبکاتەوە و ژیان لەوێ بخاتە ئاوەدانی.

٤

ئەی (مەزدا ئەهورا) ئەی (ئوردی بەهەشت) ئەی (بەهمەن) ئەی (شاریوەر):

ئێستا من، دەتان پەرستم و ستایشتان دەکەم تا (ئەندامی) نوێنەری (کردەوەکان) کە جوانمێران لە ئاواتی وی دان فەرمانبەردارانی لە ڕێگای فەرمانبەردارانی ئایینی ڕاستینەوە ڕوو بکاتە[٢] (گەرزەمان)[٣].

٥

بەڵێ، ئەی (مەزدا ئەهورا) ئەی (ئوردی بەهەشت)

لێم ڕوونە کە لە دلۆڤانی و لێبووردنی ئێوە بێبەش نابم چونکە ئێوە پەیامهێنەری میهرەبانین و بەیارمەتی ئاشکرای خۆتان بۆ ڕاپەڕینی ئێمە، لە بەهەشتی خۆتانا جێمان دەکەنەوە.

٦

ئەی (مەزدا)

ئەوەتا، پێغەمبەری ئەویندار و نیایش گەری تۆ (زەردەشت) واتە ئەو (یاری ڕاستی) هاوارت لێ دەکات.

١- ئەم دوعای بۆ کا گوشتاسب کردووە.
٢- زەردەشت دەڵێ، لە پاش مردن کردەوەکانی مرۆڤ لە ئەندامی کیژێکی لەباردا ڕووی تێدەکات و لەگەڵ خۆی دەیباتە بەهەشت... کرداری درۆ پەرستان لە ئەندامی پەتیارەیکدا دێت و دەیانباتە دۆزەخ.
٣- carzaman: واتە جێگای نووری بێ بڕانەوە و بەهەشتی خودایی.



ئافەریدەگاری زانست بەنێویژێوی (بەهمەن) ئایینی خۆی بەمن فێر بکات تا لە ژیانی خۆمدا زمانم بەغەیری ڕاستی نەگەڕێت و نەیەتە ئاخاوتن.

٧

ئەی مەزدا ئەی (ئوردی بەهەشت) ئەی (بەهمەن)

ئەوە دوعا دەکەم و لێتان دەپاڕێمەوە و نیایشتان دەکەم تاکو ئێوە بەسواری چارەوای تیژڕەو و سەمەندی بیابان نەوەرد و بەهێز و توانا بێنە خوار و یارمەتیم بدەن.

٨

ئەی (مەزدا) ئەی (ئوردی بەهەشت)

ئەز، بەهۆنراوەکانی خۆم و بەو سروودانەی کە بەتێکۆشانی خۆم بڵاوم کردووەتەوە بەرەو بارەگای بەرزی ئێوە دەستەکانم هەڵهێناوە و بەوێنەی پارێزکاران نیایشتیان دەکەم تا لە هەرچی کە بەهونەر و کردەوەی چاک دێنە ئەژمار بێبەشم نەکەن.

٩

ئەی مەزدا، ئەی ئوردی بەهەشت

ئەو کاتەی کە دەستم بگاتە پاداشی دڵخوازی خۆم، بەکردەوە و ستایش و پەرەستین و ئیخلاقی چاکەوە و بەپاڕانەوە ڕووت تێدەکەم. پاش ئەوە تێدەکۆشم هەتاکو بۆ هەمیشە بیر و باوەڕم چاک بێ و پەیڕەوی دینی ڕاستی بم و لە پاداشی چاکە بەهرە وەربگرم.

١٠

ئەی مەزدا، ئەی ئەهورا، ئەی بەهمەن

هەرچی کردەوەی چاکم کردووە و لە داهاتوودا ئەنجامی دەدەم و هەرچی لەم جیهانە و لە حانی من بایەخدارە و هەرچی جوانی هەیە و سزاواری سەرنج و تەماشا و لەزەتە وەکو تیشکی جوانی هەتاو و کازیوەی بەیان، هەموویان بۆ نیایشی تۆن.

١١

ئەی مەزدا... ئەی ئوردی بەهەشت

ئەز دەخوازم بەستایشگەر و عەبدی تۆم بناسن و تا ئەو کاتەی هێز و توانام تێدایە هەر وەفادارابم. داداری جیهان بەلوتفی خۆی وا بکات کە کۆمەڵانی خەڵکی بگەنە کامەرانی و هەرچی لە بۆ وان چاکە بەنەسیبیان بێت.

# وەهوخشتەرگاسا

**یەسنا . هاتی ٥١**

١

ئەی (مەزدا)

ولاتی چاک و هەڵبژێراوی تۆ (باشترین بەهرەی ڕاستی) بۆ کەسێکە کە تێبکۆشێت کردەوەکانی باش و بەرەزای تۆبن. ئێستا من بەڵێنم داوە تا ئەو ئاواتە بۆ خۆم و کەسانی دی وەچنگ بێنم.

٢

ئەی (مەزدا) ئەی (ئەهورا) ئەی (سپەندارمز) ولاتی مینەوی خۆتان (بەهەشت) کە سامانی ئێوەیە، بەنێوبژێوی (بەهمەن)، بەمن و ئەوانەی نیایشی ئێوە دەکەن بنوێنن.

٣

ئەی (ئەهورا) ئەی (ئوردی بەهەشت) ئێوە دەبێ دەنگ و سەدای ئەوانەی بژنەون کە لە وتار و لە کردارا، ئامۆژگارییەکانی ئێوەیان قەبووڵ کرد.

ئەی مەزدا

تۆو (بەهمەن) یەکەم ئامۆژگار و مامۆستای ئەوانن.

٤

ئەی (مەزدا)

ئەوانەی ڕەنجیان کێشاوە لە کوێدا پاداشیان دەدەیتەوە و دەیانخەیتە بەر بەزەیی خۆت؟

جەماوەری خەڵک لە کوێدا لەگەڵ (ئوردی بەهەشت) و (سپەندارمز) و (بەهمەن) و (شاریوەر)دا یەک دەگرنەوە و دەبنە هاودەم؟

٥

ئەگەر وەرزێری زانا و چاک کردار بێت و حەکەمییەت بداتە دەستی داوەری زانای ڕاست وتار (زەردەشت) و ئەوجار نیایش بکات، بێگومان لە ڕۆژی پەسلاندا دەکەوێتە بەر لێبووردن و بەزەیی (مەزدا).

٦

لە ڕۆژی پەسلاندا (مەزدا ئەهورا) ئەوی لە هەرچی باشترە دەیداتە ئەوانەی بەوتەی ئەویان کرد و ئەوی لە هەرچی خراپە، خراپترە دەیکاتە نەسیبی ئەوانەی لە ڕێگای ڕاست لایان دا و بوونە هۆی نارەزایی ئەو.

٧

ئەی ئەو کەسەی گیانداران و ئاوەکان و گوڵ و گیات خوڵقاند داوات لێ دەکەم بەیارمەتی (سپەندمینو) توانایی هەتاهەتایم پێ بدەیت.



ئەی مەزدا

بەنێو بژێوی (بەهمەن) هێز و پایەداری و خۆڕاگری لە کاتی حەکەمییەت و داوەریدا بکە بەنەسیبی من.

٨

ئەی (مەزدا)

ئێستا لە دوو مەبەست قسە دەکەم... چونکە پێویستە ئەوە بۆ هەر زانایەک دووپات بکەمەوە. ئەو خۆشی و شادومانییە کە دەبێتە بەشی ڕاستی پەرەست و ئەو خراپی و نالەبارییە کە دەبێتە بەشی پەیڕەوانی درۆ. بەڵێ... پێغەمبەرێ شادە کە بتوانێ دینی خۆی بەزانایان بگەیەنێت.

٩

ئەی (مەزدا)

تۆ، بەئاگری بڵێسەدار و ئاسنی سورۆکراو سزای مەزداپەرەستان و دێوپەرستان ئەدەیتەوە... بێ و لە گیانەکاندا نیشانە دابنێ... قازانج بۆ پەیڕەوانی ڕاستی و زیان بۆ پەیڕەوانی درۆ.

١٠

ئەی (مەزدا)

بەغەیری (کەوی)کە لە تەوەرە و زادەی ئەهریمەنە و خراپەی خەڵکانی دەوێت، کەسی تر خوازیاری لەناوبردن و تێداچوونی منی نییە... داوادەکەم لە (ئوردی بەهەشت) تا بەهێنانی پاداشی چاکە بێتە هانام.

١١

ئەی (مەزدا)

کوا ئەو پیاوەی کە دۆستی (سپیتەمان زەردەشتە)؟ کێیە ئەوەی کە لە دینی ڕاستی دەرس وەربگرێت؟

کێیە ئەو دروست کردارەی کە لە ڕوانگەی کردەوەی چاکەوە سەرنجی ئایینی (موغ) بدات و تێفکرێت. کێیە (سپەندارمز)؟

١٢

غولامی پەست و بەدفەڕی (کەوی) کاتێ گەیشت بە (زەردەشتی سپیتەمان) لەناو بەفری زمستاندا و بەچاوی خۆی دی چارەواکانم لەتاو سەرما دەلەرزان و ناچار دابەزیبووم، یارمەتی نەدام و منی شاد نەکرد و ڕێگای نەدام[1].

(١) لە مەتنی فارسی دا (چاکر) نووسراوە و لە فەرهەنگ دا چاکر واتە (غولامبارە) و بەبڕوای زەردەشتییەکان سزای مرۆڤی (غلامبارە-مفعول) مەرگە.

١٣

بەم چەشنە، درۆپەرەست نیـهـادی خـۆی دەرخـست و خـۆی لە پاداشی چاکە بێبـەش کـرد. ڕەوانی ئەو لەسەر پردی (چین وەت)دا تووشی هەراسانی دەبێ و چونکە بەکردەوەی زیانباری خۆی لە ڕێگای ڕاست دوور کەوتەوە.

١٤

(کەرپەنەکان) لە دابی دروستی وەرزێری پەیڕەوی ناکەن و خەریکی ئازاری چوارپایان و ئاژەڵەکانن.

ئەی (مـەزدا) داوات لێ دەکەم ئەو داوەریی و سزای کـە بۆ بنەمـاڵەی درۆپەرەسـتـان بۆ ڕۆژی پەسـڵان دات ناوە، ئێستاکە بیخەکار.

١٥

حەق دەست و پاداشێ کە زەردەشت بۆ (موغـان) و پەیڕەوانی دینی ڕاستی وەعـدەی داوە، داخڵ بوونە بە(گەرزەمـان) واتە ئەو جێگای کە بۆ یەکەم جار (مەزدا ئەهورا) بەنووری خۆی پیرۆزی کرد. ئەمەیە ئەو پاداشی ڕزگارییە کە من لە پەنای تیشکی ئیخلاق و کردەوەی چاک و ڕاستیدا بەئێوەم وەعدە داوە.

١٦

شاریار (کەی گوشتاسب) لەگەڵ ئەوەی پادشاه بوو ئایینی (موغـان)ی قەبووڵ کرد و ڕێگای ئیـخلاقی چاک و ئامۆژگاری (ئەهورا)ی پاک و ڕاستی هەڵبژارد. بەم چەشنە کاری ئێمە دەگاتە ئەنجام.

١٧

(فەرشوشتـەری هۆگۆ)(١) پەیکەرێکی مـەزنی بەمن نیشـان دا. داوا دەکەم لە (مـەزدا ئەهورا)ی توانا، ئەوەی کـە ئەو خوازیاریەتی و دەیهەوێت لە ڕێگای دینی پیرۆزدا پێی بدات تا لە دەوڵەمەندی و ڕاستی بەشداربێت.

١٨

جاماسب هۆگۆ(٢) – ئەم ئایینە ڕاستـەی وەکو فـەرەهی ئیزەدی بۆ خۆی هەڵبژارد... ئەو لە دووی وڵاتی (بەهمەن) دەگەڕێت.

ئەی (ئەهورا)

داوات لێ دەکەم کە جاماسب و هاوبیرەکانی لە پەنای بەخششی تۆدا بن.

١٩

(مەدیومـاه سپیتـەمان)(٣) پاش ئەوەی لە  نیهـادی خۆیدا پێغـەمبەری ناسی بەڵێنی داوە ئەوەی کە لە

(١) Hvovi: بەکوردی دەبێتە ڕازگۆ یا درکێنەری ڕاز و کچی فەرشوشتەر بووە.
(٢) جاماسب هۆگۆ: یەکێ لە یاوەرانی زەردەشت.
(٣) madyumah: لە بنەماڵە و ئامۆزای زەردەشت بووە و یەکێ لە ئەندامانی هۆزی سپیتـەمان و یاریدەدەری زەردەشت.



ئایینی مـەزدای یادگـرتووە و بۆ خـۆی بەچاکیـان دەزانێ لەناو کـۆمـەڵانی خـەڵکدا پەرەی پێ بدات و ئاگاداریان بکات لەو دینە پاکە.

٢٠

ئەی کەسانێ کە یەکتان گرتووە و لەگەڵ (ئوردی بەهەشت) و (بەهمەن) و (سپەندارمز)دان.

لە کاتی نیایش و دوعادا ستایشتان دەکەم و لە (مەزدا) دەخوازم بەو جۆرەی وەعدەی داوە یارمەتیتان بدات.

٢١

پیاو بەپارێزکاری پاک دەبێتەوە و لە پەنای بیر و گوتار و کرداری چاکدا دەتوانێ پەرە بدات بەدینی خۆی.

(مـەزدا ئەهورا) بەنێو بژێوی (بەهمـەن) وڵاتی مـینەوی خـۆی بەپیـاوی وا خەڵات دەکـات. من ئاواتم ئاوا پاداشێکە.

٢٢

(مەزدا ئەهورا) ئەو کەسەی بەچاکی دەناسێت کە کردەوە و ستایشی بەڕاستیە.

ئێمەیش ئەوانەی کە بوون و هەن، بەناوی خۆیان ستایشیـان دەکەین و بەناردنی درووود و سەلام لێیان نزیک دەبینەوە.

# وەهیشتۆ پیشت گاسا

## یەسنا . هاتی ٥٣

١

باشترین سامان کە تا ئێستا بووە هەر ئەوەیە کە (مەزدائەهورا) بە(زەردەشت سپیتەمان)ی بەخشیوە و لە تیشکی ڕاستیدا خەڵاتی دەکات ئەویش شادی و خۆشی ژیانی هەر دوو جیهانە (مەزدا ئەهورا) ئەم خەڵاتە بەهەموو ئەوانەی پەیڕەوی دینی ڕاستی ئەو بن دەبەخشێت.

٢

یاوەرانی دینی ڕاستین و کەسانێ وەکو (کەی گوشتاسب) و (کوڕی زەردەشت سپیتەمان) و (فەرشوشتەر) کە بەبیر و گوتار و کرداری چاک (مەزدا) شاد دەکەن و خۆبشیان بەڕووی شادەوە دەچنە نیایشی ئەو و ڕێگای ڕاست و دینی پاکی (ئەهورا) دەڕازێننەوە لایەقی پاداشی چاکەی ئەهوران.

٣

ئەی (پوروە چیست)[١] لە تەوەرەی (هەچ تەسب) و بنەماڵەی (سپیتەمان)... ئەی جوانترین کیژی زەردەشت من ئەو پیاوەم بۆ تۆ هەڵبژاردوە بۆ هاوسەری و بۆ خۆم ئیخلاق و کردەوەی چاک و ڕاستی ئەوم تاقی کردووەتەوە.

جا تۆیش بۆ خۆت بیری لێ بکە ڕۆلە عەقڵ و زانستی خۆت بەهرە وەربگرە و پرس و جۆ بکە و ڕێگای چاکی بۆ خۆت هەڵبژێرە و بەجێگای بێرە.

٤

بەڵێ من بەدڵ گەرمی (پوروە چیست) بۆ کردەوەی دینی ڕێنوێنی دەکەم هەتاکو باوک و شوو وەرزیەران و ئازادەگان لەو کە پاکدینی، پاکدینانە خوشحاڵ بن.

(مەزدا ئەهورا) بۆ دینی چاک و بەرزی تا هەتاهەتایە پاداشی چاک و نوورانی و ئیخلاقی باشی پێ عەتا کات.

٥

ئەی (جاماسب) ئەی (پوروە چیست) من ئێوە ئامۆژگاری دەکەم و ئەمانەی دەڵێم بۆ ئێوە و هەموو ئەو کیژانەی کە شوودەکەن.

ئێوەیش ئەم پەندانە لەیادبکەن و لە نیهادی خۆتانا ڕایان بگرن، چونکە بۆ گەیشتنی ئێوە (کیژان) بەدونیای ئاخیرەت و جێگای چاک کردارەکان بەکارتان دێن.

ئێوە لە سەرتانە بۆ کاری دینی ڕاستین لەگەڵ یەکدا کێبەرکێ بکەن چونکە دەبێتە هۆی ڕزگاری و

(١) Pourucista: ناوی کچی بچووکی زەردەشتە... لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دە سەدە لەمەوپێش لە ئێراندا ژنان بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر ئازاد بوون و زەردەشت فەرمانی داوە کە کچەکەی بیر لە شووەکەی بکاتەوە.



شادمانی و وەرگرتنی خەڵاتی ئەهورایی.

٦

ئاهای... ئەی پیاوان و ژنان

بزانن... ئەگەر ئەمڕۆکە دەبینن پەیڕەوانی درۆ بەڕواڵەت بوونەتە خێوی سامان و شادکامی، لە ڕۆژی پەسڵاندا هەموویان لێ وەردەگرنەوە و بەختیان وەردەگەڕێت و لە بۆ درۆپەرەستان سزا و جەزای درێغ و حەسرەت و خواردەمەنی دۆزەخی دانراوە.

ئێوەیش ئەگەر وەکو درۆپەرەستان بکەن، ژیانی ئەو جیهانە بەدەستی خۆتان تێک دەدەن.

٧

تا ئەوکاتەی تێ بکۆشن بۆ دین پەروەری و خەڵک دەعوەت بکەن بۆ قەبووڵی دینی ڕاستی، ئەوە پاداشی چاکی ئایینی موغان لە ڕۆژی پەسڵاندا دەبێتە بەشتان. لە حاڵێکدا دەبینن پەیڕەوانی دینی درۆ بەپشتی کۆمەوە لەژێر باری گوناحدا چەماونەتەوە و بەرەو دۆزەخ دەڕۆن.

جا ئەگەر ئێوەیش ئەمڕۆکە پشت لە ئایینی (مۆغ) هەڵکەن و روو بکەنە درۆپەرستان، داهاتووتان دەبێتە بانگی درێغ و حەسرەت و پەشیمانی.

٨

دەی با (مەزدا) شاریارانی بەهێز هان بدات بۆ دینی ڕاستی و لە پەنای هێز و توانای ئەواندا بتوانین بەسەر درۆپەرستان و دوژمنانی دینی ڕاستیدا زاڵ بین. دیارە بەدکرداران لەم دنیادا خلەتاون لە دونیای ئاخیرەتدا بەناڵە و فریاد و هاواری خۆیان پەژیوان دەبنەوە.

دەی با (ئەهورا) بەهێزی ئەو پادشاهانی دیندارە گوندەکان ئاوەدان و هێمن و شاد بکات. زۆر ناخاینێ کە (مەزدا) واتە ئەوەی لە هەمووان مەزنترە درۆپەرەستان نابوود دەکات.

٩

ئەو بەدکیش و بەدفەڕانەی کە خوازیاری ئەوەن، بەڕێزەکان و هەڵبژێراوەکان، ڕەزل و خوار بن ئەوە سزاواری تێداچوون و سزای دژواری جیهانی ئاخیرەتن.

کوا ئەو داوەر و شاریارەی کە هەر لەم دنیادا بچێتە شەڕی درۆپەرستان و گیانیان لێ بستێنێ و بیانکوژێت یان بیانکێشێتە ژێر دەسەڵات و بیانکاتە فەرمانبەر کوا؟ لەکوێیە؟

ئەی (مەزدا) هەرتۆی ئەو کەسە کە دەتوانێ ئاوا شاریارێکی دادگەرمان بۆ بنێرێت و بتوانێ ژیانی هەژاران و بێ نەوایان دروست کات... ئەمە تەنها لە قودرەت و توانای تۆدایە.

## دەفتەری دووهەم

# یەسنا

لەسەرەتای گاساکاندا سەبارەت بە یەسنا وتمان و لێرەیشدا بەنووسینی یاداشتێکی کورت تێدەکۆشین خوێنەرانی بەڕێز لەگەڵ ئەم بەشەی ئەوێستادا ئاشنا بکەین. یەسنا، یەکێ لە کۆنترین بەشەکانی نامەی مینەوی ئەوێستایە و دارای حەفتا و دوو بەشە و هەرکام لەو بەشانە لە ئەوێستادا (haiti) و پەهلەوی و فـارسی (هات)یان (ها)یان پێ دەڵێین وتمان کـە گـاسـەکـان ١٧ هات لە٧٢ هاتی یەسنان و لەبەرئەوە هۆنراوەی زەردەشتن، هەمیشە بەجیا نێویان هێناوە. لە حەڤدە هاتی گـاسـاکـان و پەندەکـانی ئەو لە سەرەتای ئەم دەفتەرەدا قسەمان کرد و ئیتر پێویستی بەوتەی زیاتر نییە:

لە پەنجا و پەنج هاتی پاشماوەی (یەسنا)حەوت هاتی (٣٥-٤١) haptang haiti دەڵێین و بەجیا ناویان بردووە و لەوە دەچێ زەمانێ نزیکی نووسینی گاساکان ئەمەیش نووسرابێت. تاقمێ لە لێکۆڵەران پێیان وایە هاتی٤٢ بەشوێن ئەم حەوت هاتەدا دێت، بەڵام ناوەڕۆکیان یەک ناگرنەوە و لەوەدەچێ ئەمە لەپاش حەوت هاتەکە نووسرابێت. لە هەشت هاتی (٣٥-٤٢) لە ناوهاتی ٣٤ (ئاخری ئەهونودی گات) و هاتی ٤٣ (سەرەتای ئەشتودگاسا) فاسیلە هەیە. هەروا هاتی٥٢ لەناو چوارەم و پەنجومی گاساکاندا جێگای گرتووە و (هوشبامی) ناوە و دوعای تایبەتی بەیانانە.

ماکی هاتەکانی (یەسنا) ستایش و نیایش (ئەهورا مەزدا) و (ئیمشاسپەندان) و (ئیزەدەکان) و باقی خوڵقاوەکانی باشی ئەهوراییین. ئێمە لەناو پەنجا و پەنج هاتی یەسنادا سێ هاتی ٥ و١٠ و ١٢ مان هەڵبژارد و لەم دەفتەرەدا نووسیمان، چونکە ناوەڕۆکی ئەم سێ هاتە شیرینتر و سەرنج ڕاکێشترن بۆ خوێنەران و زۆر دڵگیرتر لە باقی هاتەکانی یەسنایە.

لە هاتی ٩-١٠ (هەوم haoma) گیای موقەددەسێکە کە لە گوشینی ئەو، چەشنە شەربەتێکیان ساز دەکرد و لە جەژنەکان و نیایشی دینیدا بەوێنەی شەرابی موقەددەس دەیانخواردەوە.

بەر لەمە دیمانەکە زەردەشت بۆ خۆی لە گاساکاندا لۆمەی ئەوانەی کردووە کە شەربەتی هەوم دەخۆنەوە، کـەچی چونکە لەناو ئۆمـەتی ئەودا برەوی پەیدا کـردبوو و پەیڕەوانی زەردەشت دەیانخـواردەوە، لە پاش زەردەشت، ناوی هەوم وەکو ڕەمزێکی پیرۆز چووە نێو نووسراوەکان و سرووده پیرۆزەکانی زەردەشتی و بەوێنەی ئیـزەد و هێـزێکی تایبـەتی داوای یارمـەتی لێکراوە... ئەوە کـە لەم دوو سـرووددەدا وەبەرچاوی خوێنەر و سەرنجی بیسـتیار دەکەوێت، زەوق و هەست و خەیاڵاوی بوونی شاعیرانەی ئەوانن و ئەمەیش بەڕاستی بۆ ئەدەبی هەرەکۆنی ئێمە جێگای فەخر و شانازییە کە پێشینیانی ئێمە توانیویانە بەو شێوە سروود دابێنن.

لە هاتی١٢دا یەکێ لە پەیڕەوانی (مـەزدا) لە فـەرمـانبـەرداری و پاک دڵی خـۆی قـسـان دەکـات و بۆ سەلماندنی ڕاستی وتەکانی خۆی سوێند دەخوات. لێرەدا قسە لە ستایشی پاکی و ڕاستی و جوانی و



ژیانی سـەربەرزانە و زەم و خـراپوێژی درۆ و پیـسی و ڕق و کینەیە، مرۆڤی (مـەزدا) پەرست بەزمـانی خۆش و دەنگی زوڵاڵ ئەیدرکێنێ کە بیر و گوتار و کرداری چاکی هەیە و دژ بەئەهریمەنان و ناپاکان و دێوەکـانە و لەگـەڵ پەیڕەوانی درۆ پەیوەندی نییـە. ئەوە ڕای دەگـەینێت... کـە ئازادی و گیـان و مـاڵ و سامانی خەڵکی جێگای پاراستن و حورمەتن و لەگەڵ خەڵکدا غەیری چاکی ڕەفتار ناکات.

مەزداپەرست ئەو وێنەی هەیە کە بۆ ئاو و گیا و زەوین و ئاسمان و ئادەمیزاد و چوارپایان ئیحترام و ڕێزی هەیە و هیچ ئافەریدەیک بێ هوودە بەپیس نازانێت.

لە ئاکامدا تێدەگەین مرۆڤی مەزداپەرست هەزاران ساڵ پێش لەمە هاوار دەکات کە ئیتر کەرەسەی شەڕی وەلا ناوە و بەئاهەنگی دڵگیری ئاشتی و ئازادی بەرەو جیهانی مرۆڤایەتی هەنگاو هەڵدەگرێت.

بەخـوێندنەوەی ئـەم سـروودانە بەئەندێشـە و بیـر و کـردەوەی باپیـرانی خـۆمـان ئاشنا دەبین و واژەی (یەسنا)یش بەم چەشنە لێک دەدەنەوە.

لە ئەوێستا yasna و لە سنسکریت yajna و لە پەهلەوی yazasn، بەمـەعنای ستایش و ڕیشە و مـەسدەری ئەم وشـە لە ئەوێستادا yaz و لە سنسکریت yaj و لە پارسی کۆن دا yad و لە پەهلەوی دا yazitan یا yastan دەنووسرێت. لە زمانی فارسیدا ڕیشەی ئەمە (یەزد) و (ئیزەد) و (یەزدانە) کە بەشێوەی تاقانە دێتەکار و بۆمان ماوەتەوە، هەروا وشەی جەژن لە yasnaی ئەوێستایی سەرچاوەی گرتووە، چونکە جەژنە مەزنەکانی ئێران هەموویان ئاییینی دینی بوون و ئەم وشەمان لەوێ بۆ بەجێ ماوە.

ناوەکـانی (یەزدگـرد) و (یەزدخـواست) و (یەزدئاباد) و (یەزد) و (ئیـزەدی) هەمـوویان ڕیشـەی (یەسنا)ن.(١)

## یەسنا. هاتی٩

١

سـەرلەبەیانی کـە زەردەشت خـەریکی پاککردنەوەی (ئاگـردان) بوو و سـرووودی دەخـوێند، هەوم لە پەیکەری پیـاوێکدا هاتە لای و زەردەشت پرسـیـاری لێکرد. ئەتۆ چ کـەسی کـە بەگـیـانی نووورانی و بێ بڕانەوەی خۆت لە پەیکەری جوانترین کەسدا هاتیتە پێش چاوم و خۆتم پێ دەنوێنی.؟

٢

هەوم، واتە ئەوەی مەرگ دوور دەخاتەوە وەڵامی دایەوە.

ئەی زەردەشت

ئەز هەومم، پاک و دوور کەرەوەی مردن. بێ و من دەستخە و بۆ خواردنەوە ئامادەم بکە.

---

(١) لە شاریارانی ساسانی سێ کەسیان بەیەزدگرد ناونراون و هەروا بوونی دینی (ئیزەدی) لە کوردستاندا و لە لالشی پیرۆز یادگارێکی مەزدیەسنایە و زۆر نیشانەی تریشمان هەیە کە لە جێگای خۆیدا باسی دەکەم.ع.ف.

ئەی (سپیتەمان)

لە تاریفی مندا هەڵدە سروودی نیایش، وەکو چۆن لەمەودوا سوشیانتەکان دەیکەن.

٣

زەردەشت گوتی:

درووود بۆ تۆ ئەی هەوم... ئەوەی بۆ یەکەم جار تۆی ئامادە کرد چ کەس بوو و کام پاداش و بەختی چاکی بوو بەنەسیبی؟

٤

هەوم، پاکی دوورۆکەرەوەی مەرگ لە وەڵامدا گوتی: بۆ یەکەم جار (وەیونگهان)(١) لە جیهانی خاکیدا منی ئامادە کرد و بەپاداشی ئەو کردەوە بوو بەخاوەنی کوڕێ بەناوی (جەمشید) کە خێوی چەند ڕەوەی چاک لە ئاژەڵ بوو و بەڕاستی ئەو خاوەن شکۆترین کەسێ بوو لەناو ئادەمیزادەکان کە تا ئەو کاتە خولْقابوون، چاوی بەوێنەی خۆرەتاو بوو و لە کاتی شاریاری خۆیدا گیانداران و مرۆڤی لە مەرگ دوورخستەوە و ئاوەکان و گیاە و مێرگەکان وشک نەبوون و خواردەمەنی نەهاتە کەمیی.

٥

لە کاتی شاریاری (جەم)دا نە سەرما بوو نە گەرما، نە پیری هەبوو و نە مردن و خەڵکی لە ڕقەبەری و چاولێکەری کە خولْقاوی دێوەکانن بەدوور بوون و باوک و فەرزەند هەروەکو تازەلاوی پانزدەساڵە خۆیان دەنواند.

٦

(زەردەشت) هەم دیسان پرسیاری کرد:

ئەی (هەوم) پاش ئەوە چ کەسێ بۆ جارێکی تر تۆی سازکرد و پاداشی ئەو چ بوو؟

٧

(هەوم) پاکی مەرگ زدا وەڵامی دایەوە:

بۆ دووهەم جار (ئاتبین)(٢) لە جیهانی خاکیدا منی سازکرد و لە پاداشی کرداری چاکی خۆیدا بوو بەخاوەنی کوڕێ بەناوی (فەرەیدون) لە بنەماڵەی بەتوانا.

٨

ئەوە کە (ئاژی دهاکی)(٣) خاوەنی سێ پوزە و سێ سەر و شەش چاو واتە ئەوەی کە چالاک دێوێکی یەکجار بەهێز و درۆزن و یەکجار زۆردار بوو ئەو دێوە درۆزنەی کە ئەهریمەن ئەوی بۆ گەیاندنی زیان و

(١) vivanghan. ناوی باوکی جەمشید.

(٢) atbin باوکی فەرەیدون.

(٣) azhidahaka: واتە زحاک یا دەهاک کە لە شاهنامەدا بەناوی ماردوش ناسراوە.



کوشتنی ڕاستی ناردبووە جیهان، لە عەرزدا و کوشتی.

٩

(زەردەشت) بۆ جاری سێیەم پرسیاری کرد:

ئەی (هەوم)

چ کەسێ بۆ سێهەمین جار تۆی لەم جیهانی خاکییەدا ئامادە کرد و پاداشی کردەوەکەی چ بوو؟

(هەوم)ی پاک و دوورخەرەوەی مەرگ وەڵامی دایەوە.

سێهەمین جار (ئەترەت)(١) منی ئامادە کرد و لە پاداشی ئەوەدا بوو بەخاوەنی دوو کوڕ بەناوەکانی (ئورو ئەخشیە) و (گەرشاسب)(٢) کە یەکەمیان داوەر و حاکمێ بوو خاوەنی داد و، دووهەمیان پاڵەوانێ بوو بەتوانا و لاوێکی شەنگ بوو بەقژی درێژ و پێکەوتوو و گورزێکی قورسەوە.

١١

ئەو کەسەی ئەژدیهای شاخداری ژاراوی و زەردڕەنگی کوشت ئەو ئەژدیها خاوەنی ژاری زەرد بەبڵێندی یەک نێزە بوو و جاری وا بوو ئەسپ و سواری پێکەوە قووت دەدا. ئەو پاڵەوانە تۆپانی.

گەرشاسب، لە کاتی نیوەڕۆدا، قازانی ئاسنی دەنایە سەرپشتی ئەو ئەژدیها و بەئاگری ئەو، چێشتی ساز دەکرد تاکو جارێک ئاگر زۆری بۆ ئەژدیهای زیانکار هێنا و هەڵسا و لە ژێر قازانەکە دەرچوو و ئاوی کوڵاتو ڕژایە عەرز، بەڵام گەرشاسب خۆی کێشایە کەنار و زیانی پێ نەگەیشت.

١٢

زەردەشت بۆ جاری چوارەم پرسیاری کرد:

ئەی (هەوم)

ئەوە چ کەس بوو، جاری چوارەم ئەتۆی لەم دنیای خاکیدا ئامادە کرد و پاداشی ئەو کردەوە چاکەی ئەو چ بوو؟

١٣

(هەوم) ئەو پاک و دوور کەرەوەی مەرگ لە وەڵامدا گوتی چوارەمین جار (پوروشەسب) لە جیهانی خاکیدا ئامادەی کردم و بەپاداشی ئەو کردەوەی بوو بەخاوەنی ڕۆڵەیێکی وەک تۆ چالاک و پیاو چاک، تۆ ئەی زەردەشتی پاک و موقەددەس لە بنەماڵەی (پوروشەسب)(٣) و دژی ناپاکان و دێوەکان و خاوەنی ئایینی پاک و ڕاستەقینەی.

(١) thrita: یا (اترت) کە لە چەند کتێبدا بەباوکی گەرشاسب ناوبراوە.

(٢) urvaxsaya: ناوی برای گەرشاسبە.

(٣) pourusspa: ناوی باوکی زەردەشت.

١٤

ئەی (زەردەشت) ئەی ناوداری (ئیـــران ویـچ)(١) تۆ بووی کـــە یەکـــەم جـــار دوعـــای (ئەهونە و ئێریە...)ت(٢) بەچوار دەنگ هەڵبەست و نیوەی دووهەمی ئەو دوعـات بەدەنگی بەرز و ئاهەنگی بوڵەند خوێندەوە.

١٥

ئەی (زەردەشت) ئەی بەهێزترین و دلێرترین و تێکۆشەرترین و پێشڕەوترین و پیرۆزترین ئافـەریدەی مینەوی... تۆ بووی کە هەموو دێوەکانت وا لێکرد خۆیان دابشارن لە حاڵێکدا بەر لە تۆ وەکو بەنی ئادەم لەسەر هەرد دەگەڕان، بەڵام تۆ ئەوانت لە زەوینا قایم کرد.

١٦

(زەردەشت) گوتی:

سـڵاو لە هەوم، هەومی چاک و باش کـە لە ڕووی ڕاستیـەوە خـوڵقـێنراوە و دەرمـانی دەردانە و دارای شاخەی نەرم و ڕەنگی وەکو زەردە و کاتێ دەیخۆنەوە، چاکترین شەربەتە و چاکترین ئارامکەری ڕۆح و ڕەوانە.

١٧

ئەی (هەوم)ی زێڕین بەتۆدا هەڵدەڵێم:

داوات لێ دەکەم و دەخوازم دلێر و سەرکەوتوو و زاڵ بم و بەهۆی خواردنەوەی تۆ، ببمە خاوەنی عـەقڵ و زانستی فـرەوان هەر وەکو شاریارێکی کامڕەوا دەسەڵاتم هەبێت و بتوانم (دێوەکان و درۆزنەکان تێک بشکێنم).

١٨

ئەی (هەوم)ی زێڕین

دەخـوازم یارمـەتیم بدەیت تا لە شـەڕی دوژمنان، چ دێوەکـان و چ مـرۆڤی نابار و چ جـادووگـەران و غەدداران و (کەویەکان) و (کەرپەنەکان) و ئەوانەی زیانیدەرن و ئەو دووپای گومڕاە و گورگی چوارپا و هەموو هێز و لەشکری دوژمن تێک بشکێنم.

١٩

ئەی (هەوم) ئەی دوورخـەرەوەی مردن، لە تۆ داوای ئەم بەخشینە دەکـەم، بەهەشتی پاکـان... واتە ئەو جێگا پان و بەرینەی کە ڕووناکە و جێگای ئاسایش و حەساننەوەیە.

لە تۆ داوایێکی ترم هەیە، لەشسـاخی و بەهێـزی لەش و گـیـان. ئەی (هەوم)، ئەی دوورۆ خـەرەوەی

(١) ئیران ویچ، سەرزەوینی سەرەکی ئاریاکان.

(٢) (یەتائەهو و ییریو) سروودی زەردەشتە و لە سێ شیعر سازکراوە.



مەرگ، لە تۆ داوای بەخشینی سێهەم دەکەم.. ئەویش ژیانی درێژ خایانی گیانە.

٢٠

ئەی (هەوم) دوورۆ خـەرەوەی مـەرگ و نەمـان، لەتۆ خـوازیاری چوار بەخشـینم – ئەز بەکـامـڕەوایی و دلێری و شادمانی لە جیهانی پانوبەریندا بتوانم شەڕخوازان و درۆزنەکان تێک بشکێنم.

ئەی (هەوم) دوورخـەرەوەی مردن لە تۆ داوای بەخشـشی پەنجومم هەیە. ئەز بەهێز و توانای فرەوانەوە بێمەدەر و بتوانم شەڕخوازان و درۆزنان نابوود بکەم.

٢١

ئەی (هەوم) دوورۆ خەرەوەی مەرگ

لە تۆ داوای بەخشـشی شەشەم دەکەم – با بۆ یەکـەم جار ئێمە بۆی دزەکان و ڕێگرەکـان و گورگەکان بکەین و پێـیـان بزانین، قـەت نەکـات ئەوان بەر لە ئێـمـە هەست بکەن. کـارێ بکە بۆ هەمـیـشـە ئێـمـە بەرلەوان هەستیان پێ بکەین (بۆ کاری خراپی خۆیان وەپێشمان نەکەون).

٢٢

(هەوم) هێز و توانا دەداتە ئەو دلاوەرانەی کە لە گۆڕەپانی خەباتدا ئەسپی خۆیان غار داوە.

هەوم دەگـاتە یارمـەتی ئەو ژنـانەی کە ئاوسن و ڕۆڵەی ناودار و پارێزکـار عـەتا دەکـات و بەوانەی کـە بەخواستی خۆیان فێری دابونەریتی ئاییینی ڕاستین دەبن پاکی و زانایی دەبەخشێت.

٢٣

(هەوم) دەگاتە فریای کیژەکان و ئەو کچانەی قەیرەن و شوویان نەکردووە ئەگەر داوای لێ بکەن، دەبنە خاوەنی شووی وەفادار و پەیمان شناس.

٢٤

ئەو (هەوم) بوو کە توانی (کرسانی)(١) لە شاریاری بخات، ئەو پادشا کە لە تەماعکاری خۆیدا هەر دەینالاند و دەیگوت، لەمـەولا ئیـتـر پێشـەوای دینی بۆ وڵاتی من نایێت. ئەو کەسـە کە دەیەویست بەر بەهەموو کەس بگرێت و هەرچەشنە جوولانەوە سەرکوت بکات.

٢٥

خۆش بۆ تۆ ئەی (هەوم) کە بەهێزی خۆت وەکو شاریاری.

خۆش بەحاڵی تۆ ئاخاوتنی ڕاست و چاک دەزانی.

خۆش بەحاڵی تۆ کە نیازت بەپرسیار نییە بۆ گوتە ڕاستەکان.

(١) Kersani – یەکێ لە شاریارانی (دیو یەسنا) کە دژی زەردەشت بووە.

٢٦

ئەی (هەوم)

بۆ یەکەم جار (مەزدا) کەمەری[١] ئەستێرە نیشانی دینی پاکی مەزدیەسنای بەتۆ بەخشیوە و بەوشێوە، هەمیشە کەمەرت بەستووە و لەسەر لوتکەی چیا، پارێزەری ونار و ئایینی ئیزەدیت.

٢٧

ئەی (هەوم) ئەی مەزنی بنەماڵە، ئەی مەزنی گوند، ئەی مەزنی شار، ئەی سەرۆکی وڵات، ئەی پارێزکار و زانا. هێز و سەرکەوتن و دڵاوایی رزگاریدەری تۆ بۆ خۆم لە تۆ دەخوازم.

٢٨

قینی رقەبەرەکانمان لێ دووربخەرەوە و هەر کەس لەم ماڵەدا، لەم گوندەدا، لەم شارەدا و لەم وڵاتەدا گوناه دەکات و خەریکی ئاکاری خراپ و دزێوە، لە پای بخە و عەقڵ و هۆش و زانستی لێ بستێنەوە و رۆژگاری تیرە و تار و بۆ خۆی تێ بشکێنە.

٢٩

ئەو کەسەی رقی لە ئێمەیە و چاوی بەکردەوە و ئەندامی مەدا هەڵنابیت پای لە رۆیشتن بویستێت و دەستەکانی لەکار بکەون و چاوەکانی زەوین نەبینن و هەروا چاوەکانی لە حاندی گیاندارانی زیانیدەر نەبینن.

٣٠

ئەی (هەوم)ی زیرێن

هەڵسە و دژ بەئەژدیهایێکی سامداری زەردرەنگ کە خەریکە پەیکەری پارێزکاران نابود دەکات بەکەرەسەی شەڕ هەڵۆێست بگرە.

ئەی (هەوم)ی زێرێن

ئەوە راهزەنی نابەکار و خوێنخۆر رێگایان گرتووە و ژیانی پارسا و پارێزکار لە مەترسیدایە... دەی کەرەسەی شەڕ هەڵگرە و بچۆ بۆ شەڕیان.

٣١

ئەی (هەوم)ی زێرین

هەڵسە بۆ شەڕی فەرمانرەوای درۆزن و درۆپەرست کە بەهەستی پیرۆزی و سەرکەوتن خەریکی نابودکردنی پەیکەری پارسایە.

ئەی (هەوم)ی زێرین

---

(١) کەمەر: واتە کوشتی یا کوستی، پشتوێنی زەردەشتی کە لە ٧٢ رشتە خوری سپی دروست دەکرا و دەیان بەستە کەمەریان.



هەڵبگرە چەک و کەرەسەی جەنگی دژی ئەو تێکدەر و گومرایە کە بەرواڵەت ئایینی لە یادە بەڵام لە کردەوەدا عەمەلی پێ ناکات.

٣٢

ئەی (هەوم)ی زێرین

هەڵسە بەکەرەسەی جەنگی دژی ئەو ژنی خۆفرۆش و جادووگەری پیاونما کە ماڵەکەی بووەتە پەناگای گوناهکاران و کردەوەکانی وەکو هەور لە بەرانبەری بادا، لەرزانن.

ئەی (هەوم)ی زێرین هەڵبگرە چەک و کەرەسەی جەنگی دژ بەهەر کەسێ کە دەیهەوێت زیان بدات لە پەیکەری پارسا و پارێزکار (زەردەشت).

## یەسنا- هاتی-١٠

١

دێوەکان و دێڵە دێوەکان لێرە دووربن، سرووش، نوێنەری چاکی لێرەدا پایەدار بێ. (ئەرت)ی چاک، لێرەدا، لەم خان و مانەدا کە ماڵی (ئەهورا) و (هەوم)ی راستپەروەرە بەئارامی سەقامگیر بن.

٢

ئەی فرەزانا: ستایش دەکەم ئە ئاوەنەو دەستەی زێرێنە کە شاخەی (هەوم)ی تیا دەکوتن لەگەڵ (باژ)[١]دا.

ئەی فرەزانا ستایش دەکەم هێزی بازووی پیاوانە و هاوەنە و دەستەی زێڕین کە (هەوم)ی تیادەکوتن لەگەڵ باژدا.

٣

ئەی هەوم

سوپاس و پێزانین بۆ هەور و باران کە بوونەتە هۆی سەوز بوون و پەیدابوونی تۆ لەسەر لوتکەی چیاکان دا.

٤

ئەی هەوم

سوپاس و ستایشی من بۆ هەموو پانایی زەوین کە تۆی لە باوەش گرتووە. من سوپاس و ستایش دەکەم لەو کێڵگە و دەشتە پان و بەرینانەی کە تۆیان وەکو رازاوەترین گیای خۆش بۆ و گیای تایبەتی (مەزدا) لە باوەش گرتووە.

ئەی (هەوم)... ئەی سەرچاوەی راستی

کە لەسەر لوتکەی چیاکان دێتەدەر و هەمووان لە تۆ سوود وەردەگرن.

---

(١) Bazh بەمەعنای ئاواز و دوعا و نزایە، لە کاتی کوتانی گیای هۆم دا دوعایان خوێندووە پێیان وتووە باژ.

٥

ئەی هەوم

بنازە و سەربەرز بە و بەهەموو ساقە و ڕیشە و پەلەکانتەوە و بەشادەمارەکانتەوە شانازی بکە چونکە من (زەردەشت) تاریفت دەکەم.

٦

– ئەگەر ئێوە ستایشی هەوم بکەن، زیاد دەکەن. – پیاوێ کە هەوم ستایش کات زاڵ دەبێت. – کەمترین ئەفشوردە و کەمترین جورعە و کەمترین ستایش و ئیمان بەهەوم بۆ کوشتنی هەزار دێو بەسە.

٧

لەهەر ماڵێکدا (هەوم) هەبێت و نیایشی بکەن و ڕێزی لێ بگرن و (بیخۆنەوە) ئالودەگی و چەپەڵی و نەخۆشی نابوود دەبێت.

٨

بەڵێ... مەی خراپە و ڕق و شەڕ و قینی لەگەڵدایە بەڵام مەی (هەوم) پەیامهێنەری دۆستی و ڕاستیە و مەستی ئەو سووک و سادە و بێ زیانە.

ئەو کەسانەی کە (هەوم)یان وەکو ڕۆڵەکانی خۆیان خۆش دەوێت لە بەرانبەردا بەوەسیلەی هەوم دەرمان دەکرێن و لەش و گیانیان لە نەخۆشی دەحەسێتەوە.

٩

ئەی هەوم: لەو دەرمانەی کە دەردی خۆت چارەسەردەکەن بەمن بدە.

ئەی (هەوم): بەمن عەتا بکە لەوەی کە دەتوانی دوژمنی پێ شکەست بدەیت.

ئەی (هەوم): خوازیاری دۆستی و ڕەحمەتی تۆم، (ئەهورا مەزدا) ستایش دەکەم و هەروا (ئوردی بەهەشت)یش.

١٠

ئەی دلاوەر و دلۆڤان ئافەریدەی دادار. خودای هونەر تۆی دروست کرد. تۆ... ئەی دلاوەر و دلێر ئافەریدەی دادار. خودای هونەر ئەتۆی لەسەر لوتکەی ئەلبورز: هەرەبەرز چەقاند و ڕواند.

١١

پاش ئەوە باڵندەیێکی پاک و کارزان هات و تۆ و ڕیشەی برد بۆ کەژەکان و بڵاوی کردیتەوە. لەنێوان لوتکەکانی (ئوپاییری سەئەن)(١) و (سەتروسار)(٢) و (کوسروپەت)(٣) و لێواری (وەیش پەس)(٤) و داوێنەکانی (سپیست گەون) بڵاو بوویتەوە.

---

لە مەتنی فارسیدا جێگای ئەم کەژانە مەعلوم نەکراوە بەڵام بەڕای من ناوەکانیان ئاشنان و من وا دەزانم ١سەهەند ٢-ساردەکۆسان ٣-کۆسرەت ٤-کۆسالاّن

(١) سپی سەنگ بن کە لە ئازەر ئابادگان و گەورک و هەولێر و سنە و مهابادن و بەم شێوە زەردەشت دەڵێ تۆی=



١٢

ئەی (هەوم)

لەو کاتەی هاتیت و لەم کەژانەدا پڕ لە شیر و جۆراوجۆر بەڕەنگی زەرد ڕوایت، دەرمانەکانت لەگەڵ خۆشی (بەهمەن)دا ئاوێتە بوون.

ئێستا ئەی (هەوم) ئەو بەدکردارەی کە دەیەوێت گەزەندم لێ بدات دوور خەرەوە و نابودی بکە.

١٣

(هەوم) ستایش دەکەم چونکە بێ نەوایان بەخواردنی ئەو دەبنە خاوەنی کردەوەی داراکان و دەروونیان گەورە دەکاتەوە.

ئەی (هەوم)ی زێڕینی تیکەڵاو لەگەڵ شیر. تۆ بۆ ئەوەی سوودت لێ وەردەگرێت یەکجار بەکەڵکی و دەیکەیتە خاوەنی دەسەڵات و پیاوانی زۆر و بەپاکی و زانایی دەژی.

١٤

ئەوانەی (هەوم) دەخۆنەوە نابێ وەکو پەرچەمی کاویان و بەدڵخوازی خۆیان لەگەڵ شنەی بادا بلەرزن.

ئەی هەوم

ئەوانەی بەخواردنەوەی تۆ مەستی دەکەن دەبێ هۆشیار و زیندە دڵ و کارزان و لێوەشاوەبن.

ئەی (هەوم)ی ڕاست و ڕاستپەروەر.

ئەز پەیکەری خۆم کە وەکو دارێکی چاک ڕواوە پێشکەشی تۆ دەکەم.

١٥

من لەوەی زویرنیم کە ئەو ژنە نابەکار و کەم عەقڵە دەیەویست (ئاگرەوان)(١) بخلەتینی و بە (هەوم) فەریبی بدات. چونکە ئەو ژنە بۆ خۆی هەڵخلەتاوە و یەک سەرە نابود دەبێت. (هەوم) هیچ کاتێ دلۆڤان نییە بەرانبەر بەوانەی بیان هەوێت هەر خۆیان بینۆشن و بەشی هەژاران نەدەن. ئەو هەرگیز بەوانە نادات فرزەندانێ کە بتوانن ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەنە مەقامی (ئاگرەوانی).

١٦

من تا ڕۆژی پەسڵان کە شەڕی نێوان دوو گەوهەری سەرەکی (ئەهورا و ئەهریمەن) بەرقەرارە لەگەڵ پەنج مەبەست هەم و لەگەڵ پەنج مەبەست نیم. لەگەڵ بیر و گوتار و کرداری چاک و فەرمانبەری و ڕاستیدا هەم. لەگەڵ بیر و گوتار و کرداری خراپ و نافەرمانی و درۆدا، نیم.

---

هەوم لە لوتکەی چیای هەر بەرزەوە (البرز) بەکەژەکەکانی وڵاتی ئاریادا بڵاوبوەتەوە. ع.ف

(١) لە مەتنی فارسی دا (اتربان) نووسراوە بەڵام ڕاستەکەی ئاگرەوانە کە لە پێشەوایانی دینی بوون.ع.ف.

١٧

زەردەشت وتی: سلاو لە هەوم کە (مەزدا) عەتای کردووە. سلاو لە هەوم، من هەموو (هەومە)کان ستایش دەکەم. چ ئەوانەی لەسەر لوتکەی چیاکان سەوزدەبن و چ ئەوانەی لە قووڵایی دۆڵەکاندا دەڕوێن و چ ئەوانەی ژنان کەندویانە و لە قوژبنی ماڵاندا هەڵیان گرتوون و ڕایان دەگرن.

ئەی (هەوم)

من تۆ ناخەمە سەر ئەرز و بەرپێ، بەڵکو تۆ سزاواری جامی زیوین و جامی ئاڵتونی، چونکە بەڕاستی تۆ خاوەن شکۆ و هەرەبەرزی.

١٨

ئەی (هەوم)

ئەمەیە شیعرەکان و سلاوەکان و پەسنەکانی تۆ ئەمەیە گوتاری ڕاست کە هێنەری دروستی و سەرکەوتن و بەرانبەر بەدوژمن چارەساز و دەرمان بەخشە.

١٩

ئەی (هەوم)

ئەمە، هەمووی بۆ تۆیە... بەڵام بۆ من مەستی تۆ بەتوندی دێ بەرەو ڕووناکیم دەبات مەستی تۆ سووک و لەسەرەخۆیە مەستی تۆ (هەوم)ی هێزی سەرکەوتن و زاڵبوون هەمیشە بەم شێوە ستایش بکەن.

٢٠

سلاو لە چوارپایان، گوتنی خۆش، بۆ چوارپایان، موبارەکی بۆ چوارپایان، خۆراک و ئاڵفزار بۆ چوارپایان، کشتوزەرع بۆ چوارپایان، چونکە ئەوانن بۆ ئێمە خۆرشت دێنن.

٢١

ستایش دەکەم بۆ (هەوم)ی مەزن و گەلازێرین، هەومی شادی هێنەر و هێزی مەزنایەتی جیهان و دوورخەرەوەی مەرگ. ئەز، بۆ هەموو (هۆمە)کان ستایش دەکەم.

لێرەدا، (فرەوەهەر)(١) و پاداشی (سپیتەمان زەردەشت)ی پاک ستایش دەکەم.

## یەسنا- هاتی ١٢

١

من، لۆمەی دێوەکان دەکەم

ئەز دووپاتی دەکەمەوە کە مەزداپەرست و دوژمنی دێوەکان و پەیڕەوی ئاییینی ئەهورا مەزدام.

من ستایندە و پەرستندەی ئەهورا و ئیمشا سپەندانم.

(١) لە فارسی دا (فروهر) دەنووسن بەڵام ڕاستیەکەی کوردیە و فرەوەهەر یەعنی خاوەنی بەهرەی فرەوان.



ئەز، ئەهورامەزدای مەزن، خودای چاکی، ئەو پاکی شکۆدار و سزاوارە ستایش دەکەم چونکە هەر ئەوە سەرچاوەی هەموو چاکییەکان و ئەوە بەدیهێنەری مەخلوقات و چوارپایان و نوور و ڕووناکی... ئەو ڕووناکی ئەهورایە کە جلوبەرگی شادی کردە بەبەر جیهانیاندا.(١)

٢

(سپەندارمز)ی چاک هەڵدەبژێرم... با ئەویش بۆ من بێ من ڕووی خۆم وەردەگێڕم لەو جەردە و دزانەی چوارپا و ئاژەڵ دەبەن من بێزارم لەوانەی دێن و ڕوو دەکەنە گوندەکانی (مەزدا) پەرستان و خەریکی کاولکاری و خاپوور کردنن.

٣

ئەز ڕێز دەگرم لە سەربەستی و ئازادی مرۆڤ و هاتوچۆی هەر کەس لە خانە و کاشانەی خۆیدا و هەموو کەس لەگەڵ ئاژەڵ و چوارپایانی خۆیدا لەم وڵاتە ئازادە. لە کاتی نیایش و دوعا بەرانبەر بە(زوور)(٢) دووپاتی دەکەمەوە. لەم کاتە و دەستدرێژی ناکەمە سەر گوندی مەزداپەرستان و قەسدی لەش و گیان و ماڵی کەس ناکەم.(٣)

٤

ئەز پێوەندی خۆم لەگەڵ دێوەکانی ناحەز و بەدفەڕ دەپسێنم.

ئەز تێکلاوی خۆم لەگەڵ درۆزنان و ناحەزان و ئەوانەی قسەی درۆ و بوختان بۆ ئەم و ئەو سازدەکەن، تێکدەدەم. لە دێوەکان و پەیڕەوانیان، ساحیران و جادووکەران و جادووپەرستان و هەموو ئەوانەی بەدیهێنەر و خولقێنەری چەوتی و نالەبارین دووری دەکەم.

بەم شێوەیە، پێوەندی خۆم لەگەڵ یەکە یەکەی درۆ پەرستان و شەڕخوازان و ئەوانەی ئازاری خەڵک دەدەن و گوتار و بیر و کرداریان چاک نییە دەپسێنم.

٥

(ئەهورامەزدا) زەردەشتی وا فێر کرد. لەو کاتەی کە مەزدا و زەردەشت لەگەڵ یەکدا دەپەیڤین، لە هەموو گوتوبێژ و شنوودەکاندا و لە کۆبوونەوەکاندا (ئەهورامەزدا) بەم شێوازەی دیتان زەردەشتی تەعلیم داوە.

٦

بەم شێوە و بەو لەونە (زەردەشت) پێوەندی خۆی لەگەڵ دێوەکان پساند و لە هەموو وتەکان و لە

(١) بەڕاستی نووسراوەکانی ئەوێستای موقەددەس زۆرجار لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا یەک دەگرنەوە و جێگای خۆبەتی لە کتێبێکدا ئایەتەکانی هەردووکیان بەرانبەر کەن.

(٢) Zor: بریتییە لە شەربەت و خواردنەوە کە پێشکەشی ئاورگایان دەکرد.

(٣) بۆ وێنە سەرنجێکی دووبارەی هاتەکانی ١و٢ بدەن و هەروا هاتی ١٦ لە یەسنای هاتی ١٠ کە یەکجار لەگەڵ ئایەکانی قورئانی پیرۆزدا یەک دەگرنەوە وەکو (الله نور السموات والارض)... ع.ف

کۆبونەوەکاندا و هەر کاتێ لەگەڵ (مەزدا) دەهاتە ئاخافتنی دەیگوت:

ئەزیش مەزدا پەرستم و لە دێوەکان دوور دەکەومەوە.

٧

ئەز ئەو ئایینەم خۆش دەوێت کە ڕێز دەگرێت لە ئاوەکان و لە گوڵ و گیا و لە ئاژەڵەکان.

ئەم ئایینە (ئەهورامەزدا) دایناوە بۆ پیاوانی پاک و چوارپایانی چاک. ئەمە ئایینی و دینی زەردەشت کەی گوشتاسب، فرەشوشتەر، جاماسب و دینی هەموو (سوشیانتی) ڕاستپەروەر و پاکە کەوایە... من یەک مەزداپەرستم، من ئەم دینەم خۆش دەوێت.

٨

من هەم دیسان بەزمانی ڕێک دووپاتی دەکەمەوە، کە من، مەزداپەرستم و زەردەشتیم و بڕوام بەم دینە هەیە.

ئەز بیر و گوتار و کردەوەی چاک دەکەم و بەوانە باوەڕم هەیە.

٩

ئەز، بەدینی ڕاستینی (مەزدیەسنا) بڕوام هەیە و دەزانم ئەمە دینی ئاشتییە و کەرەسەی شەڕ و پێکدادانی فڕێ داوە.

ئەمە لەناو هەموو دینەکاندا (لەوانەی هەن و دێن) مەزنترین و باشترین و جوانترین دینە.

ئەمە دینی ئەهورایی زەردەشتە کە هەرچی شتی باشە و هەرچی کردەوەی چاکە بەماڵی ئەهورامەزدای دەزانێ.



## دەفتەری سێهەم

# یەشتەکان

یەکێ لە بەرزترین و ڕازاوەترین بەشەکانی ئەوێستا بە(یەشتەکان) ناونراوە، وشەی (یەشت) لە مەعنادا وەکو (یەسنا) وایە و جیاوازی ئەو دووانە ئەوەیە کە (یەسنا) بەمەعنای دوعا و نیایشە بۆ هەمووان بەڵام (یەشت) ستایشی تایبەت بەپیمشاسپەندان و ئیزەدانی دینی (مەزدیەسنا)یە.

بەشێکی یەشتەکان بیست و یەک دانەیە و ناوی زیاتری ئەوانە هەرناوی ئەو ئیزەدانەن (مەلاییک) کە سی ڕۆژی مانگەکان بەناوی ئەوان کراوە.

لە چاخی ساسانییەکاندا ئەژماری یەشتەکان لەمە فرەوانتر بوون کە بەداخەوە بەر هێرش کەوتوون هەر بۆیە لەناو ئەمانەی کە ئێستا ماون هەندێ پچڕ پچڕ و نابەسامانی هەیە و نووسینەکان و مەعناکانیان یەک ناگرنەوە، بۆیە دەبێ ئەمانە بەدوو بەشی کورت و بوڵەند دابەش کەین.

لە یەشتە کورتەکاندا شێوازی نووسینی باش نییە و تازە دەنوێنن، بەڵام لە یەشتە بوڵەندەکاندا شێوازێکی پوختە و پاراوی نووسینی دەبینین.

(یەشتەکان) کۆنترین و بەرزترین سروودەکانی ئێرانین کە بۆ ئێمە بەمیرات ماون، شێوازی وانە (مەنزوم) بەڵام وەکو (گاساکان) نابن و دەتوانین بڵێین زمانی ئەوێستایی لەکاتی دانایی یەشتەکاندا زۆر پاراوتر بووە لە زەمانی دانایی گاساکان و دانەر توانیویەتی لە باری نووسینەوە، هەنگاوی بەرەوپێش هەڵگرێت.

یەشتەکان، نەک هەر تاریفی ئیزەدان، بەڵکو هەڵگری زۆربەی ئەو داستان و ئەفسانە و حەکایەتانەن کە باو و باپیرانی ئێمە هەزاران ساڵ لەمەوپێش دایان ناوە و هەروا شەڕی نێوان ئێرانییەکان و دراوسێکان لەم بەشەدا تۆمار کراوە.

لەگەڵ ئەمانەدا پێم وایە (یەشتەکان) نەنووسراون و چەند دانەیان هەڵبژێراون بەو هیوایەی کە لە داهاتوودا هەمووی بنووسین.

لێرەدا شەش یەشت لە یەشتەکانی مەزن نەقڵ کراون و نامەوێ زۆریان لەسەر بنووسم چون هەر کامیان وەکو بووکی ڕازاوە خۆ دەنوێنن و پێویستیان بەتاریفدان نییە، بەشەکانی یەشتەکان بە(کوردە) ناونراون.

# ئابان یەشت

## کوردەی یەکەم

١

(ئەهورامەزدا) بە(سپیتەمان زەردەشتی) وت:

ئەی (زەردەشت سپیتەمان)

(ئەردی وەیسوور ئاناهیتا)(١) ستایش کە چونکە ئەو لە پانایی جیهاندا بلاو بووەتەوە و دەرمان بەخشە و دوژمنی دێوەکان و پەیڕەوی ئایینی ئەهورایی... ئەو سزاواری ئەوەیە کە لە جیهانی خاکی دا ستایشی بکەن و لێی بپاڕێنەوە.

ئەوە ئەو پاکەی کە گیان بەخشەو ڕەوە و سامان و خێو و زێد و ولات زیاد دەکات.

٢

ئەوە کە نوتفەی پیاوان پاک دەکاتەوە و ڕەحەمی ژنان بۆ زاین ئامادە دەکات.

ئەوە کە ژنان لە ئێش و ژانی زاین نەجات دەدات و پاش زاین شیر دەڕژێنێتە نێو مەمکی ژنان.

٣

ئەوە، ئەو پێ کەوتوو جوانە کە لە هەموو جێگادا ناوی هەیە.

ئەوە، ئەو مەزنەی کە بەوێنەی هەموو ئاوەکانی ڕەوانی دنیا مەزنە و بەهێزی فرەوان لە کەژی (هوگەر)(٢) دەڕژێتە ناو دەریای (فەراخ کەرت).(٣)

٤

ئەو کاتە کە (ئەردی وەیسور ئاناهیتا) ئەوەی کە هەزار چەم و هەزار دەریاچەی، هەرکام بەمەزنایەتی ڕێگای چل ڕۆژ پیاوی چاکەسوار هەیە بۆ لای (فەراخ کەرت) دەڕۆن و هەموو لێوارەکانیان سەوز و خۆش هەوا و لە جۆش و خرۆش دان.

٥

ئەم ئاوە، من خولقاندومە و هەر چەمێ بۆ حەوت ولات دەڕوات و چەمێ کە زستان و هاوین وەکو یەک وایە و ناوی (ئەردوی)یە(٤) و بەخواستی من نوتفەی پیاوان و ڕەحەمی ژنان و شیری ژنان پاک دەکاتەوە.

(١) aredvi sura ananita : بەمەعنای چەمی پاک و بەهێز و فرشتەی پارێزەری ئاوەکانە و بەوێنەی ژنێکی جوان پیشان دراوە.

(٢) hukairya: لە ئەوێستادا بەرزترین لوتکەی چیای ئەلبورزە.

(٣) فەراخ کەرت: ناوی بەحرێکە... وێ دەچێ بەحری خزر بێ.

(٤) aredvi: چەمێکی موقەددەس.



٦

من، (ئەهورامەزدا) بەهێزی خۆم (ئاناهیتا)م خەلق کرد تا مال و گوند و شار و ولات ئاوەدان بێ و لەوانە نیگاهبانی و پاسەوانی بکەم و ببمە پەنا و پالپشتی کەسان.

٧

ئەی (زەردەشت)

(ئەردی وەیسور ئاناهیتا) لە لایان ئافەریدەگاری جیهان (مەزدا) نێرراوە بەبازووەکانی سپی و جوانییەوە کە بەزێڕ و خشل و گەوهەری شکۆدار ڕازاونەتەوە و هەرکامیان بەئەندازەی شانی ئەسپێکن.

(ئاناهیتا) لەشێکی نازدار و ڕەوانێکی یەکجار بەهێز و توانای هەیە، بەلام لە دەروونی خۆیدا لەوە بیر دەکاتەوە...

٨

... کام کەس نیایشی من دەکات و کامە کەس نۆشابەی (زور) لەگەل شیر تێکەل دەکات و هەروەکو پالوده دەیکاتە پێشکەشی من؟ من بۆ کەسێکی وا دلپاک و وەفادار ئاواتی خۆشی و شادمانیم هەیە و دەخوازم بۆ هەمیشە شاد و کامەران بێ.

٩

ئەز، بۆ (ئەردی وەیسور ئاناهیتا) لەبەر نوور و شکۆداری بەدەنگی بەرز نیایش دەکەم، من بۆ ئەو پێشکەشی (زور) دەهێنم و بەوتەی باش و چاک تاریفی دەکەم.

ئەی (ئەردی وەیسور ئاناهیتا) دەی با تۆیش بەژنەفتنی بانگی دوعا و نیایشی ئێمە، بگەیتە هانامان چونکە بەو چەشنە باشتر دەتناسین و تاریفت دەکەین و (هەوم) ئاوێتەی شیر و (بەرسەم) هاوڕێ لەگەل بیر و گوتار و کردەوەی چاک و (زور) پێشکەش دەکەین.(١)

(ئەهورامەزدا) بۆ خۆی ئەو ژنان و پیاوانەی کە چاکترین و باشترین دروود و ستایش پێشکەش دەکەن و (ئوردی بەهەشت) پاداشیان دەداتەوە، بەچاکی دەناسێت. ئێمە ئاوا ژنان و پیاوانێ ستایش دەکەین.

١٠

(دووپات کردنەوەی بەندی یەکەمە)

## کوردەی دووهەم

١١

ئەوە (ئاناهیتا) کە سواری گەردوونەی خۆی بووە و لغاوی چارەواکانی گرتە بەدەستەوە و لێی دەخوڕێ. ڕەوانی ئەو کە خوازیاری نام وەری و خۆشی خەلکە لەم ئەرڕابەدا هەمیشە لەوە بیر دەکاتەوە.

(١) Barsam ناوی تۆلێکی باریک بووە کە لە کاتی دوعادا لە دەستیان دەگرت بەو تۆلەیان وتووە (بەرسەم) و بەو چەقۆی پێیان بڕیوە وتوویانە (بەرسەمچین) و لە ئاورگایش کە دەیانسووتاند پێیان دەگوت (بەرسەمدان).

کام کەس نیایشی من دەکات و کامە کەس (زور) لەگەڵ شیردا تێکەڵاو دەکات و بەوێنەی پاڵودە پێشکەشی منی دەکات. من، بۆ کەسێکی ئاوا وەفادار و دڵپاک، ئارەزووی خۆشی دەکەم و خوازیاری ئەوەم بۆ هەتاهەتایە شادبژیت.

## کوردەی سێهەم

١٢

(بەندی یەکەم هەم دیسان دەخوێنرێتەوە)

١٣

ئەوە کە ئەرڕابەکەی بەچوار چارەوای گەورە و سپی لە یەک ڕەنگ و یەک ڕەگەز لێ دەخوڕێ و دێتە شەڕی دوژمنان و بەسەر هەموو دژی گەلییەکان و دێوان و جادووکەران و پەرییەکان و (کەوی)یەکان و (کەرپەنە)کانی ستەمکاردا زاڵ دەبێت.

## کوردەی چوارەم

١٤

بەندی یەکەم هەم دیسان دەخوێنرێتەوە.

١٥

ئەوە، ئەو زۆردار و نوورانییە باڵابەرز و خۆش هەیکەلەی کە وەکو ئاوێکی هەڵقوڵیو و خرۆشان، بەئەندازە و فرەوانی هەموو ئاوەکانی ڕووی زەوین لە حەرەکەتدایە.

## کوردەی پەنجوم

١٦

بەندی یەکەم هەم دیسان دەخوێنرێتەوە.

١٧

ئافەریدگار (ئەهورامەزدا) لە وڵاتی (ئاریاویچ)[1] و لە قەراخی چۆمی (وەنگوهی داییتیا)[2] (هەوم)ی لەگەڵ شیر تێکەڵ کردبوو و ئەمجار بەزمانی عەقڵ و بەبیر و گوتار و کرداری چاک، لەگەڵ (زور) و ئاخافتنی بەرز، ستایشی ئاناهیتای کرد.

١٨

(ئەهورامەزدا) داوای لە (ئاناهیتا) کرد، ئەی (ئەردی وەیسور ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا، کارێکی وا بکە کە زەردەشتی پاک کوڕی (پوروەشەسب) بۆ هەتاهەتایە لەسەر ئایینی من بێ و بەشێوەی

(١) ئاریاویچ ناوی وڵاتی سەرەتای ئاریاکان بووە.
(٢) vanguhi daitya: ناوی چۆمێکە لە وڵاتی ئاریاویچ بووە.
مەبەست ئەوەیە کە (ئەهورا) بۆ خۆی پەسنی ناهید دەکات و خەڵک دەبێ وا بکەن.



ئایینی من بدوێت و بەو چەشنەی دینی منە هەڵسێت و دانیشێت.

١٩

(ئەردی وەیسور ئاناهیتا) کە هەمیشە سەبارەت بەوانەی پێشکەشی (زور)ی بۆ دێنن مەرحەمەتی هەیە، وتەی ئەهورامەزدای قەبووڵ کرد و داخوازی ئەوی جێبەجێ کرد.

## کوردەی شەشوم

٢٠

بەندی یەکەم لێرەدا دەخوێنرێتەوە.

٢١

هۆشەنگی پێشدادی لەسەر چیای (هەرا) سەد ئەسپ و هەزار گاو و هەزار سەر مەڕی بەئاناهیتا پێشکەش کرد.

٢٢

ئەمجار داوای لێ کرد: ئەی ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا یارمەتیم بدە تاکو بتوانم ببمە شاریارێکی مەزن لەم جیهانەدا و بەسەر هەموو ناحەزان و دێوەکان و جادووەکان و پەرییەکان و کەوییەکان و کەرپەنەکانی ستەمکاردا زاڵ بم و بتوانم دووبەش لە سێ بەشی دێوەکانی مازندەران و درۆپەرەستانی (وەرین)[1] بدەم بەعەرزا.

٢٣

ئاناهیتا کە هەمیشە سەبارەت بەوانەی پێشکەشی (زور)ی بۆ دێنن مەرحەمەتی هەیە، ئەوی کامڕەوا کرد و خواستەکانی هۆشەنگ بەراوەردە بوو.

## کوردەی حەوەتم

٢٤

بەندی یەکەم لێرەدا دەخوێنرێتەوە.

٢٥

جەمشید کە خاوەنی ڕەوە و گەلەی فرەوان بوو لەسەر دوندی چیای (هۆکەر) سەد چارەوا و هەزار گاو و دە هەزار سەر مەڕی بەئاناهیتا پێشکەش کرد.

٢٦

جەمشید داوای کرد لە ئاناهیتا

ئەی ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا - بێ و یارمەتیم بدە تاکو ببمە مەزنترین شاریار لەم جیهانەدا و بتوانم بەسەر خەڵکی ناحەز و دێوەکان و جادووەکان و پەرییەکان و کەوییەکان و کەرپەنەکانی

(١) varena ناوی باستانی وڵاتی گێلانە.

ستەمکاردا زاڵ ببم و بتوانم سامان لە دەست دێوەکان دەربێنم.

٢٧

ئاناهیتا کە هەمیشە سەبارەت بەهێنەرانی پێشکەش و ئەوانەی (زور)ی بۆ دێنن مەرحەمەتی هەیە، جەمشیدی کامڕەوا کرد.

## کوردەی هەشتوم

٢٨

بەندی یەکەم لێرەدا دەخوێننەوە.

٢٩

ئاژیدهاکی سێ پوزە لە وڵاتی (بابل) سەد ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار سەر مەڕی بەئاناهیتا پێشکەش کرد.

٣٠

ئاژیدهاک داوای کرد لە ئاناهیتا:

ئەی ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا.

بێ و یارمەتیم بدە تا بتوانم حەوت وڵات لە بەنی ئادەم خاڵی کەم و هەموویان نابود بکەم.

٣١

بەڵام ئاناهیتا بەخوازیاری ئەو ڕووی خۆشی نیشان نەدا و وەڵامی نەدایەوە.

(بەندی نۆهەم لێرەدا دەخوێننەوە)

## کوردەی نۆهەم

٣٢

بەندی یەکەم لەم بەشەدا دەخوێننەوە.

٣٣

فەرەیدون کوڕی (ئاتبین) لە بنەماڵەی بەتوانا و لە وڵاتی چوار گۆشەی (وەرینە) سەد ئەسپ و هەزار گاو و دە هەزار سەر مەڕی پێشکەش کرد.

٣٤

فەرەیدون داوای کرد: ئەی ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوان – ئەو قودرەتەم پێ عەتا بکە کە بتوانم بەسەر ئاژیدهاکی سێ پوزە و سێ سەر و شەش چاودا کە زۆر بەهێز و توانایە و دێوێکی درۆزن و خڵەتێنەر کە ئەهریمەن ئەوی بۆ تێدابردنی ڕاستی خەڵق کردووە زاڵ ببم و سەر بکەوم و بتوانم هەردوو ژنەکانی ئەو، واتە (شەهرناز)[١] و (ئەرنەواز) کە سزاواری بنەماڵەی پاک و شایستەی ئاوس بوونی

(١) شەهرناز و ئەرنەواز ناوی دوو کیژۆڵەی جەمشید، پادشای پیشدادین کە وەکو لە نەقڵە کۆنەکانی ئێراندا نووسراوە ئاژیدهاک پاش کوشتنی باوکیان ئەسیری کردن.



تەوەرەی پاک و زیاد بوونی ڕۆڵەکانی پاکین بەچنگ بێنم و بیانڕفێنم.

٣٥

ئاناهیتا کە هەمیشە خوازیاران و هاوەرەندەکانی پێشکەشی (زور) کامڕەوا دەکات، فەرەیدونی یارمەتی دا تا بەئاواتی خۆی بگات.

## کوردەی دەهەم

٣٦

بەندی یەکەم لێرەدا دەخوێنرێتەوە.

٣٧

گەرشاسب، پاڵەوانی دلێر لە لێواری دەریاچەی (پێشینگە) سەد ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار سەر مەڕی بەئاناهیتا پێشکەش کرد.

٣٨

گەرشاسب داوای کرد: ئەی ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا. یارمەتیم بدە تا بتوانم بەسەر (گەندەرو)[١]ی پاژنە زێڕیندا کەوا لە لێوارەکانی دەریای خرۆشانی (فەراخ کەرت) سەربکەوم و ئەو توانام پێ بدە کە لەم سەرزەوینە پانوبەرینەدا بەتاخت بگەمە سەری و بناغەی ماڵی ئەو درۆ پەرستە بڕووخێنم.

٣٩

ئاناهیتا کە هەمیشە خوازیاران و هێنەرانی پێشکەشی (زور) کامیاب دەکات، گەرشاسبی بەئاواتی خۆی گەیاند.

(بەندی نۆهەم لێرەدا دەخوێنرێتەوە)

## کوردەی یازدەهەم

٤٠

بەندی یەکەم لێرەدا دووپات دەکرێتەوە.

٤١

ئەفراسیاوی تۆرانی و نابەکار لە هەنگی ژێر زەوینی خۆیدا سەد ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار سەر مەڕی بەئاناهیتا پێشکەش کرد.

٤٢

ئەفراسیاو داوای کرد: ئەی ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا بێ و یارمەتیم بدە تاکو بتوانم ئەو

(١) candareva ناوی دێوێکی ئەفسانەیی بووە کە بەدەستی گەرشاسب کوژراوە.

(فەڕی ئیزەدی) کە ئێستا لەنێوان بەحری فەراخ کەرتدا مەلە دەکات بگرم وەدەستی بخەم چونکە ئەوە (فەڕ)ی وڵاتەکانی ئارییایی و زەردەشتی پاکە.

٤٣

بەڵام ئاناهیتا خوازیارییەکانی ئەفراسیابی قەبووڵ نەکرد.

(بەندی نۆهەم لێرەدا دووپات دەکەنەوە)

## کوردەی دوازدەهەم

٤٤

بەندی یەکەم لێرەدا دووپات دەبێتەوە.

٤٥

کەی کاوس، لەسەر لوتکەی چیای (ئیرزیفیە)(١) سەد ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار سەر مەڕی پێشکەشی ئاناهیتا کرد.

٤٦

کەی کاوس لە ئاناهیتای خواست ئەی ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا - بێ و ئەو هێز و توانام پێ عەتا بکە تا بتوانم ببمە شاریار و فەرمانڕەوای مەزنی سەرزەوین و بەسەر دێوەکان و جادووەکان و کەوییەکان و کەرپەنەکان و هەموو خەڵکی ناحەز و گوناهکاردا زاڵ ببم.

٤٧

ئەردی وەیسور ئاناهیتا، کە هەمیشە خوازیاران و هاوەرانی پێشکەشی (زور) کامڕەوا دەکات، تکای ئەوی قەبووڵ کرد.

بەندی نۆهەم دووپات دەکرێتەوە.

## کوردەی سێزدەهەم

٤٨

بەندی یەکەم لەم بەشەدا دووپات دەکرێتەوە.

٤٩

کەیخوسرەو، پاڵەوانی سەرزەوینەکانی ئارییایی کە وەکو ستوونی ڕاگری وڵات وایە، لە لێوارەکانی دەریاچەی قووڵ و پانی (چی چەست)(٢) سەد ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار سەر مەڕی پێشکەش کرد.

(١) erezifya: لە مەتنی فارسیدا نووسراوە جێگای ئەم کەژە دیار نییە بەڵام من بەبێ گومان دەنووسم کە ئەوە چیای پیرۆزی (زیویە)ی نزدیکی سەقزی ئێستایە. ع.ف

(٢) caecasta ناوی باستانی دەریاچەی ورمێ لە شاری ورمێ.



٥٠

کەیخوسرەو داوای کرد، ئەی ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا - یارمەتیم بدە کە ببمە گەورەترین شاریاری سەرزەوین و بەسەر هەموو ناحەزان و دێوەکان و جادووکەران و پەرییەکان و کەوییەکان و کەرپەنە غەددارەکاندا زاڵ بم بەلەونێ کە من هەمیشە لەپێش هەمووانەوە عەرڕابەی خۆم تاوبدەم و هەرگیز و لە هیچ کاتدا خۆم و یاوەرانم بەداوی دوژمنانی نابەکار کە بەسواری دێنە شەڕمان گرفتار نەبین.

٥١

(ئەردی وەیسور ئاناهیتا)(١) کە هەمیشە سەبارەت بەوانەی پێشکەشی (زور)ی بۆ دێنن مەرحەمەتی هەیە، تکا و خواستی ئەوی قەبووڵ کرد.

## کوردەی چواردەهەم

٥٢

بەندی یەکەم لێرەدا دووپات دەکرێتەوە.

٥٣

(توس)(٢) پاڵەوانی جەنگاوەر لەکاتێکدا سواری چارەوی بوو ستایشی ئاناهیتای کرد و لەوی خواست کە هێزی فرەوان بدات بەچارەواکانی خۆی و سوپاکەی و هەروا دوعای کرد کە تەندروست و لەش ساخ بێ و بتوانێ لە دوورەوە دوژمنانی بناسێت و دوژمنی کینەوەر و دڵڕەق بەیەک زەرب بخاتە خوار.

٥٤

توس داوای کرد لە ئاناهیتا

ئەی (ئوردی وەیسور ئاناهیتا)... ئەی چاک... ئەی بەتوانا! بێ و یارمەتیم بدە کە بتوانم لە ڕێگای (خەشەروەسوک)(٣) و لەسەر (گونگ)ی بەرز و پاک، ڕێگای کوڕەکانی پیرانی وەیسە بگرم و بەسەریاندا زاڵ ببم و سەر زەوینەکانی توران بگرم و لێیان بکوژم پەنجاها... سەدها... هەزارها... دە

(١) بەڕاستی زۆر لەوە بیرم کردۆتەوە کە بۆچی ئاناهیتا وا خوێنراوەتەوە و بەم ئاکامە گەیشتن کە ڕاستییەکەی ئەوەیە (ئەی دوێتی ڕووسور ئاناهیتا) واتە ئەی کیژی ڕوو سوور... ئەمەیش لەناو کورداندا باوە کە بەکیژی چاک و خاوەن نامووس دەڵێن (ڕوسوور) و (دوێت) لە ناوچەی کرماشان بەکچ دەڵێن. ع.ف

(٢) توس: کوڕی نەوزەر یەکێ لە پاڵەوانەکانی ئێران و ئامر هێزی سوپای کەی خوسرەو بووە و ماوەییەکیش داوای تاج و تەختی ئێرانی دەکرد. توس لە سەفەری کەی خوسرەو بۆ جیهانی باقی یەکێ لە هاورێکانی ئەو بوو و سەرئەنجام خۆی و هاورێکانی کەوتنە ژێر هەرەسی بەفر و گوم بوون، توس یەکێ لە سوشیانتەکانی دینی زەردەشتە.

(٣) xsathro suka ناوی دەربەندێ بووە لەسەر کەژی گەنگ و ئەویس لە ئەوێستادا kangaha ناوی چیایێک بووە لە وڵاتی توراندا و ئەو دژەی کە دەڵێن لە وڵاتی توران بووە و سیاوەش دروستی کردووە لەسەر ئەو چیا بووە.

هەزارها... سەد هەزارها...

٥٥

(ئەردی وەیسور ئاناهیتا) کە هەمیشە هێنەرانی پێشکەشی (زور) کامڕەوا دەکات ئەویشی بەئاواتی خۆی گەیاند.

(بەندی نۆهەم لێرەدا دەخوێننەوە)

## کوردەی پانزدەهەم

٥٦

(بەندی یەکەم لەم بەشەدا دووپات دەکەنەوە)

٥٧

ڕۆڵەکانی دلێری (پیران وەیسە)[١] لە دەربەندی (خەشەروەسوک) و لەسەر (گەنگ)ی بەرز و پاکدا سەد ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار سەر مەڕیان کردە پێشکەشی ئاناهیتا.

٥٨

کوڕانی پیران وەیسە خوازیار بوون. ئەی دۆیتی ڕووسوور ئاناهیتا... ئەی چاک... ئەی بەتوانا، یارمەتیمان بدە کە بتوانین لە جەنگ دژ بە توسی پاڵەواندا سەربکەوین و سەرزەوینەکانی ئێرانی داگیر بکەین و خەڵکەکەی قەلاچۆ بکەین، پەنجاها، سەدها، هەزارها، دە هەزارها، سەد هەزارها.

٥٩

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، ئاواتی ئەوانی بەراوەرد نەکرد و قوربانی و دوعای لێ قەبووڵ نەکردن.

## کوردەی شانزدەهەم

٦٠

(بەندی یەکەم لێرەدا دووپات دەکەنەوە)

٦١

کەشتی ڕانی کارزان (پائوروە)[٢] لەو کاتەیدا کە بەدەستی (فەرەیدون) وەکو قالاو بەرز کراو و باڵی لێدەدا، دەستی کرد بەدوعا و ستایشی ئاناهیتا.

٦٢

(پائوروە)سێ شەو و سێ ڕۆژی پەیتاپەیتا لە حاڵی پەروازدابوو و نەیتوانی لە ماڵی خۆی بنیشێتەوە.

(١) وەیسە برای پەشەنگ و مامی ئەفراسیاو بووە و کوڕەکانی جەنگاوەر بوون و لە شەڕی نێوان ئەفراسیاو و کەی خوسرەودا کوژراون.

(٢) paurva: ناخودای کەشتی بووە کە فەرەیدون ئەوی کرد بەلاشخۆر و خستیە هەڵفڕین و ئەم ئەفسانە تەنها لە ئەوێستادا نووسراوە.



کاتێ سێ شەو و سێ ڕۆژەی تەواو بوو، لە کازیوەی بەیاندا ڕووی کردە (دوێتی ڕووسور) ئاناهیتا و هاواری کرد کە:

٦٣

ئەی (دوێتی ڕووسور ئاناهیتا)

تکات لێ دەکەم زوو بگەرە فریام و من وەکو پەنابەرێک قەبووڵ بکە و نەزر دەکەم ئەگەر بەزیندوویی بگەڕێمەوە بۆ سەر زەوینی خەڵقکراوی و ئەهورا و لە ماڵی خۆم بنیشمەوە، لە قەراخی چۆمی (ڕەنگها) هەزار (زور) وەکو پاڵودەی ئاوێتە بە (هەوم) و شیر بۆ تۆ ساز و پێشکەش دەکەم.

٦٤

ئەوجار دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا لە هەیکەلی کیژێکی زۆر جوان و لەبار و پێکەوتە و باڵا بەرز و داوێن پاکدا پشتوێنی بەستبوو و جووتێ کەوشی زێڕین و درەوشاوەی لە پێ کردبوو خۆی نواند و هاتەدەر.

٦٥

ئەم جار دەستی برد و بازووی (پائوروە)ی گرت و لە ماوەیێکی کورتدا هێنایە خوار و نەی هێشت هیچ ئاسیب و سەدەمەی تووش

بێ و هەروەک دوعای کردبوو لە سەر زەوینی خوڵقێنراوی (ئەهورا)دا نیشتەوە و ڕووی کردە خان و مانی خۆی.

٦٦

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا کە هەمیشە دوعای پێشکەشکەرانی (زور) قەبووڵ دەکات، ئەویشی بەئاواتی خۆی گەیاند.

٦٧

(بەندی یەکەم لەم بەشەدا دووپات دەکەنەوە)

٦٨

جاماسب، لە کاتێکدا ئەی دیت لەشکری (دێویەسنا)ی درۆپەرست لە دوورە و خەریکی خۆساز کردنن بۆ شەڕ و دەیانەوێت بێنە پێش، سەد ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار سەر مەڕی کرد بەقوربانی و پێشکەشی ئاناهیتا.

٦٩

ئەو داوای کرد... ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا یارمەتیم بدە کە بەئەندازەی هەموو ئاریائییەکان دەستم بگاتە سەرکەوتن و بەسەر دوژمناندا زاڵ بم.

٧٠

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، کە هەمیشە سەبارەت بەهێنەرانی پێشکەشی (زور) مەرحەمەتی هەیە، ئەویشی کامڕەوا کرد.

## کوردەی هەژدەهەم

٧١

(بەندی یەکەم دووپات دەبێتەوە)

٧٢

(ئەشوەز دەنگەهە)(١) کوڕی (پورو زاخ شتی)(٢) و (ئەشوز دەنگەهە) و (سریت)(٣) کوڕانی (سایوژدری)(٤) لەلای ئیزەدی مەزن و سەروەری درەوشاوە و خاوەنی چارەوای توونددڕەوی (ئەپەم نپات)(٥) سەد چارەوا و هەزار گا و دە هەزار سەر مەڕیان پێشکەشی ئاناهیتا کرد.

٧٣

ئەمجار داوایان لێ کرد، ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی توانا.

یارمەتیمان بدە کە بتوانین بەسەر تورانیەکانی (دانو) و (کەر) و (وەر) لە بنەماڵەی (ئەس بەن)(٦) و هەروا (دوئیکئیت)دا زاڵ و سەرکەوتوو بین.

٧٤

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، کە هەمیشە بەهێنەرانی پێشکەشی (زور) مەرحەمەتی هەیە، دوعای ئەوانی قەبووڵ کرد.

## کوردەی نۆزدەهەم

٧٥

(بەندی یەکەم لێرەدا دووبارە دەکەنەوە)

٧٦

(ویست ئورو)(٧) لە بنەماڵەی (نەوزەر)(٨) چووە قەراخی ڕووباری (ویتنگوهەئیتی)(٩) و

---

(١، ٢، ٣، ٤) asavzdangaha و pouruahaxsti و thrita و sayuzhdri هەر چوارپایان لە پارێزکاران و ناودارانی دینی مەزدیەسنا و لە ئەژماری سوشیانتی جاویدانن.

(٥) apamnapat لە فرشتەکانی پارێزکاری ئاو و لە یارانی ئاناهیتایە.

(٦) asaban ناوی بنەماڵەییێکی ناوداری تورانی بووە.

(٧) vistauru. ناوی یەکێ لە سەردارانی ئێرانی باستان بووە.

(٨) naotara، کوڕی مەنوچیهر (ماەنەوچێهر) واتە ڕووالەتی وەکو مانگی تازەیە لە پادشاهانی ئێران بووە بەدەستی ئەفراسیاو کوژراوە.

هەر مانگی نوێ بێ دڵم پەشێوە... چۆن هیلال شێوەی ئەبروی تۆی پێوە. (مەولەوی) =



پێشکەشی ئاناهیتای کرد و لەژێر لێوەوە بەوتەی ڕاست دوعای دەکرد و دەیگوت.

٧٧

ئەی دوێتی ڕووسوور، ئاناهیتا

ئەز بەڕاستی لای تۆ ئیقرار دەکەم کە بەئەژماری تووکی سەرم لە دوژمنانی تۆ واتە (دێویەسنا)م کوشتووە... داوات لێ دەکەم بەپاداشی ئەو خزمەتە ڕێگاییێکی وشکم لە نێو ڕووباری (ویتنگوهەئیتی) بۆ بکەرەوە.

٧٨

لەو کاتەدا کیژی ڕووسوور، ئاناهیتا لە هەیکەلی کیژێکی جوان و لەبار و تەڕلان و باڵابەرز و داوێن پاک، پشتوێنی جوانی بەستبوو و کەوشی زێڕین و درەوشاوەی لە پێ کردبوو و بەخشڵ و زێڕ(١) و زێوەر خۆی ڕازاندبوو و دەرکەوت و دەستی برد و ئاوەکەی وەکو تاڵە بەنێ گرت و دەربەند و بوارێکی وشکی بۆ کردەوە.

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، هەمیشە خوازیاران و هێنەرانی پێشکەشی (زور)ی خۆش دەوێت و دوعایان قەبووڵ دەکات، ئەویشی بەئاواتی خۆی گەیاند.

## کوردەی بیستەم

٨٠

(بەندی یەکەم لێرەدا دووپات دەکەنەوە)

٨١

(یوئیشتە)(٢) لە بنەماڵەی (فەریان)(٣) چووە دوورگەی شەپۆل شکێنی (ڕەنگها) و سەد چارەوی و هەزار گا و و دە هەزار سەر مەڕی کردە پێشکەشی ئاناهیتا.

٨٢

پاش ئەوە خوازیار بوو، ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا، یارمەتیم بدە تا بەسەر (ئەختیە)(٤)ی فێڵباز و کەللە شەقدا زاڵ بم و بتوانم بە٩٩ پرسیاری ئەو کە لە ڕووی دوژمنی و مەکر و حیلە بۆ منی داناوە وەڵام بدەمەوە.

---

= (٩) vitanguhaiti ناوی چومێکە لە ئێراندا. ع.ف

(١) ئەم چەشنە کارە لە قورئانی پیرۆز و کتیبێ عەهدی عەتیق دا باسی کراوە کە یەزدان لە چۆمی نیل دا ڕێگای بۆ موسا کردەوە تا خۆی و یاوەرانی لەدەست فیرعەون ڕزگار بن لەوانەیە سەرچاوەی یەک بن. ع.ف

(٢) yoista: یەکێ لە ناودارانی تورانی و لە بنەماڵەی فەریان کە زەردەشتی بوون.

(٣) faryan: ناوی بنەماڵەیەکی مەزنی تورانی کە لەسەر دینی زەردەشت بوون.

(٤) axtya: یەکێ لە دێویەسناکان کە ٩٩ مەتەڵی داهێنابوو.

**٨٣**

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، کە هەمیشە خوازیاران و هێنەرانی پێشکەشی (زور)ی خۆش دەوێت ئەویشی بەئاواتی خۆی گەیاند.

## کوردەی بیست و یەکەم

**٨٤**

(بەندی یەکەم دووبارە دەبێتەوە)

**٨٥**

(ئەهورامەزدا)ی خاوەن شکۆ فەرمانی دا:

ئەی (دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا) لەسەر ئەستێرەکانەوە ڕووبەسەر عەرز وەرگەڕێ و هەم دیسان لەوێوە بگەڕێوە بۆ جێگای خۆت.

ئەی (ئاناهیتا)

سزاوارە کە فەرمانڕەوایان و دلێران و ناودارانی وڵات و کوڕەکانیان ستایش و نیایشی تۆ بکەن.

**٨٦**

ئەی (ئاناهیتا)

دەبێ جەنگاوەران و دلێران لە تۆ بخوازن کە دەستیان بگاتە (فەڕەی ئێزەدی) و چارەوای بەغار و هەروا پێشەوایانی پارێزکار لە تۆ بخوازن کە ببنە خاوەنی ڕەوان و ئیرادەی قەوی و بەهێز و بگەنە زانیاری پتر و بەوانەی ئەهورا بۆ سەرکەوتن و پیرۆزی و باشترین ژیان خەڵقی کردوون.

**٨٧**

ئەی (ئاناهیتا)

دەبێ کیژۆڵەکان، واتە ئەوانەی لایەقی شووی چاکن لە تۆ بخوازن ببنە خێوی شووی باش و ماڵی چاک و خانمی ماڵی خۆیان بن.

دەبێ ژنانی جوانی ئاووس لە کاتی زاییندا لە تۆ بخوازن کە زایینیان ئاسان بێ و (منداڵی باشیان ببێت).

ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا

تۆی کە دەسەڵاتت هەیە و دەتوانی هەموو ئەو خواستانە بەراوەرد بکەیت.

**٨٨**

ئەی زەردەشت

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، لەسەر ئەستێرەکانەوە ڕووی کردە سەر ئەو عەرزە کە خوڵقێنراوی ئەهورایە و دانیشت و گوتی.



**٨٩**

ئەی (سپیتەمان) بەڕاستی و بێگومان، (ئەهورامەزدا) تۆی هەڵبژارد و داینایت بۆ سەروەری و پێشەوایی جیهانی خاکی و منی کردووە بەحیمایە و پارێزەری هەموو ئەوانەی بەپاکی خەڵق کراون.

ئەوە بەهۆی (فەڕ) و تیشکی منە کە بەنی ئادەم و چوارپایان لە بچووک و گەورە بەسەر عەرزا دەگەڕێن و لە جموجۆڵدان. ئەز، پاسدار و پارێزەری هەموو مەخلوقاتی چاک و پاکم و بەیارمەتی (مەزدا) پەناهگای ئەوانم.

**٩٠**

زەردەشت لە ئاناهیتای پرسی:

ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، ئەی ئەو کەسەی کە بەفەرمانی مەزدا شەقامێکیان بۆ سازکردی تا لە سەرچاوگەی هەتاو و بگەیتە عەرز تاکو مارەکان و (ئاریشن)(١) و (وەوژەکە)(٢) و (وەرینووەیش)(٣)کان نەتوانن گازت لێ بگرن و سەدەمەت لێ بدەن. ئەز بە چ لەونێ دەتوانم سوپاس و ستایشی تۆ بکەم؟

**٩١**

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا لە وەڵامدا گوتی:

لە کازیوەی بەیانەوە تا کاتی ئێوارە و خۆداشاردنی هەتاو، تۆ و باقی پێشەوایانی ئاگاداری پرسیار و وەڵام و خاوەنڕا کە گوتەکانی ئێزەدی پاک، کاری تێ کردوون دەتوانن لە نۆشابەی (زور)ی من بنۆشن. ئەی زەردەشت... بەو چەشنە دەتوانی نیایش و ستایشی من بکەیت.

**٩٢**

لە (زور)ی من یەک (هەرێتە)(٤) ئەوانەی لەرز و یاویان هەیە و ئەندامیان ڕەسا نییە و یەک (سەچی)(٥) و یەک (کەسویشە)(٦) ژنێ یا کەسێ کە گاساکان ناهۆنێتەوە و ئەوەی (گوڵ) بووە و دەبێ لە خەڵکی جیا بکرێتەوە نابێ بخۆنەوە.

---

(٣،٢،١) ناوی سێ گیانلەبەری زیانی دەرن لە چەشنی مار و لەوە دەچێ مەرام لەمانە دووپشک و قرژانگ و... بن بەتایبەت ناوی (وەوژەکە) شێوەی دووپشک دەدات، لە سنە پێی دەڵێن (دومارەکوڵ). ع.ف

(٦،٥،٤) Hareta و Saci و Kasvis ناوی سێ چەشنە ئازارن کە لەوە پتر لە مەتنی فارسیدا نەنووسراوە بەڵام من پێم وایە ئەو نەخۆشینانە برنین لە هاری یان شێتی و گولی و کەوتەیی.

لە قەدیمەوە شێتەکانیان بەپەت و زنجیر دەبەستەوە و پێیان دەوتن پەتیارە و هەروا گولەکانیان شاربەدەر و نەفی دەکرد، چونکە زۆر بوایتن لە دەرەوە چەند هۆدەیان بۆ ساز دەکردن و پێیان دەوتن ماڵە سەبوری یان ماڵە گولان و ئێستایش لە دەوروبەری سەقز چەند جێگا بەناوی ماڵە گولان مەشهورن و لە نزدیکی مهابادیش دا گوندێکی تایبەتیان بۆ سازکراوە و مافی هاتنە شاریان نییە و لە ڕەژێمی پێشوودا دیومە لە چەند شار ئەو گوندی تایبەتی گولەکانیان دروست کرد بوو. ئێستا کە عیلم پێش ڕەوتی کردە بەخۆشیەوە ئەو چەشنە ئازارانە بنبڕ یان کنترۆڵ و بەربەست کراون بەڵام قەدیم ناچار بوون شاربەدەریان بکەن. ع.ف

٩٣

ئەوانەی کوێر و کەڕ و کورتە باڵا و بێ عەقڵن و ددانەکانیان تاق و لۆقە یان کۆم و پشتیان چەماوەتەوە، یان نەخۆشینی (ئەرە)یان هەیە و هەروا ئەوانەی (غەش)دەکەن و بەشایەدی هەمووان بێ عەقڵ و سەفی و دێوانەن نابێ (زور) بخۆنەوە. ئەز، لە ئایین و مەراسمی بەرپاکراو کە لەو چەشنە کەسانەی تێدا بن، بەشداری ناکەم.

٩٤

زەردەشت لە ئاناهیتای پرسی

ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا

ئەو (زور)ەی کە دێوپەرستان و درۆپەرەستان لەپاش داچوونی هەتاو و لە تاریکی شەودا پێشکەشی تۆی دەکەن چی لێ دێ؟

٩٥

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا لە وەڵامدا گوتی

ئەی زەردەشت... ئەی پاک... لە ئایینی (زور) کە ئەز بۆ خۆم نەچم چ شەش سەد کەس، چ هەزاران کەس لە یاوە سەرایان و کەسانی پەست و قسەقۆڕ و بێ ئەسڵ و نەسەب بەشداری تێدادەکەن ئەوە سزاوار و لایەقی دێوەکانە و مافی منی پێوە نییە.

٩٦

ئەز، چیای زێڕینی شکۆداری (هوکەر) ستایش دەکەم کە دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا بەسەر شاخی ئەوێدا بەبەرزایی باڵای هەزار کەس ئادەمیزاد خۆی دەنوێنی. دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، بەشکۆداری و مەزنایەتی هەموو ئاوەکانی جیهانە. هەر ئەوە کە بەهێز و توانای هەرچی تەواوتر دەڕواتە پێش.

## کوردەی بیست و دووهەم

٩٧

بەندی یەکەم لەم بەشەدا دووپات دەکەنەوە.

٩٨

مەزدیەسناکان (بەرسەم) بەدەست دێنە ستایشی ئەو، (هووە)کان ستایشیان کرد و خوازیاری سامان و دارایی پتر بوون و (نەوزەر)یەکان هەڵسان بۆ ستایش و پاڕانەوە لەو داوای چارەوای بەغار و یۆرغەیان کرد.

لە ماوەییێکی کەم خایاندا، (هووەکان) بوون بەخێوی سامانی فرەوان و (نەوزەریەکان) بوونە خاوەنی چارەوای چاک و (گوشتاسب)[1] لەم وڵاتەدا چاکترین چارەوایەکانی بەغار و یۆرغەی بوو.

(١) لە نزدیکی ئاوجەی تەخت سولەیمان لە محاڵی تیکان تەپەی هەوشار و لە کوردستانی ئێران کە وێرانەکانی=



٩٩

دوێتی ڕووسور ئاناهیتا، کە هەمیشە خوازیاران و هێنەرانی پێشکەشی (زور) کامڕەوا دەکات، هەموویانی بەئاواتەکانیان گەیاند.

## کوردەی بیست و سێ هەم

١٠٠

(بەندی یەکەم لەم بەشەدا دووپات دەکەنەوە)

١٠١

هەر ئەوە کە خاوەنی هەزار ڕووبار و هەزار دەریاچەیە کە هەر کامیان بەدرێژایی ڕێگای چل ڕۆژی ئەسپ سوارێکن. لە قەراخی هەر کام لەم دەریاچانەدا ماڵیان ساز کردووە بۆی بەسەد پەنجێرەی درەوشاوە و هەزار ئەستوونەوە، ماڵێکی یەکجار گەورە کە لەسەر هەزار پایە و ستوون دانراوە.[1]

١٠٢

لە هەر کام لەم کۆشکانەدا، تەختێ دانراوە بەباڵنج و دۆشەکە و سەرینی جوان و خۆش بۆ.

ئەی زەردەشت

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا لە ئەندازە و بەرزایی باڵای هەزار کەس ئادەمیزادا دێتە خوار و بەشکۆ و عەزەمەتی هەموو ئاوەکانی جیهان خۆ دەنوێنێ و دەڕواتە پێش.

## کوردەی بیست و چوارەم

١٠٣

(بەندی یەکەم لەم بەشەدا دووبارە دەکەنەوە)

١٠٤

زەردەشتی پاک لە (ئاریاویچ) و لە کەناری چۆمی (وەنگوهی دائیتیا) (هەوم)ی ئاوێتەی شیر کرد و

= شاری (شیز) و (ئاورگەی ئازەر گوشنەسب) ماوە و هەندێ لە مێژوو زانەکان بەجێگای زەردەشتی دەزانن. ناوچەییێکی زێڕین و تەڵایی هەیە کە ئێستا بووەتە (کان: مەعدەن) و بەشێوەی ڕەسمی کارخانەی لێ دانراوە و ساڵانە چەندین کیلۆ شمشی ئاڵتون دەردێنن بۆ دەوڵەت... دوور نییە ئەوە چیای هوکەری ئەوێستا بێ. ع.ف

(١) یەکێ لەم ماڵانە بریتییە لە مەعبەدی ئاناهیتا لە قەراخی چۆمی گاماسیاب و لە نزدیکی شاری کرماشان کە پێی دەڵێن (کەنگاوەر) بەڕای من ناوی سەرەکی ئەم جێگا لە دوو حاڵدایە.

الف: کەنگاوەر: کەنیکی گاور واتە کچی گاور کە پاش هێرشی عەرەب بەئومەتی زەردەشتیان و تەمەجوس یا گاور و ناوی مەعبەدی ئاناهیتا بووە بەکەنیشکی گاور.

ب: کەنگاوور: بریتییە لە کەنیشکی ئاگر کە لەو ناوچەدا بەکچ ییژن کەنی، یان کەنیشک و چونکە ئاگری پیرۆزی تیابووە وتوویانە کچی ئاگر و ئەو ناوە بەمروری زەمان بووەتە کەنگاوەر. بەهەر حاڵ وێرانەکانی مەعبەدی ئاناهیتا لەوێ ماوە.

ع.ف

لەگەڵ (بەرسەم)دا كردی بەپێشكەشی ئاناهیتا و (زور)ی هێنابوو و بەزمانی ئەندێشە و بەگوتاری بوڵەند و بیرو گوتار و كردەوەی چاك و پاك ستایشی ئاناهیتای كرد.

١٠٥

زەردەشت خوازیار بوو

ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، ئەی چاك، ئەی بەتوانا ئەم كامیابی و یارمەتی و هێزم پێ بدە كە من بتوانم (كاك گوشتاسب) كوڕی (لوهراسب) ڕێنوێنی بكەم تا بۆ هەمیشە بێتە سەر دینی ڕاستی و هەموو كردەوەكانی بەرانبەری ئایینی من بێ.

١٠٦

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا كە هەمیشە خوازیاران و هێنەرانی پێشكەشی (زور) كامڕەوا دەكات، دوعای ئەوی قەبووڵ كرد.

## كوردەی بیست و پەنجوم

١٠٧

(بەندی یەكەم لێرەدا دووپات دەبێتەوە)

١٠٨

كاك گوشتاسبی دلۆڤان و دلاوا لە بەرانبەری ئاوی (فەرزدان)(١) سەد ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار سەر مەڕی پێشكەشی ئاناهیتا كرد.

١٠٩

وە لەوی خواست: ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، ئەی چاك، ئەی بەتوانا

ئەز یارمەتی بدە كە بتوانم لە پانایی جیهاندا و لە جەنگی بەرپاكراودا بەسەر (تسریاوەنت)ی(٢) دژبەدین و (پیشەن)ی(٣) دێوپەرست و (ئەرجاسب)ی (دێروەند)دا(٤) زاڵ و سەركەوتوو بم.

١١٠

ئاناهیتا كە هەمیشە خوازیاران و هێنەرانی پێشكەشی (زور) كامیاب دەكات ئەویشی بەئاوات و ئارەزووی خۆی گەیاند.

(١) frazdanava: ناوی زەریاچەیێك بووە لە سیستان دا.
(٢) tathryavant: ناوی یەكێ لە دوژمنانی زەردەشت بووە و گوشتاسب كوشتوویەتی.
(٣) pesana: ناوی یەكێ لە ڕەقیبەكانی گوشتاسب بوو.
(٤) دێروەند واتە درۆزن و درۆپەرەست و ئەسڵەكەی درۆ ونبووە.



## كوردەی بیست و شەشەم

١١١

(بەندی یەكەم لێرەدا دووپات دەكەنەوە)

١١٢

(زەریر) بەرانبەر بەئاوی ڕووباری (داییتیا) و لەسەر پشتی چارەواكەی و لە حاڵی جەنگدا سەد ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار سەر مەڕی كرد بەپێشكەشی ئاناهیتا.

١١٣

وە داوای لێ كرد

ئەی دوێتی ڕووسوور، ئەی ئاناهیتا، ئەی چاك و بەتوانا - ئەو توانام پێ بدە كە لە پانای جیهاندا بەسەر (هومەیەك)ی(١) دێوپەرستدا كە خاوەنی چەپۆڵەی بوڵیندە و خۆی لە هەشت قوژبندا حەشارداوە و هەروا بەسەر (ئەرجاسب)ی درۆپەرستدا زاڵ و سەركەوتووبم.

١١٤

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا كە هەمیشە خوازیاران و هێنەرانی پێشكەشی زوری كامڕەوا كردووە، ئەوی بەئاواتی خۆی گەیاند.

## كوردەی بیست و حەوت

١١٥

(بەندی یەكەم لێرەدا دووپات دەبێتەوە)

١١٦

(وەندەر مەئینیش)(٢) برای ئەرجاسب لە نزدیكی زەریای فراخ كەرت سەد چارەوای و هەزار گا و دە هەزار سەرمەڕی پێشكەشی ئاناهیتا كرد.

١١٧

وە خوازیار بوو ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، ئەی چاك، ئەی بەتوانا من كامیاب و زاڵ بكە تا بتوانم بەداگیركردنی سەرزەوینەكانی ئاریایی بەسەر كاك گوشتاسب و سواری جەنگاوەر واتە زەریردا سەر بكەوم و لێیان بكوژم پەنجا، سەدها، هەزارها، دە هەزارها و...

١١٨

بەڵام دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا وەڵامی نەدایەوە و ئەوی بەئاواتی خۆی نەگەیاند.

## كوردەی بیست و هەشتم

١١٩

(بەندی یەكەم لەم بەشەدا دووپات دەبێتەوە)

(١) humayaka: یەكێ بووە لە تورانیان و پەیڕەوی دێویەسنا كە بەدەستی (زەریر) كوژراوە.
(٢) vandaremainis برای ئەرجاسب و یەكێ لە میرزادەكانی ئایینی دێو یەسنا بووە و خەڵكی توران.

١٢٠

هەر ئەوە کە (ئەهورا مەزدا) لەبەر خاتری وی چوار ئەسپی تیژڕەوی باو باران و هەور و تەرزەی خولقاندووە.

ئەی زەردەشت سپیتەمان!

لەم چوار چارەوایە، هەمیشە بۆمن باران و بەفر و شەونم و تەرزە دەبارن.

١٢١

(بەندەکانی ٩٦و٩ لەم بەشەدا دووبارە دەکەنەوە)

## کوردەی بیست و نۆهەم

١٢٢

(بەندی یەکەم لێرەدا دووپات دەکەنەوە)

١٢٣

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا (پەنام)ی زێڕینی لەبەر کردووە و ڕاوێستاوە و گوێ ڕاگری سروودی (زور)ە و لە دەروونی خۆیدا ئەندێشە دەکات.

١٢٤

کام کەس نیایشی من دەکات و کامە کەس دێتەلام و (زور)ی ئاوێتە بەشیر دەکاتە پاڵودە و پێشکەشم دەکات؟

ئەز، بۆ کەسێکی وا کە ئەو خزمەتەم پێ بکات خوازیاری خۆشی و شادمانی هەتاهەتایم.

## کوردەی سی هەم

١٢٥

(بەندی یەکەم لەم بەشەدا دووپات دەبێتەوە)

١٢٦

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، هەمیشە بەوێنەی کیژێکی جوان و پێکەوتوو و تەڕلان و لەبار، کەمەری بەستووە و بەقەد و باڵای ڕاستەوە کراسی چیندار و گران قیمەتی لەبەر کردووە و بەداوێنی پاکەوە خۆی ئاشکرا دەکات.

١٢٧

ئاناهیتا، بەو چەشنەی کە ڕەوشتی ئەوە (بەرسەم)ی لە دەست گرتووە و گوشوارەی زێڕینی چوار گۆشەی کردووەتە گوێچکەی و ملوانکەی جوانی لە مل دایە.

ئەو پشتوێنەکەی وا بەستووە تا هەر دوو مەمکەی جوان دەرکەون و بەو چەشنەی بەژن و باڵای جوانتر و دڵگرتر پیشان بدات.



١٢٨

لەسەر سەری ئاناهیتا تاجێکی زێڕینی هەشت گۆشە دانراوە ئەو تاجە وەکو چەرخێک دروستکراوە کە بەشێکی لێ هاتووەتە دەر و بەنەوارێ لەزێڕ چنراو بە یەک سەد ئەستێرەی زێڕین ڕازاوەتەوە.

١٢٩

دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، کراسێکی لە پێستەی سێ سەد بەبری مێو[1] لەبەردایە، پێستی بەبری مێو کە گیاندارێکی ئاوییە و لەنێو ئاوەکاندا دەژیت جوانترین پێستە و ئەگەر بەکاتی خۆی شکار بکرێت بەوێنەی زێڕ درەوشاوەیە.

١٣٠

ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا، ئەی چاک، ئەی بەتوانا. ئێستا داوای یارمەتیت لێ دەکەم کە بەقوربی فرەوانەوە ببم بەشاریاری مەزن و خاوەن دەسەڵات... ئەو شاریارییە کە بتوانێ خۆراک و میلاکی فرەوان دروست بکات و بەهرە و بەخشینی هەر کەس بەزیادی بدات، ئەو شاریارییە کە لەودا خواردەمەنی و ئازووقە و شتی خۆش تام و خۆش بۆ هەبێت... ئەو شاریارییە کە لەودا ئەنبارەکانی دەخڵ و دان و ڕزق و ئازووقە و هەرچی بەکاری جەماوەری خەڵک دێ فرەوان دەست بکەوێت.

١٣١

ئەی دوێتی ڕوو سوور ئەی ئاناهیتا، ئەی بەتوانا ئێستا لە تۆ خوازیاری دوو چالاکیم، یەکیان دووپا و یەکیان چوارپا، دووپا بۆ ئەوەی لە جەنگدا وریا و زیرەکە و چوار پا بۆ ئەوەی لە هەر دوولای سەنگەرەوە بەرەی دوژمنان تێکبدات و تێکیان بشێوێنن لە چەپ بۆ ڕاست و لە ڕاستەوە بۆ چەپ.

١٣٢

ئەی دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا هەڵسە و بۆ ئەم ستایش و نیایشە و بۆ ئەم پێشکەشە لەسەر نوچکەی ئەستێرەکانەوە کە پایەگای بولێندی تۆن، بەرەو سەر زەوینی خولقێنراوی ئەهورامەزدا و بەرەو هێنەری پێشکەشی (زور) بەپەلە وەرە.

بۆ یارمەتیدان بەوەی کە تۆ ئەو ڕزگار دەکەیت... بۆ یارمەتیدان بەوەی کە لە ڕووی پاکی و ڕاستییەوە زورت پێشکەش دەکات بەرەو لای ئێمە بەپەلە وەرە تا هەموو جەنگاوەران و دڵاوایان و کەسانێ وەکو کاک گوشتاسب بتوانن بگەڕێنەوە سەر خان و مانی خۆیان.

١٣٣

زەردەشتی مەزن کە بەڕاستی هەڵبژێراوە، ئەو سەروەرەی مینەوییە کە لە خەزێنەی کردەوەکانی خۆیدا بەکرداری چاک کۆمەڵانی خەڵک دەپارێزێت و لە ڕۆژی پەسڵاندا لە خزمەت (مەزدا) تکایان بۆ دەکات و

(١) Bavri گیاندارێکی دەریاییە و بەلاتینی Fidet بەئینگلیزی Beaver ناو دەبرێت و نابێ بە بەوری کێوی بزانین.

شاریاری (مەزدا) بۆ ئەو کەسەیە کە پارێزەر و پاسدار و حیمایەی هەژارانە.

ئەز سلاو دەنێرم بۆ هەموو ئاوەکانی چاک کە (مەزدا) دروستی کردوون و هەروا سلاو بۆ دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا.

ڕاستی، چاکترین تۆشە و مایەی بێهرۆزییە، داهاتووی چاک بۆ ئەوانەیە کە خاوەنی کردار و گوتاری ڕاستن.

شکۆداری و مەزنایەتی و لەش ساخی و سەرکەوتن و کامیایی گیانی و سامان و دارایی و ڕۆڵەکانی ساڵح و پێکەوتوو و ژیانی درێژ خاین، لەم جیهانە و بەهەشتی جاویدان و حەسانەوە لە جیهانی ئەبەدی بۆ ئەو کەسانەیە کە بەڕاستی تۆ (مەزدا) دەپەرستن و ستایش و نیایشت دەکەن.(*)

---

تێبینی: خودا لێخۆشبوو عیمادەدین دەولەتشاهی لە کتێبی خۆیدا بەناوی کێوەکانی نەناسراوی ئەوێستا پێی وایە... شاری دینەوەر لە ناوچەی کرماشان لە ئەسڵ دا (ین ئاوەر) بووە و زەردەشت لەم شارەدا هەڵساوە و بۆیە ناوی بووەتە (دین ئاوەر) و هەروا نووسیویەتی چیای هۆکەر کە جێگای نیایشی زەردەشت بووە لە نزیکی شاری دین ئاوەرە... (دینەوەر).

(*) بەڕاستی داوا لە خوێنەران دەکەم جارێکی دی و بەسەرنجی ورد، بەشی**١٣٣** بخوێننەوە و ئەمجار لەگەڵ نووسراوەکانی باقی کتێبە پیرۆزەکانی وەکو عەهدی عەتیق و قورئانی پیرۆز و فەرموودەی ئەنبیاکان و ئەولیاکان بەراوەردی بکەن و تێبگەن کە پێشینیانی ئێمە خوداپەرست بوون نەک بەتەبلیغاتی عەرەب مەجوس و ئاگرپەرەست... سلاو لە ڕووحی پاکیان. ع.ف

# تیریەشت

## کوردەی یەکەم

١

(ئەهورامەزدا) بە(زەردەشت سپیتەمان)ی گوت:

ئەی زەردەشت

تۆم کرد بەسەروەری هەردوو جیهان لەناو ئادەمیزاددا. مانگ و (مەیەزد)[١] و خان و مان ستایش دەکەم تا ئەستێرەی (تەشتەر)ی خاوەن شکۆ هاوڕێ لەگەڵ مانگدا فەڕ و مەزنایەتی بدەن بەدلێران.

ئەز (تەشتەر)[٢] ئەستێرەی بەخشندەی خان و مان ستایش دەکەم و پێشکەشی (زور)ی بۆ دەبەم.

٢

سوپاس بۆ (تەشتەر) ئەستێرەی شکۆدار کە هێنەری خێر و خۆشی بۆ بنەماڵەیە، ئەوە ئەستێرەی بەرز و درەوشاوە و بوڵیند کە بەتیشکی خۆی هێمنایەتی و دەرمان دەبەخشێ بەمرۆڤ و نوور و ڕووناکی پاک و بێگەرد بڵاو دەکاتەوە.

ئاوی دەریای پان و بەرین ستایش دەکەین و سوپاس بۆ ڕووباری (وەنگوهی) بڵیند ئاوازە و هەروا ستایش دەکەین (گوش)ی کە مەزدا خوڵقاندوویەتی و فەڕ و توانای کەیانی و فرەوەهەری (سپیتەمان زەردەشت)ی پاک ستایش دەکەین.

٣

بەهاوار و دەنگی بەرز هاوڕێ لەگەڵ پێشکەشی (زور) و (هەوم) ئاوێتە کراو بەشیر و لەگەڵ (بەرسەم)دا، بەزمانی عەقڵ و زانست و گوتار و کردار و بیری چاکەوە، ئەستێرەی (تەشتەر) نیایش دەکەین (مەزدائەهورا) بۆ خۆی ئەو پیاوانە و ئەو ژنانەی کە بەچاکترین شێواز عیبادەت دەکەن دەناسێت... من سوپاس دەکەم لەو چەشنە مرۆڤانە.

## کوردەی دووهەم

٤

تەشتەر، ستارەی شکۆدار و مەزن کە هەڵگری نوتفەی ئاوە و بەتوانا و مەزن و خاوەن هێزە و لە دوورەوە دەبیندرێت و بەدەسەڵات و مەزن و لە تەوەرەی (ئەپەم نەپات) ستایش دەکەین.

(١) mayazd بریتیە لە پێشکەشی وشک و بێ ئاو کە دەیان برد بۆ ییزەدان.

(٢) tistara ناوی ئەستێرە و فرشتەی پارێزەری بارانە و لە عەرەبیدا بە(شعرای یمانی) مەشهورە و لە ئاخافتنی ئەوروپادا بە(sirius) ناوی دەبەن... نابێ لەگەڵ ستارەی (عتارد Mercure) بەسەهو بیگرین.



## کوردەی سێهەم

٥

سوپاس بۆ (تەشتەر) ئەستێرەی خاوەن شکۆ کە هەموو چوارپایان لە ورد و بچووک چاوەڕوانی ئەو دەکەن و هەروا ستەمکارانی پێشۆ و (کاییتەکان) کە بەر لەمە خەریکی شەرارەت بوون چاوەڕوانی ئەون. کەی و لە چ کاتدا (تەشتەر)ی خاوەن شکۆ سەر هەڵدێنێت؟

لە چ کاتدا بۆ جارێکی دێ و ئاوەکان دەبووژێنەوە و لە سەرچاوەکانەوە بەتوانایی و هێزی ئەسپ دێتەدەر؟

## کوردەی چوارەم

٦

سوپاس بۆ (تەشتەر) ئەستێرەی شکۆدار کە بەچالاکی و پەلە ڕوو دەکاتە دەریای (فەراخ کەرت) و هەروەکو تیری (پەڕان) کە (ئارش)[١] چاکترین تیرئەندازی ئێرانی لەسەر چیای (ئەئیریوخشوت) خستی بۆ چیای (خوانەونەت)[٢].

٧

لەو کاتەدا (ئەهورامەزدا) هێزیکی سەر سوڕێنەری عەتا کرد بە(ئارش) و فەرمانی دا بەئاو و گیا و (مێهر) خاوەنی دەشتەکانی پانوبەرین تا ڕێگا بۆ تیری ئارش بکەنەوە.

## کوردەی پەنجوم

٨

سوپاس بۆ تەشتەر ئەستێرەی خاوەن شکۆ کە بەسەر پەرییەکاندا زاڵ دەبێت لەو کاتەی پەرییەکان لە پەیکەری ئەستێرەی دونباڵەداردا دێنەدەر و لە کەنارەکانی بەحری قووڵ و بەهێزی (فەراخ کەرت)ی دڵ بزوێن و خۆش دیمەن کە ئاوەکانی بەشێکی زۆری زەوینیان داپۆشیوە، خۆڕادەکێشن ئەمجار تێشتەر لە هەیکەلی ئەسپێکی جوان و پاکدا دێت و بەشەپۆلی بەحرەکە و بەهێزی بای ئەو شەپۆلانە هێزی پەرییەکان تێدەشکێنێت.

٩

ئەو کات (سەتەوەیس)[٣] کە بەکاتی بەخشینەوەی پاداش دێتەدەر ئەو ئاوانە دەگەینێتە حەوت وڵات. ئەوجار (تیشتەر)ی جوان و چەلەنگ و ئاشتی بەخش ڕوودەکاتە ئەو وڵاتانە و ئەوان لە ساڵێکی

(١) erexsa ناوی ئارش تیرئەندازی ناوداری ئێرانی کە بەنووسینی شاهنامە و ئەوێستا بەهاویشتنی تیر لە لوتکەی ئەلبورز بۆ قەراخی ئاموزەر یا سنورەکانی وڵاتی ئێرانی دیاری کرد و گیانی خۆی لە کەمان خست و پاش تیرەکە، مرد.

(٢) Airyoxsutha و xvanavat ناوی دوو چیا بوون لە ئەلبورز و خۆراسان.

(٣) Satavaesa: ناوی ستارەی نزیکی تیشتەرە و ناوی یەکێ لە پارێزەرانی ئەو.

خۆش بەهرە دەبەن.

بەو شێوە هەموو سەر زەوینەکانی ئاریایی دەکەونە خۆشی و ئاوەدانی.

## کوردەی شەشەم

١٠

سوپاسی (تیشتەر) ئەستێرەی شکۆدار دەکەین کە بە(ئەهورا)ی گوت:

ئەی (ئەهورامەزدا)... (ئەی عەقڵ و فامی پاک)، ئەی خوڵقێنەر و بەدیهێنەری جیهانی خاکی... ئەی دوور لە هەر عەیب و نوقسان.

١١

ئەگەر مرۆڤ لە نیایش و دوعای خۆیاندا، لە من ناو ببەن و ستایشم بکەن. هەر بەو چەشنەی ناوی مەلاییکەکانی دی دەبەن و ستایشیان دەکەن من بەگیانی جاویدان و ریشەداری خۆمەوە ڕوویان تێ دەکەم و لە زەمانێکی لە پێش دانراو و بەکاتی خۆی لە یەک، یان دوو، یان پەنجا شەودا دەگەمە لایان.

١٢

سوپاسی تیشتەر دەکەین (تیشتەر یەیینی)[١]یەکان ستایش دەکەین هەروا سوپاسی ئەو ستارەی کە لە پاش (تیشتەر) دێتەدەر و (پەروین) و (حەوتورەنگ)[٢]ستایش دەکەین بۆ ئەوەی هەتاهەتایە لە بەرانبەر پەرییەکاندا ڕاوەستاون.

(وەنەند) ستارەی خوڵقێنراوی (مەزدا) ستایش دەکەین بۆ سەرکەوتن و پێکەوتن. بۆ هێزێ کە ئەهورا بۆ بەرگری پێ داوە بۆ سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر دوژمندا. تیشتەری چاو ڕاست ستایش دەکەین.

١٣

ئەی (سپیتەمان زەردەشت)

(تیشتەر)ی خاوەن شکۆ لە دە شەوی سەرەتای مانگدا دەبێتە لاوێکی پانزدەساڵە و بەڕواڵەتێکی ڕووناک و چاو گەلێکی پرشنگدار و باڵای بەرز و یەکجار بەهێز و توانا و چالاکانە لەنێو نووردا هەڵدەفڕێت.

١٤

لە پەیکەری لاوێکدا کە بۆ یەکەم جار (کوستی)[٣] بۆ ببەستن.

لە هەیکەلی لاوێکدا کە بۆ یەکەم جار سەرکەوتوو و زاڵ بێت.

(١) Testryaeini: ناوی دەستەیێکی ئەستێرەن کە دەوری تیشتەریان گرتووە.

(٢) حەوتورەنگ: ئەوانەن کە ئێستا بەحەوتەوانان لە کوردیدا مەشهورن.

(٣) kosti: پشتوێنێ بووە لە ٧٢ تاڵی خوری سپی و بەنیشانەی ٧٢ هاتی یەسناکانی ئەوێستا لە تەمەنی پانزدە ساڵیدا (ئێستا لە حەوت ساڵیدا) دەیبەستن.



لە پەیکەرەی لاوێکدا کە بۆ یەکەم جار پای ناوەتە دەورانی پیاوەتی.

١٥

کێیە ئەو کەسەی لێرەدا و لەم کۆبوونەوەدا بێتە ئاخافتنی؟

کێیە ئەو کەسەی لێرەدا پرسیار بکات؟ ئێستا کام کەس بە(هەوم) و (زور)ی ئاوێتە بەشیر ستایش دەکات؟

ئەز کامە کەس بەعەتاکردنی ڕۆڵەی پێکەوتوو و تاقمێ کوڕانی چاک دەوڵەمەند بکەم؟... بەکام کەس ڕەوانی ئاسوودە و بەرز ببەخشم؟

ئێستا... ئەز، لەم جیهانی خاکیدا سزاواری ستایش و پێداهەڵدانم چونکە باشترین ئایینی ڕاستیم هێناوە.

١٦

ئەی سپیتەمان زەردەشت

(تیشتەر)ی خاوەن شکۆ لە دە شەوی دووهەمی مانگدا لەشی خۆی دەکاتە خاکی و بەهەیکەلی گای شاخ زێڕین لە نووردا پەرواز دەکات.

١٧

کێیە ئەو کەسەی لێرەدا و لەم کۆ بوونەوەدا بێتە ئاخافتنی؟ کێیە کەسێ کە لێرەدا پرسیار بکات؟... ئێستا کامە کەس دێ و بەهێنانی (زور) و (هەوم) ئاوێتە کراو بەشیر، عیبادەتی من دەکات؟

ئەز، کام کەس بەبەخشینی ڕەوەی گا دەوڵەمەند بکەم؟ بەکام کەس ڕەوانی بەرز و ئاسوودە و پێکەوتە ببەخشم؟

ئێستاکە، ئەز، لەم جیهانی خاکیدا سزاوار و لایەقی ستایشم چونکە چاکترین و ڕاستترین ئایینم بۆ هێناون ئەی سپیتەمان زەردەشت.

١٨

(تیشتەر)ی خاوەن شکۆ، لە دە شەوی سێهەمی مانگدا خۆی دەکاتە خاکی و لە پەیکەری چارەواییێکی سپی و جوان بەلغاوی زێڕنیشان و گۆیچکەی زێڕینەوە لە ناو کۆمەڵی نووردا دەکەوێتە پەرواز.[١]

١٩

کێیە ئەو کەسەی لەم کۆبوونەوەدا و لەم جێگادا بێتە ئاخافتنی؟

کێیە کە لێرەدا پرسیار بکات؟ ئێستا کام کەس دێ و بەهێنانی پێشکەشی (زور) و (هەوم) ئاوێتە

(١) تا بەر لە شۆڕشی ئیسلامی و ڕووخانی ڕژێمی ئەرباب و ڕەعیەتی، سەرۆک عەشیرەکان و پیاوانی ئازا، چارەواکانی خۆیان بە(ڕەخت) دەڕازانەوە کە بریتی بوو لە نوقرە و زێو و هەموو سینە و کەفەڵی ئەسپەکەی دادەپۆشی، ئەمە لە نیشانەکانی دینی زەردەشت بووە. ع.ف

کراو لەگەڵ شیردا، عیبادەتی من دەکات؟

ئەز، کامە کەس بەعەتاکردنی ڕەوەییێکی چارەوی بەغار، دەوڵەمەندکەم؟

ئەز، بەکام کەس ڕەوانی ئاسوودە و ڕازاوە بەڕاستی ببەخشم؟

ئێستا، من، لەم جیهانی خاکیدا شایستە و لایەقی عیبادەتم چونکە چاکترین و ڕاستترین ئاییینم بۆ هێناون.

٢٠

ئەی (سپیتەمان زەردەشت)

ئەو کاتە (تیشتەر)ی خاوەن شکۆ، لە پەیکەری ئەسپێکی جوان بەگوێچکەی زێڕین و لغاوی زێڕ نیشانەوە لای بەحری (فەراخ کەرت) دێتەخوار.

٢١

لە بەرانبەریدا، دێوی (ئەپوش) لە پەیکەری ئەسپێکی ڕەش و لار، بەیاڵ و کلکی چەماوە و بەگوێچکەی پێچراوە، وەکو ئەسپێکی بەسام و ترسهێنەر دێتە دەرێ...

٢٢

ئەی سپیتەمان زەردەشت،

لەوێدا تیشتەری خاوەن شکۆ و دێوی (ئەپوش) تێکدەگیرێن و بەشەڕ دێن و لە ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژدا، دێوی (ئەپوش) بەسەر (تیشتەر)دا زاڵ دەبێت و تێکی دەشکێنێ.

٢٣

ئەو کاتە، (ئەپوش) دێ و (تیشتەر) هەڵدەگرێت و بەئەندازەی هەزار هەنگاو لە دەریای فەراخ کەرت دووری دەخاتەوە. ئەمجار (تیشتەر) بەگریان و بەلەشی پڕ لە ئێشەوە هاوار دەکات:

وای بۆ من ئەی (ئەهورامەزدا)

ئەی داخ و حەسرەتم بۆ ئاوەکان و گیاکان،

من دەگریم و پرسەت لێ دەکەم بۆ تۆ ئەی ئاییینی (مەزدیەسنا)، ئەوە ئێستا کۆمەڵانی خەڵک (مرۆڤ) ناوی من نابەن و ستایشم ناکەن و منیان لەو ئێزەدەکانی دی جیا کردووەتەوە و ئەوان ستایش دەکەن.

٢٤

ئەگەر خەڵکیی لە نوێژی خۆیاندا ناوی من بێنن بەسەر زمانیاندا و ستایش بکەن، هەروەکو باقی ئێزەدەکان، بەقودرەتی دوعای خەڵکی هێزی دە ئەسپ و دە وشتر و دە گاو دە چیا و دە ئاوی کەشتیگێڕ دەکەوێتە لەشم و بەتەواوی دەبمە خاوەن هێز و دەسەڵات.

٢٥

(ئەهورامەزدا) بەم چەشنەی گوت...ئەز بۆ خۆم نێوی تیشتەری مەزن دەهێنم و پەسنی دەکەم، ئەز



هێزی دە ئەسپ و دە وشتر و دەگا و دە کەژ و دە ئاوی کەشتیگێڕی پێ دەبەخشم.

٢٦

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەو کاتە (تیشتەر)ی خاوەن شکۆ لە پەیکەری ئەسپێکی سپی و جوان بەگوێچکەی زێڕین و لغاوی زێڕنیشانەوە لای بەحری (فەراخ کەرت) دابەزی.

٢٧

لە بەرانبەری ویدا، دێوی (ئەپوش) لە پەیکەری ئەسپێکی ڕەشی نابار، بەباڵ و کلکی پێچراوە و گوێچکەی لارەوە، بەوێنەی چارەواییێکی بەسام و ترسهێنەر دەرکەوت.

٢٨-٢٩

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەو کاتە (تیشتەر) دێوی (ئەپوش)ی[١] بەئەندازەی هەزار هەنگاو لە بەحری (فەراخ کەرت) دوور خستەوە.

(تیشتەر)ی خاوەن شکۆ، بەشادمانی و خۆشییەوە هاواری ڕزگاری بەرز کردەوە.

سوپاس بۆ ئەهورامەزدا و خۆش بەحاڵی من

- خۆش بەحاڵی ئاوەکان و گیاکان

- خۆشی بۆ تۆ ئەی ئاییینی پیرۆزی (مەزدیەسنا)

- خۆشی بۆ ئێوە ئەی سەرزەوینەکان... ئەوەتا ئاوەکان. لە جۆگە و جۆبارەکاندا ڕەوانە و بەبێ دژواری و بەوێنەی (چاوی قرژانگ) ڕوویان کردووەتە مەزرا و کێڵگەکانتان و بەنمتکی وردەوە دەبارێتە سەر مێرگ و گیاجاڕ و ئاڵفجاڕەکانتان و لەوەڕگای ئاژەڵەکانتان بژوێن دەبن و هەموو جیهانی خاکی لەم خەڵاتە بەشدارە.

٣٠

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەو کاتە (تیشتەر)ی خاوەن شکۆ، لە پەیکەری ئەسپێکی جوان بەگوێچکەی زێڕین و لغاوی زێڕنیشانەوە لای بەحری (فەراخ کەرت) دادەبەزێت.

(١) Apaosa ڕەقیبی تیشتەر و دێوی وشک ساڵی ئاییینی زەردەشتە و شبهاندنی ئەو بەئەسپی ڕەش و سامناک نیشانەی خۆفی مرۆڤی قەدیم لە وشکی و بێ ئاوی و بێ بارانی بووە کە بەداخەوە ئێستایش خەریکە بەسەرماندا زاڵ دەبێت. ع.ف

٣١

ئەو دەستی لە دەریا وەردەدات و دەیخاتە جموجۆڵ و شەپۆڵەکان دەبنە یاغی و پەل وەشێن.

لە هەموو قەراخەکانی بەحری (فەراخ کەرت)دا تەوژمی ئەو بەوێنەی چیا هەڵدەستێ و شەپۆڵەکان بەشێوەی قورس و قایم دەهرۆژێن.

٣٢

ئەی سپیتەمان زەردەشت

پاش ئەوە، تیشتەری خاوەن شکۆ جارێکی تر لە بەحری فەراخ کەرتەوە دێتە سەر و (سەتەوەیس)ی هێژایش لە پاش وی دێت.

ئەو کاتە، تەم و مژ لەولای هیندوستانەوە و لەو کەژەی کە لە ناوەڕاستی دەریای فەراخ کەرتدا هەڵدەستێ.

٣٣

لە پشت ئەو مژەدا، هەورەکان دەردەکەون و بای نیوەڕۆ پاڵیان پێوە دەنێت بۆ لای ئەو ناوچەی کە (هەوم)ی شادی بەخشی تێدایە، ئەو کاتە (با)ی چالاک و چاپووک کە خوڵقێنراوی (مەزدا)یە، هەور و باران و تەرزە دەنێرێت بۆ خان و مانی حەوت وڵاتی ئەهورایی.

٣٤

ئەی، سپیتەمان زەردەشت

(ئەپەم نەپات) بەیارمەتی و هاریکاری بای قایم و (فەڕ)ی نهێنکراو لەناو ئاودا و فرەوەهرەکانی پاکان بەهەریەک لەسەر زەوینەکانی جیهان بەهرەی تایبەتی دەبەخشن.

## کوردەی حەوتەم

٣٥

(تیشتەر) ئەستێرەی خاوەن شکۆ سوپاس دەکەین کە لە کاتی کازیوەی بەیاندا، بەپرشنگداری لە ڕێگای دوور لە باۆ و بەرەو جێگای بەخشێنەران دێ و لەو مەکانەی کە پەیمانی داوە و سەر ڕێژە لە ئاودێت بۆ ئەوەی خواستی ئەهورامەزدا و ئیمشاسپەندان بەجێ بێنێ.

## کوردەی هەشتەم

٣٦

تیشتەر، ستارەی شکۆدار پەسن دەکەین کە لە کاتی هاتنی ساڵدا فەرمانڕەوایانی زانا، گیانلەبەرانی ئازاد کە لە چیاکاندا دەژین و دڕندەکانی بیابان پەیا، هەموویان چاوەڕوانی ئەون.

ئەوە ئەستێرەیێکە کە بەدەرهاتنی خۆی دەتوانێ ساڵێکی باش یان ساڵێکی خراپ بۆ جیهانیان بەدی بێنێت.



ئایا سەر زەوینەکانی ئاریایی ساڵێکی خۆشیان دەبێت؟

## کوردەی نۆهەم

٣٧

(بەندی شەشەم دووپات دەکەنەوە)

٣٨

ئەو کاتەی (ئارش) تیری دەهاوێشت بۆ ئەوەی سنوورەکانی ئێران دیاری بکات، ئەهورامەزدا هێزێکی فرەوانی بەو تیرە بەخشی و ئیمشاسپەندان و میهر خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین شەقامێکیان بۆ ساز کرد.

(ئەشی) چاک و مەزن و (پارندی) بەسواری گەردوونەی سووک و جەم و جۆر و لە پشتی ئەودا (تیر) کەوتنە ڕێگا تا ئەو کاتەی هەموویان لە کەژی (خوان وەنت) دابەزین و لەسەر عەرز نیشتنەوە.

٣٩

سوپاس و ستایش بۆ تیشتەر، ئەستێرەی خاوەن شکۆ کە بەهێزی ئەهورایی سەرکەوت و توانی ئەو پەریییانەی وا ئەهریمەن هانی دابوون شکەست بدات چونکە ئەوان دەیانەویست نوتفەی ئاو لەناو ئەستێرەکاندا وشک بکەنەوە.

٤٠

تیشتەر (بەیاری ئەهورا) پەرییەکانی شکەست دا و ئەوانی لە بەحری (فەراخ کەرت) دوور خستەوە، ئەو کاتە هەورەکان هاتن و ئەو ئاوانەی کە پەیامهێنەری ساڵێکی خۆشن ڕەوان بوون. لافاوی بەتەوژم و ئاوی هەڵقووڵی و کە لە حەوت وڵاتدا حەرەکەت دەکەن لەم هەورانەدان.

## کوردەی یازدەهەم

٤١

تیشتەر، ئەستێرەی خاوەن شکۆ ستایش دەکەین چونکە ئەو ئاوانەی وێستاون و ئەوانەی چارین لەگەڵ کانیاو و جۆپار و بەفر و باران، هەموویان ئۆگری ئەون.

٤٢

کەی (تیشتەر)ی شکۆدار سەرمان بۆ دەردێنی؟

کەی چاوگەکانی ئاوی بەهێزتر لە شانی ئەسپەکان، هەڵدەتۆقن؟ چ کاتێ کانیاوەکان ڕوو دەکەنە کشتزارە جوانەکان و هەموو پێدەشت و مێرگۆڵان دادەپۆشن و ڕیشەی گیاکان دەخوسێن و هەموو گوڵ و گیاو دار و سەبزی لەو نیعمەتە بەشدار دەبن؟

## کوردەی دوازدەهەم

٤٣

سوپاس بۆ تیشتەر، ئەستێرەی خاوەن شکۆ کە بەئاوی خرۆشانی خۆی بیم و هەراسی بێ ئاوی و قاتوقڕی لە دڵاندا دەشواتەوە. ئەگەر مرۆڤ ستایشی تیشتەر بکات و ببێتە هۆی خۆشی و شادمانی ئەو، لە بەرانبەردا دەتوانێ لە کەرەم و سەخاوەتی بەهرە بیات.

## کوردەی سێزدەهەم

٤٤

تیشتەر، ستارەی خاوەن شکۆ ستایش دەکەین چونکە ئەهورامەزدا ئەوی داناوە بۆ سەروەری و نیگاهبانی هەموو ئەستێرەکانی جیهان هەروەکو زەردەشتی کرد بەسەروەر و نیگاهبانی مرۆڤ.

ئەو (تیشتەر) ئەستێرەییێکی جاودان و هەتاهەتاییییە کە هیچ کاتێ جادووگەران و دێوەکان ناتوانن زیانی لێبدەن.

## کوردەی چواردەهەم

٤٥

سوپاس بۆ تیشتەری خاوەن شکۆ کە ئەهورامەزدا بەهەزار جۆر چالاکی پێ بەخشیوە، ئەو ئەستێرەییێکە هەڵگری نوتفەی ئاو و تواناترین ئەستێرەیە کە هاوڕێ لەگەڵ ئەوانی دیدا لە بەحری نوورا هەڵدەفڕێت.

٤٦

ئەوە کە لە پەیکەری ئەسپێکی جوان و سپیدا بەگوێچکەی زێڕین و لغاوی زێڕنیشان، لە هەموو دورگەکان و ڕووبارەکان و جۆگەلەکانی ڕازاوە و جوانی بەحری (فەراخ کەرت)، ئەو دەریای بەهێز و قووڵ و خۆش دیمەنە کە ئاوەکەی زۆربەی زەوینەکانی داپۆشیوە، دیتن دەکات.

٤٧

ئەی سپیتەمان زەردەشت

لەو کاتەی کە سێلاوی پاک کەرەوە و دەرمان بەخش لە دەریای فەراخ کەرت سەرەوخوار دەبێ. تیشتەر ئەو ئاوە بڵاو و بەش دەکات و ئەو جێگای دەگرێتەوە کە (خەڵکەکەی)عیبادەتیان کردبێ و نیایش و ستایشی ئەویان کردبێ و بەو چەشنە لێیان ڕازی بێت.

## کوردەی پانزدەهەم

٤٨

سوپاس بۆ (تیشتەر) ئەستێرەی خاوەن شکۆ. ئەو کەسەی کە هەموو خوڵقاوەکانی (سپەندمینو) واتە ئەوانەی لە ژێر عەرزا دەژین و ئەوانەی لەسەر عەرزدان و ئەوانەی لە نێو ئاوا دەژین و ئەوانەی لە وشکی دان، ئەوانەی هەڵدەفڕن و ئەوانەی کە خزۆکن و ئەوانەی کە کولانەی ئازادیان هەیە و ئەوانەی کە لە جیهانی ژێرۆدا دەژین و لە ئەژماری ئافەرینشی بێ سەرەتا و بێ ئاکامی (ئەشا)ن... تێکڕا تامەزرۆی



دیداری ئەو (تیشتەر)ن.

## کوردەی شانزدەهەم

٤٩

ستایشی (تیشتەر) ئەستێرەی خاوەن شکۆ دەکەین کە کارزان و فەرمانڕەوا و تیمارکەرە.

تیشتەر میهرەبانە و هەر کەسێ خۆشی بوێت بەشێوەی خوڕافیی خواستەکانی بۆ دەهێنێتە دی.

٥٠

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەز، کە ئەهورامەزدام، فەڕ و شەوکەتی فرەوانم داوە بە(تیشتەر) و ڕەوایە بۆ ئێوە کە ستایشی بکەن و سوپاسی بکەن وەکو چۆن بۆ منی دەکەن... ئەوتان خۆش بوێت وەکو چۆن منتان دەوێت.

٥١

بۆ ئەوەی لە بەرانبەر دێوی وشکساڵیدا سەربکەون و بەسەریدا زاڵ ببن ڕووبکەنە (تیشتەر)... جێگای داخە هەندێ خەڵکی نەفام و هەرزەوێژ وشکساڵییان پێ خۆشە و بەهاتنی شادمان دەبن.

٥٢

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەز، بەتایبەت، (تیشتەر)م کردە شایستەی ستایش و بەڕاستی ئەو سزاوار و بەرازەندەی نیایش و ڕێز و حورمەتە و لەسەرتانە هەمووتان بۆ خۆشنوودی و ڕازی بوونی ئەو تێبکۆشن، هەروەکو چۆن ستایشی من دەکەن.

٥٣

(بەندی پەنجا و یەکەم لێرەدا دووپات دەکەنەوە)

٥٤

دێوی وشکساڵی بۆ ماوەیێک، لە هەر شەو و هەر ڕۆژدا، لێرە و لەوێ سەری دەکێشا و دەیەویست هێزی ژیان و هومێد بەژیان، لە جیهانی خاکیدا نابوود بکات و کۆمەڵانی خەڵک لە ژیان دڵسارد بکاتەوە.

٥٥

بەڵام (تیشتەر)ی خاوەن شکۆ هات و ئەو دێوەی گرت و بەزنجیری سێڵاو چەند لای قایم و نەچڕ دەست و پای بەست وەکو چۆن هەزار پیاوی بەقووەت، یەک نەفەر ببەن و دیلی بکەن.

٥٦

ئەی سپیتەمان زەردەشت

لەسەر زەوینەکانی ئاریاییدا بۆ (تیشتەر)ی خاوەن شکۆ، ستایش و نیایش بکەن، ئەو عیبادەتە وا

چاکە بەگەوهەری ڕاستی بڕازێتەوە بەچەشنێ کە لە شەئنی ئەو ئەستێرە پیرۆزەدا بێت.

ئەگەر ئێوە خاوەن ئیمان بن، سوپای دوشمن هەرگیز ناتوانێت پای بگاتە سەرحەد و ناو خاک و ماڵ و زەوینی ئێوە و هیچ کات چاوتان ناکەوێت بەئاڵای سوپای دوژمن و لە دەنگی عەڕڕابەی لەشکرەکانیان داناچڵەکن و هەروا لە سێلاو و نەخۆشی و پەتا بێ بەری دەبن و وڵاتتان و گیان و ماڵتان پارێزراوە.

٥٧

زەردەشت پرسیاری کرد لە ئەهورامەزدا:

ئەی ئەهورامەزدا، ئەی پاک.

چلۆنە ئەوێستایش و نیایشەی کە لەشان و سزاواری تیشتەردا بێت لە ڕووی ڕاستییەوە؟

٥٨

ئەهورامەزدا لە وەڵامدا وتی

لەسەرتانە کە لە سەر زەوینەکانی ئارییاییدا بۆ تیشتەری خاوەن شکۆ پێشکەشی (زور) ببەن و (بەرسەم) بەرن و مەڕێکی سپی و یا ڕەش (یەک ڕەنگ) و قەڵەوی بۆ ببرژێن.

٥٩

لەو پێشکەشە نابێ بەشی ڕێگرەکان و ژنانی بەدکارە و ئەو لادینانەی کە (گاساکان) ناهۆننەوە و دینی ئەهورایی تێکئەدەن و دژی ئایینی ئەهورایی (زەردەشت)ن بدرێت (ئەو کەسانە لە ئایینی تۆدا لە ئیحسان بێبەشن)

٦٠

ئەگەر بەشێ لەو پێشکەشە بدەن بەچەتە یا ژنێ بەدکارە یان بەوە (گاساکان) ناهۆنێتەوە و تێکدەرە و دژ بەدینی ئەهورایی زەردەشتە... ئەوە (تیشتەر)ی خاوەن شکۆ ڕووی خۆیتان لێ وەردەگێرێت و دەردەکانتان تیمار ناکات.

٦١

ئەوکاتە سێلاو دێ و هەموو وڵاتەکانی ئاریایی دەگرێت و سوپای دوژمن لەسەر حەد و سنوورەکانەوە دێتە ناوە و هەرچی بەردەستیان بکەوێت وێرانی دەکەن و تێکی دەشکێنن، پەنجاهاو سەدها و هەزارها و دە هەزارها و سەد هەزارها.

(بەندی سێهەم دووپات دەبێتەوە)

٦٢

(زەردەشت)ی مەزن لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژێراوە. ئەوە ئەو سەروەری مینەوی کە لە خەزێنەی کردوەوەکانی خۆیدا، لە کرداری چاکی جەماوەری خەڵک پاسداری دەکات و لە ڕۆژی پەسلاندا ڕوودەکاتە (مەزدا).



شاریاری (مەزدا) بۆ کەسێکە کە پارێزەری بێ نەوایان و هەژارانە.

سڵاو دەنێرین بۆ (تیشتەر)ی شکۆدار و (سەتەوەیس)ی بەتوانا و خولقێنراوی (مەزدا) کە لەوانەوە ئاو پەیدا بووە.

ڕاستی چاکترین تۆشە و مایەی بێهرۆزییە. شادی و سەرکەوتن و داهاتووی چاک بۆ کەسێکە کە خاوەنی کردەوەی باش و خوازیاری باشترین ڕاستییە.

# مێهریەشت

## کوردەی یەکەم

١

ئەهورامەزدا، گوتی بەسپیتەمان زەردەشت

ئەی سپیتەمان

ئەز (میهر) خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرینم لە کاتی خولقاندندا، لەباری نیایش و ستایشەوە، بەرانبەری خۆم داناوە و هەر کەس ستایشی ئەو دەکات وەکو ستایشی من وایە.

٢

ئەی سپیتەمان

پەیمانشکێنی بەدکار تێدەکۆشێت سەرانسەری ولآت کاول بکات بۆیە کەسێکی وا لە گوناه و سووچدا وەکو ئەوە وایە کە پیاوێکی بێگوناح و دینداری شەهید کردبێت.

ئەی سپیتەمان

نەکات کە پەیمانشکێن بیت، ئەلبەتە مەبەستی من ئەو پەیمانە نییە کە لەگەڵ درۆپەرستێ عەقدی دەکەن بەڵکو مەبەستی من ئەو پەیمانەیە کە لەگەڵ پەیرەوانی دینی ڕاستیدا بەستووتانە.

٣

میهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین، بەو کەسەی کە پەیمانی ناشکێنێت، ئەسپ و چارەوای چاک دەبەخشێت و (ئازەر)ی (مەزدائەهورا) سەبارەت بەوەی درۆ نەکات و پەیمان نەشکێنێت، ڕێگای ڕاست پیشان دەدات.

٤

ئێمە، بەهێنانی پێشکەشی (زور) دەچینە سلاو و ستایشی میهر و ئەو بەڕێزە ستایش دەکەین و بەرزی ڕادەگرین لەبەر ئەوەی بەڕاستی خاوەن شکۆ و خاوەنی فەڕی ئیزەدییە سوپاسی میهر دەکەین کە بەولآتەکانی ئاریایی ژیانی خۆش و سەرڕێژ لە ئاسایش و سازگاری بەخشیوە دەی با میهر بێتە یارمەتیمان و گرێ لە کاری ئێمە بکاتەوە و با ئەو خاوەن شکۆ بگاتە فریادمان و بۆ دڵسۆزی و بۆ چارەسەرکردنی دەردی ئێمە بگات و کارێکی وا هەبێت بۆ سەرکەوتنی ئێمە کاربکات و بەهێزی خۆی یا ساوداد و ڕۆژگارێکی خۆش لە ولآتماندا سەقامگیر بکات.

٥

ئەوە کە بەهێز و توانایە و لە هەموو جێگادا سەربەرز و سەرکەوتووە و هەرگیز ناخلەتێت و لە سەرانسەری جیهانی خاکیدا شایان و سزاواری ستایش و نیایشە، هەر میهرە... واتە... ئەو کە خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرینە.



٦

ئەو مەلاییکەی بەهێز و توانا، ئەو بەهێزترین ئافەریدە، ئەو (میهر) بەپێشکەشی (زور) ستایش دەکەین و دەچینە ستایش و سلاوی میهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین بە (هەوم) ئاوێتە لەگەڵ شیر و بەهەڵگرتنی (بەرسەم) و بەزمانی عەقڵ و گوتار و کردەوە و بیری چاک و هێنانی (زور)ەوە.

مەزدائەهورا، بەندەگانی خۆی چاک دەناسێت و ئەوانەی کردەوەی چاکیان هەیە، پاداشیان پێ دەدات و (ئوردی بەهەشت) لە بەرانبەری ستایش گەراندا پاداشی چاکە دەداتەوە.

## کوردەی دووهەم

٧

سوپاس و ستایشی میهر دەکەین کە خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرینە و خێوی گوتاری ڕاستە و لە ڕاستییەکان ئاگادارە. ئەوە خاوەنی هەزار گوێچکە و خۆش هەیکەلێکە کە دارای هەزار چاویی بینایە و بالآ بەرزێکە کە لەسەر بورجێکی قایمدا ڕاوێستاوە و خاوەن هێزێکە کە بۆ هەمیشە پاسدار و نیگاهبانە و چاوی ناچێتە خەو.

٨

ئەوان کە سەرانی هەر دوو ولآتی جەنگاوەرن لە کاتی هێرشی دوژمنانی خوێن خۆردا بەهێنانی پێشکەشی (زور) خۆیان دەخەنە پاڵ میهر و تکای لێ دەکەن کە یارمەتییان بدات و لە میهر داوای ئێمداد دەکەن.

٩

میهر خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین بەهاوکاری (با)ی پیرۆز و (داموییش ئوپەمەن)(١) ڕوودەکاتە لای تاقمێ لە هاوتایانی خۆی کە بەخۆشحاڵی و کردەوە و خوو و خدەی چاک و بڕوای ڕاستەقینە، نیایشیان بەجێ هێناوە و میهر دەچێتە لایان و یارمەتییان پێ دەگەیێنێت.

## کوردەی سێهەم

١٠

(بەندی حەوتم لەم بەشەدا دووپات دەبێتەوە)

١١

ئەو جەنگاوەرانەی کە لەسەر قەڵپۆسی زینی ئەسپی خۆیان و لە حاڵی ڕەزمدا ستایشی میهر دەکەن بۆ هەرچی بەهێزتر بوونی چارەویەکانیان و لەش ساغی خۆیان دەپاڕێنەوە بەڵکو بتوانن لە دوورەوە دوژمنانی خۆیان بناسن و هاوتایانی شەڕانی خۆیان لەکار بخەن، و بەسەر دوژمنانی بەدفەڕ و دڵڕەق و خراپەویستدا سەرکەون و زاڵ بن.

(١) Damois upamana: یەکێ لە مەلایکەکان و یاریدەدەری میهر.

## کوردەی چوارەم

١٢

(بەندی حەوتەم لێرەدا دووپات دەکەنەوە)

١٣

هەر ئەوە یەکەم ئیزەدی مینەوی کە بەرلەوەی خۆر دەرکەوێت بەسواری ئەسپی جاویدان و بێ مەرگی خۆی لەسەر لوتکەی چیای (هەرا) دەردەکەوێت... یەکەم کەس کە بەخشڵ و زێو و زەڕی جوان ڕازاوەتەوە لەسەر کەژی (هەرا) سەر دێنێتە دەر و سەرنجی هەموو خان و مانەکانی ئاریایی دەدات.

١٤

لەو جێگا کە شاریارانی دلێر، جەنگاوەران ئامادە و کۆ دەکەنەوە و لەوێدا چیا بەرزەکان و لەوەڕگای بژوێن بۆ هێستەرەکان هەیە و دەریای پان و قووڵیشی لێیە و هەر لەوێدا ڕووباری پان و بێ بنی وای تێدایە کە شایستەی کەشتیرانی و ڕابوردنی بەلەم و پاپۆڕن و ڕوودەکەنە بەردی خارا و لایەنەکانی (مەڕو) و (هەرات) و (سوغد) و (خارەزم).

١٥

مێهری توانا و خاوەن بەزەیی و دڵاوا، ئێستا کە یەکجار پەرۆشە و بۆ وڵاتەکانی (ییرزیهی) و (سەوەهی) و (فەردەزەفشەو) و (ویدەزەفشو) و (واورویریشتی) و (وئوروجیری شتی) و (خونیرسی درەوشاوە) واتە ئەو جێگای کە پەناگای ئەمنی چارەوی یەگانە لە دڵە خۆر پێدایە.(١)

١٦

ئەو مەلایکەی بەهەشتی کە بەخشینەری (فەڕ) و (شاریاری)یە ڕوو دەکاتە هەموو وڵاتەکان و یارمەتی ئەو کەسانە و ئەو پاکدینانەی دەدات کە بچنە لای و بەپێشکەش کردنی (زور) ستایشی بکەن تا دەستیان بگاتە سەرکەوتن.

## کوردەی پەنجوم

١٧

هیچ کەس ناوێرێت بەرانبەر بەو درۆ بکات نە خاوەن ماڵ، نەکوێخا، نەشارەوان، نەسنوورەوان.

١٨

ئەگەر خاوەن ماڵ یان خاوەن گوند، یا شارەوان، یا ستورەوان، لەگەڵ مێهردا ناڕاست بن و درۆ بکەن ئەوە دەبنە هۆی نارەزایی و ڕق مێهر و ماڵ و گوند و شار و وڵات و سەروەران و بەگلەرانی مەرز و بووم نابوود دەبن.

(١) مەبەستی لەو ڕووبار و ئاوانە (جەیحون) و (هەری ڕوود) و (زەروەشانە) کە هەموویان لە خوراسان و ئەفغانستانی ئەمڕۆن.



١٩

مێهر، ڕق ئەستوور و شەمزاو ڕوو دەکاتە ئەو جێگای کە پەیمانشکێنی تێدایە، هیچ کاتێ دژی زانستی ناتوانێ لە ئەندێشەی ئەودا جێ خۆش بکات.

٢٠

پەیمانشکێنان دێن بەڵام چاروەواکانیان لە کاتی سواربووندا لێیان لا دەدەن و غار ناکەن و ئەگەریش بەقامچی و مەهمێز ناچاریان بکەن بێنە دەر ئەوە بەشێوەی ئاسایی غارناکەن لەبەر ئەو هەموو قسە و گوتوبێژی نابار و درۆیە کە شێوە و ئایینی دوژمنانی مێهرە، هەر نێزەیێک بخەن بۆ مێهر دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان.

٢١

ئەوانەی دژ بەمێهرن، ئەوەندە بەگوتاری خراپ و هەرزەگۆیی و قسەی قۆڕ، مێهریان لە خۆیان ڕەنجاندووە ئەگەر لە کاتی جەنگ و مەیدانی ڕەزمدا بەنێزە، حەریفی خۆیان بپێکن، ئەوە نێزە لە جێگای کاری ناکەوێت و دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

## کوردەی شەشەم

٢٢

ئەگەر بێت و لەگەڵی درۆ نەکەن و بەڕاستی بێنە ئاخافتن و هاتوچۆ، ئەوە بێ نیاز دەبن و لە هەرچی گیروگرفتە خەلاسیتان دێت.

٢٣

ئەی مێهر، ئێمە لەگەڵ تۆ درۆمان نەکردووە، دەی بێ و نیازەکانمان بەراوەرد بکە، تۆ دەتوانی بیم و هەراس بخەیتە دڵی پەیمانشکێنان.

تۆ قادری و توانات هەیە کە بەدیتنی درۆ، پەیمانشکێنان گرفتار بکەیت و چاو و دەست و گوێچکەی ئەوان و هێزی بازووەکانیان لێ بستێنی.

٢٤

ئەوانەی بەبێ ئالایش و لە ڕووی ڕاستییەوە ڕووبکەنە مێهر و ئەویان خۆش گەرەک بێ و یارمەتی بدەن، ئەوە لە گەزەندی تیری پەڕان و نێزەی دوژمنان پارێزراون و ئەوانە کاریان لێ ناکەن.

## کوردەی حەوەتم

٢٥

ستایشی مێهر دەکەین، ئەوە سەروەرێکی بەتوانایە و قازانجی بۆ هەمووان هەیە و داهاتووی لەبەر چاوە و نیایش دەکات.

خاوەن سامانێ کە پایەگای بولێند و بەرزی هەیە و ئەندامی هەموو لە وتەکانی ییزەدن... ئەو یەل و

پاڵەوانی جەنگاوەر کە خاوەنی دوو بازووی بەهێز و توانایە.

٢٦

ئەوە کە دێوەکان سەرکوت دەکات و دژی تاوانباران و پەیمانشکێنانە و پەرییەکان دەخاتە تەنگەبەری.

ئەوە کە ئەگەر درۆی لەگەڵ نەکەن، هێزێکی فرەوان بە وڵات دەبەخشێت و ئەوە ئەگەر لەگەڵی ڕاست بن و درۆنەکەن، سەرکەوتن و پیرۆزی بە وڵات، خەڵات دەکات.

٢٧

ئەوە کە فەڕ و پیرۆزی لە وڵاتی دوژمن دوور دەخاتەوە. ئەوە کە لە دووی دوژمنانی تێکشکاو و هەڵاتوو دەکەوێت و دە هەزار زەخمیان لێ دەدات و برینداریان دەکات.

مێهر... ئەو کەسەیە کە خاوەنی دە هەزار دیدەبانە و لە هەموو شتەکان ئاگادارە و هەرگیز ناخڵەتێت.

## کوردەی هەشتەم

٢٨

ئەوە کە پارێزەری ئەستوونەکان و کۆڵەکەی کۆشکە بەرزەکانە و هێز دەدات بەدارەڕاکان تا ڕاوێستێن. بنەماڵەکان شاد بکەن... ئەوە کە ڕەوەی هێستر و خوڵامان دەبەخشێت و لەهەر ماڵباتێ دڵڕەنج ببێت، ڕیشەیان هەڵدەکەنێ.

٢٩

ئەی مێهر

ئەتۆ سەبارەت بەکۆمەڵانی خەڵک و سەرزەوینەکان هەم دلۆڤانی و هەم جەببار.

ئەی مێهر

هەر تۆی کە خوڵقێنەری ئاشتی و بەدیهێنەری جەنگی.

٣٠

ئەی مێهر

ئەوە تۆی کە کۆشکی ڕازاوە و ژنانی جوان و باڵنجی پان و جێوبانی باش و داخراو و کەژاوەی شکۆدار بەمرۆڤ دەبەخشیت. ئەوە تۆی کە کاخی بەرز و ژنانی بەژن جوان و گەردوونەی ڕازاوە و باشکۆ عەتا دەکەیت بەپیاو.

پەیڕەوانی ڕاستی لە ماڵەکانی خۆیاندا بەنیایش و هێنانی پێشکەشی (زور) ستایشت دەکەن.

٣١

ئەی مێهر

ئێمە بەناوبردن لەتۆ و پێشکەشی (زور) لە کاتی خۆیدا ستایشت دەکەین.

ئەی مێهری بەتوانا، تۆ بەدوعای ڕاستی و هاوردنی پێشکەشی (زور) عیبادەت دەکەین.



ئەی مێهر

تۆ بۆ کەس ناخڵەتێیت و لە فریب بەدووری. ئێمە بەهاوردنی ناوی تۆ و تەقدیمی پێشکەشی (زور) ستایشت دەکەین.

٣٢

ئەی مێهر

بێ و ستایشی ئێمە بژنەوە...

ئەی مێهر

ستایشی ئێمە قەبووڵ بفەرمووە...

ئەی مێهر

بە خوازیارەکانی ئێمە وەڵام بدەرەوە و نیازەکانمان قەبووڵ کە.

ئەی مێهر

سەرنجی پێشکەشەکانی (زور) بدە و لە کاتی نیایشدا خۆتمان پێ بنوێنە و ڕووالەتت دەرخە.

ئەی مێهر

دوعاکان و پەسنی ئێمە لە گەنجینەی عەفوو و لێبووردندا دابنێ و لە ماڵی ستایشدا، بیهێنە خوار و بیان پارێزە.

٣٣

لەسەر ئەو عەهد و پەیمانەی کە لە نێوان ئێمە و تۆدا بەستراوە کامڕەوامان بکە.

ئەمەیە ئەوانەی لە تۆمان دەوێت،

دەوڵەمەندی- توانایی- سەرکەوتن شادی- دادگەری - ناوی چاکە - ئاسایش و ئارام بوونی دەروون- هێزی ناسین- زانستی بیلاهی- سەرکەوتن بەو چەشنەی کە ئەهورا خوڵقاندوویەتی- دەست خستنی کەسایەتی ناودار لە ڕووی ڕاستییەوە و تێگەیشتن و دەرکی وتەی مینەوی و تەعلیماتی ئیلاهی.

٣٤

ئێمە سەربکەوین دلێرانە و شاد و خوڕەم بەسەر دوژمناندا و، هەروا بەسەر ئەوانەی خراپییان دەوێت و لە چاکە بەدوورن.

یارمەتیمان بدە هەموو دوژمنان شکەست بدەین چ ئادەمیزاد بن و چ جادوو گەران و پەرییەکان و کەوییەکان و کەرپەنەکان.

## کوردەی نۆهەم

٣٥

ئەوە کە بەگوتارەکانی خۆی عەمەل دەکات، ئەوە کە سوپا و لەشکەر دەڕازێنێتەوە، ئەوە کە خاوەنی

هەزار چەشنە چالاکییە و ئەوە کە شاریارێکی بەتوانایە.

٣٦

ئەوە کە ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێنێت، ئەوە کە سەرکەوتن دەکاتە نەسیبی جەنگاوەران، ئەوە توانا دەدات بەجەنگاوەران تا بتوانن سەفی دوژمنان تێکبدەن و تاقمەکانی شەڕخوازان و دوژمنان پەرش و بڵاو بکاتەوە و لە یەکیان بپسێنێت و دڵەخورپێ و هەراس بخاتە ناو لەشکری دوژمنان.

٣٧

ئەوە کە دەتوانێ درۆزنەکان نابوود بکات و سەریان لە لاشە جیا بکاتەوە و دوژمنان تووشی پەژارە و هەراس بکات.

دەی با سەریان بەبڕین چێ، ئەوانەی لەگەڵ مێهردا درۆ دەکەن.

٣٨

ئەو ماڵانەی هەراس هێنەرن با وێران بن و لە مرۆڤ خاڵی بن. ئەو ماڵانەی کە پەیمانشکێنان و درۆپەرستان و قاتڵەکانی پاکدینان لەودا مۆڵیان خواردووە با برووخێن...

گاگەلی ئازادی بژوێنەکان کە لە ماڵباتی پەیمانشکێناندا بەدیل گیراون و خراونەتە ژێر باری عەڕڕابە، گریان و ناڵانن.

٣٩

هەر کاتێ (مێهر) واتە خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین، دڵشکاو و نارازی بێ و تێنەکۆشابێتن خۆشحاڵی بکەن... ئەوە تیری کەمانی پەیمانشکێنان لە هەدەف ناکەوێت هەرچەند کە ئەو تیرانە بەپەلی بازوو شاهێن برازێنەوە و زێهی کەمانەکانیان سەخت و کێشراوەبێت و تیرهاوێژی بەئەزموون بیهاوێژێت لە هەدەف نادات... مەگەر مێهر خۆشحاڵ بکەن. هەر کاتێ (مێهر) خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین، دڵی ئێشابێت و بۆ خۆشحاڵی ئەو تێنەکۆشابێتن، ئەوە بەردەکانی قەڵماسکی پەیمانشکێنان و درۆزنانی دژ بەمێهر لە هەدەف ناکەوێت هەرچەند کە هاوێژەری بەرد و هەڵسووڕێنەری قۆچەقانیە[1]کە دارای بازووی بەهێز و توانابێ.

٤٠

هەر کاتێ مێهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین دڵی شکابێت و بۆ ڕازی کردنی ئەو تێ نەکۆشن، ئەوە خنجێری تیژی پەیمانشکێنان هەرگیز لە هەدەف ناکەوێت.

ئەگەر پەیمانشکێنان بۆ خوشحاڵی و ڕازی کردنی مێهر نەکۆشن هەرچەند (گورز)ی گران و قورس بۆ دوژمنان بخەن لە هەدەف ناکەوێت با هاوێژەری گورز، بەهێز و خاوەن ئەزموون بێت، مادام کە مێهر شاد

(١) ئەوەی کە لە فارسیدا پێی دەڵێن (فلاخن) و لە کەرەسەکانی شەڕی ڕۆژگارانی ڕابردوو بووە لە کوردیدا بە(قەڵماسک) و (قۆچەقانی) مەشهورە. ع.ف



نەکەن بەمرام ناگەن.

٤١

هەر کاتێ (مێهر) خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین شاد و ڕازی نەبێت درۆزنان و پەیمانشکێنان تووشی ئاژاوە و دڵەخورپێ دەبن و (ڕەشەن) تووشی هەراسیان دەکات و (سرووش)ی پاک بەهاوکاری بیزەدانی پارێزەر سەفی ئەوان لەیەک جودا دەکاتەوە و دەکەونە کەندەڵانی نابوودی.

٤٢

ئەو کاتە، درۆزنەکان و پەیمانشکێنەکان ڕوودەکەنە مێهر و دەڵێن:

ئەی مێهر،خاوەنی دەشتە مەزنەکان، ئەوانە چارەواکانیان ڕفاندین، ئەمانە بەشمشێری خۆیان بازووانی بەهێزی ئێمەیان قرتاند.

٤٣

ئەمجارە، (مێهر) خاوەنی دەشتە مەزنەکان، ئەوان لەنێو خاک و خۆڵا دەتلێنێتەوە پەنجا- سەدها- سەد هەزارها- هەزارها دە هەزارها- دە هەزارها سەد هەزارها، چونکە (مێهر) خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین لەوان تووڕە و دڵشکاوە (مێهر دژی درۆزنەکان و پەیمانشکێنەکان).

## کوردەی دەهەم

٤٤

ئەوە، کە ماڵەکەی، بەپانایی و ئەندازەی هەموو سەرزەوینە و لە جیهانی خاکیدا بناغەی داناوە، ماڵێکە گەورە و ئاسوودە و بێ نیاز لە هەرچی شتە، ماڵێکی درەوشاوە کە پەناگای فرەوانە و دەتوانێ زۆر کەس بخاتە پەنای خۆی.

٤٥

هەشت کەس لە یارانی (مێهر) لەسەر لوتکەی چیاکان و سەربورجەکان وەکو دیدەوان دانیشتوون و چاوەڕوان و دڵ پەرۆشی پەیمانشکێنەکانن ئەوان بەتایبەت سەرنجی ئەوە دەدەن کە بۆ یەکەم جار لە درۆیی کردەوە.

ئەوان، حیمایە و چاوەدێری ئەوانە دەکەن کە هێرش دەبەنە سەر پەیمانشکێنەکان و درۆپەرستەکان و قاتڵیسنی پاکدینەکان.

٤٦

مێهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین، خۆی بۆ نیگاهبانی و پاسداری ئامادە کردووە و لە ڕووبەڕوو و پشتی سەرەوە بەوێنەی دیدەوانێکی نەخلەتاو سەرنجی هەموو لایەک دەدات. بەم شێوازە (مێهر) زانا و توانا و نەخڵەتاو کە دە هەزار دیدەوانی هەیە بۆ ئێمداد یارمەتی و پاسداری ئەوانەی کە خاوەنی بیر و کردەوەی چاکن، ئامادەیە.

## کوردەی یازدەهەم

٤٧

ئەوە، ناوداریێ کە ئەگەر تووڕە ببێت دەتوانێ لە نێوان جەنگاوەرانی دوو سەرزەویندا، بەزیانی سوپای خوێنڕێژ و خوێن خۆر، سەفەکان و ڕەدەکانی سوپا تێک بشێوێنێت و چارەواکان بخاتە سەرشێتی و ببان ئالۆزێنێت بەچەشنێ کە نەزم لە دەستی سوپاهیان دەر بچێت.

٤٨

ئەگەر (مێهر) بەزیانی سوپای خوێن خۆری دوژمن، ڕەدەکانی جەنگاوەران تێکبدات و ئەسپەکان بخاتە غار و هەڵبەزین، دەستەکانی پەیمانشکێنان لە پشتەوە دەبەستێ و چاویان لە حەدیقە وەدەردێنێت و گوێچکەکانیان کەڕ دەکات و هێز لە پایان دەستێنێتەوە، بەچەشنێ کە هیچ کەس نەتوانێ پایەداری بکات، بەم چەشنەی لێدێ ڕۆژگاری ئەوانەی کە پشت لە مێهر هەڵدەکەن.

## کوردەی دوازدەهەم

٤٩

(بەندی حەوتەم لەم بەشەدا دووپات دەکەنەوە)

٥٠

ئەوە کە ئافەریدگار، واتە (ئەهورامەزدا) لەسەر نوچکەی کەژێکی بەرز و درەوشاوی خاوەن چەندڕشتە، مەرقەد و ئارامگای بۆ ساز کردووە، لەوێدا کە شەو نییە و تاریکی نییە، بای سارد و بای گەرم نییە، نەخۆشین و مردن نییە و لە چەپەڵی و پیسی خولقێنراوی دێو بەدوورە.

لەسەر چیای (هەرەبیتی)(١) تەمومژ هەڵناسێت.

٥١

ئارامگاهێ سازکراوە کە ئیمشاسپەندان هاواهەنگ لەگەڵ هەتاودا بەڕەوانی خۆش و بیری پاکەوە دایان ناوە تا مێهر بتوانێت لەسەر بەرزایی چیای (هەرەبیتی) سەرنجی جیهانی خاکیی بدات.

٥٢

ئەگەر مرۆڤیکی حیلەباز و بەدفەڕ، بێتە بەرەوە، مێهر خاوەنی دەشتە مەزنەکان، بەهەنگاوی توند و بەپەلە، گالیسکەی خۆی ساز دەکات و هاوڕێ لەگەڵ سرووش و (نەریوسەنگ)دا دەکەونە کار و ئەو مرۆڤە بەدفەڕە نابوود دەکەن، چ لە مەیدانی شەڕدا یان لە جەنگی دەستەویەخەدا، لە عەرزی ئەدەن و دەیکوژن.

(١) Haraiti: وەکو مامۆستا پورداوود و مامۆستا دوستخواه لە لاپەڕەی ٢٠٧ی ئەوێستادا نووسیویانە بەمەعنای (هەرەبەرز)ە و ئەمەیش ناو و مەعنای کوردی چیای ئەلبورزە. ع.ف



## کوردەی سێزدەهەم

٥٣

(بەندی حەوتەم دووپات دەکرێتەوە)

ئەوەی کە دەستەکانی بۆ لای (ئەهورامەزدا) بەرز کردووەتەوە و دێتە ئاخاوتن.

٥٤

ئەی (ئافەریدگاری) پاک کردار

ئەز پشتیوانی هەموو خولقێنراوەکانم... ئەز نیگاهبانی هەموو ئەوانەم خەڵق کراون، ئەی ئافەریدگاری چاک کردار، مرۆڤەکان لە دوعا و نزای خۆیاندا یادی من ناکەن و لە پەسنی مندا هیچ ناڵێن و بەو شێوەی باقی مەلاییکەتەکان تەقدیس دەکەن، بۆ منی ناکەن.

٥٥

ئەگەر مرۆڤەکان لە ستایشی خۆیاندا ناوی ئەز ببەن و پەسنم بکەن و منیش وەکو باقی مەلاییکەکان حیساب کەن و بمخەنە ئەژمار، ئەوە منیش بەژیانی هەتاهەتایی و درەوشاوەی خۆم بەو کاتەی پەیمان بەستراوە، دەگەمە سەریان و لە بەرانبەر مرۆڤە پاکەکاندا خۆم پیشان دەدەم.

(٥٦ و٥٧ و٥٨ و٥٩... بەندەکانی ٣٠ و٣١ و٣٢ و٣٣ و٣٤ و٤ و٥ و٦ لەم بەشانەدا هەمدیسان دەخوێندرێنەوە)

## کوردەی چواردەهەم

٦٠

(بەندی حەوت دووپات دەکرێتەوە)

ئەو کەسەی ناوی چاک و ستایشی چاک بۆ ئەو سزاوارە.

ئەو کەسەی کە بێهروزی دڵخوازی مرۆڤەکان بەوان عەتا دەکات.

ئەوە کە دە هەزار دیدەوانی هەیە... مێهری توانا بەهەموو شت کە هۆشیارە و نەخڵەتاو...

## کوردەی پانزدەهەم

٦١

ئەوە کە هەمیشە ڕاوێستاوە... پاسداری بێدار و دلێری خاوەن هەڵوێست کە ئاوەکان زیاد دەکات و لە بەرانبەری ژنەفتنی گریان و ناڵینی خەڵک بۆ وشکساڵی، بارانی فرەوان دەبارێنێ و گیا و چیمەن سەوزدەکات.

ئەوە کە بۆ هەر سەرزەوین یاسای هێناوە، ئەو کارزانی نەخڵەتاو و هۆشیار کە هەڵبژێراوی یەزدانە.

٦٢

ئەوە کە هەرگیز هێز و توانا بەمرۆڤی درۆزن و پەیمانشکێن نادات و هەروا هیچ کاتێ مرۆڤی درۆزن و

پەیمانشکێن لە نێو جەماوەردا مەزن و ڕێزدار ناکات.

٦٣

ئەی مێهر... تۆ دەتوانی خۆف و ترس بەسەر مرۆڤی پەیمانشکێندا زاڵ کەیت، تۆ دەتوانی لە کاتێکدا ڕقت هەڵدەستێ، هێزی بازوو و تەوانی لاقەکان و بینایی چاوان و ژنەوایی گوێچکە لە پەیمانشکێنان وەرگریتەوە.

ئەو کەسەی پیمانی بەمێهر هەبێت، هەرگیز تیری پەڕران و زەخمی نێزەی دوژمنانی لێ ناکەوێت... ئەوە خاوەنی دە هەزار دیدەوان و بەتوانا و ئاگاداری هەموو شتێ و هەرگیز ناخڵەتێت.

## کوردەی شانزدەهەم

٦٤

(بەندی حەوتەم لەم بەشەدا دووپات دەبێتەوە)

ئەوە کە بۆ ڕەواجی دینی ڕاستین، لە هەموو جێگادا خۆی نواند و نووری خۆی گەیاندە حەوت وڵات و ڕووناکی کردنەوە.

٦٥

ئەو لە نێوان چالاکەکاندا، چالاکترین و لە نێوان پەیماننااساندا وەفادارترین و، لەناو دلێراندا، دلێرترین و لەناو بوێژاندا بوێژترین و، لەناو فریادڕەساندا فریادڕەسترینە.

ئەوە کەڕەوە و گەلە دەبەخشێت و هەروا شاریاری و ئەولادی ساڵح و لێهاتوو و بێهرۆزی و کامەرانی و ڕاستی دەبەخشێت.

٦٦

ئەوە کە خاوەنی (ئەرت)ی چاک و (پارەند)ە و سواری عەرڕابەی تیژڕەو دەبێت و هێزی پیاوانە و (فەڕی کەیانی) و هێزی ئاسمانی هەتاهەتایی و هەروا نیرووی (داموبیشن ئەوپەمەن) و هێزی (فرەوەهەر)ی پاکدینەکان و هێزی (فرەوەهەر)ی ئەوەی مەزداپەرستانی پاکدین کۆی کردەوە هەموویان یاری و یاوەری ئەدەن.

## کوردەی حەڤدەهەم

٦٧

ئەوە کە بەسواری عەرڕابەی بەهەشتی خۆی کە خاوەنی چەرخی بەرزە لە وڵاتی (ئەرزەهی)یەوە ڕوو دەکاتە وڵاتی (خونیرەس) و لە هێزی زەمان و فەڕی ئافەریدەی مەزدا و سەرکەوتنی خوڵقێنراوی ئەهورا بەرخوردارە.

٦٨

عەرڕابەی مێهر بەهۆی (ئەرت)ی چاک و بڵیندپایەگا دەگەڕێت دینی (مەزدا) ڕێگای بۆ مێهر کردەوە



و ڕچەی بۆ شکاند تا ئەو نووری سپی و بەهەشتی و درەوشاوە کە پاک و بێ سێبەر و هۆشیارە بتوانێ بەئاسوودەگی ڕێگای خۆی بگرێتە بەر.

ئەسپەکانی مێهر لە پانایی ئاسمانەکاندا بەهەڵفڕین دەکەونە گەڕان (داموبیشن ئوپەمەن) هەمیشە دەربەندەکان و ڕێگاکانی مێهر ئامادە دەکات و دێوەکان و درۆپەرستانی (وەرینە) تووشی هەراسانی و وەحشەت دەبن.

٦٩

نەکات ئێمە خۆمان دوچاری شەڕی مێهر بکەین و لە خۆمانی (تووڕەکەین) چونکە ئەو دەتوانێ لە بەرانبەر حەریفدا هەزار فێڵ و فەن بخاتە کار و دە هەزار دیدەوانی هەیە و ئەوە (مێهر)ی توانا لە هەموو شت ئاگادارە و بەهیچ لەونێ ناخڵەتێت.

## کوردەی هەژدەهەم

٧٠

(بەندی حەوتەم لەم بەشەدا دووپات دەبێتەوە)

ئەوە کە (بەهرام) خولقێنراوی ئەهورا، وەکو یەکانەی دیان تیژ کە لە خۆی بەرەوانی دەکات لە پێشیەوە دەڕوات، ئەو وەکو بڕەکێ بەچنگاڵی تیژەوە دەتوانێ بەیەک زەخم حەریفی خۆی لە پا بخات، یەکانەی تووڕە و جەنگاوەر کە هیچ کەس ناتوانێ نزدیکی بکات و دارای سەروچاوی خاڵ خاڵ و پای ئاسن و چنگاڵی لە ئاسنە و هەروا کلک و چەناکە و سمەکانی لە ئاسنی تیژن.

٧١

لە هەڵاتن و غاردا کەس ناتوانێ بەرێ کەوێت و خاوەنی ڕقە و پاڵەوانێکە بەشێوەی پیاوانە لە مەیدانی ڕەزمدا دوژمن لە عەرز دەدات، کەچی یەشتا بڕوای بەوە نییە حەریفی کوشتبێت لەبەر ئەوە، هەمدیسان زەخمێ تری لێ دەدات مۆخی سەری و مۆغەرەی پشتی دەشکێنێ. مەغزی سەر کە سەرچاوەی هێزی ژیانە.

٧٢

پاش ئەوە (بەهرام) پەیکەری پەیمانشکێنەکان هەڵدەدڕێت و پێشەکان و قژ و مێشک و خوێنی تێکڵاو دەکات و هەڵیان دەڕێژێت.

## کوردەی نۆزدەهەم

٧٣

(بەندی حەفتەم لێرەدا دووپات دەبێتەوە)

ئەوە کە دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە و بەبیری پاک و ڕەوانی شاد و دەنگی بەرز دەبێژێت.

ئەی (ئەهورامەزدا) (ئەسپەندمینو) ئەی خوڵقێنەری جیهانی خاکی... ئەی پاک.

٧٤

(بەندی پەنجا و پەنج لێرەدا دووپات دەبێتەوە)

٧٥

ئێمە خوازیاری ئەوەین پشتیوانی وڵاتی تۆ بین. ئێمە نامانەوێت لە ماڵبات و گوند و شار و وڵاتی خۆمان جیا بینەوە، کەوایە با (مێهر) خاوەنی بازووی بەهێز ببێتە پاسداری مە و لە شەڕی دوژمنان بمان پارێزێت.

٧٦

تۆی کە بەر نیگاری دوژمنی ڕق ئەستوور و مرۆڤی بیرچەوت دەبیتەوە و نابوودی دەکەیت. تۆی کە قاتڵەکانی مرۆڤی پاک و بێ تاوان بەسزای خۆیان دەگەیێنیت... هەر تۆی فریادڕەسی بەتوانای حاجەتمندان... تۆی خاوەنی ئەسپ و عەرابەی جوان.

٧٧

ئەی مێهر... ئێمە داوای یارمەتیت لێ دەکەین. دەی با بگەی بەهانامان، تا ئێمەیش بەپێشکەشکردنی (زور)ی فرەوان و چاک بۆ ڕەزامەندی تۆ دەکۆشین بەڵکو لە سێبەری حیمایەتی تۆدا بتوانین لە ماڵەکانی خۆماندا بەبێ گەزەند و بەئاسایشەوە بژین.

٧٨

هەرتۆی کە پارێزەری نیشتمانی ئەویش لە کاتێکدا، ئێمە بتوانین مێهر خاوەنی دەشتەکانی پانوبەرین لە خۆمان ڕازی بکەین تۆ دەبیتە پارێزەری نیشتمان و وڵاتی دوژمنانیش کاول و خاپوور دەکەیت.

ئەز، لێرەدا داوای یارمەتیت لێ دەکەم، ئەی مێهری بەهێز و بەتوانا، تۆ لە هەموو کات و لە هەموو شوێندا سزاواری ستایشی و لایەقی نیایشی... ئەی سەروەری خاوەن شکۆ و مەزنی ئەم نیشتمانە... دەی با بگەیتە هانامان و یارمەتیمان بدەیت.

٧٩

### کوردەی بیستەم

ئەوەی کە لە (ڕەشن) ماڵی وەرگرت... ئەوەی کە (ڕەشن) بۆ هاونشینی و هاوتای هەمیشەی خۆی ماڵی پێداوە.

٨٠

ئەی مێهر... تۆ نیگاهبان و چاودێری ماڵباتی، تۆ ڕاگری ئەو کەسەی درۆنەکات، تۆ پاسداری بنەماڵە و پشتیوانی ئەو کەسانەی کە لە درۆ خۆ لادەدەن.

ئەز، لە سێبەری نووری سەروەرێکی وێنەی تۆدا، باشترین هاونشینی و سەرکەوتنی ئەهورایییم دەست



دەکەوێت. سەرئەنجام، تاقمی پەیمانشکێنان لە گۆڕەپانی داوەری ئەهورادا لە خاک و خۆڵ دەگەوزێن.

### کوردەی بیست و یەکەم

٨١

(بەندی حەوت و حەفتا و نۆ لەم کاتەدا بۆ جارێکی تر دەخوێننەوە)

٨٢

ئەوە کە (ئەهورامەزدا) هەزار چەشنە چالاکی پێداوە و دە هەزار چاوی بۆ تەماشاکردن پێ بەخشیوە و لە سێبەری ئەو چالاکییانە و ئەو چاوانەیە کە دەتوانێ پەیمانشکێنان بخاتە ژێر سەرنج و هەر ئەو نیعمەتانەی (ئەهورا) بە(مێهر)ی بەخشیوە، بۆ کەس ناخڵەتێت چونکە دە هەزار کەس دیدەوانی هەیە و بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ و ئاگادار و بینایە.

### کوردەی بیست و دووەم

٨٣

ئەوە کە شەهریاری وڵات، لە ڕووی ڕاستییەوە، دەستەکانی خۆی هەڵێناوە و لێی دەپارێتەوە بۆ یارمەتی.

ئەوە کە شارەوان، لە ڕووی ڕاستییەوە، دەستەکانی بەرز کردۆتەوە داوای یارمەتی لێ دەکات.

٨٤

ئەوە کەسێکە (خاوەنی گوند) دەستەکانی بۆ لای ئەو هەڵێناوە و لێی دەپارێتەوە و داوای یارمەتی دەکات.

ئەوە کە (خاوەن ماڵ) لە ڕووی ڕاستییەوە دەستەکانی بەرەولای ئەو هەڵێناوە و داوای یارمەتی لێ دەکات.

لە هەر لا کە دوو کەس بۆ پشتیوانی یەک هەڵسن، لە ڕووی ڕاستییەوە دەستەکانیان بەرەو (مێهر) بەرز بکەنەوە و داوای یارمەتی بکەن.

لە هەر لا کە مافی هەژارێکی پەیڕەوی ئایینی ڕاستی لەژێر پێ خرابێت و ئەویش لە ڕووی ڕاستییەوە دەستەکانی بەرز بکاتەوە و داوای یارمەتی بکات لە مێهر.

٨٥

ئەوەی سکاڵای هەیە، پەنا بەرێتە بەر ئەو. ئەگەر بەدەنگی بەرز نیایش بکات و دوعا و نزا بخوێنێتەوە، ئاوازی دەگاتە لای ئەستێرەکانی ژێر عەرز و لە دەورادەوری زەوین دەئاڵێت و لە حەوت وڵاتی سەر عەرزدا بڵاو دەبێتەوە.

٨٦

هەروان چوارپاکان یا گایێک کە دزرابێت و لە ڕەوەی خۆی دوور خرابێتەوە، داوای یارمەتی لە مێهر

دەکەن.

کەی (مێهر)ی دلاوەر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین، بەشوێن ئێمەدا تاو دەدات و ڕەوەی گاگەل ڕزگار دەکات؟

کەی (مێهر) ئێمە ڕزگار دەکات و لە دەست ماڵباتی درۆ نەجاتمان دەدات و دیسانەکە دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ناو بنەماڵەی ڕاستان؟

**٨٧**

(مێهر) خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین لە هەر کەس ڕازی بێت بەزووترین کات دەگاتە ئیمداد و ڕزگاری دەکات. بەڵام ئەوەی کە دڵی مێهری ئازار داوە، لە هەر مەقام و ڕەدەدا بێت بەر غەزەبی دەکەوێت و تۆڵەی لێ دەکاتەوە و ماڵ و گوند و شار و وڵات و دەزگای پادشاهی ئەو خاپوور دەکات.

## کوردەی بیست و سێهەم

**٨٨**

(هەوم) ئەوەی هێز و دەرمان دەبەخشێت... ئەو فەرمانڕەوای دلۆڤان و دڵڕفێنە، بەو چاوە زەردانەی لەسەر دوندی چیای (هوکەر) کە بەرزترین لوتکەی کەژی (هەرەبیتی)یە (بەرسەم) و (زور) و گوتاری ڕاست و بێخەوشی هێنابو و پێشکەشی کرد بە(مێهر).

**٨٩**

ئەوە کە (ئەهورامەزدا)ی پاک، ئەوەی لە ژمارەی (زەوت)(١)دا هێنایە حیساب، تا بەسەدا و ئاوازی بولێند (یەسنا) بهۆنێتەوە و ستایش بکات.

ئەو، بەوێنەی (زەوت) کە چالاکانە ستایشی (مەزدا) دەکات و (یەسنا) دەهۆنێتەوە بەدەنگی بەرز بەستایشی (ئەهورا) و ئیمشاسپەندان مەشغوڵە و دەنگی خۆی دەگەیەنێتە نوورگەی ژێرێن و ئەو ئاوازە بەدەورادەوری زەویندا دەگەڕێت و لە حەوت وڵاتی سەر عەرزدا بڵاو دەبێتەوە.

**٩٠**

ئەو کەسەی کە بەوێنەی یەکەم (هاوەنان)(٢) شەربەتی (هەوم) و ئەستێرەی نیشانداری مینەوی لەسەر دوندی چیای (هەرەبیتی) پێشکەشی کرد. (ئەهورامەزدا) بەو شەربەتەی کە بەجوانی ئاوێتە کرابوو، ئافەرینی وت و ئیمشاسپەندانیش ئافەرینیان دووپات کردەوە و خۆر، واتە خاوەنی چارەواکانی بەتاو و تونڕەو لە دوورەوە، مژدەی ستایشی پێدا.

(١) (زەوت) دەتوانین وەکو زابت یان کاربەدەست مەعنای بکەین و یەکێ لەو موبەدانەی بووە کە لە ئاورگادا مەراسمی ئیجرا کردووە.

(٢) (هاوەنان) مەزنترین پێشەوای دروستکەری (هەوم) بووە و دەتوانین بەناوی بەرپرسی (هاوەنەودەستە) ناوی بەرین کە هەومیان کوتاوە. ع.ف.



**٩١**

سڵاو بۆ تۆ ئەی (مێهر) خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین... ئەی (مێهر) ئەی خاوەنی هەزار گوێچکە و دە هەزار چاو، هەر تۆی سزاواری ستایش و لایەقی نیایش لەنێو بنەماڵەکانی مرۆڤایەتیدا.

ئەی خۆش بەحاڵی ئەو مرۆڤەی کە بەڕاستی نیایشی تۆ بکات و، لە حاڵێکدا، پووشی لە دەستی گرتووە و بەدەستێکی تر (بەرسەم) و ئەوجار شیری خاوێن و هاوەنەی هێناوە بەدەستی پاک و شۆراوە و هاوەن و دەستەی شۆرراوە و خاوێن و (بەرسەم)ی بڵاو کردووەتەوە و لەگەڵ (هەوم) ئامادەی دەکات و سروودی (ئەهۆنەو ییریە) دەخوێنێت.

**٩٢**

(ئەهورامەزدا)ی پاک و (بەهمەن) و (ئوردی بەهەشت) و (شاریوەر) و (سپەندارمز) و (خورداد) و (ئەمورداد) هەموویان، ڕوویان کردە ئەم ئایینە و بەدروستی ملیان لێ ناوە (ئەهورامەزدا)ی چاک و پاک بەفەرمان و دەستووری دین، سەروەری مرۆڤەکانی لە بەهەشتدا، بەمێهرداوە تا ئەو لە ناو هەموو خوڵقاوەکاندا فەرمانڕەوای لەش و گیان بێ و بەچاکی و لیاقەتەوە وەکو باشترینی خوڵقێنراوەکان بێت.

**٩٣**

دەی باوابێ کە تۆ، ئەی مێهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین لەهەر دوو زەمانی ژیاندا، پەنامان بدەیت چ لە ژیانی جیهانی خاکی و چ لە ژیانی جیهانی بێ بڕانەوەدا.

بمان پارێزە لە گەزەندی درۆپەرست و دێوی ڕق و تووڕەیی، لە دەستە، لەشکرەکانی درۆپەرست کە درەوشی خوێناوی هەڵدەدەن و لە هێرش هێنانی دێوی ڕق و تووڕەیی و ئەو هێرشەی کە قینی فێڵەبازی (ویزاتو)(١) واتە ئەو خوڵقێنراوی ئەهریمەن بەرپای دەکات.

**٩٤**

دەی با وابێ کە تۆ ئەی مێهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین هێز و توانا بدەیت بەچارەوێکانمان و لەشی خۆمان ساخ کەیت تاکو بتوانین دوژمنەکانمان لە دوورەوە بناسین و لە بەرانبەری هێرشی واندا لە خۆمان بەرەوانی بکەین و کەژرەوان و بیر چەوتەکانی ڕق ئەستوور بەیەک زەخم تێک بشکێنین.

## کوردەی بیست و چوارم

**٩٥**

(بەندی حەوتەم لەم بەشەدا دووپات دەبێتەوە)

ئەوەی کە لە پاش داچوونی خۆر بەدەروونی زەویندا دێتەدەر و دوو گۆشەی ئەم عەرزی (گردوپان)(٢) و دووره قەراخ دەساوێتەوە و هەرچی کە لەناو زەوین و ئاسماندا هەیە، سەرنج دەدات و دەیان بینێت.

(١) vidatu: دێوی مەرگ و هاوکاری (aesma)یە.

(٢) بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە کە لە زانستی ئەمڕۆی جیهاندا ناوی گالیلە، بەناوی کاشفی گردبوونی زەوین سەبت کراوە، کەچی ئەوێستا لە هەزاران ساڵ بەر لەودا، چۆنایەتی شکلی زەوینی پیشان داوە: ئەمە جێگای سەرەنجە و بەسەراحەت نووسیویەتی زەوین گرد و پانە. ع.ف

٩٦

گورزەیەکی سەد گرێ و سەدتیغە لە دەست دەگرێت و دەی هاوێژێت بۆ ڕەقیبەکان و دەیان خات.

ئەو گـورزە لە (ئاسنی) داڕێژراوی زەرد و زێڕی ئاوێتـە و ڕەق دروسـتکراوە و قـایمتـرین و چاکـترین کەرەسەی جەنگە بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمندا.(١)

٩٧

ئەهریمەنی سیـاچارە و بەدکـارە لە بەرانبـەر ئەودا تووشی پەژارە و هەراس دەبێت. (بوشـاسب)ی دەستدرێژ لە بەرانبەریدا وەحشەت دەکات... نەک هەر ئەو بەڵکو، تەواوی دێوەکان چ ئەوانەی دیارن یان ئەوانەی خۆیان دەشاردەوە و درۆپەرستانی (وەرێنە) لە بەرانبەر ویدا دەکەونە هەراس.

٩٨

نەکەین ئێمەومانان خۆمان تووشی شەڕ بکەین لەگەڵ مێهری خاوەن دەشتەکاندا.

ئەی (مێهر) خاوەنی دەشتەکانی گەورە... نەکەیت لێمان تووڕە بی و زەخمدارمان بکەیت چونکە تۆ بەهێزترین و چالاکترین و توندترین و سەرکەوتووترین ئیزەدانی کە لە دونیادا خۆت پیشان دەدەیت... ئەی مێهر... ئەی خاوەنی دەشتەکانی گەورە.

## کوردەی بیست و پەنجوم

٩٩

(بەندی حەوتەم دووپات دەبێتەوە)

ئەوەی کە هەمـوو دێوەکانی داشارراو و درۆپەرستـانی (وەرینە) لەبەرانبەریدا دەترسن، ئەو سەروەری وڵات، ئەو مـێـهـر، خـاوەنی دەشـتـەکانی پان و بەرین، بەسـواری لەلای ڕاسـتـی ئەم زەوینە گـرد و دوورە قەراخدا دێتە دەرۆ.

١٠٠

بەلای ڕاستیدا (سرووش)ی نیک و پاک سوار بووە و بەلای چەپیدا (ڕەشەن)ی پێکەوتە و باڵا بەرز سوارە و بەدەوریاندا لە هەر لاو و فریشتەکان و ئاوەکان و گیاە و فرەوەهرەکانی پاک لە جەولاندان.

١٠١

مـێـهـر، دلێر و خاوەن شکۆ، بەهاوڕێەکـانی خـۆی پێشکەش دەکـات تیرێ بچووک بەئەندازەی پەلی شەهێن و ڕازاوە.

چون مێهر بەسواری دەگاتە سەرزەوینی پەیمانشکێنەکان، سەرەتا گورز دەخات بۆ ئەسپەکان و پیاوەکان و تووشی هەراسیان دەکات و ئەمجار ئەسپەکان و پیاوەکان لە پێ دەخات و مەرگیان بەنەسیب دەکات.

(١) شـێـوازی تاواندنەوەی بەردی ئاسن (زەوب ئاهەن) و تێکەڵکردنی ئاسنی زەرد (برنج) لەگـەڵ (زێڕ: ئاڵتون)دا پێشاندەری سەنعەتی دروستکردنی کەرەسەی شەڕ لە چاخی زەردەشتدا بووە. ع.ف.



## کوردەی بیست و شەشەم

١٠٢

(بەندی حەوتەم دووپات دەکەنەوە.)

ئەوەی کە بەسواری ئەسپی سپی، نێزەی سەرتیژ بەچێوی بەرز و تیری دوورهاوێژی لەدەستە، ئەو پەل و پاڵەوانی جەنگاوەر و چالاک.

١٠٣

ئەوە کە ئەهورا ئەوێ بۆ نیگاهبانی و پاسداری و بێهرۆزی مرۆڤ داناوە، ئەو کە پاسدار و دیدەوانی چاک ژیانی جەمـاوەرە، ئەوە کـە هەرگـیـز خـەوی لێ ناکـەوێت و بەدڵێکی زیندوو، بووەتە نیگاهبـانی خولقێنراوەکانی (مەزدا) و لەسەر پەیمانی خۆی ڕاوێستاوە.

## کوردەی بیست و حەوتەم

١٠٤

(بەندی حەوتەم دووپات دەبێتەوە)

ئەوە کە بازووەکانی هەرە بڵیندن و پەیمانشکێنان ئەگەر بشگەنە هیندستان یان لە ڕۆژئاوای جیهان وەیان لە لێواری ڕووباری (ئەدەنگ) یا لەناو دڵی عەرزدا، پەیدا دەکات و دەیان کوژێت.

١٠٥

مێهر، بەو بازووە بوڵیندانە، دەچێتە شەڕی ئەو پەستەی کە لە ڕێگای ڕاست لایداوە یان ئەو دەروون ڕەشەی کە لەبەر خۆیەوە وا دەزانێت، مێهر کوێر بووە و لە کردەوەی خراپی من ئاگادارنییە... گرفتاری دەکات و بەسزای خۆی دەگەیەنێت.

١٠٦

ئەز لە دەروونی خۆمدا وا بیر دەکەمەوە. لە هەمـوو جیهـاندا کەس نیـیە بتوانێ هاوتایی ئەندێشەی چاکی (مێهر) بکات و لە بەرانبەریدا بەد ئەندیشی بکات. لە هەمـوو جیهـاندا کەس نییە وەکو (مێهر) خاوەنی وتاری مینەوی بێت و لە بەرانبەریدا بەدگوتاری بکات.

کەس نییە لە جیهاندا بتوانێ وەکو مێهر خاوەنی کرداری چاک بی و لە بەرانبەریدا بەدکرداری بکات.

١٠٧

لە هەمـوو جیـهـاندا کەس نیـیە وەکـو مـێـهـری مینەوی خاوەنی گـوێچکەی ژنەوای ئاڕاسـتـە بەهەزار کارزانی بێت و لە هێزی ژنەوایی بەهرەدار بێت.

هەر کەس درۆ بێژێت (مێـهر) ئاگای لێـیەتی و دەیبینێ و هەنگاو هەڵدەگرێت بەرەوپێش، مێـهری توانا، بەرەو پێش دەڕوات بەسـەرنج و تماشـای ڕووناک و جـوان و بەچاوە تیـژبینەکـانی بەرەوکـەران تا کەرانی دنیا دووربین دەخات.

١٠٨

کام کەس من ستایش دەکات؟

کێیە ئەوەی درۆ دەکات؟

کام کەس بەچاکی ناوی من دەبات و ستایشم دەکات؟

کام کەسە بەخراپی ناوی من دەبات؟

بەکام کەس شکۆ و مەزنایەتی و لەش ساخی ببەخشم؟ من کە دەسەڵاتی کارێکی وام هەیە.

١٠٩

بۆ کامە کەس نەوادە و ڕۆڵەی پێکەوتوو گەورە بکەم؟ بەکام کەس (بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ) شاریاری بەدەسەڵات و بەهێز هاوڕێ لەگەڵ سوپای فرەوان و کەرەسەی جەنگ و بەرەوانی ببەخشم؟

شاریاری بێ وێنە پادشاهێکی بەتوانا کە قادر بێ ڕەقیبان سەرکوت بکات، یەک پادشای دلاوەر و سەرکەوتوو و شکەست نەناس کە چۆن تووڕەبێ و ڕقی هەڵسێت، فەرمان دەرکات و بێ ماتڵ بوون فەرمانەکانی ئیجرا بکەن و بەم شێوە ڕەوانی ماندوو و غەمگینی مێهر ئارام بکات و شادی بۆ بگەڕێنێتەوە.

١١٠

کامە کەس بەنەخۆشێن و مەرگ موبتەلا بکەم؟

کام کەس تووشی هەژاری و خواری بکەم و بەو دەردە ئەشکەنجەی بدەم؟

ئەز کە دەسەڵاتی کارێکی وام هەیە – ڕۆڵە دلاوەرەکانی چ کەس بەزەخمی مەرگ دوچار بکەم؟

## کوردەی بیست و هەشتەم

بەندی حەوتەم لێرەدا دووپات دەبێتەوە.

١١٢

ئەوە (مێهر) کە سپەر و زرێهی زێرینی لە بەر کردووە و قامچی هەڵگرتووە و عەرڕابەی تاوداوە، ئەوە سەروەری بەهێز و دلێر و پاڵەوانی جەنگاوەر.

١١٣

(بەندی ٩٤،٤،٥،٦، لەم بەشەدا دەخوێنرێتەوە)

ئەو ڕێگای کە مێهر بۆ دیداری نیشتمانی ڕاستوێژان و پێشی گرتووە، ڕۆشن و نوورانییە، دەشتەکانی پان و بەرین و قوڵ، قەراخەکانیان گرتووە و چوارپایان و ئادەمیزادان بەسەربەستی لەوێ دەگەڕێن.

١١٤

دەی با وا بێ کە هەردوو مەزن (مێهر) و (ئەهورا) لەو کاتەیدا کە دەنگی شەلاق هەڵدەستێ و ئەسپەکان شەیهە دەکێشن و تیری تیژ لە کەمانەکان پرتاو دەکرێن، بێنە یارمەتیمان. لەو کاتەی ڕۆڵەی



ئەوانەی بەڕووی ناخۆشەوە پێشکەشی (زور)یان بۆ مێهر هێنا دەکوژرێن و لە خاک و خوێن دەگەوزێن.

## کوردەی بیست و نۆهەم

١١٥

بەندی حەوتەم لێرەدا دووپات دەکەنەوە.

ئەی مێهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین، ئەی سەروەرێ کە پێوەندیت هەیە بەماڵی خودا و کوێخا و شارەوان و ستوورەوان و (زەرتەشتوم)(١)

١١٦

ئەندازەکانی، پەیمانی مێهر لە نێوان هاوسەراندا ٢٠ و لە بەین دوو هاوکاردا ٣٠ و بەینی دوخویش ٤٠ و لە نێوان دوو جیراندا ٥٠ و لە بەینی دوو پێشەوای دینیدا ٦٠ و بەینی شاگرد و مامۆستا ٧٠ و لە نێوان خەزوور و زاوادا ٨٠ و لە بەینی دووبرادا ٩٠ ئەندازەیە.

١١٧

ئەندازەی پەیمانی مێهر لە نێوان باب و دایک و ئەولادان ١٠٠ و لە بەینی دوو وڵاتدا ١٠٠٠ و لە نێوان ئومەتی دینی مەزدادا ١٠,٠٠٠ مێهر خاوەنی دەسەڵاتیکی وایە و هەمیشە وا دەبێت.

١١٨

تا ئەو کاتەی کە خۆر لەسەر لوتکەی (هەرا) سەر دێنێتەدەر و ئێوارە لە پشتی کەژدا ڕۆدەچێت، ئێمەیش بەنوێژ و ستایشی پێشین و ئاخری (پەسین) ڕوودەکەینە بارەگای مێهر و بەو شێوە نزدیکی دەکەین.

ئەی سپیتەمان

هەرچەند (ئەهریمەن) ناڕازی و ڕقاوی بێ، من بەستایش و نوێژی بەیانی و ئێوارە خۆم لە بارەگای مێهر نزیک دەکەمەوە.

## کوردەی سی

١١٩

ئەی سپیتەمان

ستایشی مێهر بکە و بەئۆمەت و پەیرەوانی خۆت یاد بدە کە چوارپای گەورە و بچووک و ئەو باڵندانەی کە بەشاپەڕی خۆیان دێنە هەڵفڕین، پێشکەشی مێهر بکەن.

١٢٠

(مێهر) نیگاهبان و پشتیوانی هەموو مەزداپەرستانی پاکدینە. (هەوم) بکەنە پێشکەش و دەبێ (زەوت) بیداتە بارەگای مێهر مرۆڤی پاکدین دەتوانێ لە (زور)ی کە پەیرەوانی زەردەشت (بە دابی

(١) زەردەشتۆم: مەزنترین پێشەوا بەجێنیشینانی زەردەشت دەڵێن.

ئایینی) دروستیان کردووە بخواتەوە و کارێ بکات کە مێهر خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین بەستایشی خۆی خۆشحاڵ و شاد بکات تا بتوانێ ڕەوانی ئارام بێت.

١٢١

زەردەشت لە ئەهورامەزدای پرسیار کرد:

ئەی (ئەهورامەزدا)

مرۆڤی پاکدین چۆن دەبێ لەو (زور)ەی چاک ئایینێ دروستی کردەوە، بخواتەوە و کارێکی وا بکات مێهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین کە ئەو پیاوە ستایشی کردووە شادومان و ڕازی بێت؟

١٢٢

(ئەهورامەزدا) گوتی:

دەبێ لەسەری کاتدا سێ شەو و سێ ڕۆژ لەشی خۆیان بشۆرن و لە سزای تاوانەکاندا ٣٠ زەربەی قەمچی لە خۆیان بدەن. بۆ ستایش و نیایشی میهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین دەبێ لە کاتی خۆیدا دووشەو و دوو ڕۆژ لەشی خۆی بشۆرێت و لە پاداشی تاوانەکاندا بیست زەربەتی قەمچی بدەن لە خۆیان، کەسێ کە بۆ هۆنینەوەی (ستەوت یەسنا) و (ویسپرد) شایستە و سزاوار نەبێت، مافی ئەوەی نییە بۆ خوشحاڵی مێهر (زور) بخواتەوە.

(بەندی ٤،٥،٦، لەم بەشەدا دەخوێنرێتەوە.)

## کوردەی سی و یەک

١٢٣

(بەندی حەوت دووپات دەبێتەوە.)

ئەوە کە (ئەهورامەزدا) لە (گەرزەمان)[1]ی نوورانیدا ستایشی کرد.

١٢٤

بازووەکانی مێهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین، کە بۆ نیگاهبانی پاکدینان ئاوەڵایە، لە (گەرزەمان)ی نوورانی دێنەخوار مێهر واتە چەرخێنەری عەڕڕابەی ڕازاوە و جوان کە بەزێڕ و زیو و جەواهیری گران ڕازاوەتەوە.

١٢٥

ئەم گەردوونە (عەڕڕابە) بەهۆی چوار چارەوای سپی و نەمر کە خواردنی ئەوان لە ئاو و لەوەڕی بەهەشتە، ڕادەکێشرێت.

ناڵی پای بەرۆیان زێڕین (ئاڵتون) و ناڵی پای دوایان لە زیو (نوقرە)یە و هەمووییان لغاوی چەنگداریان هەیە لە ئاسنی گرانقیمەت و بەو شێوە ئەسپەکان لەکن یەک ڕاوەستاون.

(١) گەرزەمان: Carzaman: بەرزترین جێگای خودا: عەرشی ئەعلا.



١٢٦

لای ڕاستەوە (رەشەن) پاک و دادگەر کە باشترین پشتیوانە ئەسپی غارداوە و لای چەپ (چیستا)ی دروستکردار، واتە ئەوەی هێنەری پێشکەشی (زور)ە و جلوبەرگی سپی لەبەردایە و لەگەڵ (ئەوپەمەن) چارەوایان تاوداوە.

١٢٧

(داموییش ئەوپەمەن) دلێر، سواربووە و بەوێنەی بڕەکی ددان تیژ کە لە خۆی بەڕەوانی دەکات، دێتەدەر ئەو یەکانەیەکی نێرە و بەچنگاڵی تیژی خۆیەوە، کە ڕەقیب بەیەک زەربەت دەخاتە کامی مەرگ و نەمان بڕەکێکی ڕقاوی و تووڕە کە نزیک بوونەوە لەو دژوارە و، ڕواڵەتی خاڵ خاڵە و دلاوەر و چالاک و سوارچاکە لە پشت سەریەوە (مێهر) و (ئازەر) و (فەڕ)ی توانای کەیانی، ئەسپی خۆیان غار دەدەن.

١٢٨

لەنێو گەردوونەی مێهردا کە خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرینە، یەک هەزار کەمانی خۆشساخت دانراوە کە زۆربەی ئەم کەمانانە زێدارن بەزێهی گاواسن کە بەهێزی بیر و ئەندێشە بەرەو سەری دێوەکان دەهاوێژرێت.

١٢٩

لە گەردوونەی مێهردا هەزار تیر لە پەڕی کەرکەس دانراوە کە بەئێسکی زێڕین و کونکراو ڕازاونەتەوە و زۆربەیان لە ئاسن سازکراون.

ئەم تیرانە بەهێزی ئەندێشە دەفڕن و بەرەو سەر دێوەکان دەهاوێژرێن.

١٣٠

لە گەردوونەی مێهردا، یەک هەزار نێزەی تیژ و خۆشساخت دانراوە کە بەهێزی بڕوا و ئەندێشە بەرەو کەللەی دێوان دەیهاوێژن.

لە عەڕڕابەی مێهردا، یەک هەزار تەوەرزینی دووتیغەی خۆشساخت دانراوە کە بەپەلە و هێزی ئەندێشە بەرەو کەللەسەری دێوەکان، دەهاوێژرێن.

١٣١

لە گەردوونەی مێهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین، یەک هەزار خنجێری دوو سەر و خۆشساخت دانراوە کە بەخێرایی ئەندێشە دەپەڕێت و بەرەو کەللەی دێوەکان پر تاودەکرێن.

لە گەردوونەی مێهری خاوەن دەشتەکاندا، یەک هەزار (گورز)ی ئاسن و خۆشساخت هەیە کە بەخێرایی و سورعەتی هێزی ئەندێشە دەپەڕین و بەرەو کەللەسەری دێوان دەیهاوێژن.

١٣٢

لە عەرڕابەی مێهری خاوەن دەشتەکانی گەورە، گورزێکی سووک پرتاو و خۆشدەست دانراوە و سەد گرێ و یەک سەد تێغەی هەیە کە مێهر ئەوە بەرەو ڕەقیبان و ناحەزان نیشانەگیری دەکات و هەموویان لە پا دەخات.

ئەم گورزە بەئاسنی زەرد داڕێژراوە و بەزێڕ جەلایان داوە و قایمترین و سەرکەوتووترین کەرەسەی جەنگە و بەخێرایی و سورعەتی هێزی ئەندێشە دەپەڕێت و بەرەو سەر و کەللەی دێوەکان دەهاویژرێن.

١٣٣

مێهر، دارای دەشتە مەزنەکان، لە پاش کوشتنی دێوەکان و تیابردنی پەیمانشکێنان، لەسەر لوتکەکانی نیشتمانی (ئاری زەهی) و (سەوەهی) و (فەرەدزەفشو) و (وەیدزەفشو) و (واورووبرشتی) و (واورجرشتی) و وڵاتی نوورانی و درەوشاوەی (خەوینرس) تێدەپەڕێت.

١٣٤

ئەهریمەنی سیاکار و دێوی ڕق لە دڵی فێڵەباز (بوشاسب)

دەستدرێژ بەڕاستی تووشی هەراس دەبن.

هەموو دێوەکان و درۆپەرستانی (وەرینە) تووشی وەحشەت دەبن.

١٣٥

(بەندەکانی ٩٨و٤و٥و٦ لێرەدا دەخوێنرێتەوە.)

## کوردەی سی و دوو

١٣٦

بەندی حەوت دووپات دەکرێتەوە.

ئەوە کە چارەواکانی سپی ڕەنگ، عەرڕابەکەی ڕادەکێشن، ئەوە کە گەردوونەکەی بەچەرخی زێڕین و بەردەکانی درەوشاوەی قەڵماسکەوە دێتە جەولان و پێشکەشی (زور) دەگەێنێتە جایەگای مێهر.

١٣٧

(ئەهورامەزدا) سەبارەت بەو مرۆڤە پێشگامەی کە (زەوت)ی پاک لە نێوان خەڵکی خاوەن ئەزموون و لێهاتوو و پایەبەندی گوتەی ئیزەدیدا قەبووڵی کردووە و (بەرسەم)ی بڵاوکردوەتەوە و بەیادی مێهر بۆ ئەو نوێژ دەکات، ئاوا دەڵێت. خۆش بەحاڵی ئەم پیاوە پاکە و پێشگامە، ئەی زەردەشتی پاک، ئەگەر ئەو مرۆڤە پێشگامە بۆ خۆشحاڵی ڕەوانی (مێهر) ئیتاعەی فەرمانی بکات و خواستەکانی بەراوەرد بکا، ئیتر (مێهر) یەک ڕاست و سەربەخۆ لەماڵی ئەو دادەبەزێت.

١٣٨

(ئەهورامەزدا) سەبارەت بەو مرۆڤەی کە (زەوت)ی ناپاکی لە نێوان خەڵکی نەزان و بێ عەلاقە بە



وتاری ئیزەدی هەڵبژاردە ئەگەرچی (بەرسەم)ی فرەوانی هێناوە و تا درەنگان یەسنا بهۆنێتەوە دەڵێت:

ئەی زەردەشتی پاک... بەدا بەحاڵی ئاوا مرۆڤێک.

١٣٩

ئەو کەسەی کە (مەزدا) و (ئیمشاسپەندان) و (مێهر) دارای دەشتەکانی پان و بەرین و (دات)(١) و (ئەرشتاد)(٢) و (ڕەشەن)(٣) فرەوان کە ڕوومایەی شانازی جیهان بەکەم بژمێرێت... (ئەهورامەزدا) و (ئیمشاسپەندان) و (مێهر) خۆشنوود ناکات.

١٤٠

(بەندی حەوت دووپات دەکەنەوە.)

ئەی سپیتەمان،

ئەز، مێهر، یەکەمین خوڵقێنراوی چاک و دلێری مینەوی، ئەو یەکجار مێهرەبانی بێ هاوتا، ئەو پایە بەرزە بەهێز و دڵاوەرە، ئەو قارەمانی جەنگاوەری لێهاتوو، ستایش دەکەم.

١٤١

ئەوە، سەرکەوتە کە هەمیشە جەنگ افزاری چاک دروستکراو لەگەڵ خۆی حەمل دەکات و لە قووڵایی تاریکیدا بۆ کەس ناخڵەتێت چونکە ئەو لە هەموو کەس زۆردارترە و دلێرترینی دلێرانە و زاناترین بەخشەندەیە.

ئەوە سەرکەوتوو کە (فەڕ)ی ئیزەدی تایبەتی خۆیەتی و هەزار گوێچکە و دە هەزار دیدەوانی هەیە و ئەوە (مێهر)ی زانا و بەهێزی نەخڵەتێنراو.

(بەندی ٤و٥و٦ لەم بەشەدا دەخوێنرێتەوە.)

١٤٢

ئەو، ئیزەدی بەتوانا و زۆردار و پاک تینەت کە لە کازیوەی بەیاندا بەوێنەی مانگی نوورانی دێتە دەر و ئەوەی کە شەو لە پەردەی ڕەشی خۆیدا شاردوویەتەوە، ئەم دەیخاتە ڕوو و ئاشکرای دەکات.

١٤٣

ڕواڵەتی بەوێنەی ئەستێرەی تیشتەر، ئەدرەوشێت.

ئەی سپیتەمان،

جوانترین خوڵقێنراوەکانی ئەهورا، واتە ئەوانەی هەرگیز لە ڕێگای ڕاست لانەدەن عەرڕابەی (مێهر) لێدەخوڕن.

---

(١) Dat: واتە (داد) قانوونی ئێزەدی کە ئێستایش بەمەعنای عەدل و یاسایە.

(٢) arstat: فرشتەی دروستی و ڕاستی و نوێنەری ڕۆژ بێت و شەشوم لە دینی بێهیدا.

(٣) Rhsn: یەکێ لە فرشتەکانی هاوکاری مێهر.

ئەز، ستایش دەکەم ئەو عەرڕابەی ئاراستە و جوان کە (سپەندمینو) دروستی کرد و بەئەستێرە پرشنگدارەکان زینەت دراوە تاکو (مێهر)ی خاوەن شکۆ تێدا دەنیشێت.

ئەو (مێهر)ی پاڵەوان و بەتوانا کە لە هەموو کردەوەکان ئاگادارە و هەرگیز ناخڵەتێت و دە هەزار دیدەوانی هەیە.

بەندی ٤و٥و٦ لەم بەشەدا دووپات دەکرێتەوە.

## کوردەی سی و پەنجوم

### ١٤٤

ستایش و سوپاسی (مێهر) دەکەم کە ئاگاداری دەور تا دەوری وڵاتە و چاوی لە ناوەڕاستی نیشتمانە، مێهر کە وا بەسەر وڵاتەوە و لەوێ دەڕوانیتە خوار و ژوور و چوارگۆشەی وڵات ستایش دەکەم و ئەو ئاگاداری سنوورەکان و ئەم پەڕاوپەڕی نیشتمانە.

### ١٤٥

سوپاس بۆ مێهر و (ئەهورا)ی مەزن کە پاکە و هەتاهەتایی، ستایش و سوپاس بۆ ئەختەرەکان و مانگ و خۆر و (مێهر) کە سەروەری سەرتاسەری ئەم وڵاتەیە و ئێمە لە بەرانبەر (بەرسەم)دا ستایشی دەکەین.

بەندی ٤و٥و٦ لێرەدا دەخوێنرێتەوە.

### ١٤٦

(زەردەشتی) مەزن، لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژێراوە، ئەوە سەروەری مینەوی کە لە خەزێنەی کرداری خۆیدا، لە کردەوە چاکەکانی مرۆڤ پاسداری دەکات و لە ڕۆژی پەسلاندا دەیان هێنێتە بەردەستی (مەزدا). شاریاری و بەزەیی (مەزدا) بۆ ئەو کەسەیە کە پاسدار و لایانگری هەژاران بێ.

سڵاو لە (مێهر) خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین و سڵاو لە (ڕام)(١) بەشدەری کێڵگەکان. ڕاستی، باشترین و چاکترین پاشەکەوت و مایەی ژیانی باشە، خۆشی و چاکی ژیان بۆ کەسێکە ڕاستکردار و خوازیاری چاکترین ڕاستییەکان بێت.

شکۆ و فەڕ و لەش ساخی و هێزی بەدەن و سەرکەوتن و گەیشتنی بەئاواتەکان و سامانی هێنەری هێمنی و ڕۆڵەی پێکەوتوو و تەمەنی درێژ و بەپێز و بەهەشتی خودایی و ڕووناکی و هەموو ئەو نیعمەتە خودا پێداوانەی کە مرۆڤ ئارەزوویان دەکات، سزاوار و لایەقی کەسێکە کە لە تەعلیماتی زەردەشتی مەزن پەیڕەوی بکات.

(١) Ram: فرشتەی نیگاهبانی ڕۆژی بیست و یەکەمی مانگە لە دینی زەردەشتدا.

## فەروەردین یەشت

## کوردەی یەکەم

١

(ئەهورامەزدا) گوتی بە(سپیتەمان زەردەشت)

ئەی سپیتەمان

ئەوە بەڕاستی تۆ ئاگادار دەکەم لە (فەڕ) و (هێز) و یارمەتی و پشتیوانی (فرەوەهرەکان) و پێت ڕادەگەینم کە چۆن (فرەوەهرەکان)ی پاک و توانا هاتنە یارمەتی و بوونە پشتیوان.

٢

ئەی زەردەشت

ئەوە بەهۆی (فەڕ) و شەوکەتی ئەوانەوەیە کە من ئاسمانەکانم ڕاگرتووە تا لەسەر عەرشەوە بەرەو زەوین تیشک بخات و دەورادەوری چەرخی زەویندا نوور بڵاو بکاتەوە و بەوێنەی ماڵێک ڕاگیری بکەن... ئەو ئاسمانە کە ئەهلی بەهەشت هەڵیان داوە.

ئاسمانێکی ڕاوێستاو و بێ سنوور کە بەوێنەی ئاسنێکی تاواوە و نوورانی و درەوشاوە، بەسەر سێهەمین لایەی زەویندا خۆ دەنوێنێت.

٣

ئاسمانێ بەوێنەی جلوبەرگی ئەستێرەنیشانی مینەوی کە (مەزدا) و (مێهر) و (رەشەن) و (سپەندارمز) لەبەری دەکەن... ئاسمانێ کە سەرەتاو پایانی لەکەس دیارنییە و نابینرێت.

٤-٨

ئەی زەردەشت

ئەوە بە (فەڕ) و نووری ئەوانە کە من (دوێتی ڕووسوور ئاناهیتا) ڕادەگرم ئەو کە لە هەموو جێگادا داوێنی خۆی بڵاو کردووەتەوە و حەکیمی ئیشەکان و ئازارەکانە، پەیڕەوی دینی پیرۆزی ئەهورایی و دوژمنی دێوەکانە.

٩

ئەی زەردەشت

لە سای نوور و فەڕی ئەوانەوەیە کە ئەز، عەرزی وەسیعی خولقێنراوی ئەهورام ڕاگرتووە، ئەم زەوینە جوانەی کە بەرز و بڵاوە و زۆر شتی جوانی لە ئامێزی خۆی گرتووە و گیاندار و بێ گیان و چیا و کەژ و هەرد و بەرد و کانی و ئاو و لەوەڕگای فرەوانی تێدایە.

١٠

بەسەر عەرزەوە ڕووباری پڕ لە ئاو فرەوانن و بۆ لەوەڕی چوارپایان و ژیان و ڕاگرتنی ئەستێرەکان و گیاندارانی پەنجگانە و مرۆڤی پاک و سەرزەوینەکانی ئێرانی کە لەسەر ئەوانە و گیای هەموو چەشنە



سەوز دەبن.

١١

ئەی زەردەشت

ئەوە لە سێبەری نوور و فەڕی ئەوانە کە نوتفە لە ڕەحەمی دایک ڕادەگرم تا نەمرن و پاش ماوەییێک ئێسک و گۆشت و مو و ناخون و دەست و پا و ئەندامەکانی دەروونی و لەشیان بۆ دروست دەکەم و پێوەندیان دەبێت.

١٢

ئەگەر (فرەوەهرەکان)ی توانای پاکان یارمەتی منیان نەدابێت، چاکترین بەنی ئادەم و جانەوەران لێرەدا بۆ من بەجێ نەدەمان و درۆ بەقووەت و بەهێز دەبوو و دنیای دادەپۆشی و درۆزنان و درۆپەرستان دەبوونە فەرمانڕەوای جیهان.

١٣

درۆ لە نێوان ئاسمان و زەویندا و لە نێوان (سپەندمینو) و (ئەنگەرەمینو) سەقامگیر دەبوو و لەو ناوەدا زاڵ دەبوو، ئەمجار (ئەنگەرەمینۆ)ی سەرکەوتوو، لە (سپەندمینو)ی تێکشکاو دەستی بەدەکێشاوۆ.

١٤

لە نوور و شکۆی ئەوانە کە کانیاوەکان دەتۆقێن و ئاو جاری دەبێت و هەر بەهێزی ئەوانە کە لە پەنای زەویندا گیا و ئاڵف سەوز دەبن و بای قایم دێ و هەورەکان بەرەو سەرچاوەکانی زەوین ڕادەدات تا چاوگەکان وشک نەبن.

١٥

لە شکۆ و نووری ئەوانە کە ژنان منداڵی ساخ دەزێن و نوتفە لە ڕەحەمی ژنان دەگرسێت و ژنان بەئاسانی زایەمان دەکەن.

١٦

لە سێبەری فەڕ و شکۆی ئەوانە کە مرۆڤ، زانا و قسەزان و لێهاتوو دەبێ و دەتوانێ لە کۆبوونەوەی گشتیدا وتەکانی خۆی بۆ ئامادەبووان بەیان بکات و تا ئەو ڕادە بچێتە پێش کە لە کاتی دوان بەرانبەر (گی ئوتیمە)(١) سەر بەرزانە بێتەدەر.

لە نوور و فەڕی ئەوانە کە خۆر دێتە دەر و ڕێگای خۆی دەگرێتە پێش لە نووری و فەڕی ئەوانە کە مانگ ڕێگای خۆی دەپێوێت لە تیشک و فەڕی ئەوانە کە ئەستێرەکان دێنە دەر و بەڕێگای خۆیاندا دەڕۆن.

(١) Jaotema: یەکێ لە دێوپەرستان و دژ بەزەردەشت بووە.

١٧

فرەوەهرەکانی پاکانن کە لە جەنگە دژوارەکاندا باشترین یار و یاوەرن.

ئەی سپیتەمان

فرەوەهرەکانی سەرەتایی، مامۆستایانی ئایینی ڕاستین و فرەوەهرەکانی سوشیانتە نوێکەرەوەکانی جیهان کە یەشتا لەدایک نەزاون لە نێوان فرەوەهری پاکاندا، بەهێزترینی ئەوان دێنە ئەژمار.

ئەی سپیتەمان

فرەوەهرەکانی مرۆڤی زیندوو، بەهێزترن لە فرەوەهری مردووەکان.

١٨

ئەوە کە لە سەرانسەری ژیاندا بەچاکی لە فرەوەهری پاکان پاسداری دەکات (مێهر) خاوەنی دەشتەکانە و (ئەرشتاد) بەخێوکەری جیهان و زیادکەری گێتی، بەچاکی نیگاهبانی دەکات، چ فەرمانڕەوای یەک نیشتمان بێت و چ شاریاری وڵات، دەبێتە سەرکەوتووترین کەس.

١٩

ئەی سپیتەمان

ئەمەیە، فەڕ و هێز و یاری و پشتیوانی (فرەوەهرەکانی) توانا و پیرۆزی پاکان کە من بەڕاستی تۆم لەوانە ئاگادار کرد و پێم گوتی کە چۆن فرەوەهرەکانی کارئامای پاکان هاتنە یاری من و پشتیوانییان کردم.

## کوردەی دووهەم

٢٠

ئەهورامەزدا بەسپیتەمان زەردەشتی گوت،

ئەی سپیتەمان زەردەشت!

هەر کاتێ لەم دنیادا چەتە و ڕێگران، هاتنە سەر ڕێگات و یان لەگەڵ دێواندا تووشی شەڕ هاتی، ئەم (واژ)ە بەهێواش بخوێنە... ئەم (واژە) پیرۆزمەندانە بەئاوازی بولێند بخوێنە.

٢١

فرەوەهرەکانی چاک و توانای پارسایان و پارێزکاران ستایش دەکەین و داوای یارمەتی دەکەین لەوان.

فرەوەهرەکانی ماڵ و گوند و شار و وڵات ستایش دەکەین.

فرەوەهرەکانی (زەردەشتۆم) ستایش دەکەین.

فرەوەهرەکانی ئەو پارێزکارانەی کە بەر لەمە بوون ستایش دەکەین.

فرەوەهرەکانی پارێزکارانی ئێستا ستایش دەکەین.

فرەوەهرەکانی پارێزکارانی کە دوای ئەمە دێن ستایش دەکەین.



فرەوەهرەکانی هەموو بنەماڵە و دودمانەکان ستایش دەکەین.

فرەوەهرەکانی هەموو ماڵباتە بەهێز و دودمانە دارا و تواناکان ستایش دەکەین.

فرەوەهرەکانی نیگاهبانی ئاسمان ستایش دەکەین...

فرەوەهرەکانی نیگاهبانی ئاو ستایش دەکەین.

فرەوەهرەکانی نیگاهبانی زەوین ستایش دەکەین.

فرەوەهرەکانی پارێزەری چوارپایان ستایش دەکەین.

لە فرەوەهرەکانی پاک سوپاس دەکەین کە یارمەتی نوتفە دەدەن تا لە منداڵدانی دایکدا گەورەبن و بەسەلامەتی بێنە دنیا و هەر لە ناو منداڵدانی دایکدا ئەو جەنینە دەکەنە خاوەنی خوێن و پێست و گۆشت و پێشە و موو و نینۆک و ئەندامەکانی کارای دەروونی لەش و دەیانکەنە خاوەنی ئەندامی بارئاوەر بۆ ئەوەی کاتێ گەورەبن ئەوانیش بتوانن بزێن و منداڵداربن.

٢٣

ئەو فرەوەهرانە ستایش دەکەین کە بەخشەندە و دڵاوان و بەهێز و توانا و دەگەنە سەر نیازمەندان و بەکاتی خۆی و دلێرانە بۆ یاوەری لێقەوماوان دێن.

لە کاتی جەنگی خوێناوی و لە کاتی ڕەزم و پەیکاردا واباشە داوای یارمەتی بکەین لە فرەوەهرەکاندا.

٢٤

... کە لێ قەوماوان و ژێرکەوتووەکانی بەناحەق، سەردەخەن و نیازمەندان ڕزگار دەکەن و نەخۆشەکان شفا دەدەن و بۆ ئەو پارێزکارەی کە بەستایش و ڕەزامەندی و خۆشحاڵییەوە (زور) پێشکەش دەکات، فەڕ و شکۆ دەبەخشن.

٢٥

فرەوەهرەکان، شاد و بەبزە ڕوودەکەنە ئەو جێگای کە مرۆڤی پارێزکار و لایەنگری ڕاستی تێدایە... بۆ ئەو شوێنە کە مەزنترین پێشکەشییەکان بهێنن... بۆ ئەو جێگای کە لەگەڵ مرۆڤی پارێزکار و پیاوی باشدا دوژمنی نەکەن.

## کوردەی سێهەم

٢٦

ستایش دەکەین فرەوەهرەکانی چاک و پاک و نیکی پارێزکاران کە لە نێوان سوارەکاندا بەهێزترین و لەناو پێشڕەواندا چالاکترین و لە ڕەدەی پشتیوانانیدا، خۆڕاگرترین و لە نێوان کەرەسەی جەنگدا کۆڵنەدەرن. فرەوەهرەکانی کە هێرشی دوژمنان لە پشتیوانانی خۆیان دوور دەخەنەوە.

٢٧

ئەم چاکانە ستایش دەکەین... لەم باشترین کەسانە سوپاس دەکەین لە فرەوەهرەکانی چاک و پاکی پارێزکاران ستایش دەکەین، ئەو کاتەی (بەرسەم) دانراوە دەبێ داوای یارمەتیان لێبکەین.

لە کاتی شەڕ و پەیکاردا، لەو جێگای دلێران و جەنگاوەران تێدەکۆشن دەبێ داوای یارییان لێ بکەین.

٢٨

لەو کاتەیدا کە (سپەندمینو) ئاسمانی هەڵدا و زەوین و چوارپایان و ئاو و گیای خوڵقاند و تەوەرەی ئینسانی خستە نێو منداڵدانی دایکەکان و هەر لەوێ گیان و خوێن و پێست و ئێسک و موو و ئەندامەکانی دەروونی و ئەندامەکانی زاین و ئاوسکردن و ئاوسبوونی پێبەخشین (مەزدا) لە فرەوەهرەکان بۆ نیگاهداری ئاسمان و زەوین و ئاو و گیا یارمەتی خواست.

٢٩

(سپەندمینو) فرەوەهرەکانی بەهێز و هێمن و تیژبین و ژنەوای ئامادە و کەمەر بەستەی لە ئارامگای چاک و پان و بەرین هەڵبژارد و داینان بۆ نیگاهبانی ئاسمان.

## کوردەی چوارەم

٣٠

ستایش دەکەین لە فرەوەهرەکانی چاک و پاک و توانای پارێزکاران کە بەدڵی پاکەوە دۆستێمان دەکەن و کردەوەیان چاکە و حەز لە ئاموشۆی هەمیشەگی دەکەن و ئازاری مرۆڤ نادەن و بەر لەمە پیاو چاکان و ڕازداران و خاوەن ئەزموونەکان و چارەواکانی تیژڕەو و جەنگاوەرانی سەرکەوتوو و ناودارەکان ئەزیەت ناکەن.

## کوردەی پەنجوم

٣١

ستایش و سوپاس بۆ فرەوەهرەکانی چاک و بەتوانای پارێزکاران کە بەدلێری و هێزی فرەوان بۆ زیانی دوژمنان لە کاردان و لە مەیدانی جەنگدا یارمەتیمان دەدەن و بازووەکانی بەهێزی دژە دینییەکان دەشکێنن.

## کوردەی شەشوم

٣٢

سوپاس و ستایش بۆ فرەوەهرەکانی چاک و بەتوانای پارێزکاران کە پەیمان شناس و وەفادار و بەهێز و دلاوەرن و دۆستانی خۆیان لە کاتی تەنگانەدا، پەنا دەدەن و دابینیان دەکەن.

ئەوانن، ئەو بەهەشتییانەی کە چارەی بیماری دەکەن و لە دەرمانی (ئەشی) بەشدارن و بەوێنەی زەوین پان و بەرین و بەشێوەی ڕووبار درێژ و بەوێنەی هەتاو، پایەگاهیان بەرزە.



## کوردەی حەفتەم

٣٣

ستایش دەکەین و سوپاس بۆ فرەوەهرەکانی بەهێز و چاکی پارێزکاران کە چالاک و دلێر و جەنگاوەرن و ترس دەخەنە دڵی دوژمنان، هەموو هێرشەکانی دوژمنان چ مرۆڤ بن و چ دێو، تێکدەشکێن و نابوودیان دەکەن. فرەوەهرەکان کە بەخواستی خۆیان ڕەقیبان لە کاتی هێرشدا پەرش و بڵاو دەکەنەوە.

٣٤

ئێوە... ئەی فرەوەهرەکان... ئەی تواناترین خوڵقێنراوان. چاکی و زاڵی و هێزی سەرکەوتووانەی ئەهورایی خۆتان دەکەنە خەڵاتی ئەو وڵاتانەی کە خەڵکەکەی بتوانن بەچاکی کەڵکتان لێ وەربگرن و ئێوە لەوان و کردەوەکانیان ڕازی بن و لەو سەرزەوینە کە خەڵکەکەی قەدری ئێوە بزانن و بەلایەقی ستایش و سوپاستان بزانن نیگاهبانی دەکەن.

## کوردەی هەشتەم

٣٥

سوپاس و ستایش بۆ فرەوەهرەکانی پاک و چاکی پارێزکاران کە ناودارن و لە جەنگی حەق دژی ناحەق، دەبنە سپەردار و لە ڕێگای ڕاست لانادەن، ئەوەی لە پێشەوە هێرش بکات و ئەوەی بەدوایدا بێت، داوای یارمەتی دەکەن لە فرەوەهرەکان بۆ ئەوەی لە شەڕیان لابدەن و بیان پارێزن.

٣٦

فرەوەهرەکان، لێو بەبزە ڕوودەکەنە شوێنێ کە مرۆڤی پارێزکار لەوێدا ڕوویان کردبێتە ڕاستی... لەو شوێنە پێشکەشی گەورە هەبێ، لەو جێگای کە پارێزکار شاد بووبێت.

## کوردەی نۆهەم

٣٧

سوپاس و ستایش بۆ فرەوەهرەکانی چاک و بەتوانای پارێزکاران کە سوپای بێ ئەژماری چەکداریان بەبەیرەقی شەکاوە و درەوشاوە دەڕازێننەوە.

ئەوان بوون کە بەرلەمە لە کاتی پەیکاری (خەشتاوی)یە[١] دلێرەکان لەگەڵ (دانو)ەکاندا خۆیان گەیاند.

٣٨

ئەی فرەوەهرەکان... ئێوە بوون کە بەرلەمە، پەلامار و هێرشی (دانو)[٢]ەکانی تۆرانیتان تێکشکاند، ئێوەن کە بەر لەمە شەڕی (دانو)ەکانی تۆرانیتان دامرکاند. لە تیشکی یاری ئێوەدا بوو کە بەر لەمە

(١) xstavi: ناوی ماڵباتێکی ئێرانی بووە.

(٢) danu: ناوی ماڵباتێکی تۆرانی بووە.

(کەرشنەز)ەکان و (خەشتاوی)یەکانی دلێر و یاریدەدەری ناودار و سەرکەوتووی دین، بەهێزتر بوون و ماڵەکانی پڕ لە ئاژاوەی زیاتر لە دە هەزار فەرمانڕەوای (دانو)ەکانیان وێران کرد.

## کوردەی دەهەم

٣٩

فرەوەهرەکانی چاک و بەتوانا و پاکی پارێزکاران ستایش دەکەین کە ڕەدەکانی دوژمن لە دوولای گۆڕەپانی جەنگەوە تێکدەشکێنن و سوپا سەر لێشێواو دەکەن و دێنە یارمەتی پیاوانی چاک و دژ بەخراپە و بەدکردارانن و چالاکانە دێنە هانای دینداران.

## کوردەی یازدەهەم

٤٠

سوپاس و ستایش بۆ فرەوەهرەکانی چاک و بەهێز و پاکی پارێزکاران، واتە ئەو دلاوەر و پاڵەوانانەی زاڵ و سەرکەوتووی گۆڕەپانی جەنگ کە بەکات، هێمن بەخشن و بەکات هێرش دێنن و بەکات دەکەونە هەوڵ و تەلاش.

ئەو فرەوەهرانەی کە پێکەوتوو و مەزن و لێهاتوون، ئەو پاکانەی کە دەگەنە فریادی نیازمەندان و هەژاران سەردەخەن و بەوانەی خوازیاری کامڕەواییین، ئاواتیان بەجێ دێنن و بەنەخۆشەکان شەفا دەدەن.

٤١

هەر کەس ستایشی فرەوەهرەکان بکات، فەڕ و شکۆی پێدەدەن. بەو شێوەی کە زەردەشتی پاک، ئەو جوامێرەی جیهانی خاکی و سەروەری ئادەمیزادەکان، هەرکاتێ عەزمی کارێکی بوو، یان لە ڕێگای خۆیدا تووشی هەراس و خۆف دەبوو، ستایشی فرەوەهرەکانی دەکرد و ئەوانیش فریای دەکەوتن.

٤٢

ئەو کاتەی هاواری نیازمەند و لێقەوماوێک بەرز بێتەوە فرەوەهرەکان بەسورعەتی هێزی بیرکردنەوە، لە بەرزایی ئاسمانەکانەوە دێنەخوار و بەهێزی ئەهورایی، سەردەکەون، چونکە ئەو هێزەی ئەهورا خوڵقاندوویەتی لەگەڵیانەو بەوانەی لەسەر ئایینی ڕاستی وەفادارن، باشترین شکۆ و مەزنایەتی هاوڕێ لەگەڵ پاکی و سوودی فرەوان دەبەخشن.

٤٣

فرەوەهرەکان، ئەستێرەی (سەتەویس) لە نێوان ئاسمان و زەویندا دەخەنە گەڕان تاکو باران ببارێنێت و هاواری خوازیاران بژنەوێت و بۆ ڕاگرتنی چوارپایان و مرۆڤەکان و گیانلەبەرانی پەنجگانە و سەر زەوینەکانی ئێرانی و لە بۆ یارمەتی پیاوانی پاک و سەوز بوونی گیا و ئاڵف باران ببارێنێت.

٤٤

(سەتەویس)ی جوان و درەوشاوە و پڕشنگدار لە نێوان ئاسمان و زەویندا ڕێگا دەگرێتەبەر و فریادی هەژاران و خوازیاران دەژنەوێت و دادەکاتە باران بۆ چوارپایان و ئادەمیزادەکان و گیانلەبەرانی پەنجگانە



و سەر زەوینەکانی ئێرانی و بۆ یاری پیاوانی پاک گیا و ئاڵف سەوز دەکات.

## کوردەی دوازدەهەم

٤٥

فرەوەهرەکانی چاک و بەتوانای پارێزکاران ستایش دەکەین کە لەگەڵ خۆیاندا کەرەسەی جەنگییان هێناوە و هەموویان لە پۆڵا سازکراون و سپەری بەرەوانی پولایی، بەچەشنی درەوشاوە لە گۆڕەپانی شەڕدا بەر چاو دەکەوێت و بۆ نابوودی هەزاران دێو، خنجێری تیژیان دەرهێناوە.

٤٦

هەرکاتێ لە نێوان فرەوەهرەکاندا شنەی با هەڵبکات و بۆنی جەنگاوەران بهێنێ، فرەوەهرەکان ڕوودەکەنە گۆڕەپانی جەنگ و زاڵبوونی دینداران لەبەر چاو گیراوە. ئەوان ڕوودەکەنە ئەولایەی کە بەر لە دەرکێشانی خنجێرەکان لە کێلان و کارکردنی بازووەکان، بۆ فرەوەهری پارێزکاران پێشکەشیان هێنابێ.

٤٧

فرەوەهرەکانی توانای پارێزکاران، هاوڕێ لەگەڵ (مێهر) و (ڕەشن) و (داموییش ئەوپەمەن) و (باد)ی زاڵ ڕوودەکەنە ئەو جەنگاوەرانەی کە بۆ یەکەم جار بەشێوەی ڕاست و بێ ئالایش و بڕوای پاک و یەقین، نیایشیان بکات.

٤٨

ئەولای کە فرەوەهرەکانی پاک و (مێهر) و (ڕەشن) و داموییش دوژمنان دەکوژن بەیەک زەخمە لێیان دەخەن

پەنجاها، سەدها، سەد هەزارها، هەزارها هەزارها.(١)

## کوردەی سێزدەهەم

٤٩

سپاس و ستایش بۆ فرەوەهرەکانی پاکی پارێزکاران کە لە کاتی (هەمەسپتمدەم)(٢) لە ئارامگاکانی خۆیان دێنەدەر و دەشەوی پەیتاپەیتا بۆ ئاگادار بوون، لە جیهانی خاکیدا دەژین.

٥٠

کامە کەس ستایشمان دەکات و پێماندا هەڵدەڵێت؟

کامە کەس سروودی ستایشی ئێمە دەخوێنێت و دەبێتە هۆی شادیمان؟

چ کەسێ دەستی دڵاوایی و لێبوردنی خۆی درێژ دەکات بەرەو ئێمە و بەهێنانی جلوبەرگ و شیر و پێشکەشی باش کە پێویستە یاریدەی ڕاستی دەدات و قەبووڵی دەکات؟

(١) ئەو ناوانەی لە کوردەی ٤٧ و٤٨دا نووسراون مەلاییکەکانی هاوکاری مێهرن.

(٢) (هەمەسپتمدەم) بەمەعنای کازیوە و بەیانی زووە لە فارسیدا کاتی صبح دەم.

ناوی کامەیەک لە ئێمە دەبات و تاریفاتمان دەکات؟

بۆ ڕۆحی کاممان ستایش دەکات و ئەو پێشکەشە چاکانەی بەکامەمان دەبەخشێت و بەرژەوەندی بێ بڕانەوە بۆ خۆی فەراهەم دەکات.

٥١

مرۆڤێ کە بەهێنانی پێشکەش و بەخشینی شیر و جلوبەرگ ببێتە هۆی شادی (فرەوەهرەکان) و ستایشی ڕاستی بکات و ئەگەر لێ ئازوردە و دڵگران نەبن ئەوە لە بارەگای ئەهورا دوعا دەکەن کە...

٥٢

بەئاواماڵێک بەرەکەت بدەیت و چارەوا و هێستری چاکیان هەبێت و ئەسپی یورغە و عەڕڕابەی قایم و چاک ڕەویان هەبێت.

ئەم ماڵە مرۆڤی تەمەن درێژ و زانا و زمانزانی هەبێت. پیاوی دڵاوا و دلێری هەبێت کە هەمیشە بەدەستەکانی بەخشش بکات و بە شیر و جلوبەرگ و ئەو پێشکەشیانەی دەگاتە ڕاستی، ستایشی ئێمە بکات.

## کوردەی چواردەهەم

٥٣

ستایش دەکەین فرەوەهرەکانی توانا و پاکی پارێزکاران کە ڕێگای درەوشاوەیان نایە بەر ئاوەکانی خولقێنراوی مەزدا. ئەو ئاوانەی کە لە پاش خەڵقی جیهان تا درەنگانێ لە جێگای خۆیاندا مەن بوون و ڕێگای ڕۆیشتنیان نەبوو.

٥٤

بەڵام ئێستا بۆ شادی (ئەهورامەزدا) و ئیمشاسپەندانێ کە مەزدا خەڵقی کردوون، بەرەو ئەو جێگایانەی کە فریشتەکان هەڵیان بژاردە و ئەو سەر زەوینانەی کە لە بەرەوە بۆیان دابینکراوە کەوتوونەتە ڕێگا.

## کوردەی پانزدەهەم

٥٥

ستایش و سوپاس بۆ ئەو فرەوەهرانەی کە لە گیای بەرز و پێکەوتوو، باغە جوانەکانیان داناوە. ئەو گیاهانەی کە پاش خەڵقی جیهان تا درەنگانێ لە جێگای خۆیان ڕاوێستابوون.

٥٦

بەڵام ئێستا بۆ شادی (ئەهورامەزدا) و ئیمشاسپەندانێ کە لە وڵاتی مەزدا خولقێنراون، لەو جێگایانەی کە سەرەتا فریشتەکان هەڵیان بژاردە و بۆ ئەم مەبەستە دانرابوون سەوز بوون.



## کوردەی شانزدەهەم

٥٧

سوپاس و ستایش بۆ فرەوەهرەکانی چاک و بەتوانای پارێزکاران کە ڕێگای چاکیان نایە بەر پای ئەستێرەکان و مانگ و خۆر و (ئەنێران)[١] کە بەر لەوە کەوتبوونە گێژاوی شەڕ و کێشەی دێوەکان و بەو چەشنەی سزاواری ئەوانە ناویان نەبوو.

٥٨

بەڵام ئێستا تا ئاخەرین پایەگاە لە دەوروگەڕاندن دان و ئەم چەرخ و دەورانە ئیدامەی هەیە تا ئاکامی جیهان و هاتنی ئاڵوگۆڕ.

## کوردەی حەڤدە

٥٩

ستایش دەکەین و سوپاس بۆ فرەوەهرەکانی چاک و پاکی پارێزکاران کە ٩٩٩٩٩ کەس لەوان نیگاهبانی دەکەن لە دەریای درەوشاوەی فراخ کەرت.

## کوردەی هەژدە

٦٠

سوپاس و ستایش بۆ فرەوەهرەکانی چاک و بەتوانای پارێزکاران کە ٩٩٩٩٩ کەس لەوان بوونەتە نیگاهبانی (حەوتتۆڕەنگ).[٢]

## کوردەی نۆزدە

٦١

ستایش دەکەین فرەوەهری چاک و پاک و بەهێزی پارێزکاران کە ٩٩٩٩٩ کەس لەوان بوونەتە نیگاهبانی پەیکەری (گەرشاسب)ی پەلکە درێژی خاوەن گورز.[٣]

## کوردەی بیست

٦٢

سوپاس و ستایش بۆ فرەوەهرەکانی چاک و پاک و بەتوانای پارێزکاران کە ٩٩٩٩٩ کەس لەوان نیگاهبانی دەکەن لە نوتفەی پاکی (سپیتەمان زەردەشت).[٤]

---

(١) ئەنێران لە ئەوێستادا بەمەعنای جێگای سەقامگیربوونی نووری بێبڕانەوەیە واتە (فروغ بێ پایان)

(٢) مەبەست (حەوتەوان) یان حەوت برایانە کە بەئەستێرەی دب اکبر دەناسرێن.

(٣) زەردەشتییەکان پێیان وایە گەرشاسب نەمردووە و، لە خەودایە تا ئاخر زەمان هەڵسێت بۆ یاریدەری (سوشیانت).

(٤) لە دینی زەردەشتدا پێیان وایە کە نوتفەی زەردەشت وا لە دەریای هاموندا و سەرئەنجام کیژی لە چیای خواجە دێتە هاموون و خۆی دەشۆرێت. نوتفەی زەردەشت بەوەسیلەی ئەو کچە دەبووژێتەوە و (سوشیانت) لە دایک دەبێت و ئەم کارە هەر هەزار ساڵ یەکجار و بۆ سێ کەڕەت تیکرار دەبێتەوە.

## کوردەی بیست و یەکەم

٦٣

فرەوەهرەکانی چاک و پاک و توانای پارێزکاران ستایش دەکەین کە دەبنە یاریدەدەری فەرماندەی جەنگی و ئەگەر ئەو فەرماندە پەیرەوی دینی ڕاستی بێ و فرەوەهرەکانی لە کردەوەکان و باوەڕی ئەو ڕازی بن دێن و لەلای ڕاستی ئەودا شەڕ دەکەن.

## کوردەی بیست و دووهەم

٦٤

فرەوەهرەکانی چاک و توانا و پاکی پارێزکاران ستایش دەکەین کە بەڕاستی زۆر لەوانە بەهێزتر و دلێرتر و زاڵتر و سەرکەوتووترن لەوەی بتوانین بەزمان باسیان بکەین.

ئەوانن فرەوەهرەکانی کە دەیان هەزار کەس لەوان دێنەخوار و دەچنە ناوهێنەرانی پێشکەشی.

٦٥

ئەی سپیتەمان زەردەشت، ئەو کاتەی کە ئاوەکانی ئاوێتە لەگەڵ (فەڕی)ی مەزدائیدا لە دەریای (فەراخ کەرت)(١) بەرەو خوار دەبەن.

فرەوەهرەکانی توانای پارێزکاران هەڵدەستن چەنای چەند هەزار - چەنای چەندین دە هەزارها...

٦٦

تا هەرکامیان بگەنە لای یەک بنەماڵەی گوندنشین و شارنشین و ئەوانەی لە نیشتمانی خۆیاندا بەشوێن پەیداکردنی ئاو دەکەون و ئاوا دەبێژن.

ئایا چارەنووس ئەوەیە نیشتمانی ئێمە کاول و وشک بێ؟

٦٧

فرەوەهرەکان کە لە گۆڕەپانی جەنگدا بۆ بەرەوانی لە ماڵ و نیشتمانی خۆیان دەجەنگن واتە بۆ ئەو جێگای کە هەرکامیان ڕۆژ و ڕۆژگاری لەوێدا نیشتەجێ بوون. ئەوان بەو چەشنەی کە مرۆڤێکی دلێر بەهەڵگرتنی چەک و کەرەسەی جەنگی لە ماڵ و دارایی و سامانی خۆی بەرەوانی دەکات دەکەونە پەیکار.

٦٨

هەر کام لەو فرەوەهرانەی کە زاڵ دەبن، بۆ گوند و شار و زەوینی خۆی ئاو دەبات و دەبێژێت. سەرزەوین و نیشتمانی من دەبێ سەرسەوز و گەشاوە بێ و گیاو درەختی سەوز و بەنەشە بن.

(١) زەردەشتییەکان دەڵێن، نوتفەی زەردەشت لە ئاوی دەریای کیانی (هاموون) دانراوە تا ئاخرزەمان کیژۆڵەیەک لە کەژی خواجە دێتە قەراخ بەحری هاموون و خۆی دەشۆرێت و لەو نوتفە ئاوس دەبێت و سوشیانت لەو دەبێت و...



٦٩

هەر کاتێ دوژمنانی ڕق ئەستوور و قین لە دڵ، دژ بەپادشای توانای وڵات هەڵسن، ئەو شاریارە داوای یارمەتی دەکات لە فرەوەهرەکان.

٧٠

ئەگەر فرەوەهرەکانی پاک و چاک و توانای پارێزکاران لەو پادشاە ڕازی بن و لێی نەرەنجابێتن بەگورجی دێنە یارمەتی و بەرەو مەڵبەندی ئەو هەڵدەفڕن بەو شێوەی کە پەلەوەرێکی تیژ باڵ هەڵدەفڕێت.

٧١

فرەوەهرەکانی یاریدەدەر، دەچن و دژ بەدرۆزنەکانی (وەرینە) و هەڵخڵەتاو و تاوانباری پەیرەوی ئەهریمەنی ناپاکی مەرگ ئافەرێن، بەچەشنی جەنگ ئەفزار و سپەر و جەوشەن دەکەونە کار و بەجۆرێ کە وای تێدەگەن بە یەک سەد هەزار و لە دە هەزار سەنگەر زەخم دارژابێت.

٧٢

بەم شێوە نە تێغی تیژ و نە گورزی گران و نە تیری چاک هاوێژراو و نە بەردی قەڵماسکێ کە بەهێزی بازووانی قەوی فڕێ درابێت، فریایان ناکەون.

٧٣

فرەوەهرەکانی ئارام و ئاسوودەی چاک و توانا و پاکی پارێزکاران دەردەکەون و خۆیان ئامادە دەکەن تاکو تێبگەن.

(بەندی پەنجاهەمین لێرەدا دووبارە دەکەنەوە.)

٧٤

خوو و ڕەوشی ئافەریدە ستایش دەکەین، دینی سوشیانتەکان ستایش دەکەین. ڕەوانی چوارپایانی ماڵی و دەستەمۆ ستایش دەکەین، ڕەوانی گیاندارانی جیهانی خاکی ستایش دەکەین، ڕەوانی گیانلەبەرانی ئاوەزی ستایش دەکەین. ڕەوانی خەزەندەکان ستایش دەکەین، ڕەوانی باڵندەکان ستایش دەکەین. ڕەوانی گیاندارانی بیابانگەڕ ستایش دەکەین، ڕەوانی چەرەندەکان ستایش دەکەین...فرەوەهرەکانی ئەم گیاندارانە ستایش دەکەین.

٧٥

ستایش بۆ فرەوەهرەکان، جوانمێران ستایش دەکەین، دلێران ستایش دەکەین، دلێرترین دلاوەران ستایش دەکەین، پاکان ستایش دەکەین بەهێزەکان و بەهێزترینیان ستایش دەکەین، ئەوانەی لەسەر عەهدی خۆیان ڕاوێستاون ستایش دەکەین، ئەوانەی زاڵ و سەرکەوتوون ستایش دەکەین، تێکۆشەران و چالاکەکان ستایش دەکەین، تێکۆشەرترین تێکۆشەران ستایش دەکەین.

٧٦

چونکە فرەوەهرەکانی چاک و توانا و پاکی پارێزکاران لەناو خۆڵقێنراوەکانی دوو گەوهەردا، تێکۆشترین کەسانن و بەرلەوە (سپەندمینو) و (ئەهریمەن) سەرقاڵی کاری ئافەرینش بوون، ئەوان لەوێدا هەڵسان و تێکۆشانی بێ وچانی خۆیان دەست پێکرد.

٧٧

ئەو کاتەی کە ئەهریمەن بەزیانی خوڵقاندنی ڕاستیدا پەڕی (بەهمەن) و (ئازەر) دەرکەوتن.

٧٨

ئەوان، دوژمنایەتی ئەهریمەنی نابەکاریان تێکشکاند بەچەشنێ کە نەیتوانی سەرکەوێت و بەر بەحەرەکەتی ئاوەکان و سەوزبوونی گژوگیا بگرێت. ئاوەکانی خوڵقێنراوی (مەزدا) ئەو شاریارە یەگانە و بەتوانا بێ هیچ ماتڵ بوون کەوتنە ڕێگا و گژوگیا و درەختیان سەوز کرد.

٧٩

ستایش بۆ هەموو ئاوەکان ئافەرین و ستایش بۆ هەموو گیاکان ستایش دەکەین هەموو فرەوەهرەکانی چاک و توانا و بەهێزی پارێزکاران. ناوی گیاکان دەبەین و ستایشیان دەکەین. ناوی فرەوەهرەکانی چاک و پاک و توانای پارێزکاران دەبەین و ستایشیان دەکەین.

٨٠

ئێستا کە لە نێوان هەموو فرەوەهرەکانی ئەزەلی سوپاس و ستایش دەکەین فرەوەهری (ئەهورامەزدا)ی مەزن، کە مەزنترین و جوانترین و خۆڕاگرترین و زاناترین و پێکەوتووترین و لە ڕاستیدا خاوەن شکۆتر و پایەبەرزتر لە هەموو فرەوەهرەکانە.

٨١

کورنوش دەبەینە بەر فرەوەهری (مەزدا) کە ڕەوانی سپی و ڕووناک و درەوشاوەی بریتییە لە گوتاری مینەوی و ئەو پەیکەرانەی کە لە سێبەری ئەودا پەیدا دەبن. جوانترین و مەزنترین پەیکەری ئیمشاسپەندان. خۆرەتاوی بێ بڕانەوە ستایش دەکەین کە بەوێنەی ئەسپێکی تیژڕەوە.

## کوردەی بیست و سی

٨٢

سوپاس و ستایش بۆ فرەوەهرەکانی چاک و پاک و توانای پارێزکاران و فرەوەهرەکانی ئیمشاسپەندان، ئەو شاریارانە تیژچاو و باڵابەرز و هەرە زۆردار و دلێری ئەهورایی، ئەوانەی بۆ هەتاهەتایە پاکن، ستایش دەکەین.

٨٣

کە هەر حەوت کەس بەیەک جۆر بیردەکەنەوە، کە هەر حەوتیان کرداریان بەرانبەرن و (ئەهورامەزدا)



گەورە و سەروەر و مەزنی هەموانە.

٨٤

هەرکام لەوان دەتوانێ ڕەوانی ئەویتر کە بەکردەوە و بیر و گوتاری چاک و (گەرزەمان) بیر دەکاتەوە، سەرنج بدات لەو کاتەی کە ڕوودەکەنە هێنەرانی پێشکەشی (زور) و ڕێگای ئەوان لەوێدا ڕووناک و دیارە.

## کوردەی بیست و چوار

٨٥

ستایش دەکەین و سوپاس بۆ فرەوەهرەکانی چاک و پاک و بەتوانای پارێزکاران، فرەوەهری ئازەر (ئاوروئەزێشتە)(١) پاکی ئەنجومەن و فرەوەهری (سرووش)ی پاک و دلێر و فەرمانبەردار و گورزی بەهێزی ئەهورایی و فرەوەهری (نەریو سەنگ) ستایش دەکەین.

٨٦

فرەوەهری (ڕەشن) ڕاستترین ئافەریدەکان و فرەوەهری (مێهر) خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین و فرەوەهری گوتەی چاکی بەهەشتی و فرەوەهری ئاسمان و فرەوەهری ئاو و فرەوەهری زەوین و فرەوەهری گیا و فرەوەهری هێستر و فرەوەهری کەیومەرس و فرەوەهری دوو جیهانی پاک، ستایش دەکەین.

٨٧

فرەوەهری (کەیومەرس)ی پاک ستایش دەکەین، ئەو یەکەم کەس بوو کە بەوتار و ئامۆژگاری (ئەهورامەزدا) گوێ داوە و ماڵباتی سەر زەوینەکانی ئاریایی و تەوەرەی ئاریایی لەو پەیدا بوون... ئێستاکە، دلاوایی و لێبوردن و بەخشینی فرەوەهری (سپیتەمان زەردەشت)ی پاک ستایش دەکەین و کورنوشی دەبەینەبەر.

٨٨

یەکەم کەس کە چاک بیری کردەوە، یەکەم کەس کە بەچاکی هاتە ئاخافتن، یەکەم کەس کە کردەوەی چاک بوو، یەکەم ئاگرەوان، یەکەم جەنگاوەر، یەکەم وەرزێر، یەکەم بارهێنەر و ئامادەکەری چارەوا، یەکەم کەس کە فێر بوو و یەکەم کەس کە خەڵکی فێر کرد، یەکەم کەس کە ئایینی ڕاستی ئەهورای قەبووڵ کرد، یەکەم کەس کە هێستر (ئەسپ و چارەوا) و ڕاستی و گوتەی بەهەشتی و پەیڕەوی کردن لە گوتاری مینەوی و شاریاری مینەوی و هەموو ئەو شتانە و ئەو خەسڵەتە چاکانەی خوڵقێنراوی مەزدا کە بەڕاستییەوە بەستراون... وەری گرت.

(١) urvazista: وەکو دیارە ئاور ناوێکی کوردییە و ئەم ناوە لێرەدا یەکێ لە چەشنەکانی پەنجگانەی ئاگرن کە بەگژوگیا و چێو دەسووتا.

٨٩

یەکەم ئاگرەوان، یەکەم جەنگاوەر، یەکەم وەرزێر، یەکەم بارهێنەری چارەوی، یەکەم کەس کە ڕووی لە دێوەکان وەرگێڕا و مرۆڤەکانی ئامۆژگاری کرد و باری هێنان، یەکەم کەس کە لە جیهانی خاکیدا نیایشی (ئەشیم و هو...)ی خوێند، یەکەم کەس کە نەفرینی کرد لە دێوەکان و بەئاشکرا دووپاتی کردەوە کە مەزداپەرست و پەیڕەوی ئایینی زەردەشتی و دینی ئەهورایی و دوژمنی دێوەکانە.

٩٠

ئەوە یەکەم کەس کە بۆ یەکەم جار لە جیهانی خاکیدا ئەو گوتەی دینی ئەهورای خوێندەوە کە بەزیانی دێوەکانە. ئەوە یەکەم کەس کە لە جیهانی خاکیدا موژدەی هێنا و ئەوەی لە ئایینی ئەهورادا بەزیانی دێوەکانە خوێندەوە، ئەوە یەکەم کەس کە لەم جیهانی خاکیدا ئەوەی کە پێوەندی بەدێوەکان هەیە، نایە ئەولا و درکاندی کە ئەمانە بۆ ستایش و نیایشی ئەهورا نابن و تایبەتی دێوەکانن، ئەوە دلێری سەراسەر ژیانی خۆش و یەکەم مامۆستای سەرزەوینەکان.

٩١

هەر ئەوە کە وتەکانی پەنهانی مینەوی لە سروودی (ئەشیم و هو...) ئاشکرا کرد. ئەوە کە فەرمانڕەوای جیهانی خاکی و سەروەری موقەددەسی دونیایە، ئەوە ستایشگەری ڕاستی و مەزنترین و باشترین و چاکترین ئافەریدە و پەیامهێنەری دینی کە باشترین دینەکانە.

٩٢

ئەوە کە هەموو ئیمشاسپەندان، هاواهەنگ لەگەڵ خۆردا بەخواستی خۆی و بۆ شادمانی دەروونی لایەنگری پاک و بێخەوش ستایشیان کرد و ئەویان بەناوی فەرمانڕەوای جیهان و سەروەری موقەددەسی دنیا و ستایشگەری ڕاستی و مەزنترین و باشترین و چاکترین ئافەریدە و پەیام هاوەری دینێ کە باشترین دینە شناسیوە.

٩٣

ئەو کاتەی لەدایک بوو و پای گرت، ئاوەکان و گیاکان شادومان بوون، بەکاتی زاین و گەورە بوونیدا، ئاوەکان و گیاکان شانازییان کرد، بەکاتی زاین و گەورە بوونیدا، تەواوی خولڤێنراوەکانی (سپەندمینو) موژدەی ڕزگارییان بەخۆیان دا.

٩٤

ئەی خۆش بەرۆژگاری ئێمە، کە یەک ئاگرەوانی پاک (سپیتەمان زەردەشت) لە دایک بوو. ئێستا و دوا، زەردەشت بەهێنانی پێشکەشی (زور) و (بەرسەم) سەر بەرز دەکات لەمەودوا، دینی چاکی مەزدا لە ڕووی حەوت وڵاتی زەویندا بڵاو دەبێتەوە.

٩٥

لەمەودوا (مێهر) خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین دەبێتە پشتیوانی فەرمانڕەوایانی وڵات و ئاژاوەکان



دادەمرکێنێت. لەمەودوا (ئەپم نپات)ی بەهێز، دەبێتە یاریدەدەر و پشتیوانی هەموو سەردارانی وڵات و لغاو دەکاتە دەم ئاژاوەگێڕان. ئەمەیە پارێزکاری و فرەوەهری (مەدیوماه)(١)ی پاکی کوڕی (ئاراستی) ستایش دەکەین... یەکەم کەس کە بەگوتار و ئامۆژگاری(٢) زەردەشت گوێی داوە...

## کوردەی سی و یەکەم

١٤٣

کوڕنوش دەبەینە بەر فرەوەهرەکانی پیاوانی پاکدینی هەموو سەرزەوینەکانی ئێرانی...ستایش دەکەین فرەوەهرەکانی ژنانی پاکدینی سەرزەوینەکانی ئێرانی، هەروا ستایش دەکەین فرەوەهری پیاوانی پاکدینی تورانی و ستایش بۆ فرەوەهرەکانی پیاوانی پاکدینی (سەئیریەم)(٣) و هەموو فرەوەهرەکانی ژنانی پاکدینی سەرزەوینەکانی (سەئیریەم).

١٤٤

ستایش دەکەین فرەوەهرەکانی پیاوانی پاکدینی سەرزەوینەکانی (ساییِن)(٤) و ستایش دەکەین فرەوەهرەکانی ژنانی پاکدینی (سایینی) و هەروا فرەوەهرەکانی پیاوانی پاکدینی سەرزەوینەکانی (داهی)(٥) و فرەوەهرەکانی ژنانی پاکدینی سەرزەوینەکانی داهی.

١٤٥

کوڕنوش دەبەینە بەر فرەوەهرەکانی پیاوانی پاکدینی هەموو وڵاتەکان و فرەوەهرەکانی ژنانی پاکدینی هەموو کیشوەرەکان و، هەموو فرەوەهرەکانی چاک و توانا و پاکی پاکان، لە (کەیومەرسەوە)(٦) هەتا (سوشیانت)(٧)ی پیرۆز و سەرکەوتوو.

---

(١) madyomah ناوی ئامۆزای زەردەشت و یەکەم کەس کە دینی ئەوی قەبووڵ کرد... بەڕاستی شەباهەتی مەدیوماه لەگەڵ حەزرەتی (عەلی) (علیە السلام)، لێرەدا زۆر جێگای سەرنجە چونکە ئەویش ئامۆزای حەزرەتی محمد (ص) بوو و لە دینی ئامۆزای پشتیوانی کرد... تاریخ چەند جار دووپات دەبێتەوە؟

(٢) arasti: ناوی باوکی مەدیوماه و مامی زەردەشت بووە... لە ناوەکانیش دیارە کە لە سەردارانی (ماد) بوون و شایەد سەرۆکی مادەکان؟

– بەندی ٩٦ تا١٤٢ لە مەتنی ئەسڵیدا لابراوە هەموویان ستایش فرەوەهرەکان دەکەن.

– وا دەردەکەوێت... فرەوەهر کە لە کوردیدا بەمەعنای خاوەنی (بەهرەی فرەوان) و هێنەری (بەهرەوبەرەکەتە) بریتییە لە ڕۆحی مرۆڤ کە بەباوەڕی هەموو دینەکان ڕۆح جاویدانە و دەمێنێ بۆ ڕۆژی پەسڵان.

(٣) سەئیریەم... ناوی وڵاتی ترە و پێم وایە ئەو ناوچەیە لای لوڕستان کە پێی دەڵێن سەیمەرە.

(٤) سایینی مەعلوم نەکراوە کام جێگایە بەڵام بەبڕوای من ئەو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە کە ئێستایش بە (ساییِن دژ) مەشهورە.

(٥) وڵاتی داهی: بەگومانی من ناوی قەدیمی ناوچەی دەماوەندە لە ئێران.

(٦) کەیومەرس یەکەم کەسە لە دینی زەردەشت و مامۆستای ئینسانە و لە مەقامی حەزرەتی (ئادەم)دایە و شایەد ناوی ئادەم بێ.

(٧) لە دینی زەردەشت دا وەکو هەموو دینەکان بەتەمای (موعود)ن وەکو لە ئیسلامدا پێی دەڵێن (مهدی– عج) ئەمانیش دەڵێن (سوشیانت) و چون ئێمە دەبێژین (لە ئادەم تا خاتەم) ئەمانیش دەڵێن لە کەیومەرس تا سوشیانت.

ع.ف

١٤٦

دەی با فرەوەهرەکانی (چاکەکان) بەم زووانە بێنە دیدارمان و دەی بەشکۆ ئەوانە بێنە یارمەتیمان و لەو کاتەی تووشی تەنگانە دەبین بەپشتیوانی ئاشکرای خۆیان بمان پارێزن، بەوێنەی پشتیوانی (ئەهورامەزدا) و (سرووش)ی پاک و (سپەندمەنتر)ی زانا، ئەو پەیکی دوژمنی دێوکە مالّی (ئەهورامەزدا)، واتە دوژمنی دێوەکانە و زەردەشتی بۆ ناردە جیهانی خاکی تا ببێتە پەناو دالّدەی پاکان.

١٤٧

ئەی فرەوەهرەکانی پارێزکاران... ئەی چاکان، ئەی ئاوەکان، ئەی گیاکان... بێنە خوار و بەشادومانی و بزەوە لەم مالّە دانیشن.

ئەی تەوانایان... ئەی تواناترین توانایان.

لێرەدا ئاگرەوانانی وڵات بەبیری چاکەوە دەستەکانیان بۆ ستایشی ئێوە هەڵهێناوە و بۆ زالّبوون و سەرکەوتنی ئێمە دوعا دەکەن.

١٤٨

ئێستاکە، کورنوش دەبەینە بەر فرەوەهرەکانی هەموو پیاوان و ژنانی پاک، چونکە ڕەوانی ئەوان لایەقی ستایشە و فرەوەهرەکانیان شایستەی دادخواهییە... ئەمیستا ستایش دەکەین فرەوەهرەکانی هەموو پیاوان و ژنانی پاکدین، ئەوانەی کە (ئەهورامەزدا)ی پاک بەستایشی ئەوان، پاداشی ئێمە دەداتەوە.

ئەز بۆ خۆم لە زەردەشتم بیستووە کە لە ناو هەموو پاکدینەکاندا (زەردەشت) یەکەم مامۆستا و چاکترین ئامۆژگاری ئایینی ئەهورایییە.(١)

١٤٩

ئەمیستا (گیان) و (دین) و (بۆن) و (رەوانی) و فرەوەهری یەکەم ئامۆژگاران و ئەوانەی بۆ یەکەمجار ڕوویان کرد، لە ئایینی ڕاستی... ستایش دەکەین بۆ پیاوان و ژنانی پاک کە بوونەتە هۆی سەرکەوتنی ڕاستی.

ئەمیستا، گیان و دین و بۆ و ڕەوان و فرەوەهری پەیامهێنەرانی دین واتە باو و باپیرانی خۆمان کە پیاوان و ژنانی پاکدین و لەکاتی خۆیاندا بوونەتە هۆی زالّبوون و سەرکەوتنی دینی ڕاستی ستایش دەکەین.

(١) بەندی ١٤٨ بۆ خۆی پیشاندەری ئەو بۆ چوونەیە کە (زەردەشت) تاقەکەس نەبووە... زەردەشتی گەورە و یەکەم ناوی (سپیتەمان) بووە و لەپاش ئەو جێنشینەکانی بوونە زەردەشت و هەروەکو (خەلیفە) یان (پاپ) یان (أمير المومنين) کە بەوانیان دەگوت (زەردەشتوم) و ئەو باس و خواسەی لەسەر جێگای ژیانی زەردەشت بەم چەشنە کۆتا دەبێ و گومان لەوەدا نییە (سپیتەمان) کوردە و بناغەدانەری دین و لێرەشدا نەقلی لێ کراوە.
ع.ف



١٥٠

سوپاس و ستایش بۆ ئامۆژگارانی ئایینی ڕاستی کە بەر لەمە لە مالّبات و گوندەکان و شارەکان و وڵاتەکاندا ژیاون.

سوپاس و ستایش بۆ ئەو ئامۆژگارانە و ئەو مامۆستایانەی کە ئەمیستا لە مالّباتەکان و گوندەکان و شارەکان و وڵاتەکاندا دەژین.

سوپاس و ستایش بۆ ئەو مامۆستا و ئامۆژگارانەی دینی ڕاستی کە لە مالّباتەکان و گوندەکان و شارەکان و وڵاتەکاندا، لە داهاتوودا دێنە مەیدان.

١٥١

ستایش دەکەین و ڕێزدەگرین لە مامۆستایان و ئامۆژگارانی دینی ڕاستی لە مالّباتەکان و گوندەکان و شارەکان و وڵاتەکان کە بناغەی ڕاستییان دانا و لە گوتاری ئیزەدی و هێمنایەتی ڕەوان بەشێوازی جۆراوجۆر لە شادکامی بەرخوردار و بەشدار بوون.

١٥٢

زەردەشت، فەرمانڕەوای جیهانی خاکی و سەروەری مینەوی دنیا و یەکەم ئامۆژگاری دینی سەرانسەری جیهانی ژێرین ستایش دەکەین و ڕێزی لێ دەگرین چونکە ئەو چاکترین خوازیاری چاکی گیانلەبەرەکان، باشترین شاریاری مەخلّوقات، خاوەن شکۆترین مەخلّوقات، زاناترین و وریاترین مەخلوقات، پێکەوتووترین و لێهاتووترین مەخلوقی سزاواری ستایش لەنێو خولّقێنراوەکاندا، شایستەترین و لایەقترین کەس لە مەخلّوقات کە بۆی هەیە داوای خۆشنوودی بۆ بکەین، سزاوار و لایەقی ئافەرین و تەحسینە و بەڕاستی لەلای هەرکام لە مەخلّوقاتدا هەر ئەو لایەقی ستایش و سزاواری نیایشە و بەڕاستی و سەداقەت ڕازاوەتەوە و تەحسین دەکرێت.

١٥٣

ئەم زەوینە ستایش دەکەین، ئەو ئاسمانە ستایش دەکەین، هەرچی کە لە نێوان زەوین و ئاسمان چاکە، ستایش دەکەین، هەرچی کە سزاواری ستایش و لایەقی نیایش و بۆ پیاوی پارێزکار جێگای ڕێزە، ستایش دەکەین.

١٥٤

سلاّو لە ڕەوانی گیانلەبەرانی قازانجداری سەرزەوین، ستایش دەکەین بۆ ڕەوانی پیاوان و ژنانی پارێزکار لە هەر سەرزەوینێکدا، واتە ئەو ژنان و پیاوانی پارێزکارە کە خاوەنی بڕوا و دینی چاکن و لە سێبەری دینی پاکدا سەرکەوتوون.

١٥٥

گیان و دین و بۆن و ڕەوان و فرەوەهری پیاوان و ژنانی پاک کە بەشداری دینی ڕاستی و ئاگادارن و ئێستاکە پاکدینن یان لە ڕابردوودا بوون و یا لە داهاتوودا دێن ستایش دەکەین، چونکە بۆ وەچەنگ

هێنانی ڕاستی تێکوشاون و سەرکەوتوون.

(مەزدائەهورا) لەناو ئافەریدەکانی خۆیدا ئەو ژنان و پیاوانە دەشناسێت... ئێمە لەو ژن و پیاوانە ڕێز دەگرین.

زەردەشتی گەورە لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژێراوە، ئەو سەروەری مینەوییە کە لە خەزانەی کردەوەکانی خۆیدا، لە کرداری چاکی مرۆڤ پاسداری دەکات و لە ڕۆژی پەسلاندا ئەوانە دەهێنێتە خزمەتی (مەزدا).

شاریاری (مەزدا) و بەزەیی ئەو بۆ کەسێکە پاسدار و نیگاهبانی هەژاران و بێ نەوایانە.

**١٥٦**

دەی با وابێ کە فرەوەهرەکانی هەرە بەهێزی زاڵ و سەرکەوتووی پارێزکاران هاوڕێ لەگەڵ فرەوەهرەکانی ئامۆژگارانی سەرەتایی ئایینی ڕاستی و فرەوەهری پاکی پێغەمبەران، بەشادی و خۆشحاڵییەوە بێنە ئەم ماڵە.

**١٥٧**

با وابێت کە فرەوەهرەکانی پاکان بێن بۆ ئەم خانووە و شاد و خۆشنوود بن و بەم چەشنە داوای لێبوردن و جەزای چاکە بکەن بۆ ئۆمەت. دەی با وابێت کە ئەو فرەوەهرانە لەم ماڵە بەخۆشحاڵی بگەڕێنەوە.

با وابێ کە فرەوەهرەکان بتوانن دوعا و نزا و پاڕانەوەی ئێمە ببەن بۆ لای ئافەریدەگار (ئەهورامەزدا) و بەئیمشاسپەندانی بگەینن.

مەبادا بقەومێت کە فرەوەهرەکان ڕازی نەبن و بەگلەمەندی و ناڕەزایی بگەڕێنەوە و لە ئێمەی مەزداپەرست دوورکەونەوە.

**١٥٨**

زەردەشتی گەورە لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژێراوە، ئەوە سەروەری مینەوی کە لە خەزێنەی کردەوەکانی خۆیدا لە کرداری چاکی مرۆڤ پاسداری و چاوەدێری دەکات و لە رۆژی پەسلاندا دەیانباتە خزمەتی (مەزدا).

شاریاری و بەزەیی (مەزدا) بۆ ئەو کەسەیە کە چاودێر و نیگاهبانی هەژاران و بێ نەوایانە.

ئافەرین بۆ فرەوەهرەکانی هەرە توانای پاکدینان.

ئافەرین بۆ فرەوەهرەکانی ئامۆژگارانی پێشووی ئایینی ڕاستی.

سڵاو لە فرەوەهرەکانی پەیام هاوەران (پێغەمبەران).

ڕاستی باشترین تۆشە و مایەی ژیانی چاکی داهاتووە...

ڕۆژگاری چاک بۆ ئەو کەسە سزاوارە کە ڕاستکردار بێت و خوازیاری باشترین ڕاستی بێت.

شکۆ و مەزنایەتی و لەش ساخی و خۆڕاگرتنی لەش و زاڵبوون و بەئاوات گەیشتن و بەچەنگ هێنانی سامان و دارایی و ئاسایشی هەتاهەتایی و فرزەندی لێهاتوو و پێکەوتوو و ژیانی سەربەرزانە و تەمەنی



درێژ و بەهەشتی پاکان و چاکان و ڕووناکی و هەرچەشنە ئامراز و هۆ و کەرەسەی ئاسایش بەخش بۆ ئەو کەسەیە کە تۆ (مەزدا) بپەرستێت و ستایشت بکات.

# بەهرام یەشت(*)

(*) بەهرام لە ئەوێستادا verethraghan و لە پەهلەوی varahram بەمەعنای سەرکەوتوو و زاڵ، یەکێ لە گەورەترین ییزەدەکانی زەردەشتە و فرشتەی ڕەزم و سەرکەوتنە و نیگاهبانی ڕۆژی بیستەی مانگە و لە فارسیشدا بەئەستێرەی مەریخ دەڵێن بەهرام.

## کوردەی یەکەم

١

بەهرام... ئافەریدەی ئەهورا، ستایش دەکەین:

زەردەشت پرسیاری کرد لە ئەهورا:

ئەی ئەهورامەزدای پاک و مینەوی... ئەی ئافەریدەگاری جیهانی خاکی کامەیە لە نێوان مەلایکەتەکانی بەهەشتی تۆدا کە لە هەمووان زیاتر کەرەسە و ئامرازی جەنگی هەیە؟

ئەهورامەزدا فەرمووی

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەوەی کە لە هەمووان زیاتر کەرەسە و ئامرازی شەڕی لە پێشدایە (بەهرام) و خوڵقێنراوی ئەهورایە.

٢

بەهرام، یەکەم جار وەکو سروەییێکی فێنک و جوانی خوڵقێنراوی مەزدا بەرەولای زەردەشت هەڵی کرد و فەڕی چاکی مەزدایی و هێز و دەرمانی ئەهورایی هێنابوو.

٣

ئەو کات (بەهرام)ی هەرە بەتوانا بەزەردەشتی گوت:

ئەز بەهێزترین، سەرکەوتووترین، زاناترین، چاکترین، بەقازانجترین و، حەکیمترین حەکیم بۆ شفای نەخۆشییەکانم.

٤

ئەز، شەڕ و هەرا و پێداچوون و ئاژاوە تێکدەشکێنم، شەڕی هەموو دوژمنەکان چ بێ مەرگەکان و پەریەکان و چ کەویەکان و کەرپەنە غەددارەکان.

٥

کوڕنوش دەبەینە بەر (بەهرام) کە (مەزدا) بەنوور و شکۆی خۆی خوڵقاندوویەتی. بەهێنانی (زور) ستایشی (بەهرام) دەکەین کە خوڵقاوی مەزدایە.

ئێمە، ستایشی (بەهرام) دەکەین بەشێوەی سەرەتایی ئایینی ئەهورایی بەهەوم کە لەگەڵ شیر ئاوێتە کراوە و (بەرسەم) ڕادەخەین و بەزمانی عەقڵ و گوتاری جوانی مینەوی و بە(زور) و بەوتار و کردار و پنداری چاک و ئاخافتنی ڕاستی ستایشی دەکەین.

(مەزدائەهورا) بۆ خۆی چاودێرە و ئاگای لە ئاموشۆی ژنان و پیاوانی پاکدین هەیە و دەزانێ چ کەس لەوان بەشێوەی ئایینی ڕاستی، باشترین چەشنی ستایش بەجێ دێنن... ئێمەیش سوپاس و ستایش دەکەین بۆ ئەو چەشنە ژنان و پیاوانە.



## کوردەی دووهەم

٦

بەندی یەکەم لێرەدا دووپات دەکرێتەوە.

٧

(بەهرام) کە ئەهورا خوڵقاندوویەتی، بۆ جاری دووهەم لە قاڵبی بەدەنی کەڵێکی نێر و جوان بەشاخی زێڕینەوە ڕووی کردە (زەردەشت).

لەسەر شاخەکانی ئەو (ئەمە) بەلەونێکی باش سازکرابوو و بەرچاو دەکەوت.

(بەهرام)ی دەستکاری (مەزدا) بەم شێوە خۆی نواند.

(بەندی پەنجوم دووپات دەکرێتەوە)

## کوردەی سێهەم

٨

بەندی یەکەم لەم بەشەدا دووپات دەبێتەوە.

٩

(بەهرام) دەستکاری ئەهورا، بۆ جاری سێهەم لە پەیکەری ئەسپێ جوان و سپیدا و لە حاڵێکدا گوێچکەکانی زەرد و لغاوی زێڕینی لەزاردابوو ڕووی کردە (زەردەشت). لەسەر تەختی ناوچاوی ئەودا (ئەم)[1] دەرهاتبوو و زۆر چاک دەبینرا.

(بەهرام)ی دەستکاری (مەزدا) بەو چەشنە خۆی پیشان دا.

(بەندی پەنجوم دووپات دەبێتەوە).

## کوردەی چوارەم

١٠

بەندی یەکەم لێرەدا دووپات دەکرێتەوە.

١١

(بەهرام) خوڵقاو و دەستکاری (ئەهورا) لە جاری چوارەمدا چووە قاڵبی بەدەنی وشترێکی سەرمەست و گازگر و سرت و هەڵخە و لۆقە داخەکەر و تیژڕەو کە خورییەکەی بۆ جلوبەرگی مرۆڤ بەکار دەهات و بەو چەشنە خۆی بەزەردەشت پیشان دا.

١٢

وشترێ کە لە ناو نێرەکاندا بەشوێن جووتی خۆیدا دەگەڕا و خاوەنی هێزێکی فرەوانە و وشترێکە کە

(١) ama: واتە هێز و دلێری و ناوی فرشتەی دلێرییە.

هەرکات رووبکاتە وشتری مێو، مەیلی زۆری بەوان هەیە و ئەو وشترە مێوانەیش لە پەنای ئاوا وشترێکی نێر و زۆرداردا هەست بەهێمنایەتی و ئاسایش دەکەن.

١٣

یەک وشتر بەرەنگی رۆشن کە چاوەکانی دووربینی ئەو لە شەوەزەنگدا وەکو چرا لە دوورەوە دایسێن، وشترێ کە لە زاریەوە کەفی سپی دێتەدەر و لەسەر ئەژنۆکان و پای چاکی خۆی ڕاوێستاوە بەشێوەی شاریارێکی تاقانە و بەهێز کە پەرۆشی خۆی دەنوێنێت.

(بەندی پەنجوم لەم بەشەدا دووپات دەبێتەوە).

## کوردەی پەنجوم

١٥

بەهرام، خولقاوی ئەهورا، بۆ پەنجومین جار چووە بەدەنی یەکانەیێکی نێر و وای دەنواند کە دەی هەوێت بەدانەکان و چنگاڵەکانی خۆی پەلامار بدات و ڕووی کردە (زەردەشت).

یەکانەیێکی وا کە ڕەقیبی بەیەک زەخم دەکوشت و هەرکاتێ ڕقی هەڵسێت کەس ناتوانێ نزیکی بکەوێت، ئەو یەکانەیێکی دلێرە بەڕواڵەتی خاڵخاڵ کە خۆی بۆ پەیکار ئامادە دەکات و لە هەرلاوە هەڵمەت دەهێنێ.

بەهرام، دەستکاری ئەهورا بەم شێوە خۆی پیشان دا.

(بەندی پەنجوم لێرەدا دووپات دەکرێتەوە).

## کوردەی شەشوم

١٦

بەندی یەکەم لێرەدا دووبارە دەخوێنرێتەوە.

١٧

بەهرام لە جاری شەشومدا بوو بەتازەلاوێکی پانزدە ساڵە و دەلال و بەڕواڵەتی جوان و چاوانی ڕووناک و پای بچکۆلەی خۆیەوە ڕووی کردە لای زەردەشت... بەهرام، دەستکاری ئەهورا بەم شێوە خۆی نواند.

(بەندی پەنجوم دەخوێنرێتەوە)

## کوردەی حەوتەم

١٨

بەندی یەکەم لەم بەشەدا دووبارە دەخوێنرێتەوە.

١٩

بەهرام خولقێنراوی ئەهورا بۆ کەرەتی حەوتەم چووە بەدەنی (شاهین) کە پەلەوەرێکە شکاری خۆی بەچنگاڵەکانی دەگرێت و بەدەندوک هەڵی دەدرێت و بەو شکڵ و شەباهەتە خۆی بەزەردەشت نواند



بەوێنەی شاهینێ کە لەناو باڵندەکانی دنیادا، بەرزەفرترین و تیژباڵترین و ئامادەترین باڵندەکانە.

٢٠

لە نێو گیانداراندا تەنها ئەوە کە خۆی لە زەخمی تیری هاوێژراو خەلاس دەکات ئەگەرچی ئەو تیرە زۆر چاک هاوێژرابێت. ئەوە لە کاتی کازیوەی بەیاندا بەشێوەی ڕێکوپێک و لە هەڵفڕیندایە و لە سەلای بەیان تا کاتی خەوتنان بۆ وەچەنگ خستنی مێلاک لە گەڕان و هاتوچۆدایە.

٢١

ئەوە کە لە تەنگەبەری چیاکاندا شاباڵی خۆی بڵاودەکاتەوە و هەروا لە سەر لوتکەی کەژەکان و لە قوولایی دۆڵەکان و لەسەر چۆمەکان و بەسەر بەرزاییی و لق و پۆپی دارەکاندا شاباڵی خۆی ڕاکێشاوە و بۆ ئاوازی پەلەوەرەکان گوێی ڕایەڵە، بەهرام، خولقێنراوی ئەهورا بەم شێوە خۆی دەنوێنێت.

## کوردەی هەشتوم

٢٢

بەندی یەکەم لێرەدا دووپات دەبێتەوە.

٢٣

بەهرام، بەندەی ئەهورا بۆ جاری هەشتەم چووە بەدەنی یەک سەر بەرانی کێوی و پێکەوتوو و جوان و بەشاخی پێچاوپێچ و قەشەنگەوە ڕووی کردە زەردەشت... بەهرام بەندەی ئەهورا بەم شێوە خۆی نواند.

بەندی پەنجوم لێرەدا دووپات دەبێتەوە.

## کوردەی نۆهەم

٢٤

بەندی یەکەم لێرەدا دووبارە دەبێتەوە.

٢٥

بەهرام، کە ئافەریدەی ئەهورایە، بۆ کەرەتی نۆهەم چووە قاڵبی بەدەنی بزنەکێوی جوان کە دارای شاخەکانی سەرتیژبوو هات بۆ لای زەردەشت و خۆی پێ نواند.

بەندی پەنجوم دووپات دەبێتەوە.

## کوردەی دەهەم

٢٦

بەندی یەکەم دووپات دەبێتەوە.

٢٧

بەهرام لەجاری دەهەمیندا چووە کالبودی پیاوێکی شکۆدار و پێکەوتووی دەستکاری مەزدا کە دشنەیێکی بەزێڕ کوتراوی بەدەستەوە بوو و جلوبەرگەکانی بەزێڕ و گەوهەری جوانی جۆراوجۆر ڕازابوونەوە

و چووه لای زەردەشت، بەهرام ئافەریدەی مەزدا بەم شێوە خۆی نواند.

بەندی پەنجوم دووپات دەکرێتەوە.

## کوردەی یازدەهەم

٢٨

سوپاس دەکەین لە (بەهرام) خولـقـێنراوی (ئەهورا) کە پیاوان دلێر دەکات و جوربزەیان دەداتێ و نەیاران دەمرێنێت و هەموو شتێ تازە دەکاتەوە و ئاشتی و ئاسایش بەدیاری دەهێنێت و هەموویان بەچاکی و خۆشی دەگەیێنێتە ئاکام.

(زەردەشت)ی پاک بۆ سەرکەوتن لە بیر و کردەوە و گوتاری چاک و بۆ زاڵبوون لە کاتی پرسیار و وەڵامدا، نیایشی بەهرام دەکات.

٢٩

(بەهرام) کە خولقێنراوی (ئەهورایە) تۆی بەپیت و بەرەکەتی لەگەڵ هێزی باسک و لەش ساخی و بەرەوانی بەدەن و هێزی بینایی چاوانی بە (زەردەشت) عەتا کرد. ئەوەندە هێزی بینایی پێدابوو کە بەوێنەی ماسی (کەرە)[1]ی ناو ئاو توانای هەبوو و دەیتوانی باریکترین ڕشتەی شەپۆڵەکان لە چۆمی (ڕەنگەها)ی دوورەقەراخ بەقووڵایی باڵای هەزارکەس ئادەمیزاد ببینێت.

## کوردەی دوازدەهەم

٣٠

بەندی بیست و هەشت لێرەدا دەخوێننەوە.

٣١

(بەهرام) کە بەندەی (ئەهورایە) بەزەردەشت تۆی پڕ پیت و بەرەکەت و بارهێنەری هاوڕێ لەگەڵ هێزی باسکەکان و لەش ساخی و بەرەوانی بەخشی و ئەوەندە هێزی بینایی پێدابوو کە هاوتایی بینایی ئەسپی دەکرد و دەیتوانی لە شەوەزەنگی بێ ئەستێرە و بەهەور داپۆشراودا، تاڵێ مووی ئەسپ کە لە یاڵ و کلکی چارەویی داکەوتبێت بدۆزێتەوە.

## کوردەی سێزدەهەم

٣٢

(بەندی بیست و هەشتەم دووپات دەکرێتەوە).

٣٣

(بەهرام) کە بەندی (ئەهورایە) بە(زەردەشت) تۆی پڕبار و هێزی بازووەکانی لەگەڵ بەرەوانی و لەش ساخی بەخشی و ئەوەندە هێزی بینایی پێدابوو کە بەوێنەی کەرکەسێ زەرین تەوق دەیتوانی لەتێ گۆشت

(١) Kara ناوی چەشنێ ماسی ئەفسانەیی بووە لە دەریای فەراخ کەرت.



بەئەندازەی مشتی ئادەمیزادێک لە دوورەوە بەئەندازەی دووری نۆ وڵات بدۆزێتەوە هەرچەند بەوێنەی یەک دەرزی بدرەوشێت و یان بەئەندازەی سەری یەک دەرزی بێ.

## کوردەی چواردە

٣٤

(بەهرام) خولقێنراوی ئەهورا ستایش دەکەین.

زەردەشت لە ئەهورای پرسیار کرد: ئەی (ئەهورامەزدا)ی مینەوی و پاک، ئەی ئافەریدەگاری جیهانی خاکی ئەگەر جادووی پیاوانی بەدخواز بمشەمزێنێت، چارەم چییە؟

٣٥

(ئەهورامەزدا) وەڵامی دایەوە:

ئەی (زەردەشت)... پەلێ گەورە لە شاباڵی هەڵۆ پەیدا بکە و بیساوە بەلەشی خۆتا و بەو شێوە، سیحر و جادووی دوژمن پووچەڵ دەبێتەوە.

٣٦

هەر کەس (پێشە) یان پەلی ئەم باڵندە دلێرەی پێبێت هیچ پیاوێکی توانا و زۆردار ناتوانێ زەفەری پێببات و بیکوژێت، چونکە پەلی ئەو پەلەوەرە مەزنە، فەڕی فرەوان بەوکەسە دەدات کە هەڵیگرتووە و دەیخاتە پەنای خۆی.

٣٧

دەی کەوابوو، فەرمانڕەوا و سەرداری وڵات ناتوانێت بەجارێ سەد کەس لەوانەی پەلی شەهێنیان هاپێ بکوژێت... ئەو تەنها دەرەقەتی یەک کەس دێت و دەڕوات.

٣٨

ئەو کەسەی پەلی شەهێنی پێیە، دەبێتە خاوەنی هەیبەت و شکۆ و هەموان سڵی لێ دەکەن، بەچەشنێ کە هەموو دوژمنان بۆ گیانی خۆیان لە (من): ئەهورا، دەترسن و لەو هەموو هێز و زاڵبوونەی من خۆف دەکەن.

٣٩

ئەو هێز و زاڵبوونەی کە فەرمانڕەوایان خوازیاری ئەون، ڕۆڵەکانیشیان بەتەمان و هەموو ناودارانیش خوازیارن.

کاک کاووس خوازیاری ئەوەبوو و دەیەویست بەئەندازەی ئەسپێ یان بەقەدەر وشترێکی سەرمەست و یا بەڕادەی قودرەتی ئاوێکی سزاواری گەمیوانی هێزی هەبێت.

٤٠

ئەو هێزی زاڵبوونە (فەرەیدون) هەیبوو و توانی (ئاژیدهاک) کە خاوەنی سێ قەپۆز و سێ سەر و

شەش چاو و هەزار چەشنە فێڵ و تەڵەکە بوو شکەست بدات. ئەو (ئاژیدهاک) زلهێزێکی درۆ و دێومانەند و هەرە زۆرداربوو کە ئەهریمەن بۆ نابوودکردنی جیهانی هەستی خوڵقاندبووی.

## کوردەی پانزدەهەم

٤١

سوپاس و ستایش بۆ (بەهرام) کە ئەهورا خوڵقاندوویەتی... دەی با فەڕ و شکۆی (بەهرام) بەرەکەت بدات بەم ماڵە و کەللەی گای تێدابێت و بەو شێوەی کە هەوری بارانزا و (سیمورغ) چیاکان دادەپۆشن.

## کوردەی شانزدە

٤٢

(بەهرام) ستایش دەکەین کە عەبدی (ئەهورایە).

زەردەشت لە ئەهورای پرسی:

ئەی ئەهورامەزدای پاک و مینەوی، ئەی ئافەریدەگاری جیهانی خاکی، بەمن بێژە کە بەهرام لە چ جێگاییێک ناو ببەین و داوای یارمەتی لێ بکەین؟... لە کوێی ئەو ستایش دەکەین و نیایشی بکەین؟

٤٣

ئەهورامەزدا لە وەڵامدا گوتی: ئەی سپیتەمان زەردەشت ئەوکاتەی دوو سوپا لە بەرانبەری یەکدا ڕادەوێستی بەڵام پێشڕەوانی سوپا سەرناکەون و تێشکاوەکان تووشی شکەستی دواجاری نابن.

٤٤

لە سەر ڕێگای هەردوو سوپادا، چوارپەل لە باڵی شەهێن بڵاو بکەرەوە.

ئەو سوپای کە بۆ یەکەم جار و زووتر بگاتە لای (ئەم)ی جوان چاک و قەد و باڵا جوان و (بەهرام)ی خوڵقێنراوی ئەهورا و پێشکەشیان بداتێ سەرکەوتن دەکاتە بەشی خۆی و زاڵ دەبێت.

٤٥

ئافەرین بۆ (ئەم) و (بەهرام) کە هەردووکیان پشتیوان و پاسدارن.

دەی با هەردووکیان بەم لاولادا هەڵبفڕن... دەی با هەردووکیان بۆ سەرەوە هەڵبفڕن.

٤٦

ئەی زەردەشت

ئەم گوتەی خودایییە بەهیچ کەس، جگە لە باوک یا برای دایک و بابی یا ئاگرەوان فێرمەکە، ئەمە وتەییێکە بەهێز و هەتاهەتایی، بەهێز و بەربڵاو و سەرکەوتووی سەرزمان و دڵان، گوتەییێکی دەرمانبەخش کە پەرێشانی لەسەر دەردەکات و مەڵهەمی سەر برین و زامەکانە.

(بەندی پەنجوم لێرەدا دووپات دەکەنەوە).



## کوردەی حەڤدە

٤٧

سوپاس و ستایش بۆ (بەهرام) کە خوڵقێنراوی ئەهورایە و هاوڕێ لەگەڵ (مێهر) و (ڕەشەن) دەچێتە ناو تیپ و دەستە ڕازاوەکانی جەنگاوەران و پرسیار دەکات.

– چ کەس لەگەڵ (مێهر)دا درۆی کردووە؟

– چ کەس ڕووی خۆی لە (ڕەشەن) وەرگێڕاوە؟

مەرگ و نەخۆشین بکەمە بەشی چ کەسێ... چونکە ئەز توانای ئاوا کارگەلێکم هەیە.

٤٨

(ئەهورامەزدا) فەرمووی:

ئەگەر مرۆڤ بەو چەشنەی کە سزاوارە، پێشکەش بگەینێتە بارەگای (بەهرام) و ستایش و نیایشی بکەن و شان و شکۆ و حورمەت و ڕێزی ڕابگرن، هیچ کاتێ لافاو و ژار و جەنگاوەرانی دوژمن کە بەئاڵای شەکاوە ڕازاونەتەوە و خاوەنی عەرڕابەی جەنگین ڕووناکەنە سەرزەوینەکانی ئێرانی.

٤٩

زەردەشت لە ئەهورامەزدای پرسی:

ئەی ئەهورامەزدا، چلۆنە ستایش و نیایشی (بەهرام) بەو چەشنەی کە لایەقی ئەو بێت و بەڕاستی و چاکی ئەنجامی بدەین.

٥٠

ئەهورامەزدا فەرمووی:

لەسەر زەوینەکانی ئێرانیدا وا چاکە مەڕێ یەک ڕەنگ ڕەش یا سپی یا ڕەنگێ تر بۆ (بەهرام) ببرژێنن.

٥١

ئەو پێشکەشە بۆ جەردە و ژنی بەدکارە و ئەو تاوانبارەی کە (گاساکان) ناهۆنێتەوە و تێکدەری ژیانە و دوژمنی دینی ئەهورایی (زەردەشت) حەرامە و نابێ بیاندەنێ.

٥٢

ئەگەر لەو پێشکەشە، بەشی چەتە و ژنی خۆفرۆش و ئەو تاوانبارەی (گاساکان) ناهۆنێتەوە و تێکدەری ئایینی زەردەشتە بدەن، بەهرامی بەندەی ئەهورا، چارەی دەردیان ناکات و دەرمانیان ناداتێ.

٥٣

(ئەگەر ئێوە یاریدەری ئەو چەشنە کەسانە بدەن) لە ناکاودا لافاو دێ و سەرزەوینەکانی ئێرانی دادەپۆشێت و سوپای دوژمنان هێرش دێنن و سەر زەوینەکانی ئێرانی داگیر دەکەن و لێیان دەکوژن سەدان، سەدان هەزار، هەزار، دە هەزار، دە هەزارها، سەد هەزارها.

**٥٤**

ئەو کاتە ئەهورامەزدا هاواردەکات و دەڵێت:

ئەی خەڵکینە لەم کاتەیدا کە دێوەکان (ویامبور)[١] و دێوپەرستان خوێن دەرێژن و لافاوی خوێن شەپۆڵ دەدات (بەهرام) بەندەی ئەهورا و (گۆشورون) ئافەریدەی داداری پاک بۆچی ستایش ناکەن؟ ئایا ئەوانە کە خوڵقێنراوی ئەهورامەزدان شیاوی ستایش نین؟

**٥٥**

لەم ئاژاوەدا کە دێوەکانی (ویامبور) و دێوپەرستان گیای (هەپیرسی) و (نیمزەک)[٢] دەهاوێژنە نێو ئاگرەوە.

**٥٦**

لەم ئاژاوەدا کە دێوانی (ویامبور) و دێوپەرستان ناویانەتەوە دەست دەکەن بەئازاری (گا) و کەمەری دەچەمێننەوە و مۆغەرەی پشتی دەشکێنن و ڕای دەکێشن بەو چەشنەی کە سەری دەبڕن بەڵام نایکوژن. لەم ئاژاوەدا دێوەکانی (ویامبور) و دێوپەرستان ناویانەتەوە گوێچکەکانی گا دەردەکێشن[٣].

ئایا (بەهرام) و (گوشورون) کە ئافەریدەی داداری پاکن شیاوی ستایش و نیایش نین؟

(بەندی پەنجوم دووپات دەکەنەوە)

## کوردەی هەژدەهەم

**٥٧**

ستایش دەکەین بۆ (بەهرام) کە ئەهورا خوڵقاندوویەتی و (هەوم)ی دوورخەرەوەی مەرگ لە ئامێز دەگرم (هەوم) کە پارێزەرە لە ئامێز دەگرم. (هەوم) کە لەش دەپارێزێت لە باوەش دەگرم.

ئەوەی کە لقێ لە گیای (هەوم)ی پێبێت لە کاتی شەڕدا لە گرفتاری و شەڕی دوژمن دەیپارێزێت.

**٥٨**

تا ئەز ئەم سوپا تێکبشکێنم، تا ئەز ئەم سوپای دوژمنە بەیەکجاری شکەست بدەم، تا ئەز، ئەم سوپا کە بەدوای مندا غاردەکەن و پەلامارم بۆ دێنێت بەتەواوی تێبشکێنم.

(بەندی پەنجوم دووپات دەبێتەوە)

---

(١) yiyambura: ناوی تاقمێ لە دێوەکانە.

(٢) namedhka , Hapere: ناوی دووگیان، کە سووتاندنیان حەرام بووە.

(٣) لەم بەندانەدا، باسی ئازاری نارەوای حەیواناتی ماڵی دەکات و هێرش دەباتە سەر ئەوانەی بەنارەوا ئازاری گا دەدەن وەکو ئەوەی لە وڵاتی ئەسپانیا باوە و بەوەرزشی دەزانن و زۆر نامەردانە گای بێ تاوان دەکوژن. ع.ف



## کوردەی نوزدەهەم

**٥٩**

سوپاس و ستایش بۆ (بەهرام) ئافەریدەی دەستی ئەهورا، ئەو تاشە بەردەی کە لە (سیغوئیری)یە[١] لە ئامێز دەگرم هەروەکو ڕۆڵەی فەرمانڕەوا چۆن ئەوە لە باوەش دەگرێت منیش وادەکەم و دە هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی فەرمانڕەوایان کە بۆ پاڵەوانی و سەرکەوتن دەستنیشان کراون، ئەو لە ئامێز دەگرن.

**٦٠**

تا بەوێنەی هەموو ئێرانییەکان سەرکەوتنی یەکجاری وەچنگ بێنم، تا من ئەم سوپا تێکبشکێنم، تا ئەز، بەیەکجاری ئەم سوپای دوژمنە تووشی شکەست بکەم... تا من ئەم سوپای کە بەغار لەدوام کەوتووە تێکبشکێنم...

(بەندی پەنجوم دەخوێننەوە)

## کوردەی بیستەم

**٦١**

(بەهرام) ئافەریدەی ئەهورا ستایش دەکەین. (زەردەشت)ی مەزن لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژێراوە. ئەوە سەروەری مینەوی کە لە خەزێنەی کرداری خۆیدا، کردەوەی چاکی مرۆڤ دەپارێزێت و لە ڕۆژی پەسڵاندا ئەوانە دەهێنێتە بارەگای پیرۆزی (مەزدا).

شاریاری (مەزدا) بۆ کەسێکە، پاسدار و پارێزەری هەژاران بێت.

- هێسترەکان بەهێزبن و مەزدا هێزیان بداتێ.
- سەرکەوتن و گوتاری هێدی و هێمن پێشکەشی چوارپایانی باربەر بێ.
- خواردەمەنی و ئاڵفی چاک بۆ وان بێ.
- پۆشش (کورتانی چاک و زینی چاک) بۆ ئەوان بێ.
- کشت و دانەی باش (جۆ و گەرمەشانی) بۆ وان بێ.
- ستوران[٢] بۆ دابینکردنی خواردەمەنی ئێمە فرەوان بن.

(بەندی پەنجوم دووپات دەبێتەوە).

---

(١) sighuire: ناوی سەرزەوینێکە خاوەنی بەردی قیمەتی بووە و ئەو بەردانە موقەددەس بوون. لە ئیسلامدا دەڵێن (احجار کریمة).

(٢) ستور یان ستوران لە فەرهەنگدا بەمەعنای چوارپای سوارییە وەکو هێستر و قاتر و ئەسپ و وڵاخ و بەوانە دەڵێن کە باربەن و سواری بدەن وەکو فیردەوسی فەرموویەتی:

بەسومی ستوران لەو دەشتە پانە ئاسمان هەشت و زەوین شەشانە

## کوردەی بیست و یەکەم

٦٢

سوپاس بۆ (بەهرام) کە سەفی جەنگاوەران تێکدەدات و هەروا تاقمەکانی بەڕیزکراوی جەنگاوەران بڵاودەکاتەوە و ئەوان دەخاتە گێژاوی بێدەسەڵاتی و دەیان شڵەژێنێت و بەتەواوی پرش و بڵاویان دەکاتەوە.

(بەهرام) ئەوەندە بەتوانایە کە دەستەکانی بەسەفکراوی جەنگاوەرانی دوژمن لە دێوەکان و دێو پەرستان و جادووکەران و پەریەکان و کەرپەنەکان و هەموو ئەو غەددار و ستەمکارانە دەخاتە گێژاوی بێدەرەتانی و وایان دەشڵەژێنێت کە خۆیان بۆ ناگیرێتەوە.

(بەندی پەنجوم دووپات دەکەنەوە)

## کوردەی بیست و دووهەم

٦٣

ستایش و سوپاس بۆ (بەهرام) کە دەستکاری ئەهورایە، لەو کاتەیدا کە سەفەکانی جەنگاوەران یەکیان گرتووە، ئەو (بەهرام) پەیدا دەبێت و دەستەکانی پەیمانشکێنان لە پشت سەریانەوە کەلەبچە دەکات و بینای چاوەکانیان تار دەکات و گوێچکەکانیان کەڕ دەکات بەچەشنێ کە ئیتر کەس توانای ئەوەی نامێنێ پێ هەڵبگرێت و بەرەوانی بکات.

(بەندی پەنجوم دەخوێنرێتەوە)

٦٤

(زەردەشت)ی مەزن لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژێراوە، ئەوە سەروەری مینەوی کە لە خەزێنەی کردارەکانی خۆیدا، لە کردەوە چاکەکانی مرۆڤایەتی پاسداری دەکات و، لە ڕۆژی پەسلاندا ئەوانە دەخاتە بەرچاوی (مەزدا) و، شاریاری مەزدا شیاوی ئەو کەسەیە کە چاوی لە هەژاران و بێ نەوایان بێت و لە ژیاندا بیانپارێزێت.

ئافەرین دەنێرم بۆ (بەهرام) کە بەندەی ئەهورایە و (ئوپەرتات)[١]ی زاڵ و سەرکەوتوو. ڕاستی، چاکترین تۆشە و پاشەکەوت و هەوێنی ژیانی خۆشە، ڕۆژگاری باش و ڕابواردنی خۆش بۆ ئەوانەیە کە بەڕاستی دەژین و لە درۆ بەدوورن، شکۆ و مەزنایەتی و سەرکەوتن و لەش ساخی و سامان و دارایی و تەمەنی درێژ و منداڵان و تەوەرەی پاک و سەربەرز و ئاسایش و هێمنایەتی ژیان و بەهەشتی پاکان و چاکان و ڕووناکی هەتاهەتایی و هەموو چەشنە هۆ و ئامراز و کەرەسەی کامەرانی بۆ ئەو کەسەیە کە ستایشی (تۆ) بکات.[٢]

(١) uparatat: فرشتەی زاڵبوون پارێزەری سەرکەوتووەکانە و لێرەدا بەمەعنای توانا و باڵا دەستە.

(٢) مەبەست لە (تۆ) لێرەدا دیاری نەکراوە، ئەز پێم وایە مەبەست (زەردەشت)ە بەڵام لەولایش چونکە سەرەتا ناوی بەهرام براوە شایەد مەبەست بەهرام بێ.

# زامیاد یەشت(*)

(*) zamyad: زام یەزد بەمەعنای ییزدەی نیگاهبانی زەوینە و ئەم بەشەی لە یەشتەکان بۆ ستایشی ئەو دانراوە، لە هەشت بەندی سەرەتای ئەم بەشە، ناوی کەژەکان نووسراوە و پاشان دێتە سەر باسی (فەڕ) کە بەمەعنای هێزێکە ئەهورایی یا خودایی و بەشێوازی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێت و لەگەڵ هەر کەس بێت دەیکاتە خاوەن شکۆ و مەزنایەتی و بۆیە (فەڕکیانی) بەشی پادشاهانی ئەفسانەیی کەیانی بووە... ئەگەر چاک تێفکرن زامیاد، دەبێتە زەوین ییزۆد یا ئیزەدی پارێزەری زەوین.

## کوردەی یەکەم

...............

٩

فەڕی کەیانی، کە مەزدا خەڵقی کردووە و بەباڵادەستان و پارێزکاران و تێکۆشەرانی چالاک و ئەوانەی کە بڵێمەت و هەڵکەوتوون عەتا دەکرێت، ستایش دەکەین.

١٠

ئەو فەڕەی کە تایبەتی ئەهورامەزدایە و ئەو زاتە موقەددەسە لە سێبەری ئەودا بەندەگانی خۆی خەڵق دەکات، یەکجار جوان و دڵڕفێن و درەوشاوە و کارامایە.

١١

هەتاکو ئەوان، جیهان تووشی ئاڵوگۆڕ بکەن و لە نوێی بناغەی دانێن چونکە جیهان پیر نابێت و نامرێت و نارزێت و هەتاهەتایە زیندووە و بۆ هەمیشە گەشە و نەشە دەکات. لەو کاتەیدا کە مردووەکان بۆ جارێکی تر هەڵدەستن و ژیانی بێ برانەوە دەست پێدەکات و (سوشیانت) دێتەدەر و جیهان بەئارەزووی خۆی و بەمەیل و قودرەتی خۆی ژێر و ژوور دەکات و ئاڵوگۆڕ وەدی دەهێنێت.(١)

١٢

جا، لەوکاتەدا کە جیهان دەبێتە فەرمانبەرداری ڕاستی و نەبوون و نەمان مەعنای نابێت و درۆ لەم جیهانەدا جێگای نابێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتبوو تاکو ڕاستی پەرستان تووشی ئاژاوە و چەرمەسەرێ بکات... لەم کاتەدا تاوانبار نابوود دەبێت و خەڵەتێنەر و حیلەباز لە جیهان دوور دەکەوێتەوە.

١٣

بەدەنگی بەرز ستایش دەکەین بۆ (فەڕی کەیانی) کە هێزێکی ئەهورایی و شکۆدارە. بەهێنانی ئاوی (زور) و (هەوم) کە لەگەڵ شیردا ئاوێتە کراوە و بەڕاخستنی (بەرسەم) و زمانی عەقڵ و گوتاری بەهەشتی، کردار و گوتاری چاک ستایش دەکەین.

(مەزدائەهورا) بۆ خۆی چاک دەناسێت ئەو ژنان و ئەو پیاوانەی کە لە ناو مەخلوقاتی ئەودا بەچاکترین شێوە نیایش و ستایش دەکەن... ئێمەیش ژنان و پیاوانی وا کە بوونەتە هۆی ڕەزامەندی (مەزدا) ستایش دەکەین.

---

(١) لەم بەشەدا، دینی موقەددەسی زەردەشتی نەبی لەگەڵ باقی دینەکانی خودایی و بەتایبەت دینی پیرۆزی ئیسلام یەک دەگرنەوە. وەکو دەبینن لێرەدا وەعدەی قیامەت دراوە و ئەو ڕۆژەی مردووەکان قیام دەکەن و هەڵدەستن کە ئەمە بەسەراحەت لە قورئانی کەریمدا زیکر کراوە وەکو دەزانین لە دینی ئیسلامدا ئەوە حەزرەتی مەهدی (ع) بەناوی ئیمامی زەمان دێت و جیهان تووشی ئاڵوگۆڕ دەکات و بەڵام لە دینی زەردەشتدا (سوشیانت) جێگای ئیمامی زەمان دەگرێت و ئەوەیش دەیسەلمێنێ کە ڕۆژی پەسڵان ڕاستە و هەموو دینە ئاسمانییەکان بەوە بڕوایان هەیە.(ع.ف)



## کوردەی دووهەم

١٤

(بەندی نۆهەم دووپات دەکرێتەوە)

١٥

ئەو (فەڕ)ەی کە تایبەتی ئیمشاسپەندانە، ئەوە شاریاری تیژبین و مەزن و زۆر بەتوانا و دلێر و دڵاوای ئەهورایی و پاک کە بێ برانەوەیە و هەرگیز مەرگ نابینێت.

١٦

هەر حەوتیان بەوێنەی یەک بیر دەکەنەوە

هەر حەوتیان بەوێنەی یەک دێنە ئاخاوتن

هەر حەوتیان بەوێنەی یەک کار دەکەن

ئەوان لە بیر و گوتار و کرداردا یەکسانن

(ئەهورامەزدا) خالق و سەروەری هەموویانە.

١٧

ئەوان دەتوانن سەرنجی ڕەوانی یەک بدەن و تێدەگەن و دەبینن کە ڕەفتار و گوتار و ئەندێشەی هەموویان چاکە لەو کاتەیدا بەرەو جێگای پێشکەشی (زور) هەڵدەفڕن، ڕێگایان ڕوون و نوورانییە.

١٨

ئیمشاسپەندان کە یاوەر و پشتیوان و یاریدەدەری (ئەهورامەزدا) خولقێنەر و سازندە و ڕێکوپێککەری هەموو جیهانن.

١٩

ئەمانەن کە خوازیاری تازەکردنەوەی جیهانن، جیهانێ کە پیرنابێ و نامرێت و نارزێت و ناپووکێتەوە، زیندووی بێ برانەوە، سەرکەوتوو و کامڕەوای بێ پسانەوە.

لەو کاتەیدا کە مردووەکان هەمدیسان هەڵدەستن و ژیانی بێ برانەوە و هەتاهەتایی دەست پێدەکات و (سوشیانت) دێتەدەر و جیهان بەئیختیاری و ئارەزووی خۆی دەڕازێنێتەوە.

٢٠

(بەندەکانی ١٢و١٣ لێرەدا دووبارە دەخوێننەوە)

## کوردەی سێهەم

٢١

بەندی ٩ لێرەدا دووپات دەکەنەوە.

٢٢

(فەڕ) کە ماڵ و تایبەتی ییزەدانی مینەوی و سوشیانتەکانی لە دایک بوو و لە دایک نەبووە و هەروا ماڵی تازە هێنەران و ئاڵوگۆڕکەرانی جیهانی تازەیە.

٢٣

بەندی نۆزدەهەم دووپات دەبێتەوە.

٢٤

(بەندی دوازدەهەم دووبارە دەخوێننەوە)

## کوردەی چوارم

٢٥

(بەندی نۆهەم دەخوێننەوە)

٢٦

ئەو (فەڕ)ە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن تایبەتی (هۆشەنگ)[١]ی پێشدادی بوو، بەو چەشنەی کە دەسەڵاتی بەسەر حەوت وڵاتی سەرزەویندا هەبوو و پادشاهی کرد و بەسەر مرۆڤەکان و دێوەکان و جادووگەران و پەریان و کەرپەنەکان و کێوییەکانی[٢] غەددارردا زاڵ بوو و توانی کە دوو بەش لە سێ بەشی دێوەکانی مازندەران و درۆپەرستانی (وەرێنە) نابوود بکات...

(بەندی ١٣ دووپات دەکەنەوە)

## کوردەی پەنجوم

٢٧

(بەندی نۆهەم دووپات دەکەنەوە)

٢٨

ئەو (فەڕ)ە تایبەتی (تەمورس زیناوەند)[٣] بوو بەچەشنێ کە بەسەر حەوت وڵاتی سەرزەویندا

(١) ناوی هۆشەنگ کوردییە و ئێستایش لە موکریان ناوی (شەنگە) فرەوان و بەلاوانی بەکەوتوو دەڵێن شۆخ و شەنگ و ئەو لە هۆشەنگەوە هاتووە.

(٢) کەویەکان بەمەعنای کێوییەکان و بەخەڵکی دانیشتووی چیایان وتووە ئەمڕۆکەیش لە وڵاتی تورکیە (تۆران) بەکوردەکان دەڵێن (کێوی لەر) واتە کێوییەکان و دانیشتووانی چیا... بەڕاستی جێگای سەرنج و داخە کە ئەم وشەی ئەوێستا ئێستاکەیش هەر ماوە وەکو چلۆن دەیان جار لە ئەوێستادا بەکەرپەنەکان و کەویەکان گوتراوە ستەمکار و غەددار... دەوڵەتی لاییکی تورکیە ئێستایش بەکورد دەبێژێت کێوی و زۆرجار شتی خراپیان پێدەڵێن و لە بڵاوکراوەکان و دەزگاکانی پڕوپاگاندە ڕایدەگەیەن. (ع.ف)

(٣) لەناو خەڵکی و لەشاهنامەدا تهمورس بەدێوبەند مەشهورە، بەڵام ئەوێستا بە(زین وەند) ناوی بردووە ئەویش هۆی ئەوەیە کە زینی خستە سەرپشتی (ئەهریمەن) و کردی بەئەسپ و سێ ساڵ غاری پێکرد.



پادشاهیی کرد و بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی و دێوەکان و جادووکەران و پەرییەکان و کەرپەنەکان و کێوییەکانی ستەمکاردا زاڵبوو.

٢٩

بەچەشنێ کە بەسەر هەموو خەڵکان و دێوەکان و جادووەکان و پەرییەکاندا زاڵ بوو و ئەهریمەنی خستە هەیکەلی چارەوا و سێ ساڵی ڕەبەق بەدوا قەراخی زەویندا غاری پێ دەکرد...

(بەندی سێزدەهەم دووپات دەبێتەوە)

## کوردەی شەشوم

٣٠

(بەندی نۆهەم دووپات دەکەنەوە)

٣١

ئەو (فەڕ)ە کە بۆ ماوەیێکی درێژخایەن بوو بەماڵی (جەمشید) خاوەنی ڕەوەی فرەوانی مەڕ و ماڵات بەچەشنێ کە بەسەر حەوت وڵاتی سەرزەویندا پادشاهیی کرد و بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی و کەرپەنەکان و کێوییەکان و جادووکەران و پەرییەکاندا زاڵ بوو.

٣٢

ئەو توانی، دارایی و قازانج و ڕەوەی فرەوان بەسەربەرزی لە دێوەکان بستێنێتەوە و لە ماوەی پادشاهی ئەودا خواردەمەنی و خواردنەوە بەلاش بوو و گیانلەبەران نەدەمردن و ئاوەکان و گیاکان وشک نەدەبوون.

٣٣

لە کاتی پادشاهی ئەودا، نە سەرما بوو نە گەرما و نە مردن و نە بەخیلی کە لە دەستکارەکانی دێوە، بەڵێ، بەم شێوە بوو ڕۆژگاری ئەو، بەر لەوە درۆ بکات و زاری خۆی بەوتەی نادروست و هەڵە ئالوودە بکات.

٣٤

ئەو کاتە کە (جەمشید) درۆی کرد و زار و زوانی خۆی بەگوتاری نادروست پیس کرد (فەڕ) بەئاشکرا و لە پەیکەری باڵندەییێکدا لە بەدەنی ئەو هاتەدەر، جەمشید خاوەنی ڕەوە و شکۆی فرەوان کە هەستی بەوە کرد پەیوەندی (فەڕ)ی لێ پساوە کز و پەرێشان بوو و لە بەرانبەر دوژمناندا کە دێوەکان بوون داما و بەناچار خۆی لە زەویندا شاردەوە.

٣٥

بۆ یەکەم جار (فەڕ) لە (جەمشید) کوڕی (ویوەنگەهان) پچڕا و لە قاڵبی شاهینێکدا بۆ دەرەوە فڕی، مێهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین، ئەو بیستیارە گوێچکە سووکە، کە بەهەزار شێوە چالاکی دەزانێ (فەڕ)ی پچڕاوەی جەمشیدی گرتەوە. ستایش دەکەین بۆ (مێهر) شاریاری هەموو سەرزەوینەکان کە (ئەهورامەزدا) ئەوی وەکو مەزنترین و باشکۆترین ئیزەدانی مینەوی خەڵق کردووە.

٣٦

بۆ دووهەم جار (فەڕ) لە (جەمشید) کوڕی (ویوەنگەهان) پچڕا و لە شێوەی شاهینێکدا بۆ دەرۆ هەڵفڕی، (فەرەیدون) لە ڕۆڵەکانی ماڵباتی (ئابتین) کە لە پاش (زەردەشت) سەرکەوتووترین ناودارانی چاخی خۆی بوو (فەڕ)ی هەڵاتوو و پچڕاوەی جەمشیدی گرتەوە.

٣٧

(فەرەیدون) کە ئاژیدهاکی سێ پوزە و سێ سەر و شەش چاو و خاوەنی هەزار جۆر چالاکی، ئەو دێوی هەرە بەهێزی درۆ، ئەو بەڵای جیهانییە و بەهێزترین دێوی درۆزن کە (ئەهریمەن) بۆ نالەباری جیهانی خاکی و مەرگی ڕاستی، دروستی کردبوو، لە عەرزدا و تێکی شکاند.

٣٨

بۆ سێهەم جار (فەڕ) لە (جەمشید) کوڕی (ویونگەهان) پچڕا و لە هەیکەلی شاهیندا، بۆ دەرۆ هەڵفڕی (گەرشاسب)ی دلێر کە لەپاش زەردەشت و لە سێبەری پیاوەتی و لێهاتوویی مەردانەی خۆیدا بەهێزترین پاڵەوانی زەمانی خۆی بوو (فەڕ)ی جەمشیدی گرتەوە.

٣٩

هێزی دلێری و مەردانە ستایش دەکەین کە بووەتە بەشی گەرشاسب، واتە ئەو دلێرەی کە لە سەر پای خۆی ڕاوێستاوە و نەحەساوەتەوە و نەنوستووە و هەر وا بێدارە.

٤٠

گەرشاسب، هەر ئەو قارەمانەی کە ئەژدیهای شاخدار واتە ئەو ڕەنگ زەرد و ژاراوییەی کە هەزار سک و مل و کەپووی هەبوو و ژاری زەرد ڕەنگی بەبەرزایی یەک نێزە دەپەڕی و بەئاسانی چارەوا و مرۆڤی هەڵدەلوشی لە زەویندا و تۆپانی.

گەرشاسب، لەکاتی نیوەڕۆژدا، لەسەر پشتی ئەژدیها و لە مەنجەڵی ئاسندا چێشتی دەکوڵاند. ئەو ئەژدیهای نابەکارە کە لە تینی ئاگر بێزار بوو و عارەقەی لێ دەباری بەناکاو هەڵات و مەنجەڵی چێشتی کوڵاوی پڕ لە ئاوی ڕژاند و گەرشاسبی لێهاتوو و قارەمان بەگورجی خۆی لادا و چووە قەراخی ئاگر بێ ئەوەی زیانی بۆی هەبێت.

٤١

(گەرشاسب) ئەو کەسەیە کە (گەندەروی)(١) پاژنە تەڵای کوشت، ئەو کە خاوەنی قەپۆزی هەراو بوو، دژ بەڕاستی هەڵسابوو، ئەو دێوێک بوو کە نۆ کەس لە کوڕانی (پەسنیە)(٢) و کوڕانی (نیویک)(٣) و کوڕانی (داشتیانی)(٤) و (هیتاسب)ی(٥) زێڕین تاج و (ورەشۆ)(٦) لە ماڵباتی (دانی)(٧) و (پیتەئون)(٨) دۆستی پەرییەکانی کوشت.

(١) gandoroy: ناوی دێوێکی بەسام بوو کە گەرشاسب کوشتوویەتی. ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨ ناوی ئەو کەسانە و ئەو ماڵباتانەن کە ئەهریمەن لێی دابوون لە بەندەکانی ٤١، ٤٢، ٤٣ دەردەکەوێت کە ئەو لەو سەردەمەدا بۆ خەڵک زۆر خراپ بووە و گەرشاسب بەکوشتنی ئەو خزمەتی خەڵکی کردووە.



٤٢

هەر ئەو بوو کە (ئارزوشمەن) خاوەنی دلێری و خووی مەردانەی کوشت...

٤٣

ئەو بوو کە (سناویزەک)ی کوشت، ئەو شاخداری دەست قورسەی کە لە کۆبوونەوەکاندا دەیگوت:

من یەشتا تازە لاوم و هەر کاتێ بگەمە تەمەنی لاوی، زەوین دەکەمە چەرخ و ئاسمان دەکەمە گەردوونەی خۆم.

٤٤

ئەگەر، گەرشاسبی دلێر من نەکوژێت (سپەندمینو) لە (گرزەمان)ی ڕۆشن دەکێشمە خوار و ئەهریمەن لە جەهەننەمی تاریک ڕادەکێشم بۆ سەرۆ و (سپەندمینو) و (ئەهریمەن) دەبێ پێکەوە، دروشکەی من ڕاکێشن. گەرشاسبی دلاوەر چووە شەڕی ئەم یاغییە و هێزی ژیانی لێ سەندەوە و نابوودی کرد.

(بەندی سێزدەهەم لێرەدا دووپات دەکەنەوە)

## کوردەی حەوتەم

٤٥

بەندی ٩ لەم بەشەدا دەخوێننەوە.

٤٦

(سپەندمینو) و (ئەهریمەن) بۆ وەدەستهێنانی (فەڕ)ی نایاب کەوتنە کار و هەرکامیان چالاکترین و نەبەزترین پەیکی خۆیان نارد بەشوێنیدا.

(سپەندمینو)، (بەهمەن) و (ئوردی بەهەشت) و (ئازەر) و (ئەهورامەزدا)ی نارد و ئەهریمەن (ئاک من) و ڕقی خوێناوی کەرەسەی (ئاژیدهاک) و (سپیتور)ی ئاوارەکەری (جەم)ی نارده شوێنی.

٤٧

ئەو کاتە، ئازەری (مەزدائەهورا) هاتە پێش و وا تێفکری: ئەز دەتوانم (فەڕ)ی نایاب بەدەست بێنم.

ئاژیدهاکی سێ پوزە و ناشیرین و بەدخوو بەجوێن و دژنام بەدوای ئەو داهات و گوتی:

٤٨

ئەی ئازەری (ئەهورامەزدا)

بگەڕەوە و نزدیکی (فەڕ) مەکەوە، چونکە بێتو ئەم (فەڕ)ی نایابە دەست بخەیت، بەیەکجاری نابوودت دەکەم بەچەشنێ کە نەتوانی ئەم سەرزەوینی خوڵقاوی ئەهورا ڕووناک بکەیتەوە.

ئەو کاتە (ئازەر) بۆ پاراستنی جیهانی ڕاستی لەم دژوارییەدا بیری کردەوە و دەستەکانی خۆی کێشایەوە چونکە ئاژیدهاک زۆر بەسام و ترسهێنەر بوو.

٤٩

ئەمجار، ئاژیدهاکی سێ پوزەی بەدنیهاد هات و وای بیرکردەوە

– ئەز دەتوانم ئەم (فەڕ)ی نایابە بکەمە ماڵی خۆم.

– ئازەری (مەزدائەهورا) بەم گوتارانە کەوتە دوای.

٥٠

ئەی ئاژیدهاک

بگەڕەوە و لێی نزدیک مەبەرەوە، چونکە ئەگەر بێتو دەستت بگاتە ئەم (فەڕ)ی نایابە، دەتسووتێنم و خۆت و قەپۆزت دەکێشمە ناو کۆگای ئاگر و، وات لێ دەکەم کە ئیتر نەتوانی بۆ تێدابردنی جیهانی ڕاستی پای خۆت لەسەر زەوینی خەڵقکراوی ئەهورامەزدا دابنێییت...

ئەمجارە، ئاژیدهاک خۆفی لە دڵ نیشت و ترسا، چونکە بەڕاستی ئاگر زۆر بەهێز و گڕاوی بوو.

٥١

پاش ئەمانە (فەڕ) گەیشتە دەریای (فەراخ کەرت) و (ئەپەم نەپات)ی خاوەنی چارەوای توندڕەو بێ ماتڵ بوون بەئاواتی وەچنگ خستنی ئەو غاری دا و گوتی: ئەز، ئەم (فەڕ)ی نایابە لەبن ئەو دەریا قووڵەوە یان هەر دەریاییێکی قووڵی دی وەچنگ دەخەم.

٥٢

سەروەری خاوەن شکۆ و شاریاری شیدوەر (ئەپەم نەپات) خاوەنی ئەسپی توندڕەو، ئەو دلێرەی کە دادڕەسی دادخواهانە، ئەوەی کە مرۆڤەکانی پەروەردە کرد، ئەوەی کە مرۆڤەکانی ڕازانەوە، ئەو ئیزەدی ئاوەکان کە هەر کاتێ ستایشی بکەن بەئاسانی دەی ژنەوێت ستایش دەکەین.

٥٣

(ئەهورامەزدا) گوتی بە (سپیتەمان زەردەشت): ئەی زەردەشتی پاک هەرکام لە مرۆڤەکان کە بتوانن (فەڕ)ی نایاب وەچنگ بخەن بەئەندازەی یەک (ئاگرەوان) جەزای چاکەیان دەدەمەوە.

٥٤

وە لە (ئەرت)[١]ی ئاسایش هێنەر کە چوارپایان و گیاکان پێشکەش دەکات، بەهرەمەند دەکات و تا یەک ساڵی تەواو هەر چی ڕۆژە سەرکەوتن دەبێتە بەشی ئەو تا بەهێزی فرەوانەوە دوژمن شکەست بدات و بەپاڵپشتی ئەم سەرکەوتنە و ئەو پشتیوانییە، بەسەر سوپای خوێنخۆری دوژمناندا زاڵ دەبێت و هەموو دوژمنان تووشی شکەست و پاشەکشە دەکات.

(فەڕ)ی بەهێز و نایاب و گرانبەها کە (مەزدا) خەڵقی کردووە ستایش دەکەم و بەپاسی ئەو شکۆ و

(١) art: مەلاییکەی دەوڵەمەندی و دەسەڵاتە لە دینی زەردەشتدا.



مەزنایەتییە، بەهێنانی ئاوی (زور) و (هەوم)ی ئاوێتە بەشیر و دانانی (بەرسەم) و زمانی عەقڵ و ئاخافتنی مینەوی و کردەوەی چاک و قسەی ڕاست و بەدەنگی بەرز نیایش دەکەین.

(مەزدائەهورا) بۆ خۆی چاک دەناسێت ئەو ژنان و پیاوانەی لەنێو مەخلوقاتدا کە بەچاکترین شێوە و لەسەر بنەمای ئایینی ڕاستی، ستایشی ئەویان کردووە... منیش ئاوا ژنان و پیاوانێ ستایش دەکەم.

## کوردەی هەشتەم

٥٥

بەندی نۆهەم لێرەدا دووپات دەکرێتەوە.

٥٦

ئەو (فەڕ)ەی کە تایبەتی ماڵباتەکانی ئێرانی و زەردەشتی پاکە، ئەو (فەڕ)ەی کە (ئەفراسیاو)ی تۆرانی نابەکار بەئاواتی ڕفاندنی ئەو لە دەریای (فەراخ کەرت) جلوبەرگی خۆی لە بەرکەند و بەر لەمە بەشوێن ئەودا، هەڵات. (فەڕ) بەگورجی تاوی دا و لە دەستی ئەفراسیاو دەرچوو و هەڵات و ئیتر لەو کاتەوە دەریاچەی (خوسرەو) لە دەریای فەراخ کەرت پەیدابوو.[١]

٥٧

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەو کاتەی کە ئەفراسیاوی تورانی و هەرە بەهێز، دەم بەبۆڵە و جنێودانەوە، لە دەریای (فەراخ کەرت) هاتەوە گوتی: (ییشە یەسنە ئەهمایی)! من نەمتوانی ئەو (فەڕ)ەی کە تایبەتی بنەماڵەکانی ئێرانی و زەردەشتی پاکە بڕفێنم.

٥٨

... ئەوە تا، تەڕ و وشک، گەورە و بچووک، جوان و ناشیرین و چاک بەیەکەوە تێکەڵ دەکەم تا (ئەهورامەزدا) بخەمە تەنگەبەری... ئەی سپیتەمان زەردەشت:

لەو کاتەدا ئەفراسیاوی تۆرانی بۆ جارێکی تر خۆی هاویشتە دەریای (فەراخ کەرت).

٥٩

ئەفراسیاب بۆ دووهەم جار جلەکانی داکەند و کەوتە مەلە بەشوێن (فەڕ)دا و دەیزانی کە ئەوە تایبەتی بنەماڵەکانی ئێرانی و زەردەشتی پاکە، (فەڕ) بەپەلە بۆی هەڵات و خۆی لە دەست ئەفراسیاب دەرکرد و لە جێگای هەڵاتنی ئەودا (تاڤگەییێک) بەناوی (وەنگهزداە) لە دەریای فەراخ کەرت جیا بوو و هەمووان دەزانن.

(١) وەکو ئەوێستا نووسیویەتی دەریاچەی خوسرەو لە پەنجا فرسەخی دەریاچەی چی چەست واتە ورمێ دا بووە، بەلەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە تەنیا دەریاچەی ئەو ناوچە کە ٥٠ فرسەخ لە ورمێ دوور بێ هەر دەریاچەی (زرێبار)ی مەریوانە، کە ئێستایش بەناوی مێهر ڕازاوەتەوە و مێهروان = ئاوی مێهر و (وان) لە کوردی کۆندا بەمانای (ئاوە) بۆ وێنە شاری وان کە گۆلی هەیە یان چۆمی سیر+ وان و... (ع.ف)

٦٠

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەو کاتە کە ئەفراسیابی تۆرانی بەجنێودابین لە دەریای (فەراخ کەرت) هاتە دەرۆ گوتی:

(ئەیس ئیسە یەسنە، ئەهمایی، ئەونیسە، ئەیسە، یەسنە، کهمایی).

ئەز نەمتوانی (فەڕ)ی بنەماڵەکانی ئێرانی و زەردەشتی پاکا بڕفێنم و سوودی لێ وەربگرم.

٦١

بەندی پەنجاو هەشت دەخوێنرێتەوە.

٦٢

ئەفراسیاب بۆ سێهەم جار... وەکو بەندی ٥٩ دەخوێنن.

پاش ئەوە، تاڤگەی مەشهور بەدەریاچەی (ئەوژدن وەن) لە دەریای فەراخ کەرت جیا کرایەوە.

٦٣

بەندی ٦٠ دەخوێننەوە.

٦٤

ئەفراسیاب نەیتوانی ئەم (فەڕ)ی تایبەتی بنەماڵەکانی ئێرانی و زەردەشتی پاک بڕفێنێت، ئەم (فەڕ)ی بەهێز و دوورە دەستی ئەهورایی کە دەستکاری مەزدایە دەبێ بەدەنگی بەرز و ئاوی (زور) و (هەوم)ی ئاوێتەی شیر و (بەرسەم) و زمانی عەقڵ و ئاخاوتنی مینەوی و گوتار و کردار و وتەی ڕاست ستایش بکەین...

مەزدائەهورا

ژنان و پیاوانێ کە لە ڕووی ڕاستی و بەدڵی پڕ لە ئیمان ستایش دەکەن، زۆر چاک دەناسێت... ئێمەیش ستایش دەکەین بۆ ئەم چەشنە ژنان و پیاوانە.

## کوردەی نۆهەم

٦٥

بەندی نۆهەم دووپات دەبێتەوە.

٦٦

(فەڕ) ماڵی ئەو کەسەیە کە شاریاری ئەو دەرکەوتبێت لە نێوانی ڕووباری هیرمەند و دەریاچەی کەیانی و لەو جێگادا چیای (ئەوشیدەم) هەڵکەوتووە و بەدەورادەوری ئەودا ئاوێکی فرەوان ڕەوانە و بۆ چیاکان و مێرگ و مەڵبەندەکان دەکەوێتە ڕێگا و چەمەکان...

٦٧

... (خواسترا) و (هوسپا) و (فردسا) و (خوارننگهییتی) جوان و (ئویشتوییتی) توانا و (ئەورروزا)



خاوەنی ئالفجاری فرەوان و (ییبرزی) و (زرنومەییتی) و (هیرمەند)ی خاوەن شکۆ و دڵپاک کە بەو شەپۆلە سپیانە دەهاژێنی و تۆفان دەکات و بەرەو دەریای کەیانی دەڕوات و خۆی دەکێشێتە ناو دەریا.

٦٨

هیرمەند کە بەئەندازەی ئەسپێ توانای هەیە، کە بەقەدەر وشترێک هێزی هەیە، کە بەئەندازەی پیاوێک هێزی هەیە و (فەڕ)ی کەیانی تایبەتی ئەوە.

ئەی (زەردەشت)ی پاک.. ئەوەندە فەڕی کەیانی لە هیرمەنددا هەیە کە دەتوانێ هەموو وڵاتانی دژ بەئێران هەڵکەنێت و لە ئاوا نوقمیان بکات.

٦٩

لەو کاتەدا خەڵکی ئەو وڵاتانە لە خان و مانی خۆیان بێ بەری دەبن و برسیەتی و تینوویەتی و سەرما و گەرما سەریان لێ دەشێوێنێت. بەم شێوە (فەڕی کەیانی) بۆ یاری پیاوانی پاکدین و مەزداپەرستە و پەناو پاڵپشتی بنەماڵەکانی ئێرانی و گیانلەبەرانی (پەنجە)یە.(١)

(بەندی ١٣ لەم بەشەدا دووپات دەکرێتەوە).

## کوردەی دەهەم

٧٠

(بەندی نۆهەم لێرەدا دەخوێننەوە).

٧١

ئەو (فەڕ)ەی کە بوو بەقسمەتی کاک قوباد و کاک پیاوە و کاک کاوس و کاک ئارش و کاک پەشین و کاک بیارش و کاک سیاوەش.

٧٢

هەر بۆیە کەیانییەکان هەموویان چالاک و پەهلەوان و پارێزکار و بێباک و توانا و بەخوو و خدە مەزن بوون.

(بەندی سێزدە لێرەدا دەخوێنرێتەوە)

## کوردەی یازدەهەم

٧٣

بەندی نۆهەم لێرەدا دووپات دەبێتەوە.

٧٤

ئەو (فەڕ)ە بوو بەنەسیبی کەیخوسرەو لەبەر هێزی چاکی و لەبەر سەرکەوتنێ کە ئەهورا پێی دابوو و

(١) مەبەست لە گیانلەبەرانی پەنجە، حەیواناتی ماڵی و ئاوی و ئەوانەن بۆ مرۆڤ سوودیان هەیە و دەبنە ماڵی.

لەبەر جیاوازی و ڕێزێ کە ئەهورایی بوو، لەبۆ فەرمانە چاکەکانی بۆ ئەوەی فەرمانەکانی ئاڵوگۆڕیان تێ نەدەهات، لەبەر ئەوەی کەس نەیدەتوانی دژ بەفەرمانەکانی بێت، لەبەر ئەوەی بێ ماتڵ بوون، دوژمنانی شکەست دەدا.

٧٥

لەبۆ هێزی ئارام و لەش ساخی و (فەڕ)ی دەستکاری مەزدا، بۆ ڕۆڵەکانی چاک و هۆشیار و زانا و گوتارجوان و بەهێز. بۆ دلاوەری چاو ڕووناکی بێ بەری لە نیازی ئەوەی بگەنە فریای، بۆ ئەو ئاگادارییەی کە سەبارەت بەداهاتوو و بەهەشتی بێگومان...

٧٦

... بۆ شاریاری باشکۆ و درەوشاوە، بۆ ژیانی درێژ خایان، بۆ هەموو ڕۆژانی باش، بۆ دەرمان.

٧٧

بەم جۆرە کە (کەیخوسرەو) بەسەر دوژمندا زاڵ بوو و لەو گیرۆدارەدا و لەو کاتەیدا کە دوژمنی فێڵباز، بەسواری شەڕی لەگەڵ دەکرد، نەکەوتە داوی شاراوەی دوژمن.

کاک خوسرەو، سەروەری سەرکەوتوو، ڕۆڵەی تۆڵەئەستێنی سیاوەشی دلێر کە بەناجوامێری کوشتیان و تۆڵەئەستێنی (ئەغریرەس)ی[١] دلێر کە توانی (ئەفراسیاب)ی نابەکار و براکەی، واتە (گەرسیوەز)ی خستە داو و قۆڵبەستی کردن.

(بەندی سێزدەهەم لێرەدا دووپات دەبێتەوە)

## کوردەی دوازدەهەم

٧٨

بەندی نۆهەم لێرەدا دووپات دەبێتەوە.

٧٩

ئەو (فەڕ)ەی کە تایبەتی (زەردەشت)ی پاک بوو کە بەشێوەی دین بیری کردەوە و بەشێوەی دین هاتە ئاخاوتن و کردەوەکانی بەشێوەی دین بوون لە سەرانسەر جیهانی خاکیدا، لە ڕاستیدا ڕاستترین و لە شاریاری چاکترین شاریار، لە شکۆ و مەزنایەتیدا خاوەن شکۆترین و مەزنترین و لە (فەڕ)دا خاوەن (فەڕ)ترین و لە سەرکەوتندا، سەرکەوتووترین و زاڵترین بوو.

٨٠

بەرلە (زەردەشت) دێوەکان بەئاشکرا، لەسەر زەویندا جەولانیان دەکرد و بەئاشکرا کامڕەوا بوون و بەپانەوە ژنانیان لە باوەش مێردەکانیان دەڕفاند و گوێیان لە ناڵە و زاری ئەوان نەبوو و لە کەس نەدەترسان.

---

(١) ئەغریرەس: یەکێ لە براکانی ئەفراسیاب و دۆستی ئێرانییەکان بووە.



٨١

ئەو کاتەی زەردەشت هات و سەلای دا و نیایشی (ئەهوەن وەئێرەیە) چوارجار بەدەنگی زوڵاڵ...

نیوەی هەوەڵی بەتامڵ بوون و نیوەی دووهەمی بەئاوازی بوڵێند خوێندەوە، هەموو دێوەکان بەژنەفتنی ئەو سرووده شڵەژان و پەژارە دایگرتن و لە کاتێکی کەمدا ئەوانە کە زمان لە وتنی فەسادیان عاجزە، خۆیان لە ژێر زەویندا قایم کرد.

٨٢

ئەفراسیابی نابەکاری تۆرانی هات بۆ لای زەردەشتی پاک و خوازیاری (فەڕ) بوو و بۆ وەچنگ هێنانی (فەڕ)ی زەردەشت هەموو حەوت وڵاتی عەرزی پێوا و بەشوێن (فەڕ)دا ئاوارە بوو.

بەڵام (فەڕ) و زەردەشت، هەر دووکیان خۆیان کێشایە دواوە و بەچەشنەی کە خواستی من (ئەهورامەزدا) و دینی پاکی مەزداپەرستی بوو، بەکامی خوازیارانی ڕاستەقینە هاتنە کار...

(بەندی سێزدەهەم دووپات دەبێتەوە)

## کوردەی سێزدەهەم

٨٣

بەندی نۆهەم لەم بەشەدا دووپات دەکەنەوە.

٨٤

ئەو (فەڕ)ە کە تایبەتی کاک گۆشتاسب بوو و ئەویش بەشێوەی دین، بیری دەکردەوە و بەشێوەی دین هاتە ئاخاوتن و بەشێوەی دین کرداری دەکرد و بەو شێوە کە ئەو دینی پیرۆزی ستایش کرد و توانی دێوەکان لەلای پاکان دوور بخاتەوە.

٨٥

ئەو کەسێ بوو بەگورزی سەنگین و قورسەوە بوو بەڕێبواری ڕێگای ئازادی و توانی بەو گورزی سەرکوتکەری خۆی ڕێگای ئازادی پەیدا بکات و بوو بەباسک و بازووی ئاسنین بۆ پاراستنی دینی ئەهورایی زەردەشت.

٨٦

ئەو کەسێ بوو کە توانی دینی پیرۆزی زەردەشت ئاشکرا بکات چونکە بەر لەو، ئەم دینە لە بەندا بوو بەڵام ئەو ئازادی کرد و جاڕی دا و لە ناو جەماوەری خەڵکدا بڵاوی کردەوە...

ئەو دینەی کە بەڕاستی مەزن و لانەدەرە و حیمایەی ئاڵفجارەکان و مێرگەکان و چوارپایان دەکات و ئەم دینە بەچوارپایانی خاوەن بەهرە و جێگای بژوێن ڕازاوەتەوە.

٨٧

کاک گوشتاسبی دلێر توانی بەسەر (تسریاوەنت)ی دژ بەئایین و (پەشەن)ی دێوپەرست و

(ئەرجاسب)ی[1] درۆپەرست و باقی (خێوەنەکان)ی[2] تاوانبار و ڕەگەز ناپاکدا زاڵ و سەربکەوێت...

بەندی سێزدەهەم دووپات دەبێتەوە.

٨٨

بەندی نۆهەم لەم بەشەدا دووپات دەکرێتەوە.

٨٩

ئەو (فەڕ)ە کە ئێستاکە بووەتە یاوەری (سوشیانت)ی پیرۆز و هاوەڵەکانی ئەو، لەو کاتەیدا کە ئەوان لە جیهاندا ئاڵوگۆڕ دەکەن و سەرلەنوێی بینای دەکەنەوە.

(باقی بەندی یازدەهەم لێرەدا دەخوێنرێتەوە)

٩٠

بەندەکانی١٢و١٣ لەم بەشەدا دووبارە دەخوێننەوە.

## کوردەی پانزدەهەم

٩١

(بەندی نۆهەم لێرەدا دەخوێننەوە)

٩٢

لەو کاتەیدا کە (ییستوت ییرتە) پەیکی خوڵقێنراوی (مەزدا) کوڕی (ویسب تئوروئیری) لە ئاوی کەیانسی دێتەدەرۆ، گورزێکی لەباری بەدەستۆ گرتووە، ئەوە هەر ئەو گورزەیە کە (فەرەیدون)ی دلێر لەکاتی سەرکوت کردن و کوشتنی ئاژیدهاک لەدەستی گرتبوو.

٩٣

- ئەو گورزە بەدەست ئەفراسیابی تۆرانییەوە بوو لەو کاتەیدا کە (زەنگیاب)ی درۆزنی دەکوشت.
- ئەو گورزە لەدەست کاک خوسرەودابوو، لەوکاتەی کە ئەفراسیابی تۆرانی کوشت
- ئەو گورزە بەدەست کاک گوشتاسبەوە بوو کە وەکو ئامۆژگاری ڕاستی سوپای خۆی تەعلیم دەدا.
- (ئیستوت ییرتە) دەتوانێ بەم گورزە بەسەر درۆدا زاڵ بێت و لە ماڵی ڕاستی بیکاتە دەرەوە.

٩٤

(ئیستوت ئیرتە) بەچاوی عەقڵ و ئیدراک سەرنجی هەمووان دەدات.

(ئیستوت ئیرتە) بەچاوی دلۆڤانی و لێبوردن سەرنجی هەموو جیهانی خاکی دەدات و ئەو تەماشا کردنەی دەبێتە هۆی جاویدانی و هەتاهەتایی بوونی جیهان.

(١) ئەو ناوانەی لە بەندی ٨٧دا نوسراون سێ کەس لە دوژمنانی ئایینی زەردەشت بوون.

(٢) لە مەتنی ئەوێستادا نووسراوە (خێوەنەکان) ناوی ماڵباتێک بووە، بەڵام بەگومانی من مەعنای ئەوە یەک ماڵبات ناگرێتەوە و وەکو نوسراوە و دیگر (خێوەن)های تبهکار... بەمەعنای باقی ئەوانەن کە دژ بەئایینی زەردەشت بوون و خێوەن واتە... خاوەنەکان یا خاوەن ماڵەکان.



٩٥

هەڤاڵانی (ییستوت ئیرتە) سەرکەوتووانە دێنەدەر، هەموویان بەبیری چاک و بەگوتاری چاک و بەکرداری چاک ڕازاونەتەوە و هەرگیز درۆناکەن و ڕق و کینەی خوێناوی بەدخوازان و بەد (فەڕ)ان توانایان نییە لە بەرانبەری ئەواندا ڕاوێستن و هەموویان ڕادەکەن و ڕاستی بەسەر درۆی ڕەش و بەد ڕەگەزدا سەردەکەوێت.

٩٦

کردەوەی ناحەز و بەدڕەفتاران تووشی شکەست دەبن و ئەوانەی خاوەنی کردار و خووی پەسەندیدەن سەردەکەون، ئەوانەی درۆزن و قسەی درۆیان کردووە شکەست دەخۆن و ئەو کەسانەی ڕاستبێژن و بەڕاستی دێنە ئاخاوتن سەردەکەون... خورداد و ئەمورداد، برسیەتی و تونییەتی ناحەز، هەردووکیان شکەست دەدەن.

ئەهریمەنی بەد فەڕ و تاوانبار و ناپاک هەڵدێت.

(بەندی سێزدەهەم لێرەدا دەخوێننەوە.)

- زەردەشتی گەورە، لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژێراوە، ئەوە سەروەری مینەوی کە لە خەزێنەی کردەوەکانی خۆیدا لە کردەوەی چاکی مرۆڤەکان نیگاهداری دەکات و دەیان پارێزێت تا لە ڕۆژی پەسڵاندا بیان خاتە بەردەستی مەزدا و داوەری لەسەر بکەن.

- شاریاری و مەزنایەتی (ئەهورامەزدا) شیاوی ئەو کەسەیە کە پارێزەر و لایانگر و حیمایەی هەژاران بێت...

درود و سوپاس بۆ چیای دەستکار و خوڵقێنراوی مەزدای بەخشێنەری ڕاستی و ئاسایش، واتە (ئوشیدرینە)[1] و هەروا درووود و ستایش بۆ (فەڕ)ی کەیانی کە مەزدا خوڵقاندویەتی و ئەو (فەڕ)ەی کە تایبهتی مەزدایە و لە دەستی ئێمە بەدوورە.

(١) مەرحوم عیمادەدین دولتشاهی (رحمه الله علیه) بەرهەمێکی جوانی هەیە بەناوی (کوهھای ناشناختە اوستا) بەڵام مامۆستایانی مێژووی هاوچەرخ (زۆربەیان) حەزی پێ ناکەن و کاتێ من دەستم کرد بەم کارە مامۆستا فەرەیدون جونێدی لێی نووسیم کە ئەمە کارێکی باشە بۆ گەلی کورد و پیرۆزبایی لێ کردم، بەڵام ڕای سپارد کە قسەکانی مەرحومی دولتشاهی نەنووسم و خەڵک تووشی هەڵە نەکەم... دیارە تا ئێرە بەقسەم کردووە بەڵام ئیستاکە بەوەرگێڕانی ئەوێستا خوێشم خەریکم وەکو ئەو مەرحومەم لێ دێ و ناوەکان بۆم ئاشنان و ناچار دەبم بیاننووسم و ئەوەیش دەزانم کە مامۆستایان پورداوود و دوستخواه و جونێدی و... کوردی نازانن بەتایبەت کوردی کرمانجی و هەورامی و گۆرانی کە پڕن لە وشەی کۆن و پەهلەوی و ئەوێستایی و، ئەگەر کوردییان بزانیبایت زۆر بەئاسانی دانیان پیادەنا کە ئەم کتیبە پیرۆزەی ئەوێستا کوردییە و زۆربەی مەکانەکان و جێگاکانی لە کوردستانن، بەڵام داخەکەم... ئەوان وەسیلە و سەرمایە و پڕ و پاگاندەیان هەیە و ئێمەیش بێکەس و دەست خاڵی و دەرەقەتیان نایێن و زۆریش جێگای داخە کە عیلمی ئەوان لەگەڵ چەشنە هەستێکی (پان فاریسم) تێکەڵ بووە و ناڵێم پان ئێرانیست، چونکە ئەوە هەموو کوردەکان دەگرێتەوە و ئێمە قایل بەکورد و ئێرانین و ئەوان هەموو شت بەفارس و بەلوجستان و سیستان دەزانن، جا بۆیە بەچیای (ئوشیدرینە) کە نووسیویەتی چیاییێکە لە سیستان من وا دەزانم چیای (وشەدەرە) بێ لەسەر شیوی سەقز...
ناحەقم نییە بێژم کە بوومەتە دەوڵەتشاهی...! (ع.ف)

– ڕاستی چاکترین پاشەکەوت و هەوێنی ژینی باشە... ژینی باش و سەربەرزانە تایبەتی ئەو کەسەیە کە ڕاست کردار بێت و خوازیاری چاکترین ڕاستی بێ. شکۆ و (فەڕ) و لەش ساخی و پایەداری بەدەن و کامڕەوایی و سامان و دارایی هاوڕێ لەگەڵ ئاسایش و هێمنی و ئاسوودەگی و مندالآنی چاک و لێهاتوو و قۆز و ژیانی درێژخایان و بەهەشتی پاکان و چاکان و ڕووناکی و هەموو چەشنە هۆ و ئامرازی ئاسایش و ئاسوودەگی بۆ ئەو کەسەیە کە تۆ... ئەی (ئەهورامەزدا) ستایش و پەرستش بکات.

# وەندیداد

وەندیداد، ناوی بەشێک لە ئەوێستایە کە زیاتر باسی یاساکان و دابونەریتی ژیانی تایبەتی پەیڕەوانی زەردەشت دەکات و لە ڕاستیدا ئەمە (شەرع) یان (فیقهە)ی دینی زەردەشتە و خوێنەر لەگەڵ ئەحکامی شەرعی ئەو دینە ئاشنا دەکات.

وشەی (وەندیداد) بۆ خۆی وشەیێکی قەڵب کراوە و لە ڕاستیدا واژەی ئەوێستایی vidaeradata بەمەعنای قانوونی دژ بەدێوانە و مرام لە (دێو) هەر وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، خونکارانی ئاریایی و پەیامهێنەرانی ڕەگەزی ئاریا، بەر لە زەردەشت بوون کە بەهاتنی زەردەشت و کتێبی پیرۆزی ئەوێستا، ئیتر ماوە و دەرفەت و ئیعتیباری ئەوان تەواو بوو.

لە ئەدەبی ئەمڕۆی ئێراندا زۆرجار ناو لە کتێبێ دەبەن بەناوی (دەساتیر) و دەبێژن پەیامبەرێکی ئاریایی بەناوی مهاباد هێناویەتی و ئەمەیش بەگومانی زۆربەی زانایانی عیلمی مێژوو و ئەوێستاناسان و ئێرانشوناسان، شێوازیکی (جەعلی) و بێ بنەمایە کە ئەوانەی دژ بەدینی زەردەشت بوون و یان کەسانێک بۆ مەبەستێکی تایبەت ئەمەیان هێنایە مەیدان بەڵام تەپڵەکەیان دەنگی وای نەبوو و کەس بەرپەی نەپێوان.

جگە لەمە، بۆ هەمووان ڕوونە کە پێش لە زەردەشت، چەند ئایینێ لەناو ڕەگەزەکانی ئاریاییدا بووە و بەهاتنی زەردەشت ئەوانە پووچەڵ بوونەتەوە و چونکە شانیان نەداوەتە بەری بە(دێو) و دژ بەمرۆڤ ناسراون وەکو نووسراوەکانی (مەزدیەسنا) پیشانی دەدەن، وەندیداد نوسخەی نۆزدەهەم لە بیست و یەک نوسخەی ئەوێستای ڕۆژگاری ساسانیان بووە کە ئەویش کەوتە بەر پەلاماری هێرشکەران و لە بەڵای بێگانەکان بێبەش نەبوو، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆکە بۆ ئێمە بەجێماوە، بەئەندازەی ئەوەندە بووە کە لە چاخی ساسانییەکاندا هەبوو.

بەشەکانی (وەندیداد) بە(فەرگەرد) دەناسرێن و ئەم بەشە دارای بیست و دوو فەرگەردە و سەبارەت بەیاساکانی دینی لە وڵاتەکانی زەردەشتی باس کراوە.

لە فەرگەردی چوارەم تا حەڤدە بەڕوونی باسی قانوون کراوە و سزای تاوانباران و زیانکاران دیاری دەکات.

لە مەتنی فارسیدا ئەم بەشە وەکو نموونە هاتووە کە خوێنەران لەگەڵ (داد) و ڕەوشی دینی و پزیشکی و دەرمان ئاشنا بکات.

بەداخەوە وەکو دەبینن هەندێ لە (بەندەکان) هەڵیت و پەڵیتن و لەوە دەچێ دەستکاری کرابێتن وەکو ٨-٩ لە فەرگەردی پەنجومدا.

## فەرگەردی پەنجوم

١-٧

پرسیار: ئەگەر کەسێ لە قووڵایی ڕووبارێکدا بمرێت و پەلەوەرێ لە لوتکەی چیا بەرەو ئەو جێگا بێتە خوار و لە بەدەنی ئەو مردووە بخوات و دیسانەکە هەڵفرێت بۆ سەرۆ و لەسەر لقی دار یان لە جێگاییێکی



بژوێن بنیشێتەوە و ئەو جێگایە بە(ڕیقنەی) خۆی پیس بکات، پاش ئەوە پیاوێک بچێت و لەو لقەدارە و یان لەو پووش و پڵاشە بهیرێت و ئاگری لێ سازبکات سزای تاوانی ئەو چییە؟

وەڵام: لاشەی مردارۆبوو کە سەگ یان پەلەوەر، یان باومێش بیهێنێت کەس تاوانبار ناکات، چونکە ئەگەر وا بوایێت بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مردارۆ بوو لە هەموو جێگا، بەتایبەت دەشت و کۆسارلاندا فرەوانە، دڵی هەمووان پڕدەبوو لە هەراس و ترس و خۆف و زۆرکەس خۆیان بەسزاواری مردن دەزانی.

پرسیار: ئەگەر کەسێ بیەوێت باغ و کێڵگەی خۆی ئاودێری بکات و لە جاری یەکەم یان دووهەم و سێهەمدا بزانێ کەلاکی سەگ یان ڕەوی یا گورگ لە جۆبارەکە کەوتووە و بەو ئاوە پیسە ئاودێری کردووە سزای چییە؟

وەڵام: ئەو چەشنە کارانە کەس تاوانبار ناکات و ئەگەر مێش یان با یا سەگ و گورگ لە کەلاکی مردار بکەون بۆ جێگای تر تاوانیان نییە و با نەبێتە هۆی ئەوە خۆف و هەراس لەسەر دڵان بنیشێت.

٨-٩

- ئایا ئاو دەتوانێ ئادەمیزاد بکوژێت؟

وەڵام: نە، ئاو ئادەمیزاد ناکوژێت... (ئەستوویداتو) ئادەمیزاد ئەسیر دەکات و دێوی (وەیو) ئەو دەبەستێتەوە و دەری دەکات، ئاو، ئەو نوقم دەکات و پاشان دەیخاتە قەراخ، لەو کاتەدا باڵندەکان دێن و دەیخۆن تا بەختی یاریدەی بدات و بگاتە ئاخر و ئاکام.

- ئایا ئاگر ئادەمیزاد دەکوژێت؟

وەڵام... نە، ئاگر ئادەمیزاد ناکوژێت... (ئەستوویداتو) ئادەمیزاد بەدیل دەگرێت و دێوی (وەیو) ئەو دەبەستێتەوە و دەری دەکات و بەئاگر لەش و گیانی ئەو دەسووتێنێت تا بەخت بگات و کار بگاتە ئاکام.

١٠- ١٤

ئەو کاتەی هاوین بڕوات و وەرزی زمستان بگات، مەزداپەرستان دەبێ سێ (کەدە) بۆ مردووەکان ساز بکەن بەچەشنێ کە جێگای لەشی ئادەمیزاد ببێتەوە و سەری بەرز و پای ڕاکێشراو و دەستە کراوەکانی ئازار دەدات.

دەبێ لەشی بێ گیانی مردووەکان بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ یان سێ شەو لە (کەدە)دا دابنێن تا ئەو کاتەی کە باڵندەکان دەکەونە هەڵفرین و گژوگیا سەوز دەبن و ئاوەکان دەبووژێنەوە و لە جۆبارەکانەوە دەڕۆن و بای بەهار، زەوین وشک دەکاتەوە.

ئەوکاتە، دەبێ مەزداپەرستان، جەنازەی مردووەکان ببەنە (دەخمە) و لەبەر خۆرەتاودا دایان بنێن تا ئەوکاتەی باران ببارێت و بدات لەو جەنازانە و هەموو ئەو چڵک و خوێناوی لەشی مردووەکان بشۆرێتەوە و باڵندەکان هەموو گۆشتی لەش و ئەوانەی لە مردووەکان ماونەتەوە بیخۆن و ئەو جێگا خاوێن بکەنەوە.

ئەگەر مەزداپەرستان، لاشەی مردووەکان تا یەک ساڵ نەخەنە بەر خۆر، دەبێ سزا بدرێن وەکو سزای ئەو تاوانبارەی کە مرۆڤێکی پاکی کوشتبێت و ئەو سزا و حوکمە ڕەوایە ئیجرا بکرێت.

۲۱-۱۵

– ئایا تۆ... ئەی ئەهورامەزدا، کە ئاو لە دەریای فەراخ کەرت ڕەوان دەکەیت، هەر لەو کاتەیشیدا هەور و با دەخەیتە جەولان؟

– ئایا تۆ، ئەی ئەهورامەزدا، ئاو دەخەیتە ناو دەخمەکان هەتاکو جێگای چڵک و خوێنی لاشەی مردووەکان بشۆرێتەوە؟

– ئایا تۆ، ئەی ئەهورامەزدا، هەرچی پیس و ناپاکە ڕای دەدەیتە نێو دەریای (پویتیک)؟(۱)

بەڵێ... ئەی سپیتەمان زەردەشت... هەروایە کە گوتت:

ئەوە منم کە ئاوی دەریای (فەراخ کەرت) دەخەمە کار و لەگەڵ ئەودا با و هەور بەپەلە دەنێرم. ئەوە منم کە بەئاو و با و هەور، دەخمەی مردووەکان دەشۆرمەوە و خوێناو و چڵک و ئێسکی مردووەکان لادەبەم.

– ئەز- ئەهورامەزدا، هەرچی ناپاکە لە سەرزەوین ڕای دەدەم و هەر ئەو کاتە دەیان هاوێمە دەریای (پویتیک).

– ئاوەکان ماوەیێک لە نێو دەریادا دەگەڕێن هەتا پاک دەبنەوە و ڕووەدەکەنە دەریای فەراخ کەرت و داری پیرۆزی ئەهورایی لەوێدا گیای فرەوان سەوز دەبن و لە هەر چەشنە گژوگیا سەدها، هەزارها، هەزارها دە هەزارها دەڕوێن.

– ئەز، ئەهورامەزدا، بۆ خواردەمەنی چوارپایان و مرۆڤی پاک و گیانلەبەرانی قازانجدار، باران دەبارێنم.

– مرۆڤەکان لە گەنمی من دەخۆن و گیانلەبەرانی خاوەن سوود لە گیا، ئەمەیە چاک، ئەمەیە جوان، ئەمەیە ئەوانەژ تۆ بەڕاستی گوتت.

– ئەهورامەزدای پاک، بەم فەرموودانەی خۆی، زەردەشتی شاد کرد.

– ئەم ئایینی ڕاستییە بۆ ژیانی باشتر و داهاتووی چاکتر، کیفایەت دەکات.

ئەی (زەردەشت)ی پاک... ئەمە دینی مەزدیەسنایە کە خاوەنی دروشمەکانی بیر و گوتار و کردەوەی چاک دەکاتە خاوەن بەهرە و پاک و کافی.

۲۵-۲۲

– ئەی ئافەریدگاری پاکی جیهانی خاکی:

ئەم ئایینی زەردەشتە کە دوژمنی دێوەکانە تا چ ڕادە مەزنتر و باشتر و جوانترە لە ئایینەکانی تر؟

– ئەی سپیتەمان زەردەشت

وەڵامی تۆ ئەوەیە کە ئەم ئایینی دژ بەدێوەکانی زەردەشتییە ئەوەندە چاک و پاک و جوانە، لە بەرانبەر ئایینەکانی تردا، وەکو ئاوی دەریای فەراخ کەرت لە بەرانبەر باقی ئاوەکانی دنیادا.

– ئەی سپیتەمان زەردەشت

(۱) puitika: ناوی لقێ لە دەریای فەراخ کەرت.



دەتوانم بێژم، ئەم ئایینی دژ بەدێوی زەردەشتییە لە گەورەیی و مەزنایەتیدا بەرانبەر بەئایینەکانی تر وەهایە کە دارێکی بەرز و پڕ شاخ و بەرگ، چڵەدارێکی بچووک لە حانی خۆیدا بشارێتەوە.

– ئەی سپیتەمان زەردەشت

دەتوانم بێژم کە ئەم ئایینی زەردەشتی دژ بەدێوەکان لە مەزنایەتی و چاکی و جوانیدا، بەرانبەر بەئایینەکانی تر وەکو ئەوە وایە کە ئاسمان دەورادەوری عەرز بگرێت.

## فەرگەردی حەوتەم

۳٦

ئەی ئافەریدگاری جیهانی خاکی:

ئەگەر مەزداپەرستان بیانەوێت نەخۆشینی و برینەکان دەرمان بکەن چۆنی دەست پێ بکەن؟ ئایا چاکترە بۆ تاقیکردنەوەی زانایی خۆیان لەسەر مەزداپەرستان کار بکەن یا دێوپەرستان؟

۳۷

دەرمانکەران دەبێ سەرەتا کاری خۆیان لەسەر دێوپەرستان تاقی بکەنەوە نە مەزداپەرستان:

ئەگەر دەرمانکەر (پزیشک) یەکەم جار بەدەنی یەک دێوپەرستی هەڵدڕی و ببێتە هۆی مردنی ئەو و بۆ دووهەم جار بەیەکی تر خۆی تاقی بکاتەوە و نەخۆشەکە بمرێت و بۆ سێهەم جار ئەم کارە بکات و ئەویش بکوژێت ئیتر مافی پزیشکی نییە و ئەو کەسە بۆ هەتاهەتایە نەزانە و نابێ دەرمان بکات.(۱)

۳۸

ئیتر ڕەوا نییە ئەو کەسە، مەزداپەرستان دەرمان بکات یان لەناو ئەواندا خەریکی (جەراحی) بێت و بەکردەوەکانی خۆی زیانیان تووش بکات.

ئەگەر کەسێکی بەو چەشنە نەزان، مەزداپەرستان دەرمان بکات و لەناو ئەواندا بکەوێتە (کاردپزیشکی): (جەراحی) و زیانیان پێ بگەینێت، ئەوە سزاواری مکافاتە و سەبارەت بەو زیانەی کە داویەتی مەزداپەرستان وەکو تاوانبارێکی کە بەعەمد ئەو کارەی کردبێت سزا دەکرێت.

۳۹

ئەگەر دەرمانگەر (پزیشک) بۆ یەکەم جار جەراحی خۆی لەسەر یەک نەفەر دێوپەرست تاقی بکاتەوە و لەشی هەڵدڕێت و چاکی بکاتەوە و بۆ دووهەم جار و سێهەم جاریش ئەو کارە بکات و نەخۆشەکە چاک بێتەوە، ئەو دەرمانگەرە بۆ هەمیشە زانا و خاوەن ئەزموونە.

٤۰

ئیتر ڕەوایە ئەم دەرمانکەرەی خاوەن ئەزموونە بچێتە ناو مەزداپەرستان و عیلاجی نەخۆشینەکانیان

(۱) لەو زەمانەدا نەیانزانیوە لەمشکی ئازمایشگاە و کەروێشک و ئەمانە سوود وەرگرن و بەناچار وایان باش زانیوە تاقیکردنەوە لەسەر دوژمنان بکەن کە ئەگەریش کوژرا غەمی بۆ نەخۆن!

بکات و بۆ نەشتەرگەی ئیزنی هەیە.

٤١

ڕەوایە کە یەک ئاگرەوان دەرمان بکات بۆ ئەوەی کارێکی چاکی کردبێت و یەک خاوەن ماڵ عیلاج بکات و حەقدەستی بەئەندازەی چوارپاییێکی لەڕ لێ بستێنێت. خاوەنی گوندێ کە عیلاجی کرد حەقدەستی ئەو، بەهای چوارپاییێکی وەسەتە و ئەگەر شارەوانی دەرمان کرد حەقدەستی ئەو دکتورە بەئەندازەی بەهای چوارپاییێکی فرەچاکە. ئەگەر شاریاری وڵاتی دەرمان کرد حەقدەستی ئەو یەک عەڕڕابەی چوار ئەسپەیە.[1]

٤٢

ئەگەر کەیبانووی ماڵێک عیلاج بکات حەقی ئەو بەهای وڵاخێکی مێوە ئەگەر خێزانی ئاغای گوند دەرمان بکات حەقەکەی سەری مانگایە و هەروا حەقی دەرمانی ژنی شارەوان بەهای یەک سەرماییە و ئەگەر خێزانی فەرمانڕەوای وڵات (شاریار) عیلاج بکات حەقدەستی ئەو پزیشکە بەهای وشترێکی مێوە.

٤٣

بۆ دەرمانی کوڕی کوێخا حەقدەستی باشترین هێسترە و ئەگەر باشترین هێستر دەرمان بکات پاداشی ئەو هێسترێکی وەسەتە و ئەگەر هێستری وەسەت عیلاج بکات بەئەندازە بەهای هێسترێکی لەڕو ئەگەریش هێسترێکی لەڕی دەرمان کرد و یان چوارپاییێکی بچووکی عیلاج کرد حەقدەستی ئەو بەئەندازەی خواردەمەنی یەک ژەم گۆشتە.

٤٤

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەگەر لەناو پزیشکاندا هەبن ئەوانەی بەکارد، عیلاجی نەخۆشین دەکەن و ئەوانەی بەدەرمان داین دەکەونە موعالیجەی نەخۆشەکان و پزیشکی هەبێت کە بەوتەی جوانی ییزەدی، نەخۆشەکان دەرمان بکات ئەوە دەرمان بەخشترین پزیشکانی جیهانە و زۆر لەوانە چاکترە کە بەهەڵدڕینی زگی نەخۆشەکان عیلاجیان دەکەن، باشترین شێوە هەر ئەو گوتار دەرمانییە.(*)

(١) لەم بەندانەدا، حەقی ویزیتی دکتۆرەکان دیاری کراوە و بەهۆی شان و باڵ و ڕادەی توانای هەر کەسێ بۆ های (ویزیت) بۆ پزیشک دانراوە.

(*) خوێنەرانی هێژا: ئەم نووسراوانە بۆمان دەسەلمێنن کە ئیرانیەکانی قەدیم لە حەوت هەزار ساڵ لەمەوپێشدا نەخۆشەکان عەمەلی جەراحی کراون و فیردەوسی لە شاهنامەدا باسی (کورتاژ)ی ڕوودابەی دایکی ڕۆستەمی کردووە کە چۆن منداڵیان لە پاڵوی دەرهێناوە. لێرەیشدا (گفتاردەرمانی) بەچاکترین شێوە دەزانێ لە حاڵێکدا خەڵک پێیان وایە ئەوە شتی تازەیە.



## ویسپیرەد

ویسپیرەد، ناوی بەشێ لە ئەوێستایە کە بەشێوازی (یەسنا) نووسراوە و لەکاتی نیایشدا هاوڕێ لەگەڵ (یەسنا) دەیخوێننەوە. مەعنای ئەم بەشە کە لە دوو وشەی (ویسپ) و (ڕەتو) دروست کراوە دەبێتە (هەموو سەرەکان) یان (هەموو ڕەدەکان) کە باسی ستایشی پاکان و پارێزکاران و مەزنەکان و جوامێران و ئەوانەی لە ئایینی پیرۆزی مەزدایییدا بەمەخلوقاتی چاکی ئەهورامەزدا دانراون دەکات. لەڕاستیدا ئەم بەشە ستایشنامە و سوپاسنامەی نیاکانی پاکی ئێمەیە کە بۆ بەزەیی و گەورەیی ئەهورامەزدا هۆنیویانەتەوە.

ویسپیرەد لە ئەسڵدا بە(یەسنا) و بەسزاوە و لە مەراسیمی دینیدا هەرگیز بەتەنها نایخوێننەوە و زۆر کات لەگەڵ یەسنا و وەندیداد، دەیخوێننەوە، بەشەکانی ویسپیرەد، بەوێنەی یەشتەکان، ناوی (کوردە)یان لێ نراوە وەکو دەبێژن ٢٤ تا ٢٧ کوردە بوو. لەم بەشەدا بۆ نموونە کوردەکانی حەوتەم و پانزدەهم پێشکەشی خوێنەران دەکەین.

### کوردەی حەوتەم

١

گوتە ڕاستەکان ستایش دەکەین، سرووشی پاک ستایش دەکەین، (ئەشی) چاک ستایش دەکەین، (نەریوسەنگ) ستایش دەکەین ئاشتی سەرکەوتووانە ستایش دەکەین، ئەو مرۆڤانەی ناکەون و لە ڕێگا لانادەن ستایش دەکەین، فرەوەهرەکانی پاکدینان ستایش دەکەین، پردی چینۆت ستایش دەکەین (گەرزەمان)ی ئەهورامەزدا ستایش دەکەین، بەهەشت ستایش دەکەین کە هێنەری ڕووناکی و هەموو خۆشییەکانە.

٢

چاکترین ڕێگای بەرەو بەهەشت ستایش دەکەین (ییرشتاد) ستایش دەکەین کە جیهان زیاد دەکات و بەباری دەهێنێت و قازانجی پێدەگەینێت، دینی مەزداپەرستی ستایش دەکەین، (ڕەشەن) ڕاستترین ئافەریدەکان ستایش دەکەین، (مێهر) خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین ستایش دەکەین، (پارندی) چالاک ستایش دەکەین، ئەو چالاکترین چالاک ئەندیشان، چالاکترین چالاک گوتاران، چالاکترین چالاک کرداران، ئەوە کە ئەندام چالاک دەکات.

٣

پاڵەوانی پیاوانە ستایش دەکەین، کە بۆ پیاوان فەرعانە دەهێنێت کە بەهۆش فەرعانە دەدات کە توندتر لە توند و دلێرتر لە دلێرە و هەروەکو بەهرەئێزەدی دەگاتە پیاو و دەبێتە هۆی خەلاسی پیاوان لە گرفتاریی. ئەو خەونەی کە مەزدا داویەتی و مایەی شادمانی گیانلەبەران و ئادەمیزادانە ستایش دەکەین.

٤

ئەوانەی کە بەر لە ئاسمان و ئاو و زەوین و گیاە و گیانلەبەرانی چاک و بەسوود خەڵق کراون ستایش

دەکەین.

دەریای فەراخ کەرت ستایش دەکەین، بای چالاکی دەستکاری مەزدا ستایش دەکەین، ئاسمانی درەوشاوە کە بەر لە هەستی جیهان خەڵق کراوە ستایش دەکەین.

٥

(ئازەر) کوڕی (ئەهورامەزدا) کە ڕێگای پاکییە ستایش دەکەین، (زور) و (کوشتی) و (بەرسەم)ی کە لە ڕووی ڕاستییەوە ڕاخرابێت و ڕەدی پاکی ستایش دەکەین، (ئەپەم نەپات) و (نیریوسەنگ) ستایش دەکەین.

(داموئیش ئەوپەمەن)ی دلێر ستایش دەکەین، ڕۆحی مردووەکان ستایش دەکەین، فرەوەهرەکانی پاکدینان ستایش دەکەین.

ئەهورامەزدا، ڕەدی مەزن ستایش دەکەین، ئەو کە لە پاکیدا وا لە سەر هەمووانەوە، ستایش دەکەین.

هەموو سروودەکانی ئایینی زەردەشتی ستایش دەکەین، هەموو ئەو کردەوە دینییانەی کە ئەنجام دراون و لە داهاتوودا ئەنجام دەدرێن ستایش دەکەین.

## کوردەی پانزدەهەم

١

ڕاسپی،(١)

ئەی مەزداپەرستی زەردەشتی:

دەستەکان و پاکان و هۆشی خۆت بۆ ئەنجامی کرداری چاک و بەجێهێنانی داد و دروستی و پارێز لە کردەوەی خراپ و بێداد و نادروستی و لە بۆ وەرزبەری چاک، ئامادە بکە و بیخەرە کار تا وەرزیدە بن و لە لێنەهاتوویی ڕزگاریان بکە بەڵکو بەتوانا و ئامادە بن.

٢

با وا بێ کە بۆ ستایشی ئەهورامەزدا، تواناترین پاکی کە ئێمە ستایشگەری ئەوین، بۆ بێ ماتڵ بوون و بێ خزان لە خوێندنەوەی دووبارە خوێندنەوە و لەبەرکردن و بژاردن و هۆنینەوەی حەوت هاتی پیرۆزی یەسنا، لێرەدا ژنەفتن و فەرمانبەرداری بێتە دەر و وەبەرچاو بکەوێت.

٣

با وا بێ... کە بۆ خوێندنەوەی وتارەکانی پیرۆز و ستایشی ئەهورامەزدا و ئازەری ئەو کە بەهێزترین هێزی دوژمن شکێنە و دەیناسین و لە داهاتوویشدا دەیناسین، ژنەوایی و فەرمانبەرداری بێتە ئارا.

٤-٥

سروودەکانی ستایش و نیایش و ئافەرین پێشکەشی ئەهورامەزدا و ئیمشاسپەندان و ڕادانی پاکی

(١) ڕاسپی، یەکێ لە موبەدانی زەردەشتییە کە وەزیفەی ئەو بەجێهێنانی مەراسمی نیایشە.



مەزن و گەورەترین جوانمێری ئەو واتە (ئەشی) سەرکەوتوو و نیایشی جوانمێر پەسەند و لەسەر هەمووانەوە بۆ ئەو بێت.

ستایش بۆ (سپەندمەنتەر) و دینی مەزداپەرستی بە (ئەستوت یەسینە) و هەموو جوامێران و نیایش و نزاکانی جوامێر پەسەند کە بە (هەوم)ی پێشکەش دەکەین.

سەراسەری ئافەرینشی پاک، بۆ ستایش و نیایش و خۆشنوودی و ئافەرینخوانی ئەو ژنەوای ژنەوایان، لە سەرەتا و بۆ ئاکام و ئەنجام، وەکو بووە و وەکو دەبێت.

(زەوت) یەتائەهو و ییریو... کە ئاتر و خەش بەمن دەبێژێت (ڕاسپەی) ئەسارتوش ئەشات چیت هەچا... کە پیاوی پاکدین و زانا دەبێژێت.

مەزدائەهورا، ژنان و پیاوانێ کە لەناو ئافەریدەگاندا چاکترین ستایش بەشێوەی ئایینی ڕاستی بەجێ دەهێنن دەناسێتەوە... ئاوا ژنان و پیاوانێ ستایش دەکەین.

بەندی یەکەم دووپات دەکەنەوە.

ستایش بۆ سرووشی پاک، ئەهورامەزدا جوامێری مەزن ستایش دەکەین، ئەو کەسێکە لە پاکیدا پاکترین و لە مەزنایەتیدا، مەزنترین و هەروا ستایش دەکەین بۆ هەموو سروودەکانی ئایینی زەردەشت.

– هەموو کردارە چاکەکان کە بەجێمان هێناون و لە داهاتوودا بەکاریان دەبەین ستایش دەکەین. مەزدائەهورا بۆ خۆی ئاگای لێیە و ژنان و پیاوانێ کە چاکترین ستایش و عیبادەت بۆ ئەو دەکەن بەچاکی دەناسێت و جەزای چاکەیان دەداتەوە، ئێمەیش ئاوا ژنان و پیاوانێ ستایش دەکەین.(*)

(*) خوێنەری بەڕێز... بەداخەوە ئەوانە مەتنی فارسییان وەرگیراوە لەم بەشەدا زۆر سەرکەوتوو نەبوون ومن بۆ خۆم ئیقرار دەکەم کە منیش وەکو ئەوان تووشی هەڵە بووم و لەڕاستیدا ئەوە خەتای ئێمەنییە و دیارە مەتنی سەرەتایی بەدەست دوژمنانی ئێران دەستکاری کراون و ئەسڵەکەی نەماوە...

# کورتەی ئەوێستا

وردە ئەوێستا لە زمانی پەهلەویدا (xortak arestak) بەمەعنای ئەوێستای بچووکە و بۆ خۆی بەشێکی تایبەت نییە، بەڵکو هەڵبژێراوێکە لە سەرانسەری بەشەکانی ئەوێستا کە لە چاخی پادشاهی شاپوری دووهەمی ساسانیدا بەدەستی موبەدی موبەدان، ئازەرپاد مێهر ئەسپەندان نووسراوە تا بێهدینەکان بتوانن لە نوێژ و جەژن و عەزاو نیایش و دوعا و نزا و دابونەریتی مانگانە و ساڵانە، سوودی لێ وەربگرن.

ئەو نوسخە و دەفتەرانەی کە لە کورتە ئەوێستا بەجێماون بەقەدەر یەک نین و هەر کەس بەپێی نیاز و زەوقی خۆی بەشێکی لابردووە و یان پێی زیاد کردووە، هەر بۆیە لەناو ئەو دەفتەرانەی بۆمان بەجێماون باسی وایان تێدایە کە لە ئەوێستای مەزندا نین و ئەوەیش هۆی ئەوەیە کە ئەو بەشانەی لە ئەوێستای گەورە کە لە چنگی زەمانە و هێرشکەران ڕزگار نەبوون، لێرەدا بەکورتی جێگیر بوون و نووسراونەتەوە.

کورتە ئەوێستای فارسی کە بەهەوڵ و تێکۆشانی مەردانەی مامۆستای مەزن، پورداوود ئامادە کراوە خاوەنی هەشت بەشە و زۆربەی نیایش و ستایش و دوعا بەناوییەکانی دینی موقەددەسی زەردەشت کە بەدرێژایی ساڵ ویردی زمانی پێشینیانی ئێمە بوون، لێرەدا وەبەرچاو دەکەون.

خوێنەری کورتە ئەوێستا بەخوێندنەوەی ئەو لەگەڵ زۆربەی خاڵەکان و نیایشەکان و ستایشەکانی دینی مەزدا ئاشنا دەبێت.

لەم کتێبەدا ئێمە لە هەشت بەشی وردە ئەوێستا دوو بەشمان هەڵبژاردووە بۆ وەرگێڕان بەناوەکانی (سی ڕۆژەی مەزن) و (ئافەرینگان).

دەبێ بزانین لە ئێرانی کۆندا بەشکردنی مانگ بەچوار حەوتە باو نەبووە و ئەم شێوە پاش هێرشی تازییەکان بۆ سەر ئێران ڕەواج دراوە. ئێرانییەکان، ساڵیان بەدوازدە مانگ و، مانگیان بەسی ڕۆژ بەش کردبوو و، چونکە تێکرای ڕۆژەکان دەچوونە سێسەد و شەست لە کۆتایی ساڵدا، پەنج ڕۆژیان بەناوەکانی (ئەندرەرگاە) یا (بەهێزەک) یا (وەهێزەک) یا (پەنجەدزدیدە) یا (خەمسەی مسترقە) دەناساند و ناوی پەنج سروودی گاساکانیان لێ دەنا.

سەبارەت بەبەشی ئەوەڵ، سی ڕۆژە دەبێ عەرزتان کەم کە ئەمانە نیایش و ستایشەکانی ئادەمیزادی پارێزکار و پاکدین و مەزدایی بوون کە هەر ڕۆژ لە یەکێ لە کاتەکانی پەنجگانەی شەو و ڕۆژ وەکو نوێژی ئێستای ئێمە ڕادەوێستان و ڕوویان دەکردە ئیمشاسپەندان و ئەو فریشتەی کە ئەو ڕۆژە بەناوی ئەو کرابوو دەیان خوێندەوە.

ئەو بەشەی تری وردە ئەوێستا کە هەڵبژێراوە (ئافەرینگان) ناوی یەک ڕشتە نیایشن کە سەرەتایان بە (ئافەرین) دەست پێ دەکات و چوارشێوەن:

١- ئافەرینگانی دەهمان واتە ئافەرینی دەهەم کە سەرەتای ساڵ و ڕۆژەکانی چوارەم و دەهەم و سێهەمی هەر مانگ و لە کاتی فەوتی کەسێکدا دەیانخوێندەوە و تایبەتی پاڕانەوە بۆ ڕزگاری و شادی ڕۆحی مردووەکان و کامەرانی زیندووەکان بوو.



٢- ئافەرینگانی گاساکان - ئەم دوعا لە پەنج ڕۆژی ئاخری ساڵدا کە وتمان بەناوی ئەندەرگاە و یان بەهێزەک و... دەیانخوێندەوە و ئەمیش بۆ شادی ڕۆحی مردووەکان بوو.

٣- ئافەرینگانی گەهەنبار کە لە ڕۆژەکانی پەنجگانەی هەر شەش گەهەنباری ساڵ دەیانخوێندەوە و سەبارەت بەشێوەی جەژنەکانی شەشەیە.

بۆ هەرکام لە ڕۆژەکانی سی گانەی مانگ ناوی یەکێ لە ئیمشاسپەندانیان دانابوو و وایان دەزانی کە ئەو فریشتە، بۆ هەتاهەتایە پاسدار و نیگاهبانی ئەو ڕۆژەیە.

ناوی مانگەکانیش هەر بەناوی شەش ئیمشاسپەند و شەش ییزەدن کە نێوی ئەم شەشەی ئاخر لەسەر ڕۆژەکانیش دانراون و هەر کاتێ نێوی ڕۆژ و مانگ یەکیان بگرتایت، دەیانکرد بەجەژن و بەپیرۆزیان دەزانی.

ساڵیش بەدوو وەرز بەش کرابوو کە شەش مانگی بەناوی هاوینی گەورە و شەش مانگی بەناوی زمستانی گەورەبوو و لە یەکی مانگی ئابان تا کۆتایی ئەسفەند درێژەی بوو.

ئێرانییەکان پییان وابوو جیهان لە شەش نۆبەدا خەڵق کراوە و ئورمەزد لە شەش جاردا کە بەرانبەری یەک ساڵ دەبوو، جیهانی خاکی خوڵقاند کە لە زمانی پەهلەویدا بەمە دەبێژن (گاسانبار) و لە فارسی (گاهانبار) یان (گوهەنبار) کە لە گەیشتنی هەر کامیاندا جەژنیان دەگرت و پێشکەشیان دەبردە کن موبەدی موبەدان.

ئێرانییان پێیان وابوو ئەهورامەزدا، سەرەتا ئاسمان و ئەمجار ئاو پاش ئەوە زەوین و لە جاری چوارەمدا گژوگیا و جارێ پەنجوم مەڕ و ماڵات و باڵندە و باقی حەیوانات و لە جاری شەشومدا مرۆڤی خوڵقاندووە.

٤- ئافەرینگانی ڕپیتوین کە تایبەتی فریشتەی نیگاهبانی هاوینی گەورەیە و ڕپیتونگاە بەکاتی نیوەڕۆژ تا عەسر واتە بەینی نێمەڕۆ و عەسر دەبێژن.

لەم چوار بەشەدا خوێنەران دەتوانن بەجوانی لەگەڵ چلۆنایەتی ستایشەکان و نیایشەکانی پێشینیان ئاشنا بن و لەشێوەی فکر و بیرکردنەوە و جیهانبینی ئەوان باشتر تێبگەن.

## سی ڕۆژەی مەزن

١

هورمەزدی شکۆدار و مەزن ستایش دەکەین، ئیمشاسپەندان واتە ئەو شاریارانی چاک و دەروون پاک و چاک کردار ستایش دەکەین.

٢

بەهمەن، ئیمشاسپەند ستایش دەکەین، ئاشتی سەرکەوتوو کە سەرباشقەی ئافەریدەگانە ستایش دەکەین، زانست... واتە ئەو سرشتەی کە مەزدا داویەتی ستایش دەکەین، زانست و ئامۆژگاری کە مەزدا عەتای کردووە ستایش دەکەین.

٣

جوانترین ئیمشاسپەندان، واتە ئوردی بەهەشت ستایش دەکەین، (ئەییریەمەن ئیشیە) ئەو توانای کە مەزدا داویەتی ستایش دەکەین (سئوکا)ی چاک و وردبین و دووربینی، عەتاکراوی مەزدا ستایش دەکەین.

٤

شاریوەر، ئیمشاسپەند ستایش دەکەین، ئاسنی تاواوە ستایش دەکەین.

ئەو، کە پەناهدەر و پاڵپشتی بێ نەوایان و هەژارانە، ستایش دەکەین.

٥

ستایش بۆ سپەندارمزی چاک، (راتا)ی چاک و دووربین و داهاتووبین کە خەڵاتی مەزدایە ستایش دەکەین.

٦

خورداد ئیمشاسپەند ستایش دەکەین (یاییریاهوشیتی) ستایش دەکەین، فریشتەکانی پاکی ساڵ و سەروەرانی ڕاستی و ڕەوانی پاکی ئەوان ستایش دەکەین.

٧

ئەمورداد، ئیمشاسپەند ستایش دەکەین، ڕەوەکانی باش بەخێوکراو ستایش دەکەین، خەرمانەکانی پڕ پیتو بەرەکەت ستایش دەکەین، (گئوکرینە)ی بەهێزی خەڵاتی مەزدا ستایش دەکەین.

...............

هاوەنگاه: میهر خاوەنی دەشتەکانی پانوبەرین ستایش دەکەین (ڕام) لەوەرگای بژوێن ستایش دەکەین.

(ڕەپیتونگاه): ئوردی بەهەشت و ئازەر، کوڕی ئەهورامەزدا ستایش دەکەین.

ئوزیرنیگاه: سەروەری مەزن و شاریاری شیدوەر، ئەپەمنەپاتی سوار چاک ستایش دەکەین، ئاوی پاکی خەڵاتکراوی مەزدا ستایش دەکەین.

ئەوسیروتریگاه: فرەوەهرەکانی چاک و بەتوانا و پاکی پاکدینان ستایش دەکەین، ژنان و دەستەی ڕۆڵەکانیان ستایش دەکەین.

(یائیریاهوشتی) و (ئەم)ی چاک دروست کراو و سەوز بوو و (بەهرام)ی ئەهورا دادە و (ئەوپەرتات)ی سەرکەوتوو ستایش دەکەین.

(ئوشوهینگاه): (سرووش)ی پاک و پێکەوتوو و زاڵ و بەرەکەتی جیهان، واتە ئەو سەروەری پاکییە ستایش دەکەین.

(ڕەشن) ڕاستترین ڕاستان ستایش دەکەین، هەروا ییرشتادی خاوەن بەرەکەت و جیهانپەروەر ستایش دەکەین.



٨

دادار (دی بەئازەر) ئەهورامەزدای شکۆدار و مەزن ستایش دەکەین، ئیمشاسپەندان، ئەو شاریارانی چاک کردار و دەروون خاوێنە ستایش دەکەین.

٩

ئازەر کوڕی ئەهورامەزدا ستایش دەکەین (فەڕ)ی خەڵاتی مەزدا ستایش دەکەین، فەڕی ئێرانی کە مەزدا خەڵاتی کردووە ستایش دەکەین، فەڕی کەیانی کە مەزدا عەتای کردووە ستایش دەکەین، ئازەر، کوڕی ئەهورامەزدا ستایش دەکەین.

کاک خوسرەو و دەریاچەی خوسرەو ستایش دەکەین چیای (ئەسنەوەنت) ستایش دەکەین، دەریاچەی چیچەست، کە مەزدا خەڵاتی کردووین ستایش دەکەین، فەڕی بەهێزی کەیانی ستایش دەکەین، ئازەر کوڕی ئەهورامەزدا ستایش دەکەین.

ئەی ئازەری پاکی جەنگاوەران، ئەی ئیزەدی خاوەن فەڕ، ئەی ئیزەدی کارساز و دەرمانبەخش، ئێمە ستایشی تۆ دەکەین.

ئازەر، کوڕی ئەهورامەزدا ستایش دەکەین، ستایش بۆ هەموو ئاگرەکان، ئیزەدی نەریوسەنگ ستایش دەکەین.

١٠

ئابان، ئەو چاکە و بەسوودەی کە مەزدا عەتای کردووە ستایش دەکەین دوێتی ڕووسوور ئاناهیتای پاک ستایش دەکەین، ستایش و سوپاس بۆ هەموو ئەو ئاوانەی کە مەزدا خەڵاتی کردووین و هەروا بۆ ئەو گژوگیای کە پێی بەخشیوین.

١١

ستایش و سوپاس بۆ خۆرەتاوی هەتاهەتایی و خاوەن شکۆ و چاکسوار و خاوەنی ئەسپی تیژڕەو.

١٢

سوپاس و ستایش بۆ (مانگ) کە نوتفەی گای نێری لای خۆی ڕاگرتووە فرەوەهری ڕەوانی گای تاقانە ستایش دەکەین، ستایش بۆ فرەوەهرەکانی گای جۆراوجۆر و ڕەوانی ئەوان.

١٣

ستایش دەکەین بۆ ئەستێرەی شکۆدار و مەزنی (تیر)، (سەتەوەیس)ی بەتوانا کە (مەزدا) هێزی سەرخستنی ئاوەکانی پێداوە ستایش دەکەین و هەروا ستایش دەکەین و ڕێز دەگرین لە هەموو ئەو ئەستێرانەی کە نوتفەی ئاوەکانیان لە ئامێزی خۆیان گرتووە، ڕێز و پێزانین بۆ هەموو ئەستێرەکانی هەڵگری تۆی زەوین و هەموو ئەو ئەستێرانەی کە نوتفە و تۆی گیاکانیان هەڵگرتووە.

ڕێز و ستایش بۆ (وەنەند) ئەستێرەی هەڵبژێراوی مەزدا و هەروا ستایش دەکەین بۆ (حەوت ڕەنگ)

یا حەوتەوانانی باشکۆ و دەرمانبەخش لەبەر ئەوەی لە بەرانبەر جادووگەران و پەرییەکاندا ڕاوێستاوە.

١٤

ڕێز و سوپاس بۆ (گوش)ی چاک و چاککردار و بۆ (دەرواسپی) بەهێز و توانا کە مەزدا خولقاندوویەتی.

١٥

ڕێز و ستایش بۆ (دادار)ی (دی بەمێهر)ی (ئەهورامەزدا)ی خاوەن شکۆ و بۆ هەموو ئیمشاسپەندانی ئەو شاریارانەی کە خاوەنی نیهاد و دەروونی پاک و چاکن.

١٦

مێهر، خاوەنی دەشتەکانی پان و بەرین، ئەو فریشتەی ناوداری هەزار گوێچکە و دە هەزار چاو ستایش دەکەین لەگەڵ (ڕام) بەخشێنەری لەوەڕگا چاکەکان.

١٧

ستایش و ڕێز بۆ (سرووش) ئەو فریشتە خۆش ئەندام و قەد و باڵا جوانە کە فرەوانکەری جیهانە و سەروەری پاکییە.

١٨

(ڕەشن) کە ڕاستترین دەستکاری مەزدایە هاورێ لەگەڵ (ئەرشتاد)ی بەرەکەتدەری جیهان ستایش دەکەین.

١٩

(فەروەردین)ی پاک و بەتوانای پاکدینان ستایش دەکەین.

٢٠

(بەهرام) کە ئەهورای پێ داوین ستایش دەکەین، (ئەم) کە بەچاکی دروست کراوە و بەچاکی سەوز بووە ستایش دەکەین و هەروا (ئوپرتات)ی سەرکەوتوو ستایش دەکەین.

٢١

(ڕام) کە خاوەن و بەخشەندەی لەوەڕگای بژوێنە ستایش دەکەین، (ئەندروا)ی پاک و چالاک، کە دیدەوانی باقی ئافەریدەگانە ستایش دەکەین.

ئەی (ئەندروا)... هەرچی کە لە عەقڵی مینەوی پاک کە تۆ هەتە ستایش دەکەین. (با)ی سەرلەبەیان و (با)ی ئێواران ستایش دەکەین، دلێری و پیاوەتی ستایش دەکەین.

٢٢

(با)ی پاک و بەسوود ستایش دەکەین، (با)ی چوار جیهەت کە لە هەر چوارلای هەستییەوە شنەی دێ ستایش دەکەین و دلێری و پیاوەتی (مەردانە) ستایش دەکەین.



٢٣

(دادار)ی (دیبەدین) ئەهورامەزدای خاوەن شکۆ و ئیمشاسپەندانی قەشەنگ، ئەو شاریارانی پاک نیهادە ستایش دەکەین.

٢٤

ستایش دەکەین دینی پاکی مەزداپەرستی (چیستی)(١) ڕاستترین خەڵاتەکانی مەزدا ستایش دەکەین.

٢٥

(ئەرد)ی چاک ئەو (شیدوەر)ی مەزن و شکۆدارە کە خاوەنی هێز و قەد و باڵای جوانە و دلۆڤان و دڵاوایە ستایش دەکەین، (پارندی) خاوەنی گەردوونەی سووک و ڕەوان ستایش دەکەین، (فەڕ)ی ئێرانی و خەڵاتی مەزدا ستایش دەکەین، فەڕی کەیانی و فەڕی بەهێزێ کە مەزدا پێیداوین ستایش دەکەین و هەروا ستایش بۆ فەڕی ئەهورایی زەردەشت.

٢٦

(ئیشتاد)ی بەپیت و بەرەکەتی جیهان و چیای (ئوشیدەرێن) کە مەزدا بەجیهانی داوە ستایش دەکەین.

٢٧

ئاسمانی درەوشاوە و (بەهەشت) جایەگای پاکان و ڕاستان کە پڕە لە شادی ستایش دەکەین.

٢٨

(زامیاد) ئەو فریشتەی چاک و بەبەرەکەتە ستایش دەکەین. درووود بۆ هەموو ئەم جێگا و هەوارگاه و بژوێنە و ئەو چیای (ئوشیدەرینە)ی مەزدا داده کە مەڵبەندی ئاسایش و هێمنایەتییە ستایش دەکەین، فەڕی کەیانی بەهێز و بەسوود و ئەو فەڕەی تایبەتی مەزدایە و بەدەست ئادەمیزاد ناکەوێت ستایش دەکەین.

٢٩

(مێهرئەسپەند)ی هەرە خاوەن شکۆ و هەرەمەزن ستایش دەکەین، درووود بۆ ئەو ئایینەی کە دژ بەدێوەکانە... درووود بۆ ئایینی پاکی زەردەشتی، یادگاری کۆنەی پێشینیان، ئەو بڕوا و ئیمانە بە(مێهرئەسپەند) هەمانە ستایش دەکەین. درووود بۆ هۆشی پێزانینی دینی مەزداپەرستی و ئەو زانینانەی لەسەر (مێهرئەسپەند) هەمانە. زانستی سروشتی کە خەڵاتی مەزدایە ستایش دەکەین، زانست و ئامۆژگاری کە مەزدا خەڵاتی کردووین ستایش دەکەین.

(١) cisti یان cista بەمەعنای فرشتەی پارێزەری زانست و زانینە و (چیستا) واتە زانست یا دانش. چیستا وشەیەکی ڕەسەنی کوردی کۆنە بەمەعنای چییە؟ کە لە بەرانبەریدا زانست دێتە ئارا. (ع.ف)

٣٠

ئەنیران- فروغی بێ پایان و فریشتەی پاسداری تیشکی هەتاهەتایی ئەهورامەزدا ستایش دەکەین. درووود بۆ (گەرزەمان)ی ڕووناک و ڕۆچن، ستایش دەکەین. (هەمەستەگانی) جاویدانی و پردی (چینوت) ستایش دەکەین، سەروەری مەزن، شاریاری شیدوەر (ئەپەم نەپات) خاوەنی ئەسپی بەهێز و بەغار ستایش دەکەین.

ئاوی پاکی خەلاّتی مەزدا ستایش دەکەین (هەوم)ی زێڕین و بەرز (هەوم)ی فرەوانکەری جیهان، (هەوم)ی دوورۆخەرەوەی مەرگ ستایش دەکەین.

(دهمان) ئافەرینی چاک و پاک ستایش دەکەین، درووود بۆ (هەوم)ی لابەری مەرگ و (دهمان ئافەرین) و (داموئیش ئەوپەمن) ئیزەدی بەهێز و دلاوەر ستایش دەکەین، درووود بۆ هەموو ئیزەدانی پاکی مینەوی و هەموو ئیزەدەکانی پاک و ڕاستی جیهان.

## (ئافەرینگانی دەهمان)

١

زەردەشتی مەزن لە ڕووی پاکییەوە و بەڕاستی هەڵبژێراوە و پەیامبەری ڕاستەقینەی ئەهورامەزدایە و ئەوە کە لە خەزێنەی کردارەکانی خۆیدا، کردەوەکانی مرۆڤی کۆکردووەتەوە و نیگاهبانی ئەوانەیە تا ڕۆژی پەسڵان کە دەیانباتە خزمەتی مەزدا و داوەرییان لەسەر دەکەن.

شاریاری مەزدا بۆ ئەو کەسەیە کە پاسدار و نیگاهداری هەژاران و بێ نەوایانە.

***

ڕاستی باشترین پاشەکەوت و هۆی ڕۆژگاری چاک و داهاتووی باشە و ژیانی خۆش و سەربەرزانە بۆ ئەو کەسەیە کە کردەوەکانی ڕاست و دروست بن و خوازیاری چاکترین ڕاستی بێت.

***

ئەز، دووپاتی دەکەمەوە کە مەزداپەرست، زەردەشتی، دوژمنی دێوەکان و پەیڕەوی ئایینی ئەهورایییم.

ئافەرین و درووود بۆ خۆشنوودی (دەهم ئافریتی) و (داموییش ئەوپەمن) کە شیاوی سەلام و ستایش و سوپاسن. با ئافەرینیان بکەین و شادبن.

***

ئەی موبەدی (ڕاست پەی)[١] بخوێنە: یەتا ئەهووەوئێریۆ: کە (زاوت)[٢] بەمن دەبێژێت: (ئەسارتوش ئەشات چیت هەچا) و ئەوە گوتاری پیاوی پاکدینە.

(١-٢) (راس پەی) و (زاوت) واتە ڕاست پەی و زابت ناوی دوو موبەدن لە ئاورگا و ئەرکی خوێندنەوەی سرووده پیرۆزەکانی دینە و نیایش دەکەن.



٢

بپارێنەوە کە خۆشنوودی و چاکە و بەرەکەت و پیاوەتی پاکدینان بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکان. بپارێنەوە کە ڕاستی و توانایی و قازانج و فەڕ و خۆشی هاوڕێ لەگەڵ پێشەوایی بەرزی دینی ئەهورادا (زەردەشت) ڕووبکەنەوە شوێن و وڵاتی ئێمە.

٣

نەکات هیچ کاتێ دەست لە ڕەوە و گاگەل بەردەن، نەکات هەرگیز ڕاستی بەردەن، نەکات هەرگیز پیاوەتی و کەرامەتی مرۆڤایەتی بەردەن، نەکات هیچ کاتێ ئەهورا لە یاد بکەن دەبێ پێوەندی ئێمە و ئەهورا ڕۆژ بەڕۆژ قایمتر بێت.

٤

دەی با بپارێینەوە (فرەوەهرە)کانی پاکی چاکانی خودا هاوڕێ لەگەڵ دەرمانی (ئەشی) کە بەپانای زەوین و درێژایی ڕووبارەکان و بەرزی خۆرەتاون، ڕوو بکەنە ئەم ماڵباتە تا ڕۆژگاری باشن لە ماڵدا بەدی بێت و بەفەڕ و شکۆی ماڵەکان زیاد بکەن و ببنە بەرهەڵستی نەیاران.

٥

بپارێنەوە کە لەم ماڵەدا فەرمانبەرداری بەسەر نافەرمانی و ئاشتی بەسەر ناسازگاری، جوامێری بەسەر پەستی و خۆڕاگرتن بەسەر غرور و خۆ بەزل زانین، گوتاری ڕاست بەسەر گوتاری ناڕاست و، ڕاستی بەسەر درۆدا زاڵ بن.

٦

وامان لێ بێ کە ئیمشاسپەندان بتوانن تا ڕۆژی پەسڵان لێرەدا فەرمانبەرداری و پاکدینی و ستایشەکان و پاڕانەوە و دوعا و نزاکان وەکو پێشکەشە چاکەکانی ئێمە وەربگرن.

٧

نەکات ئەم ماڵە لە خۆشی فەڕ و خۆشی هەستی و خۆشی لێهاتوو و شیاو و هەڤالایەتی هەمیشەی (ئەشی) کە ڕێدار و ڕێنوێنی پاکییە، خاڵی و بۆش بێت.

لە یادمان بێت کە ڕاستی باشترین پاشەکەوت و هۆی ڕۆژگاری باشە و ڕۆژگار و ڕابواردنی چاک و دڵخواز بۆ کەسێکە دروست کردار بێت و خوازیاری ڕاستی و پاکی.

٨

(ڕاسپی)... بخوێنە... ئەهورامەزدا خاوەن شکۆ و خاوەن دەسەڵاتە (زاوت و ڕاسپی) بخوێنن... زەردەشت دەڵێت... من بۆ شاریاری پادشاه خوازیاری هێزی فرەوان و سەرکەوتنی زیاترم، ئەز دوعا دەکەم کە شاریاری خاوەن داد، بگاتە مەقامی بەرز و تەمەنی درێژ و ببێتە خاوەنی عەقڵ و زانست و هۆش و پایەداری ڕاستی... ئاوایە ئاواتەکانی من بۆ شاریارێکی دادوەر.

٩

ئەز خوازیاری هێزی فرەوانی ئەهورا دادەم تا بتوانێ شاریاری دادوەر بەرانبەری دوژمنەکەی سەر بخات. من و پەیڕەوانی من چاودێرین و چاوەڕوانین تا هەر کاتێ دوژمنان بیانهەوێت بێنە شەڕی وڵات و شاریار، هێرش بکەینە سەریان و بەیەک زەخم لە مەیدان دەریان بکەین.

١٠

ئاواتی من ئەوەیە لەکاتی شەڕ و پەیکار دژ بەناحەزان و نگریسان و ڕقەبەران، بەسەریاندا زاڵ بم و سەر بکەوم.

١١

ئەز خوازیارم لە بیری چاک و گوتاری چاک و کردەوەی چاکدا کامڕەوا بم و دوژمنان و دێوسیرەتان نابوود بکەم تا خۆم و ئومەتم لە ئاسایشدا بین و ڕۆح و ڕەوانمان بحەسێتەوە.

١٢

ئەز ئاواتم ئەوەیە پیاوانی تێکۆشەر و پاک بەسەر مرۆڤی بەدکردار و بەدفەڕدا زاڵ بن و بۆ خۆم تا درەنگانێ بژیم و ژیانم بەکامڕەوایی تێپەربێت.

ئەز خوازیاری ڕووناکی شادی هێنەر و بەهەشتی شادی بۆ مرۆڤی پاک و ڕاست کردارم. لە یەزدان دەپاڕێمەوە وابێ و ئاواتم بێتەدی.

ئەز کوڕنوش دەبەمە بەر خاوەنی بیر و گوتار و کرداری چاک چ لێرە بێ و چ لە هەر قوژبنێکی ئەم جیهانەدا بژیت، لەلای من خاوەنی ڕێز و حورمەتە و لە ژمارەی مەزنەکانی جیهاندایە و بۆ من مەزن و خاوەن ڕێزە هەروەکو خۆم چۆن بۆ دڵێری و چاکی تێدەکۆشم.

١٣

زەردەشتی مەزن پەیامبەری چاکییە و بەڕاستی هەڵبژێراوی یەزدانە و ئەوە سەروەری مینەوی ئەم دنیایە کە لە خەزێنەی کرداری خۆیدا نیگاهداری و نیگاهبانی دەکات لە کرداری چاکی ئۆمەتی خۆی هەتا ڕۆژی پەسڵان دەگات و دەیانخاتە بەرچاوی مەزدا و داوەرییان لەسەر دەکەن.

شاریاری و شکۆ و کامڕەوایی مەزدایی بۆ کەسێکە لەم جیهانەدا پاسدار و لایانگر و ڕاگری بێ نەوایان و هەژاران بێت.

لە بۆ (دەهەم ئافریتی) پاک و (دامۆئیش ئەوپەمەن)ی خاوەن هێز ستایش و نیایش و داوای هێزی زیاتریان بۆ دەکەم...

ڕاستی، چاکترین پاشەکەوت و هەوێنی ڕۆژگاری خۆشە، ڕۆژگاری چاک و ڕابواردنی دڵخواز و کامەرانی بۆ کەسێکە خاوەنی بیری پاک و دروستکردار و خوازیاری ڕاستی بێت، من بۆ ئەو کەسانە دەپاڕێمەوە... با هەمووان وابن، بەو شێوەی دەمەوێت.



## ئافەرینگانی گاساکان

١

زەردەشتی مەزن بەڕاستی هەڵبژێراو و پەیامبەری مەزدایە، ئەوە سەروەری مینەوی کە لە خەزێنەی کردارەکانی خۆیدا لە کردەوەی چاکی ئۆمەتی خۆی نیگاهداری و پارێزەری دەکات تا ڕۆژی پەسڵان کە ئەوانە دەخاتە بەر دەستی (مەزدا) و داوەری لەسەر دەکەن.

شاریاری و شکۆی (ئەهورا)یی بۆ کەسێکە پاسدار و نیگاهبانی هەژارانە، ڕاستی چاکترین پاشەکەوت و هەوێنی ڕۆژگاری باش و چاکە.

ڕۆژگاری باش بۆ کەسێکە دروستکردار و خوازیاری باشترین ڕاستی بێت.

***

من دووپاتی دەکەمەوە کە مەزداپەرست و زەردەشتی و دوژمنی دێوان و پەیڕەوی ئایینی ئەهوراییم.

***

ستایش و نیایش و ڕەزامەندی و ئافەرین بۆ (ئەهورامەزدا)ی خاوەن شکۆ و خاوەن فەڕ و بۆ ئیمشاسپەندان و بۆ گاتاکانی پاک، سەروەری شاریاران و پاکان (ئەهونوەدگاسا)، (ئوشتودگاسا)، (سپەنتمەدگاسا)، (وەهوخشترگاسا) و (وهیستوئیشت گاسا).

٢

بەڕەزامەندی و خۆشی (فرەوەهرەکانی) بەهێز و هەرە سەرکەوتووی پاکدینان و فرەوەهرەکانی یەکەمین ئامۆژگارانی سەرەتایی ئایینی نیاکان، ستایش و نیایش و خۆشی و ئافەرین بۆ ئەوان دەخوێنین.

***

ڕاسپەی (یەتائەهووەئیریو...) کە زاوت بەمن دەبێژێت زاوت (ئەسارتوش ئەشات چیت هەچا) کە مرۆڤی پاکدین و زانا دەبێژێت.

٣

(ئەهورامەزدا)ی خاوەن شکۆ و خاوەن فەڕ ستایش دەکەین، (ئیمشاسپەندان) ئەو شاریارانی چاک و چاکخوازە ستایش دەکەین، گاتاکانی پاک، سەروەری شاریاران و پاکان ستایش دەکەین.

– ئەهونەوە و گاسا... سەروەری پاکی ستایش دەکەین
– ئوشتودگاسا، سەروەری پاکی ستایش دەکەین
– سپەندمەدگاسا، سەروەری پاکی ستایش دەکەین
– وەهوخشتەرگاسا، سەروەری پاکی ستایش دەکەین
– وەهیشتوییشت گاسا، سەروەری پاکی ستایش دەکەین.

٤

فرەوەهرەکانی چاکی بەتوانای پاکان کە لە کاتی (هەمەسەپتمدەم) لە ئارامگاکانی خۆیان دێنەدەر و دەشەوی پەیتاپەیتا بۆ زانین لێرە دەمێننەوە، ستایش دەکەین.

چ کەس ستایش بۆ ئێمە دەکات؟ چ کەس سروودمان بۆ دەهۆنیتەوە و شادمان دەکات؟ چ کەس بەدەستەکانی دلاوا و بەخشەندەی، شیر و جلوبەرگ و پێداویستی ژیان پەزیراییمان لێ دەکات؟

بەو پێشکەشانەی کە لە بۆ ئەوان ڕاستی دەهێنێت، لە ناوی کام یەک لە ئێمە ستایش و یاد دەکرێت؟ ڕەوانی کام یەک لە ئێمە دەکەوێتە بەر ستایش؟

ئەو پێشکەشانە بەکامان دەبەخشن تاکو خۆرشی جاویدان و هەتاهەتایی بکاتە قسمەتی خۆی؟

مرۆڤێ کە ستایشی فرەوەهرەکانی توانای پاک بکات و بەهاوردن و داینی ئەو خەلاتیانە، واتە شیر و جلوبەرگ بۆ ئەوان، دەگاتە ڕاستی و هەر کات ئەوانە لە مالّی ئەو مرۆڤە بەخۆشی بگەڕێنەوە، ئیتر لە بۆی دەپارێنەوە و لە ئەهورا دەخوازن خاوەنی ئەو مالّە بەهرەمەند بێت لە ڕەوەی چاک و چارەوی و هێستری بەتوانا و چالاک و گەردوونەی ڕەوان و قایم و مندالّی زانا و بێژەر.

بزانن کە ڕاستی باشترین پاشەکەوت و هەوێنی ڕۆژگارانی خۆشە و ڕۆژگاری خۆشیش بۆ کەسێکە دروستکردار و خوازیاری ڕاستی بێت.

٥

ڕاستپەی: ئەهورامەزدا خاوەن شکۆ و خاوەن فەڕە (زاوت و ڕاستپەی) ئەز بۆ شاریاری پادشاە خوازیاری هێزی زیاتر و سەرکەوتنی زیاترم.

(بەندی ٨ تا ١٢ ئافەرینگانی دهمان لەم بەشەدا دەخوێننەوە)

٦

زەردەشتی مەزن، پێغەمبەر و نێراوی ڕاستەقینە و هەلّبژێراوی ئەهورامەزدایە، ئەوە سەروەری مینەوی کە لە خەزێنەی کردارەکانی خۆیدا لە کردەوەی چاکی مرۆڤ نیگاهداری و پاسداری دەکات هەتا ڕۆژی پەسلان دێت و دەیانخاتە بەرچاوی مەزدا و داوەرییان لەسەر دەکەن.

شاریاری و شکۆی خەلاتی مەزدا بۆ کەسێکە پارێزەر و نیگاهدار و چاوەدێری هەژاران و بێ نەوایان بێت.

دەپارێمەوە هەروا بێ کە ئاواتی منە، کەسێ کە ئاوەکانی ئەهورایی بەچاکترین ئاوی (زور) و بەجوانترین (زور) و بەو (زور)ەی کە پارێزکاری بالا وتۆیەتی، ستایش بکات، دەبێتە خاوەنی فەڕ و شکۆ و لەش ساخی و سەرکەوتن و سامان و دارایی فرەوان کە هەوێنی ئاسایشن دەبێتە قسمەتی ئەو، هەروا ڕۆلّەکانی پێکەوتوو و دلێر و تەمەنی درێژ و پڕپیت و بەرەکەت و پاشانیش بەهەشتی پاکان و ڕووناکی داییمی و شادیهێنەر بۆ ئەوە... ڕاستی چاکترین پاشەکەوتی مرۆڤ و هۆی وەدەست خستنی ژیانێکی چاکە، ڕۆژگاری خۆش بۆ ئەو کەسەیە خوازیاری چاکترین ڕاستییە، هەزار دەرمان بگات... دە هەزار دەرمان بگات، ئەی مەزدا...بگە هاوارم و یارمەتیم بدە دەی با لە گوناە دوور بکەومەوە.



ڕاستی باشترین پاشەکەوت و هۆی ڕۆژگاری خۆشە، ڕۆژگاری خۆش بۆ کەسێکە دروستکردار و خوازیاری ڕاستی بێت.

## (ئافەرینگانی گەهەنبار)

زەردەشتی مەزن هەلّبژێراوی مەزدا و لە ڕووی ڕاستییەوە هەلّبژێراوە، ئەوە سەروەری مینەوی و ئەمینی مەزدا کە لە خەزێنەی کردارەکانی خۆیدا لە کردەوە چاکەکانی مرۆڤ نیگاهداری دەکات هەتا ڕۆژی پەسلان دێ و ئەوانە دەباتە خزمەتی مەزدا.

شاریاری و شکۆی خەلاتی مەزدا بۆ کەسێکە نیگاهدار و پاسدار و چاوەدێری هەژاران و بێ نەوایان بێت.

***

ڕاستی چاکترین پاشەکەوت و هۆی ڕۆژگاری خۆشە، ڕابواردن و ڕۆژگاری خۆش بۆ کەسێکە دروستکردار بێ و خوازیاری ڕاستی بێت.

ئەز دووپاتی دەکەمەوە کە مەزداپەرست، زەردەشتی و دوژمنی دێوەکان و پەیڕەوی ئایینی ئەهوراییم.

***

لە (هاوەنگا)دا ستایش و نیایش و ڕەزامەندی و ئافەرین دەنێرم بۆ سەروەرانی ڕۆژ و مانگ و سالّ و جەژنەکانی سالّ، بۆ خۆشحالّی سەروەری مەزنی پاکی و بۆ شادی و خۆشکامی سەروەرانی ڕۆژ و مانگ و سالّ و جەژنەکانی سالّ کە لە نێوان هەموو سەروەرانی پاکیدا مەزنترین سەروەرانن.

٢

... ستایش ڕەو و ڕاستپەی و زاوتە.

٣

ئەی مەزداپەرستان: ڕەوایە کە بۆ (ڕەد) و لە بۆ (میدیوزرم) ئەگەر بتوانن بەناوی (مەیەزد) یەکسەر بەرخێ کە تازە لە شیر کرابێت پێشکەش بکەن... ئەگەر کەسێ ئەوە نەتوانێت...

٤

وا باشە بەئەندازەی بەسەندێ (هورا) بدات و پێشکەشی بکات بەو فەرمانگوزارانە کە چاکتر لە فەرموودەکانی (مەزدا) ئاگادارن و لە ڕاستیدا ڕاستترین و لە شاریاریدا باشترین شاریار و لە ڕاستیدا، تاقی کراونەتەوە و دلّسۆز و خەمخۆری هەژاران و بێ نەوایانن و بەهاواری لێقەوماوان دەگەن، بیاندەنێ با بیخۆنەوە... ئەگەر نەتوانن.

٥

بارێ گەورە لە داری وشک هەلّگرن و بیبەن بۆ مالّی (ڕەد) ئەگەر ئەوەیش ناتوانن بارێ بچووکتر بەقەدەر کۆلّی ئادەمیزاد، یان هەر نەبێ باوەشی چلّ و چێوی وشک ببەنە مالّی ڕەد و پێشکەشی بکەن،

ئەگەر ئەوەیش نەتوانن.

٦

لەسەرتانە ئیمان بێنن کە شاریاری و شکۆی هەتاهەتایی هەر شیاوی ئەهورامەزدایە کە چاکتر و باشتر لە هەر کەس شاریاری دەکات.

بەڕاستی شاریاری بۆ کەسێ ڕەوا بزانین کە چاکترە لە گشت کەس، ئەویش هەر شیاوی ئەهورامەزدایە و یاری ئوردی بەهەشت و، ئەممەیە ئەو خەڵاتەی کە دەبێتە هۆی ڕەزامەندی (ڕەد).

٧

لە سەرەتای ساڵ هەتا (میدیوزەرم) لە مانگی (ئوردی بەهەشت) و لە ڕۆژی (دەی) چل و پەنج ڕۆژە، ئەو کەسەی کە لە ڕووی ڕاستییەوە بۆ ڕەوانی خۆی لەم جیهانەدا هەزار سەر مەڕ یان بەرخ خەڵاتی پیاوانی پاکدین بکات لەوانەی کە (ئۆگری ئوردی بەهەشتن) لە دنیای جاویداندا پاداشی گەورەی ئەدەنێ.

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەو (ڕەد)ی کە (مەیەزد)ی داوە لە بەرانبەر بێدینێکدا کە یەکەم (مەیەزد)ی (میدیوزەرم)ی نەداوە لەناو مەزداپەرستاندا بەشیاوی بەندەگی نازانرێت.

٨

لە (میدیوزەرم) تا (میدیوشەم) لە مانگی تیردا و لە ڕۆژی (دەی)دا شەست ڕۆژە... ئەو کەسەی لەم کاتەدا بۆ شادی ڕۆحی خۆی لەم جیهانەدا هەزار سەر مانگا بەگوێرەکەوە بدات بەپیاوانی پاکدین، واتە لەوانەی ئۆگری ئوردی بەهەشتن لە دنیای جاویداندا پاداشی هەرە مەزنی دەدەنێ.

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ئەو (ڕەد)ەی کە (مەیەزد)ی داوە لە بەرانبەر ئەو پاکدینەی کە دووهەمین (مەیەزد و میدیوشەمی) نەداوە لە نێوان مەزداپەرستاندا بەپەیمانشکێن دەناسن.

٩

لە (میدیوشەم) تاکو (پەتیەشەهیم) لە مانگی شاریوەردا و ڕۆژی ئەنیران حەفتاو پەنج ڕۆژە، ئەو کەسەی لەم کاتەیدا بۆ شادی ڕەوانی خۆی لە ڕووی یەقین و ئیمان و ڕاستییەوە یەک هەزار سەر مایینی جوانودار ببەخشێت بەپیاوانی پاکدین و لەوانەی کە ئۆگری (ئوردی بەهەشت)ن ئەوە لە دنیای بێ برانەوەدا پاداشی مەزن وەردەگرێت.

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ڕەدی کە (مەیەزد)ی داوە ئیتر ناخوێنێتەوە ئەو چاکدینەی کە سێهەمین (مەیەزد)ی (پەتیەشەهیم)ی نەدابێ و لەناو مەزداپەرستاندا بەشیاوی (وەر)ی(١) گەرمی نازانێت.

(١) وەر var: تاقیکردنەوەی گوناهکار و بێ تاوان بوو و بەدوو چەشنی سارد و گەرم ئیجرایان کردووە و (وەر)ی گەرم بەئاسنی سوورکراوە تاقی کراوەتەوە.



١٠

لە (پەتیەشەهیم)تا (ئەیاسەریم) لە مانگی مێهردا و لە ڕۆژی ئەنیران سێ ڕۆژە، ئەو کەسەی هەیبێت و بتوانێ بەیەقینی دڵ و لە ڕووی ڕاستییەوە بۆ شادی ڕۆحی خۆی یەک هەزار نەفەر وشتری مێو لەگەڵ کۆچەکەکەیدا بدات بەپیاوانی پاکدین، لەوانەی ئەویندار و ئۆگری ئوردی بەهەشتن لە دنیای هەتاهەتاییدا بەپاداشی گەورە دەگات.

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ڕەدی کە (مەیەزد)ی داوە ئیتر ئەو پاکدینە بەشیاوی کامەرانی نازانێ کە چوارهەمین (مەیەزدی) (ئەیاسەریمی) نەدابێت و بەنابوودی چوارپاکانی ماڵی خۆی مەحکومی دەکات.

١١

لە ئەیاسەریم تا (میدیاریم) لە مانگی دەی دا و لە ڕۆژی (بەهرام) هەشتا ڕۆژە، ئەو کەسەی بەیەقینی دڵ و بیر و بڕوا و لە ڕووی ڕاستی و سەداقەتەوە، هەزار سەر لە ڕەوەی خۆی خەڵات بکات بەپیاوانی پاکدین، لەوانەی ئۆگر و ئەویندری (ئوردی بەهەشت)ن، لە دنیای بێ برانەوەدا خەڵاتی گەورە وەردەگرن.

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ڕەدی کە (مەیەزد)ی داوە، ئەو بێدینەی کە (مەیەزد)ی (میدیاریم)ی پەنجەمین جاری نەداوە بەشیاوی کامەرانی نازانێت و مەحکومی دەکات بەنابوودی هەموو بەهرە و سامانەکانی.

١٢

لە (میدیاریم) تا (هەمەسپتمدەم) لە ڕۆژی (وەهیشتوئیشت گات) حەفتا و پەنج ڕۆژە، ئەو کەسەی بەڕاستی و لە ڕووی بڕوا و باوەڕی پاکەوە بۆ شادی ڕەوانی خۆی لەم دنیادا هەرچی تەڕ و وشکی کە هەیەتی و جوان و بەکەڵکە ببەخشێت بەپیاوانی پاکدین، لەوانەی وا ئۆگر و ئەویندری ئوردی بەهەشتن لە دنیای بێ پسانەوەدا پاداشی مەزنی پێدەگات.

ئەی سپیتەمان زەردەشت

ڕەدی کە (مەیەزد)ی داوە، ئەو بێهدینەی کە شەشەمین (مەیەزد)ی (هەمەسپتمدەم)ی نەداوە، بەری لە دینی ئەهورایی دەژمێرێت.

١٣

بێ ئەوەی تاوانی کردبێت، ڕەوایە بەسەریدا بخرۆشن و ببۆڵێنن و بێ هیچ تاوانێکی تر، دەری بکەن و (نارشنی)(١) بۆ ئەو ڕەوایە، ڕەدی بێهدین وادەکات و هەروا بێهدین بۆ ڕەد.

***

(١) narsni: تاوانێکە سزاواری مەرگ واتە بێ لێبوردن، سزای مەرگە.

ڕاستی چاکترین پاشەکەوت و هۆی ڕۆژگار و ڕابووردنی چاکە و، ئەوەیش سزاواری ئەو کەسەیە کە خۆی ڕاستە و خوازیاری چاکترین ڕاستییە.

١٤-١٨

ڕاسپەی: ئەهورامەزدا خاوەن شکۆ و مەزن و خاوەنی فەڕە (زەوت و ڕاسپی): من بۆ شاریاری پادشاه خوازیاری هێزی فرەوانتر و سەرکەوتن و زاڵبوونی زیادترم.

(بەندی هەشتوم تا دوازدەهەمی «ئافەرینگانی دەهمان» دووپات دەکرێتەوە).

١٩

زەردەشتی مەزن بەڕاستی هەڵبژێراوی ئەهورایە، ئەوە سەروەری مینەوی کە لە خەزێنەی کردارەکانی خۆیدا نیگاهداری دەکات لە کردەوە چاکەکانی مرۆڤ و پاسداری دەکات لەوانە تا ڕۆژی پەسڵان دەگات و دەیانخاتە بەردەستی مەزدا. شاریاری و شکۆی مەزدا و کامەرانی خەڵاتی ئەو بۆ کەسێ سزاوارە کە پارێزەر و نیگاهبان و چاودێری هەژاران و بێ نەوایان بێت.

***

ڕاستی چاکترین پاشەکەوتە بۆ ئایندە و هەوێنی ڕۆژگارانی خۆشی داهاتووە و ئەوەیش سزاواری کەسێکە کردەوەکانی ڕاست بن و خوازیار و لایانگری باشترین ڕاستییە.

***

دەپاڕێمەوە و دەخوازم وا بێت... بەو چەشنەی ئاواتی منە، مرۆڤەکان ڕاست بن و بەڕاستی و بەشادی بژین.

(بەندی ١٢ لە ئافەرینگانی دەهمان لێرەدا دەخوێننەوە)

***

زەردەشتی مەزن پەیامبەری ڕاستەقینە و هەڵبژێراوی مەزدایە، هەزار دەرمان بگات... دە هەزار دەرمانمان بۆ بگات...ئەی مەزدا... بگەرە یاری من و یارمەتیم بدە و لە تاوان و خەتا لام بدە.

## (ئافەرینگانی ڕپیتوین)

١

زەردەشتی مەزن لە ڕووی ڕاستییەوە هەڵبژێراوە، ئەوە سەروەری مینەوی کە کردەوە چاکەکانی مرۆڤ دەخاتە خەزێنەی کردارە چاکەکانی خۆی تا ڕۆژی پەسڵان دەگات و دەیانباتە کن مەزدا، شاریاری و شادی و شکۆی خەڵاتی ئەهورا سزاواری ئەو کەسەیە کە پاسدار و نیگادار و چاوەدێری هەژاران و بێ نەوایان بێ.

***

ڕاستی چاکترین پاشەکەوت بۆ ڕۆژانی داهاتووە و ڕابواردنی و ڕۆژگاری خۆش بۆ ئەوانەیە خوازیاری



ڕاستی بن و لە ڕووی ڕاستییەوە بژین و لە تاوان و خەتا خۆ لا بدەن.

***

ئەز هەمەدیسان دەبێژم کە مەزداپەرست، زەردەشتی دوژمنی دێوەکان و پەیڕەوی ئایینی پاکی ئەهورایییم.

***

ستایش و نیایش و خۆشحاڵی و ئافەرین بۆ (ڕپیتوین)ی(١) پاک و سەروەری پاکی.

ستایش و نیایش و خۆشنوودی و ئافەرین بە(فەرادەت خەشو)(٢) و (زەنتوم)ی(٣) پاک و سەروەری پاکی.

٢

بۆ ڕەزامەندی (ئەهورامەزدا)ی خاوەن فەڕ و خاوەن شکۆ و (ئیمشاسپەندان) و ئوردی بەهەشت و ئازەر، واتە ڕۆڵەی ئەهورا و بۆ ڕەزامەندی هەموو مەلاییکە و فریشتەکانی پاکی مینەوی و جیهانی و (فرەوەهرە)کانی هەرە بەتوانا و زاڵی پاکدینان، فرەوەهرەکانی سەرەتایی ئامۆژگارانی ئایینی و فرەوەهرەکانی ستایش و نیایش و خۆشنوودی و ئافەرین خوێنان، بخوێن.

***

ڕاسپەی (یەتا ئەهووە ئیریو) کە زاوت بەمن دەبێژێت. زاوت: (ئەسارتوش ئەشات چیت هیچا) کە پیاوی پاکدین و زانا دەبێژێت.

٣

ئەهورامەزدا، لەو گوتانەی کە بۆ ڕەدی (ڕپیتوین) هاتبووە خوار بۆ سپیتەمان زەردەشتی فەرموو:

ئەی زەردەشت... ئێستاکە پرسیارم لێ بکە و هەرچی دەخوازی بپرسە، چونکە پرسیاری تۆ هەر ئەو پرسیاری پیاوی بەهێز و دەسەڵاتە و ئەوەیش کە تۆ پرسیاری لێ دەکەیت... (واتە ئەهورا) توانا و زانایی ئەوەی هەیە کە بەپرسیارەکانی تۆ وەڵام بداتەوە.

٤

زەردەشت پرسیاری کرد لە ئەهورا:

ئەی ئەهورامەزدا... ئەی عەقڵی کولل، ئەی داداری جیهانی خاکی، ئەی پاک... پیاو لە ژیاندا چ ئەندازە بەهرە دەبات؟ پاداشی چەندێکە؟ دەست ڕەنج و حەقی ئەو کە بگاتە دەستی؟

(١) Rapithovn: فرشتەی نیوەڕۆژ یان فرشتەی هاوین لە ئایینی زەردەشت.
(٢) Fradtfsu: فرشتەی نیگاهبانی ئاژەڵ و گیانلەبەرانی حەیوانی بچووک.
(٣) Zantum: فرشتەی پارێزەری ماڵبەندە و لە یاریدەدەرانی ڕپیتوین.

٥

ئەو پیاوەی کە بۆ ڕەزامەندی ڕەد (ڕپیتوین) بچێتە سڵاوی و بەدەستی پاک و شۆراویەوە و بەئاوەنە و دەستەی پاک و شۆراوە (بەرسەم) ڕابخات و (هەوم) دابنێ و ئاگر هەڵگیرسێنێت و سروودی (ئەهون وەئیریە) بخوێنێت لە کاتێکدا زمانی بەگوشراوە و فوشوردەی (هەوم) تەڕ بووە و هەموو هۆش و هەوەسی خۆی بداتە گوتاری پاکی مینەوی و ڕوو بکاتە لای (ڕەپیتوین) و پێشکەشی بکات.

٦

ئەهورامەزدا لە وەڵامدا فەرمووی:

ئەی سپیتەمان زەردەشت

بەو ئەندازەی بای باکوور هەڵسێت و سەرانسەری جیهانی خاکی بگرێتەوە و پەروەردەی بکات و قازانجی پێ بگەینێت و شادی بۆ بهێنێت، ئەو پیاوە بەو ئەندازە پاداشی خۆی وەردەگرێت.

٧

ئەو پیاوەی بۆ ڕەزامەندی (ڕپیتوین) سڵاوی بۆ بنێرێت و ستایشی بکات.

(بەندی پەنجوم دەخوێنرێتەوە)

٨

ئەهورامەزدا بەزەردەشتی فەرموو لەو گوتانەی کە بۆ ڕپیتوین هاتووە.

***

ڕاستی چاکترین داهات و پاشەکەوتە بۆ ژیانی باش و ڕۆژگاری چاک و ڕابواردنی خۆش بۆ کەسێ سزاوارە کە ئۆگری ڕاستی بێ و خوازیاری ڕاستی و خۆڵادەر بێت لە تاوان و خەتا.

***

زەردەشتی مەزن، بەڕاستی هەڵبژێراوی ئەهورایە و پەیامبەری ئەوە و پاسداری و نیگاهداری دەکات لە کردەوە چاکەکانی مرۆڤەکان و ئەوانە دەخاتە گەنجینەی کردارەکانی خۆی و ڕایان دەگرێت تا ڕۆژی پەسڵان دەگات و بۆ داوەری دەیانخاتە بەردەستی ئەهورامەزدا.

***

ئەز دووپاتی دەکەمەوە و دەبێژم کە مەزداپەرست، زەردەشتی، دوژمنی دێوەکان و پەیڕەوی ئایینی پاکی ئەهوراییم.

ـ تەواو ـ



## کۆتایی

لە ڕۆژی سێشەممەی شازدەی ئەمورداد مانگی ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی بەرانبەری حەوتی ئاگوستی ساڵی ٢٠٠١ی زایینی و ٢٧٥١ی کوردی کاتژمێر شەشی پاش نیوەڕۆ بەکاتی هاوینە لە شاری سەقزی کوردستاندا تەواوم کرد و، لە کاری وەرگێڕانی ئەو بەرهەمەی مامۆستا ئیبراهیم پورداوود و مامۆستا جەلیل دوستخواه چاپی (انتشارات مروارید تهران) چاپی سێهەم ١٣٦١ی هەتاوی بوومەوە. سوپاس بۆ ئەهورامەزدا... بۆ خودای یەگانە کە ئەو هەلە و دەرفەتەی پێ عەتا کردم تا بتوانم ئەم نامە و شوێنەوارە بایەخدارەی هەرەکۆنی ئێران = کوردستان بەزمانی سۆرانی وەربگێڕم و پێشکەشی بکەم بەنامەخانەی کوردستانی مەزن تا ئەمیش لەلای کتێبە پیرۆزەکانی ئاسمانی لەوێ بپارێزرێن، چونکە ئەوان فرە زوو کرابوون بەکوردی و مەتنی (کتاب مقدس) و (عهد عتیق و جدید) دەیان ساڵە کراوە بەکوردی، بەڵام جێگای ئەوێستای خۆمان خاڵی بوو...ماڵتان ئاوەدان و دڵتان خۆش بێ.

تکایە ئەگەر دیتان یا، یاداکەوتووە و سەهووم کردووە خۆتان چاکی کەن و ئەوانەی کە هیچیان بۆ کورد و کوردستان نەکردووە و هەر خەریکی دۆزینەوەی عەیب و ئیراد و ڕەخنەی بێ خود و خوتە و بۆڵەن و هیچیتریان لە خۆ نەگرتووە نەیکەنە هەڵاهەڵا و تەحاتەحا و بەفەرمایشی مەولانای ڕۆمی ئەگەر ئێوە چاکتری لێ دەدەن... فەرموون کەس بەری پێ نەگرتوون... هەم دیسان سوپاس بۆ ئەهورای خاوەن شکۆ و خاوەن فەڕ کە ئەم هەلەی پێ عەتا کردم.

*سەقز – عومەر فارووقی*

## ناوەڕۆک


١- پێشەکیی وەرگێڕی کوردی ........................................ 5
٢- دەستپێک: ئیبراهیم پورداوود ........................................ 9
٣- پێش وتار: جلیل دوستخواه ........................................ 17
٤- ئەمانە بزانین... کۆکردنەوەی وەرگێڕی کوردی ........................................ 26
٥- سرودی مەزدیەسنا ........................................ 31
٦- گاتەکان... گوتەکان ........................................ 33
٧- دەفتەری دووهەم... یەسنا ........................................ 85
٨- دەفتەری سێهەم... یەشتەکان ........................................ 98
٩- دەفتەری چوارەم... وەندیداد ........................................ 219
١٠- دەفتەری پەنجوم... ویسپرد ........................................ 226
١١- دەفتەری شەشوم... کورتەی ئەوێستا ........................................ 229




# ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی

**تکا لەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەین کە بەرهەمەکانیان بۆ دەزگاکەمان دەنێرن، ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستانە**

**یەکەم:** گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:

١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**

Kurd. Kurt. Kufit

٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û )

بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**

Sûr. Çû. Dû

٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)

بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار. ئاو**

دەنگی (و) لێرەدا هەندێک جار لە زاراوی کرمانجیی سەروودا دەبێ بە دەنگی (ڤ)

Awayî (Avahî). were. Hawar. Av

٤- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

Dol. Gor. No.

**دووەم:** گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

wirya. wilat. wifie. wird.

**سێیەم:** گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).

بۆ نموونە: **زەوی –** Zewî

٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)

بۆ نموونە: **یار –** yar

• **سەرنج ١**: پیـتـێکی (ی)ی بزوێنی فـرە کـورت هەیە کـە لە نـووسـینی کـوردی بە ئەلفـوبێی لاتینـیـدا نیشـانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشـەکـانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشـانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.

• **سەرنج ٢**: نیشـانەکـانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کـۆنسـۆنانت واتە (î) و (y) لە پیـتی عـەرەبیـدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

Nîye. Çîye. Dîyarîyeke. Zewîyeke

• **سەرنج ٣**: لە کـاتی هاتنی سێ پیـتی (ی) بە دوای یەکـتردا وەک لە وشـەکـانی (**ئاواییـیـەکەمـان**...) (**کۆتاییەکەی**...) (**وەستاییەکی**...) (**کۆتایی بە کارەکە هێنا**) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییـی) بە دوای یەکتردا دێن.

(Westayîyeki....) (Kotayîy be Kareke hêna)

**چوارەم**: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیـتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیـاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

• **سەرنج**: لە هەندێک وشـەی لێکدراودا پیـتی (و)ی بەیەکـەوە بەستن بووە بەشێـک لە هەردوو وشـە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مـامـەڵەی سـەربەخـۆ لەگـەڵ پیـتی (و)ی بەیەکـەوە بەسـتندا ناکـرێت و وشـەکـە هەمـووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم**: وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمـچـەمـاڵ. بێکەس. دڵشـاد. زوورگـەزراو. بێـخـاڵ. ناڵپـارێز. مـیـاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپـێـوان. دەسـبـەجێ. جێـبـەجێ. نیـشـتـمـانپـەروەر. دەسـتنووس. دەسـبـازی. وڵاتپـارێز. ئازادیخـواز. دووشـەممە. سـێـشـەممە. پێنجـشـەممە. یەکسـەر. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم**: پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.



وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم**: نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج**: ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم**: هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەڕێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **ئەڵڵا. قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستۆیڤسکی.**

**دەیەم**: ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

**جوان: جوانتر – جوانترین.**

**خاو: خاوتر – خاوترین.**

• **سەرنج**: ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.

وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم**: جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات – یان – شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**

**دوازدەیەم**: نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە

پاڵ. وەک:

**چیا: چیایەک.**

**زەوی: زەوییەک.**

**وێنە: وێنەیەک.**

**دێ: دێیەک.**

٢- ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک - لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

**خانوو: خانووێک، خانووەک**

**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم:** گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیرا** (لە وێرا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).

ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).

(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج:** پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.

وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بەجیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم:** گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)

١- ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**

**دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.**

**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەرین.**

**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**

**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**

**دا: دانێ. دامەبڕە.**



**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**

**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**

**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢- ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**

**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای برە.**

**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێنن.**

**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**

**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم:** گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنایەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**

بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم:** ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە. وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی.** گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**

# چاپکراوەکانی دەزگاکەمان لە ساڵی ٢٠٠٢دا

(١) مذكرات بنڤنوتو چلليني. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٢) المجتمع الكردي في المنظور الإستشراقي. تأليف: د. بدرخان سندي.
(٣) مارەکەیان بکوشتایە. ڕۆمان: یەشار کەمال. وەرگێڕانی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.
(٤) سەردەمی بێ تاوانی. شانۆنامە. دکتۆر قوتبەدین سادقی. وەرگێڕانی لە فارسییەوە نەجیبە ئەحمەد
(٥) كركوك في العصور القديمة. الدكتور جمال رشيد أحمد.
(٦) نامەکانی مەم. محەمەد مەولوود مەم.
(٧) نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی گۆران. ئومێد ئاشنا- کۆی کردووەتەوە و ڕێکی خستووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە.
(٨) ماڵئاوایی لە چەک. ڕۆمان. ئێرنست هێمنگوای. عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی.
(٩) سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا Santiago De Compostela –ڕۆمان. فەرهاد پیرباڵ.
(١٠) مەلی ئاوات. سێ شانۆنامە. وەرگێڕانی: محەمەد فەریق حەسەن.
(١١) فەرهەنگی خەم. سەرجەمی شیعرەکانی. حەسیب قەرەداخی-بەرگی یەکەم.
(١٢) فەرهەنگی خەم. سەرجەمی شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی-بەرگی دووەم.
(١٣) ساڵنامەی کوردستان-دەزگای ساڵنامەی کوردی. پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.
(١٤) الجبل والسهل - قصص قصيرة. محي الدين زەنگەنە.
(١٥) كوردستان العراق-آراء ومواجهات إعلامية بقلم: فوزي الأتروشي.
(١٦) مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا ١٩٤٥-١٩٥٨ (تۆمارێکی زێڕین لە مێژووی گەلی کورد). د. ئەفراسیاو هەورامی.
(١٧) تحولات. ناصر يوسف.
(١٨) کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا. (چالاکییەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا). ئامادەکردنی: بەدران ئەحمەد حەبیب + هەڵمەت حەمید.
(١٩) کوردستان: دیوانا شێخ مەمدووحێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.
(٢٠) زمانێ کوردی: دیوانا شێخ نوورەدینێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.
(٢١)دیدارێ یار: دیوانا شێخ شەمسەدینێ قوتبێ ئەخلاتییێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.
(٢٢) وفادة الى المنطقة المحررة. رواية وثائقية. يونان هرمز.
(٢٣) نناشد صلاح الدين... أم نحاسب أنفسنا ؟ إستجواب قائد بعد ثمانمائة سنة. حوار مع الأستاذ الدكتور مُحسِن محَّمد حُسَين. أجراه: بدران أحمد حبيب



(٢٤) يقظة الكرد. جرجيس فتح الله.
(٢٥) گەڕان بەدوای نەمرییدا. مەولود ئیبراهیم حەسەن.
(٢٦) حمله الأنفال فی كردستان العراق. تدمير قرية كوريمي. ترجمة د. رزگار.
(٢٧) شیعری ئینگلیزی. بەرگی یەکەم: شیعری سەدەی بیستەمی بریتانیا. هەڵبژاردن و وەرگێڕان: ئومێد وەرزەندە، بەختیار سەجادی.
(٢٨) دیاردەگەرایی تاراوگە. ڕێبوار سیوەیلی.
(٢٩) ئاراس پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی- ڕۆشنبیران کارەکانی دەزگای ئاراس هەڵدەسەنگێنن.
(٣٠) الحديقة الناصرية في تاريخ وجغرافيا كردستان. علي أكبر كردستاني. ترجمة: جان دوست.
(٣١) کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی - کەشکۆڵی عەبدولفەتاح - لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی. بەرگی پێنجەم.
(٣٢) ئەوێستا - نامەی مینەوی زەردەشت. وەرگێڕی بۆ کوردی: عومەر فارووقی.